حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی کۆمەڵناسی

# گەڕەکی سابونکەران

## توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجییە

نامەیەکە خوێندکار

**بژوێن عمر محمد سعید**

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی - ئەنثرۆپۆلۆجی

بە سەرپەرشتی

**پ.ی.د.نوری یاسین هەرزانی**

**٢٧٢٣ کوردی** **٢٠٢٣ زاینی** **١٤٤٤ کۆچی**

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نـــامەیەی خوێنــدکار (بــژوێن عمــر محمــد ســعید) بە ناونیشـــانی (گەڕەکــی ســابونکەران - تـوێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلـۆجی) بە چـاودێری ئـێمە لە کـۆلێجی زانسـتە مرۆڤایەتییەکـان/ زانکـۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانـامەی ماسـتەر لە (کۆمەڵناسـی - ئەنثرۆپۆلۆجی)، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار:

پلەی زانستی:

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو:

سەرۆکی بەشی ( )

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەی خوێندکار (بژوێن عمر محمد سعید) بە ناونیشانی (گەڕەکی سابونکەران - توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجی) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (....................) بڕوانامەی ماستەر لە (.......................) پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی - پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د.پاڤێ جمیل احمد
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

# پێشکەشکردن

* بە ڕۆحی باوکم ... کە ڕاستگۆی و دڵسۆزی فێرکردین.

* بە دایکم ... کە ژیانی بۆ ڕووناکردینەوە و بە ماندوو بوونەکانی ئاوەتەکانمانی بەدیهێنا و بە دوعاکانی ئێمەی پاراست.

* بە براکەم و خوشکەکانم ... کە هەمیشە پاڵپشتم بوون.

* بە سابونچی و سابونکەرانییەکان ... کە دنیایەك لە زانست و دڵسۆزی و میهرەبانییان تێدایە.

توێژەر

# سوپاس و پێزانین

لە سەرەتاوە سوپاس بۆ خوای گەورە بۆ بەخششەکانی، کە یارمەتیدەرم بووە بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.

* سوپاس بۆ مامۆستا و سەرپەرشتیاری بەڕێز (پ.ی.د.نوری یاسین هەرزانی)، بۆ هەوڵە زانستییە دڵسۆزەکانی و هاندانە بەردەوامەکانی.

* سوپاس بۆ بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی و سەرجەم مامۆستایانی.

* سوپاس بۆ مامۆستا و هاوڕێ (د. پەروین أبوبکر محمد).

* سوپاس بۆ بەڕێزان (کاروان چاومار، م.محمد باقی سعید، د. ڕؤوف عثمان، م. فەوزی ڕەمزی، جمال ڕەشید کەریمی هەیەری قەساب، دلێر شازەمان، د.نادیە وەلی جبار).

* سوپاس بۆ بەڕێزان (د.جەزا تۆفیق طالب، د.زریان سالار، د.کەژاڵ حسین، د.بەیان علی، د.ئاراس محمد صالح، د.کامران محمد، د.هاوار کمال میرزا، م.زەکیە ڕەشید، م.علی جعفر، ئەحمەد حم کول، شاهۆ عوسمان سەید قادر)، بە پێدانی سەرچاوە بۆ ئەم توێژینەوەیە.

* سوپاس بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی (کتێبخانەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، کتێبخانەی گشتی سلێمانی، بنکەی ژین، کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی).

* سوپاس بۆ سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی لە دام و دەزگا حکومییەکان کە ئاسانکاریان بۆ کردووم.

* سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی، کە بەشداربوون لە چاوپێکەوتنەکان.

* سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بە وشەیەك و ڕێنماییەکیش بێت هاوکاریانکردووم.

توێژەر

## پێڕستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| i | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| ii | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| iii | پێشکەشکردن |
| iv | سوپاس و پێزانین |
| vii-v | پێڕستی بابەتەکان |
| vii | پێڕستی نەخشەکان |
| vii | پێڕستی خشتەکان |
| vii | پێڕستی هێڵکارییەکان |
| viii-vii | پێڕستی وێنەکان |
| ix | پێڕستی پاشکۆکان |
| 2-1 | پێشەکی |
| 10-3 | ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە |
| 3 | بابەتی توێژینەوەکە |
| 3 | گرنگی توێژینەوەکە |
| 4 | ئامانجی توێژینەوەکە |
| 5 | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە |
| 5 | ئیتیکی توێژینەوەکە |
| 6 | ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە |
| 8-6 | میتۆدەکانی توێژینەوەکە |
| 10-8 | ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە |
| 45-11 | **بەشی یەکەم: نەسەقی ئیکۆلۆجی** |
| 15 | باسی یەکەم: شوێنی جوگرافیایی شاری سلێمانی |
| 15 | ١. شوێن و ڕووبەری شاری سلێمانی |
| 23 | ٢. دابەشبوونی جوگرافیایی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی |
| 23 | أ. گەڕەکە کۆن و نوێیەکانی شاری سلێمانی |
| 23 | ب. شێوازی دروستبوونی ئەو گەڕەکانە |
| 28 | باسی دووەم: کورتەیەکی مێژووی گەشەکردنی شاری سلێمانی |
| 28 | ١. مێژووی دروستبوونی شاری سلێمانی و ئاماژە بە مێژووی گەڕەکە سەرەکیەکانی ئەم شارە |
| 32 | ٢. گۆڕانکارییە بونیادییە کۆمەڵایەتییەکانی شاری سلێمانی |
| 125-46 | **بەشی دووەم: نەسەقی کۆمەڵایەتی** |
| 46 | باسی یەکەم: ڕیشەی مێژووی گەڕەکی سابونکەران |
| 46 | ١. شوێنی دروستبوونی گەڕەکی سابونکەران و بنەڕەتی ناوەکەی |
| 52 | ٢. شوێنی جوگرافیایی گەڕەکی سابونکەران لە شاری سلێمانی |

| | |
|---|---|
| ٣. ناو و بنەڕەتی شەقام و کۆڵانەکانی گەڕەکی سابونکەران | 53 |
| ٤. جۆری خانووەکان و نەخشە و ئەو کەرەستانەی لە دروستکردنی خانووەکان بە کارهاتوون | 57 |
| ٥. شوێنە ئایینی و مێژووییەکانی گەڕەکی سابونکەران | 65 |
| ٦. کاریگەری مزگەوتی گەورە لە سەر پێگەی گەڕەکی سابونکەران | 88 |
| **باسی دووەم: سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران** | 91 |
| ١. سروشت و جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەڵکانی ڕەسەنی گەڕەکی سابونکەران و لەگەڵ خەڵکانی گەڕەکی دراوسێیان | 91 |
| ٢. ڕیشەی مێژووی خێزانە ناسراوەکانی گەڕەکی سابونکەران | 93 |
| ٣. پەیوەندی خزمایەتی و جۆرەکانی هاوسەرگیری لە نێوان خێزانە کۆن و نوێیەکانی گەڕەکی سابونکەران | 97 |
| ٤. جۆری بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی تایبەت بە دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران | 123 |
| **بەشی سێیەم: نەسەقی کلتووری** | 144-126 |
| ١. جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان دانیشتوانی ئەم گەڕەکەکە و ڕۆڵی لە کۆنترۆڵ و ڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکان | 135 |
| ٢. داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان | 139 |
| ٣. یاسا | 143 |
| ٤. ئایین | 144 |
| **بەشی چوارەم: نەسەقی ئایینی** | 160-145 |
| ١. ئایین و بیروباوەڕی دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران | 149 |
| ٢. مزگەوت | 149 |
| ٣. کەنیسە | 151 |
| ٤. ڕۆڵی زانایانی ئایینی | 156 |
| **بەشەی پێنجەم: نەسەقی ئابووری** | 174-161 |
| ١. سیستمی خاوەنداریتی | 163 |
| ٢. پیشەسازی | 164 |
| ٣. تایبەتمەندییەکانی گەڕەکی سابونکەران لەگەڵ گەڕەکەکانی تری شاری سلێمانی | 169 |
| أ. جۆری ئەو پیشانەی لە گەڕەکی سابونکەران ماونەتەوە | 169 |
| ب. جۆری خواردنە فۆلکلۆرییەکانی تایبەت بە گەڕەکی سابونکەران | 170 |
| **بەشی شەشەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاری توێژینەوەکە** | 180-175 |
| ١. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە Conclusions | 176 |
| ٢. ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە Recommendations | 180 |
| ٣. پێشنیاری توێژینەوەکە Suggestions | 180 |

| | |
|---|---|
| سەرچاوەکان | 197-181 |
| پاشکۆکان | 226-198 |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | أ-ب |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | A-C |


## پێرستی نەخشەکان


| ژ. نەخشە | نەخشە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | شوێنی گەڕەکی سابونکەران لە ناوەندی شاری سلێمانی نیشان دەدات | 52 |
| ٢ | گەڕەکی سابونکەران لە ساڵی (٢٠١٩) نیشان دەدات | 53 |
| ٣ | ژمارەی کۆڵانەکانی گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | 54 |


## پێرستی خشتەکان


| ژ. خشە | خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | درێژی ڕێگا سەرەکییەکانی پارێزگای سلێمانی بە (کم) نیشان دەدات | 19 |
| ٢ | تێکڕای پلەی گەرمی مانگانە و ساڵانەی وێستگەی کەشناسی سلێمانی لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٧-٢٠٢١) نیشان دەدات | 21 |
| ٣ | تێکڕای مانگانە و ساڵانەی دابارین (ملم) لە وێستگەی کەشناسی سلێمانی لە نێوان ساڵانی (٢٠١٧-٢٠٢١) نیشان دەدات | 22 |
| ٤ | زاراوەکانی خزمایەتی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | 122-120 |
| ٥ | جۆر و ژمارەی دوکانەکانی گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | 169 |


## پێرستی هێڵکاریەکان


| ژ. هێڵکاری | هێڵکاری | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | خێزانی درێژکراوە نیشان دەدات | 113 |
| ٢ | خێزانی پێکهاتوو- فرەژنی نیشان دەدات | 114 |
| ٣ | خێزانی سادە نیشان دەدات | 115 |


## پێرستی وێنەکان


| ژ. وێنە | وێنە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | سابونی سەرکەف نیشان دەدات | 51 |
| ٢ | تەقل باب نیشان دەدات | 63 |
| ٣ | مزگەوتی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | 66 |

| | | |
|---|---|---|
| 67 | مزگەوتی سەید حەسەن لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ٤ |
| 68 | مزگەوتی شێخ محمدی بەرزنجی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ٥ |
| 69 | ئەنجامدانی نوێژی هەینی لە مزگەوتی شێخ محەمەدی بەرزنجی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ٦ |
| 71 | مزگەوتی شێخ باباعەلی و حوجرەکەی ناو مزگەوتەکە لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ٧ |
| 72 | مزگەوتی همزە ئاغا لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ٨ |
| 73 | مزگەوتی حاجی عەزیزی خەیات لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ٩ |
| 74 | مزگەوتی تەکیەی تاڵەبانی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ١٠ |
| 75 | کەنیسەی مەریەم عەزرا لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ١١ |
| 78 | چوخمەکەی شەقامی سابونکەران لە ڕابردوو و ئێستای گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ١٢ |
| 80 | ئێستای حەمامی موفتی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ١٣ |
| 81 | شوێنی عەبالەی حەڵواچی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ١٤ |
| 83 | ڕابرووی و ئێستای کەشتی نوحی نەجمەدین مەلا لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ١٥ |
| 84 | قوتابخانەی مەحوی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ١٦ |
| 86 | ماڵی پێرەمێرد لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ١٧ |
| 86 | ماڵی سۆفی کەریمی سەراج لە ڕابردوو و ئێستای گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ١٨ |
| 90 | مزگەوتی گەورە لە شاری سلێمانی نیشان دەدات | ١٩ |
| 108 | مەراسیمی هاوسەرگیری لە ڕابردووی شاری سلێمانی نیشان دەدات | ٢٠ |
| 132 | دوکانی سمە بولبول لە ڕابردوو و ئێستای گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ٢١ |
| 142 | کردنەوەی ئاگری نەورۆز لە گردی مامەیارەی شاری سلێمانی نیشان دەدات | ٢٢ |
| 150 | ماڵی شێخ بابا ڕەسوڵ سەید نوری سەید ئەحمەدی بابا ڕەسوڵ لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ٢٣ |
| 154 | قەشە فەزڵیانس لەگەڵ ژمارەیەك لە منداڵی ئاوارە عەرەبەکان لە کەنیسەی مەریەم عەزرا لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ٢٤ |
| 156 | کتێبخانەی کەنیسەی مەریەم عەزرا لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات | ٢٥ |
| 173 | کفتەی سابونکەران نیشان دەدات | ٢٦ |

# پێڕستی پاشکۆکان


| ژ. پاشکۆ | پاشکۆ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ناو و ژمارەی گەڕەك و دانیشتوانی گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٤٧- ٢٠٠٩) | 199 |
| ٢ | گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٢٧) | 200 |
| ٣ | ناو و ژمارەی گەڕەك و دانیشتوانی گەڕەکە نوێیەکان و گوندەکان کە ڕۆڵیان هەبووە لە فراوان بوونی شاری سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٩) | 204-201 |
| ٤ | نە خشەی گەڕەکە کۆنەکان، لەگەڵ گەڕەکە نوێیەکانی شاری سلێمانی کە ڕۆڵیان هەبووە لە فراوان بوونی شاری سلێمانی | 205 |
| ٥ | ناوی ئەو بنەماڵانەی کە نەوە (بنە) یان ماوە لە سابونکەران | 207-206 |
| ٦ | وێنەکان | 226-208 |

# پێشەکی

شاری سلێمانی لە لایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە لە ساڵی (١٧٨٤ز) دروستکراوە، کاتێك ئیبراهیم پاشا ئیمارەتەکەی گواستەوە لە قەڵاچوالانەوە بۆ شارە نوێیەکە، ژمارەی ئەو بنەماڵانەی کە هاتوونەتە شارەکە کەم بوون، بۆیە پاشا فەرمان دەکات کە خەڵك ڕووبکاتە شاری سلێمانی، بۆ ئەم مەبەستەش خەڵکی زۆر لە شارەکانی (بانە، سنە، کرماشان و چواردەوەری سلێمانی)ەوە هاتوونەتە شارەکە. ئەو خەڵکانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە، وەکو شارەکانی سنە و کرماشان و بانەوە هاتبوون، لەگەڵیاندا وەستا و کارمەندی ئێرانی تێدا بووە، بۆیە دەستکراوە بە دروستکردنی خانوو و باڵەخانە، بەهۆی بوونی سلێمانی لەسەر ڕێگای بازرگانی گەرمیان و کوێستانی نێوان شارەکان، یەکێك لەو گەڕەکانەی کە تازە بنیاتنرا گەڕەکی سابونکەران بووە، گەڕەکەکە بە شێوەیەکی سەردەمیانە دروستکراوە، ئەمەش هۆکار بووە کە گەڕەکی سابونکەران شوێنی نیشەجێبوونی (میر، بازرگان، ڕۆشنبیران، شاعیران، خوێندەواران، پیشەوەران) بوو بێت، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر تایبەتمەندی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئایینی و ئابووری گەڕەکەکە. تەنانەت ئەرمەنەکانیش لە دوای دەرکردنیان لە تورکیا و ڕوسیاوە لەم گەڕەکەدا نیشتەجێ بوون و کاسبیان تێدا کردووە، هەروەها جولەکەکانیش بە مەبەستی بازرگانی هاتوونەتە گەڕەکەکە.

گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانی لە حەوت گەڕەك پێکهاتبوون کە ئەمانەن (مەڵکەندی، گۆیژە، چوارباغ، دەرگەزێن، سەرشەقام، کانی ئاسکان و جولەکان) بوون، بەڵام لەگەڵ فراوان بوونی شاری سلێمانی گەڕەکی نوێ دروستبوون. گەڕەکی سابونکەران لە ڕابردوودا پێی وتراوە گۆیژە، کاتێك ژمارەیەك لە دانیشتوانی شەقامی سابونکەران بە سابون دروستکردنەوە خەریکبوون، ناونراوە شەقامی سابونکەران و، گەڕەکەکەش بووەتە گەڕەکی سابونکەران، ئێستا گەڕەکی سابونکەران لە سێ بەش پێکهاتووە کە لە (مەسیحییەکان (گاوران)، قاوەخانەی سەرچیمەن و قەزازەکان) دەگرێتەوە. مەسیحییەکانی گەڕەکی سابونکەران لە شوێنەکانی وەکو (موسڵ، کۆیە، کەرکوك، قەرەداغ)، هاتوونەتە ناو گەڕەکەکە و لە بەشی ڕۆژهەڵاتی گەڕەکی سابونکەران نیشتەجێبوون. بەڵام ئێستا مەسیحییەکان زۆرینەیان لە گەڕەکەکە کۆچیان کردوە.

کەواتە سابونکەران یەکێکە لە گەڕەکە دێرینەکانی شاری سلێمانی، لەگەڵ دروستبوونی شاری سلێمانی لەسەردەمی بابانەکانەوە، ئەم گەڕەکە دروستکراوە، ئەم گەڕەکە کاتێك دروستکراوە چەند بنەماڵەیەکی دیار ڕۆڵیان لە ئاوەدانکردنەوەی گەڕەکەکە هەبووە، لەوانە بنەماڵەی (مەلا ئەبوبەکری موصەنیف - خاڵ، شێخ تەهای بەرزنجی، شێخ بابا عەلی، همزە ئاغای مەسرەف - باپیری پیرەمێردی شاعیر، خالد ئاغای مەرگە - صۆفی کەریمی سەراج، مەلا سلێمانی وەیسی، مەسیحییەکان، قەزازەکان، کاکی ئاغا و یامولکی) بوون.

ئەم تـوێژینـەوەیە بە ناونیشـانی (گەڕەکـی سـابونکەران - تـوێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلـۆجی) یە، هەوڵدانێکە بۆ شیکردنەوەی بونیـادی ئـایکۆلۆجی و کـۆمەڵایەتی و کلتـووری و ئـایینی و ئـابووری گەڕەکی سابونکەران، دانیشوانی گەڕەکی سابونکەران وەکو هەمـوو دانیشـتوانی شـاری سلێمانی، کەوتـوونەتە ژێـر کـاریگەری گۆڕانکـاری ئـایکۆلۆجی و کـۆمەڵایەتی و کلتـووری و ئـابووری و بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە، شێوازی ژیانیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

توێژینەوەی بەردەست لەگەڵ پێشەکی و ڕەگەزەکانی توێژینەوەدا خراونەتەڕوو، ئەم توێژینەوەیە لە شەش بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم نەسەقی ئیکۆلۆجییە کە لە دوو باس پێکهاتووە، باسـی یەکەم شوێنی جوگرافیایی شاری سلێمانی خراوەتە ڕوو کە تێییدا ئاماژە بۆ شوێن و ڕووبەر و دابەشبوونی جوگرافیایی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی دەکـات، باسـی دووەم کـورتەیەکی مێـژووی گەشـەکردنی شاری سلێمانی و گۆڕانکارییە بونیادییە کۆمەڵایەتییەکانی شای سلێمانی دەخـاتەڕوو. بەشـی دووەم نەسەقی کۆمەڵایەتییە لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم ئاماژە بۆ شـوێنی دروسـتبوون و شـوێنی جوگرافیـا و نـاوی شـەقام و کـۆڵان و جـۆری خـانوو و نەخشـە و کەرەسـتەکانی دروسـتکردنی خانووەکان و شوێنە ئایینی و مێژووییەکانی گەڕەکەکەی تێدا ڕوونکراوەتەوە، باسی دووەم سروشت و جـۆری پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانی نێـوان خەڵکـانی ڕەسـەنی گەڕەکەکە و لەگەڵ خەڵکـانی گەڕەکی دراوسێیان و ڕیشەی مێژووی خێزانە ناسراوەکان و هاوسەرگیری و خێزان و خزمـایەتی و بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی تایبەت بە دانیشتوان دەکرێت. لە بەشی سێهەمدا بـاس لە نەسـەقی کلتـووری و جـۆری پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانی نێـوان دانیشـتوانی ئەم گەڕەکەکە و ڕۆڵـی لە کۆنترۆڵ و ڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکان و داب ونەریت و بەهـا کۆمەڵایەتییەکـان و یاسـا و ئـایین دەکرێت. لە بەشی چوارەمدا بـاس لە نەسـەقی ئـایینی و ئـایین و بیروبـاوەڕی دانیشـتوانی گەڕەکـی سابونکەران و مزگەوت و کەنیسە و ڕۆڵی زانایانی ئایینی گەڕەکەکە دەکرێت. لە بەشـی پێنجەمـدا بـاس لە نەسـەقی ئـابووری و ڕەوشـی ئـابووری و پیشـەی گەڕەکـی سـابونکەران و سیسـتمی خاوەندارێتی و پیشەسازی و جیاوازیەکانی گەڕەکی سـابونکەران لەگەڵ گەڕەکەکـانی تـری شـاری سـلێمانی لە ڕووی بەردەوامـی لە جـۆری ئەو پیشـانەی کە مـاونەتەوە لە گەڕەکـی سـابونکەران و جـۆری خـواردنە فۆلکلۆرییەکـانی تـایبەت بە گەڕەکـی سـابونکەران دەکرێـت. لە بەشـی شەشـەمدا دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشـنیاری تـوێژینەوەکە، لەگەڵ سـەرچاوە و چاوپێکەوتنەکـان و پاشـکۆ و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بـۆ ئەوە بکرێـت، هـیچ کـارێکی مـرۆڤ بـێ کەم و کـوڕی نییە، بەڵام مرۆڤ ئەو کاتە ئاسـودە ئەبێت کە کـارەکەی بەوپەڕی دڵسـۆزیەوە ئەنجـام بـدات، ئەم تـوێژینەوەیە هەوڵدانێکی مرۆڤانەیە، بۆیە بێکەموکوڕی نییە، کامڵبوون تەنها بۆ خوای گەورەیە.

## ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە ئەمانەی لای خوارەوە:

### بابەتی توێژینەوەکە: Research Subject

بابەتی توێژینەوە دوو پرسیاری سەرەکی لە خۆی دەگرێت، یەکەم: توێژەر چی ئەوێت و کام زانیاری پێویستە؟، دووەم: ڕێگاکان بۆ دەست کەوتنی زانیارییەکان چین؟ (١)، واتە هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە، بە یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، لەبەرئەوەی دیاریکردنی بابەتی توێژینەوە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ دیارکردنی جۆری ئەو توێژینەوەی کە ئەیەوێت ئەنجامی بدات، لەگەڵ جۆری میتۆدی توێژینەوە و ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری.

بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (گەڕەکی سابونکەران)، کە توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجییە، کە تێییدا بونیادی کۆمەڵایەتی گەڕەکی سابونکەرانی لە پێنج نەسەقدا دەناسێنێت، کە نەسەقی ئیکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئایینی و ئابووری گەڕەکی سابونکەران دەگرێتەوە. بەو پێیەی گەڕەکی سابونکەران یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانی و لەسەرەتایی دروستبوونی شاری سلێمانیەوە ئەم گەڕەکە دروست کراوە، ئەم گەڕەکە تایبەتمەندی خۆی هەبووە لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئایینی و ئابووریەوە.

### گرنگی توێژینەوەکە: Reserch Importance

گرنگی توێژینەوە ئاماژە بە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە دەکات، توێژەر ئەو پاساو و هۆکارە زانستی و پراکتیکییانە کە پێویستیان بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە یە دەستنیشان دەکات، ئەو کاریگەرییانەی لە لایەنی تیۆریەوە یان پراکتییکەوە لێیەوە دروست دەبن، چۆن توێژینەوەکە بەشداری دەکات لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی کە نوێنەرایەتی بابەتی توێژینەوەکە دەکات و، جگە لەوەش نوێنەرایەتی بەرهەمهێنانی فیکری دەکات لەو بوارەی کە توێژەر سەر بەو بوارەیە. هەروەها گرنگی بابەتەکە لە ڕێگەی داتا سەرەتاییەکانەوە نیشان دەدرێت کە توێژەر بەکاری دەهێنێت، یان لە ڕێگەی میکانیزمی شیکاری داتا لاوەکی یان سەرەتاییەکانەوە.(٢)

گرنگی و هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

١. ئەم توێژینەوەیە یەکەمین توێژینەوەی زانستییە لە بواری ئەنثرۆپۆلۆجیادا، دەربارەی گەڕەکی سابونکەران وەکو یەکێك لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانی ئەنجام ئەدرێت، تاوەکو ئێستا

---

(١) د.فتيحة محمد إبراهيم و مصطفى حمدي الشنواني، مدخل إلى مناهج البحث في علم الانسان (الأنثروبولوجيا)، دار المريخ، السعودية، ١٩٨٨، ص١٠٤

(٢) أ.د.محمد سرحان علي المحمودي، مناهج البحث العلمي، ط٣، دار الكتب، الجمهورية اليمنية، ٢٠١٩، ص ١٠١

ئەوەنــدەی تــوێژەر ئاگــادارە تــوێژینەوەی ئەنترۆپۆلــۆجی دەربــارەی گەڕەکــی ســابونکەران ئەنجامنەدراوە.

٢. گەڕەکی سابونکەران، شوێنی نیشەجێبوونی (میر، دەوڵەمەند، بازرگان، ڕۆشنبیران، شاعیران و خوێندەواران) بووە، بەرزی ئاستی ڕۆشنبری دانیشتوانەکەی کاریگەری هەبووە لەسەر بوونی دوو ئایینی ئاسمانی و فرەیی بیرکردنەوە، بەتایبەتی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی مێژووی ئایینی نێوان موسوڵمان و مەسیحییەکان لە گەڕەکی سابونکەران، ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە.

٣. دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ خستنە ڕووی زانیاری دەربارەی تایبەتمەندی ژیانی کۆمەڵاتی و کلتووری و ئایینی و ئابووری گەڕەکی سابونکەران بۆ ڕای گشتی و لایەنی پەیوەندیدار.

٤. ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، ئەبێتە سەرەتایەك بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆجی لەسەر گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانی، لەهەمانکاتدا ئەبێتە یەکێك لە سەرچاوەکان لە کتێبخانەی کوردییدا.

٥. یەکێکی تر لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، گەڕەکی سابونکەران لە ڕابردوودا تایبەتمەندی خۆی هەبووە لەڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئایینی و ئابووریەوە، بەڵام لە ئێستادا گەڕەکی سابونکەران ئەم تایبەتمەندیانەی نەماوە، بۆیە گرنگە توێژینەوەکردنی بە بەکارهێنانی میتۆدی ئەنترۆپۆلۆجیا و نووسینەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی گەڕەکە بۆ ئەوەی لە بیرەوەری خەڵکدا بمێنێتەوە.

٦. دوایین گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، لەڕێگەی ڕاسپاردە و پێشنیاری توێژینەوەکەوە، ڕووبەڕووی لایەنە پەیوەندی دارەکان ئەکرێتەوە، بە مەبەستی پلاندان و پاراستنی گەڕەکی سابونکەران.

## ئامانجی توێژینەوەکە: Research Aims

دیاریکردنی ئامانجی توێژینەوە، پەیوەستە بە دیاریکردنی ئەو ئامرازانەی کە توێژەر بۆ بە دەستهێنانی زانیاری بەکاریدەهێنێت. یەکێك لە ئامرازە دیارەکانی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆجی (تێبینیکردن)ە، واتە بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری لە توێژینەوە مەیدانییە ئەنترۆپۆلۆجییەکان دادەنرێت.(١) واتە ئەو ئامرازانە بە پێی ئامانجەکان بەکاردەهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، بە پێی بابەتی توێژینەوەکە.

---

(١) د.محمد عبده محجوب، مقدیمة لدراسة المجتمعات البدویة (منهج و تطبیق)، ط٣، وکالة المطبوعات، الکویت، بدون السنة الطبع، ص٥٠

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

١. خستنە ڕووی مێژووی گەڕەکی سابونکەران لە شاری سلێمانی.

٢. زانینی خەسڵەت و تایبەتمەندی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئایینی و ئابووری گەڕەکی سابونکەران.

٣. خستنە ڕووی گۆڕانکارییەکان و کاریگەرییان لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی گەڕەکی سابونکەران.

## کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: Research Population

توێژەر دوو ڕێگا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بۆ توێژینەوەی زانستی پەیڕەو دەکات، ڕێگەی یەکەمیان مامەڵە لەگەڵ هەموو کۆمەڵگەکە دەکات، ناوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیە، ڕێگەی دووەم نموونەیەك لە ئەو کۆمەڵگەیە هەڵدەبژێرێت کە پێی دەوترێت نموونەی توێژینەوەکە و، یەکێك لە مەرجە گرنگەکانی کە ئەبێت لە نموونەکەدا جێبەجێ بکرێت ئەوەیە کە نوێنەری کۆمەڵگە بێت لە هەموو تایبەتمەندییەکاندا.[١]

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گەڕەکی سابونکەران، ئەم گەڕەکە ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئایینی و ئابووری تایبەت بە خۆیان هەبووە.

## ئیتیکی توێژینەوەکە: Research Ethics

لە توێژینەوە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا، زۆر گرنگی بە ئیتیکی توێژینەوە دەدرێت، بە و پێیەی لێتوێژراو مافی پارێزراوە و توێژەر ناتوانێت مافەکانی پێشێل بکات، بۆیە هەر دەبێت لێتوێژراو بیرۆکەیەك دەربارەی توێژینەوەکە بزانێت، ئامانج لە توێژینەوەکە، ئەو زانیارییانەی لە چاوپێکەوتن و پرسیارنامەوە تۆمار دەکرێن چۆن بەکاردێن، پێویستە لێتوێژراو دڵنیا بکرێتەوە کە زانیارییەکان تەنها بۆ توێژینەوە بەکاردێن. توێژینەوە ئەنثرپۆلۆجییەکان گێڕانەوە بۆ زانیاریی و داتاکان دەکەن، بەو شێوەیە ئاماژە بە قسەی لێتوێژراوان گونجاو نابێت، بۆیە باشترە کە نەریتی ئەنثرۆپۆلۆجی پەیڕەو بکرێت و قسەی لێتوێژراوان دەستنیشان نەکرێن.[٢]

(١) د.عبدالله شعبان قطب محمد، مهارات كتابة خطة البحث (منهجيا - فنيا)،The writer operation ، القاهرة، ٢٠٢١، ص٨١-٨٥

(٢) نادیە وەلی جبار، تورکمانەکانی شاری هەولێر (توێژینەوەیەکی ئەنتروپولوژییە)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٢٢، ل١٠

به و پێیەی توێژەر لە شاری سلێمانی دەژی، لە بنەڕەتدا توێژەر نیشەجێی گەڕەکی سابونکەران نییە، هاوڕێیەتی و خزمایەتی لەگەڵ سابونچی و سابونکەرانییەکان نەبووە، هەر بۆیە پێویستی بە کات و هەوڵدان بووە، بۆ ئەوەی بتوانێت قبوڵکراو بێت متمانەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەدەست بهێنێت. لە هەمانکاتدا گەڕەکی سابونکەران یەکێکە لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی، لە ڕووی جوگرافییەوە دوور نییە لە شوێنی نیشتەجێبوونیەوە، بۆیە بەردەوام هاتووچۆی کردووە، بە پێی پێویست ماوەتەوە بۆ بەشداریکردن لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینی و چالاکی ڕۆشنبیری. هەروەها سەردانەکانی لە بەرواری (٢٠٢١/٩/١٤) دەستی پێکردووە بۆ بەرواری (٢٠٢٣/٢/٥).

لە هەمانکاتدا بۆ خستنەڕووی گۆڕانکارییەکان لە گەڕەکی سابونکەران سەردانی مەیدانی گەڕەکەکەی کردووە لە ڕێگەی تێبینیکردن و بەشداریکرنی توێژەرەوە زانیارییەکان تۆمارکراون.

**ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:**

١. یەکێك لەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی توێژەر بوویەوە لە کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا، نەبوونی سەرچاوەی نووسراوە لەسەر گەڕەکی سابونکەران دەربارەی مێژوو و سنووری گەڕەگەکە و، ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر گەڕەکەکەدا هاتووە، ئەمەش قورسای و زەحمەتی زۆری بۆ توێژەر دروستکرد بوو.

٢. توێژەر لە شاری سلێمانی دەژی، بەڵام ناسیاوی و خزمایەتی لەگەڵ سابونچی و سابونکەرانییەکان نەبووە، ئەمەش وایکردووە ڕووبە ڕووی ئاستەنگی زۆر بێتەوە، لەبەرئەوەی قبوڵکردن و دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێوستی بە کات و هەوڵدانە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانێت متمانەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بەدەست بهێنیت و لە هەمانکاتدا زانیاری دەست بکەوێت، هەروەها بۆ ئەنجامدانی کارەکانی لە ڕێگەی کەسێکەوە پاشان چەند کەسێکی تر بناسێت، دواتر ئەوانیش چەند کەسێکیتریان پێناساندووە، کارەکانی ئەنجامداوە.

## میتۆدەکانی توێژینەوەکە: Research Method

چەمکی میتۆدی توێژینەوە، یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی توێژینەوە کۆمەڵایەتی و ئەنثرۆپۆلۆجییەکان، ئەم چەمکە بە واتای ئەو ڕێگایانە دێت کە پێویستە توێژەری ئەنثرۆپۆلۆجی لە توێژینەوەکانیدا پەیرەوی لێبکات تاوەکو بتوانێت بگاتە هەندێك ئەنجام لە ئاشکراکردنی دیاردەکان و، هۆکار و یاساکانی ملکەچی ئەم دیاردانە.(١)

(١) أ.د.فاروق أحمد مصطفى و أ.د.محمد عباس إبراهيم، المناهج الانثروبولوجية وتطبيقاتها الميدانية، دار المعرفة الجامعة، الاسكندرية، ٢٠١٠، ص٢٠

میتۆدەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

### ١. میتۆدی ئەثنۆگرافیا: Ethnographic Method

وەك ئەوەی کە زۆر جار وتراوە، ئەگەر دەتەوێت تێبگەی ئەنثرۆپۆلۆجی چیە، پێوستە سەیری ئەوە بکەین کە ئەنثرۆپۆلۆجستەکان چیدەکەن، لە سەرووی هەموو شتێکەوە، ئەوەی ئەنثرۆپۆلۆجستەکان دەیکەن، ئیثنۆگرافییە بۆ ئەنثرۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی و کلتووری: ئیثنۆگرافیا لە سەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە بۆ ئەوەی لە خەڵك تێبگەن، باشتر وایە لە ماوەیەکی زۆردا چاودێریان بکەن و کارلێکیان لەگەڵ بکەن، بۆیە ئەنثرۆپۆلۆجستەکان ئامانجی بنەڕەتییان ئەوەیە کە لە ڕەگەزە مرۆییەکان تێبگەن بە هەموو بەشە جیاوازەکانیەوە، لەبەرئەوە ماوەیەکی زۆر لە ناوەڕاستی ئەو کۆمەڵگەیانەدا بەسەر دەبەن کە توێژینەوەیان لەسەر دەکەن، هەوڵیان داوە وەك ئەندامەکانیان بژین، هەروەها زمانی ناوخۆی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە فێربن کە توێژینەوەیان لەسەر دەکەن.(١)

میتۆدی ئەثنۆگرافیا بریتییە لە وەسفکردن و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی کلتووری کۆمەڵگەیەك یان کۆمەڵێك لە (تاکەکان، سیستمێك، بیروباوەڕەکان، زمانەکان، جۆری ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگەکانیان).(٢)

لەم توێژینەوەیدا سودمان لە میتودی ئەثنۆگرافی وەرگرتووە بەشێوەیەکی مەیدانی و بابەتی بۆ وەسفکردنی بونیادی کۆمەڵایەتی و زانینی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری مادی و مەعنەوی و ئایینی و ئابووری گەڕەکی سابونکەران.

### ٢. میتۆدی بونیادی ئەرکگەرایی: Functional Strcture Method

بونیادی ئەرکگەرایی باس لە ئەوە دەکات، کە هەموو بونیادێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵێك نەسەق پێکهاتووە وەکو نەسەقی (ئیکۆلۆجی، ئابووری، سیاسی، کلتووری و خزمایەتی) کە هەموویان بەیەکەوە بەستراون و تەواوکەری یەکترن بۆ بەدیهێنانی تەواوکاری و پتەوی بونیادی کۆمەڵایەتی، هەر گۆڕانکارییەك لە هەر یەکێك لەم نەسەقانەدا ڕوودات، کاردەکاتە سەر ئەوانی تریش.(٣)

---

(1) Serjiu Balan, Ethnographic Method in Anthropological Research, 2011
, hppts://www.researchgate.net /publication/ 321161001, 27/1/2023

(٢) أ.د.عامر قنديلجي و د.إيمان السامرائي، البحث العلمي (الكمي والنوعي)، دار اليازوري، عمان ـ الاردن، ٢٠٠٩، ص ٢٢٦

(٣) فاتن محمد شريف، الاسرة والقرابة في الانثروبولوجيا الاجتماعية، دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٦، ص ٣٥

زانـایی ئەنثرۆپۆلۆجستی پۆلـۆنیی برانسـلاو مالینۆفسـکی **(Bronislaw Malinowski, 1884-1942)**، جەخـت لەسـەر گونجانـدنی کـۆمەڵگە لەگەڵ دەوروبەرەکەی دەکـاتەوە، واتە دیـاردە کـۆمەڵایەتییە ووردەکـان وەزیفەیەکـی وورد لە چوارچێـوەی سیسـتمێك لە دیـاردە بـۆ ئەوەی وەزیفەیەکـی گشـتی پێکبهێـنن، ئەنجامـدەدەن. کە ئەویـش گونجانـدنی کـۆمەڵگەیە لەگەڵ دەوروبەرەکەی. بۆ نموونە دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی وەکو قوتابخانە یان زانکۆ وەزیفەیەکـی بەشـی ئەنجامدەدات کە ئەویش پەروەدە و فێرکـردنە. ئنجـا ئەم وەزیـفەیە لەگەڵ وەزیفەکـانی تـردا پێکەوە یەکتـر تەواو دەکەن بـۆ دەسـتەبەرکردنی وەزیفەیەکـی گشـتی کە گونجانـدنی کـۆمەڵگەیە لەگەڵ دەوروبەرەکەیاندا.(١)

هەروەها ئەنثرۆپۆلۆجستی بەریتانی ڕادکلیف بـڕوان **(Alfred Radcliffe Brown, 1881-1955)** دەڵێـت: بونیـادی کـۆمەڵایەتی واقعیـیە، هاوشـانە لەگەڵ ژیـانی واقعـی لە میـانەی پەیوەنـدی نێـوان تاکەکان و پەیوەندی تاکەکان بە نەسەقەکانەوە دەبینرێت.(٢)

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی بونیادی ئەرکگەرایی بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی بونیـاد و وەزیـفەی نەسەق و بونیادی کۆمەڵایەتی گەڕەکـی سـابونکەران، تـاوەکو لە ئێسـتای کـۆمەڵگە و هۆکارەکـانی گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی و وەزیفەی نەسەقەکان تێبگەین.

## ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە: Research Data Collection

لە تـوێژینەوە چۆنایەتییەکانـدا ئەم ئـامڕازانەی کـۆکردنەوەی زانیـاری بەکـاردێن بە مەبەسـتی کۆکردنەوەی زانیاری کە وەك (تێبینیکردن، دۆکیۆمێنتەکان، چاوپێکەوتن و هەواڵـدەری) ئەمـانەش ئەبـنە چەترێـك بـۆ تـوێژینەوەی ئەثنـۆگرافی. ئەو ئـامڕازانەی کە لەم توێژینەوەیـدا بەکارهـاتوون بریتیین لە : چاوپێکەوتن، تێبینیکردنی ڕاستەخۆ، تێبینیکردن بە بەشدارکردن و وێنە.

### ١. تێبینی ڕاستەوخۆ: Direct Observation

یەکێکە لە ئامڕازە گرنگەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە بواری ئەنثرۆپۆلـۆجی، وەسـتاوە لەسـەر بنەمای تێبینیکردنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەی کە تـوێژینەوەی لەسـەر دەکـات، کە چـاودێری جـوڵە، هەڵسوکەوت و کردارەکانیان و تۆمارکرنی گفتوگۆ دەکات.(٣)

---

(١) مستەفا تیلوین، دەروازەیەکی گشتی لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە (مرۆڤناسی)، و: نادیە وەلـی جەبـار، نووسـینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٦، ل٦٢

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٦٥

(٣) د.عیسی الشماس، مدخل إلی علم الانسان ( الأنثروبولوجیا)، منشـورات اتحـاد الکتـاب العـرب، دمشـق، ٢٠٠٤، ص١٣٠

تـوێژەر تێبینــی ڕاستـەوخۆی بەکارهێنــاوە وەکـو یەکێـك لە ئـامڕازە گرنگەکـانی کـۆکردنەوەی زانیـاری، بـۆئەم مەبەسـتەش تـوێژەر بەشـداری لە مەراسـیمە ئایینییەکـان و چـالاکی ڕۆشـنبیری کردووە، بۆ مەبەستی تۆمارکردنی تێبینییەکـانیش تـوێژەر وەکـو ئەنثرۆپۆلۆجستێك پەڕاوی تێبینـی بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی تـوێژەر لە مەیـدان بـووە، کە ئەمەش یەکێکە لەو خەسـڵەتانەی ئەبێـت لە توێژەری ئەنثرۆپۆلۆجستدا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت تێبینییەکان بە شێوەیەکی وورد تۆمار بکـات. هەروەها لە کاتی ڕۆیشتنی توێژەر بۆ گەڕەکی سابونکەران بـۆ مەبەسـتی تۆمـارکرن و دەستنیشـان کردنی گۆڕانکارییەکانی شوێنە مێژووی و ئایینییەکان و خانووەکانی گەڕەکی سابونکەران تـوێژەر تێبینییەکانی بە ووردی لە پەڕاوی تێبینییەکان تۆمارکرووە.

**٢. تێبینی بە بەشداریکردن: Participant Observation**

ئەم ئــــامڕازە تــــوێژەری ئەنثرۆپۆلــــۆجی پەیــــڕەوی دەکــــات بــــۆ ئەو کــــۆمەڵگەی کە تــــوێژینەوەی لە ســــەر دەکــــات، بــــۆئەوەی لەم ڕێــــگەیەوە بتوانێــــت خــــۆی نزیــــك بکــــاتەوە و دڵسـۆزی بەدەسـت بهێنێـت، هەروەهـا بەشـداری بکـات لە سـرووتە ئـایینی و کۆمەڵایەتییەکـان و چالاکیەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە.[١]

لەم تـوێژینەوەیەدا تـوێژەر تێبینــی بە بەشــداریکردوە بــۆ ئەوەی وەســف و شــیکردنەوە بــۆ چـالاکی ژیـانی کـۆمەڵایەتی و بـۆنە و ڕێوڕەسـمە ئایینییەکـان بکـات، بـۆیە بەشـداری لە پرسـە و بۆنە ئایینییەکان و چالاکیە ڕۆشنبیریەکان کردووە.

**٣. چاوپێکەوتن: Interview**

یەکـێکە لەو ئـامڕازانەی کە بە شـێوەیەکی بەرفـراوان و کـردەی لە تـوێژینەوە چۆنایەتییەکانـدا بەکاردێـت،[٢]چـاوپێکەوتن یـان ڕووبەڕووە، یـان لە ڕێـگەی تەلەفـۆنەوە یـان نـاردنی لە ڕێـگەی ئیمێڵەوە دەبێت،[٣] چاوپێکەوتنەکە گفتوگۆیەکی کـراوەیە لە نێـوان کەسـێك لەگەڵ کەسـێکی تـر یـان کەسانی تردا، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر چەندین زانیاری تایبەت بەکارهێنانی لە توێژینەوەی زانستی.[٤]

لەم توێژینەوەیەدا توێژەرئامڕازی چاوپێکەوتنی بەکارهێنـاوە بە مەبەسـتی وەرگرتنـی زۆرتـرین زانیــاری لەســەر ژیــانی کــۆمەڵایەتی و گۆڕانکــارییە بونیــادییە کۆمەڵایەتییەکــانی گەڕەکەکە.

---

(١) د.عیسی الشماس، مدخل إلی علم الانسان ( الأنثروبولوجیا)، المصدر السابق، ص١٣٠

(2) Alan Bryman, Social Research Methods, 4th edition, Oxford University Press, The United Kingdom, 2012, p 469

(3) H. Russell Bernard, Research Methods in Anthropology, Qualitative and Quantitative Approaches, 4th Edition, Alramira Press, New York, 2006, p 210

(٤) عبدالباسط محمد حسن، أصول البحث الاجتماعي، ط٣، مكتبة وهبة، القاهرة، ١٩٩٨، ص٢٣٠-٢٣١

چاوپێکەوتن چەند جۆرێکی هەیە ئەوانیش، چاوپێکەوتنی (کراوە، داخراو، نیمچەکراوە)، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر چاوپێکەوتنی کراوەی بەکارهێناوە، توێژەر لەڕێگەی پەیوەندی ڕووبەڕوو یان تەلەفۆن چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە

**تەکنیکی چاوپێکەوتنەکانی توێژینەوەکە:**

١. ئەو کەسانەی کە بۆ چاوپێکەوتن دەستنیشان کراون پێویستە چەند تایبەتمەندییەکیان هەبێت، ئەبێت ئەو کەسانە خەڵکی ڕەسەنی سابونکەران بن، واتە لە ڕابردوودا بەشداربووبێت لە ژیانی ڕۆژانەی گەڕەکی سابونکەران، لەگەڵ کەسانی خاوەن ئەزموون لە ژنان و پیاوان چاوپێکەوتنمان ئەنجامداوە.

٢. چاوپێکەوتنەکان لە چەند شوێنێکی جیاواز ئەنجامدراون، وەکو (ناوماڵ، شوێنی کارکردن، کتێبخانە).

٣. هەر چاوپێکەوتنێك لە نێوان (٢٠ خولەك بۆ ٢ کاتژمێر)ی خایاندووە، ژمارەیەك لە تاکەکان چەند جارێك چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە، لەبەرئەوەی لە چەند بوارێکی جیاواز پرسیاری لێکراوە، ئەمەش بە ڕەزامەندی ئەوان بووە.

٤.هەموو چاوپێکەوتنەکان بە ڕیکۆردەر تۆمارکراون، دواتر توێژەر هەموو چاوپێکەتنەکانی نووسیوەتەوە، لێرەدا توێژەر یەك ڕیکۆردەی بەکارهێناوە. لەگەڵ دوو کامێرا بۆ وێنەکانی چاوپێکەوتن و وێنەکانی گەڕەکی سابونکەران بەکارهاتووە.

**٤. هەواڵدەر: Informant**

لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتن لەگەڵ (٣٩) شارەزا ئەنجامدراوە، پێکهاتوون لە (٨) ژن و (١٥) پیاوی ڕەسەنی سابونچی و سابونکەرانییەکان، واتە لە دانیشتوانی کۆنی سابونکەران ئەوانەی کە تاوەکو ئێستاش لە گەڕەکەکە نیشیتەجێن، هەروەها دانیشتوانی کۆنی سابونکەران کە لە ڕابردوودا لە گەڕەکی سابونکەران نیشەجێبوون، بەڵام ئێستا لە گەڕەکەکە کۆچیان کردووە لە گەڕەکە نوێکانی شاری سلێمانی یان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان ژیان بەسەر دەبەن، لە هەمانکاتدا مامۆستا و کەسانی بەتەمەن وەرگیراوە ئەوانەی کە زانیاریان هەیە لەسەر مێژووی شاری سلێمانی و گەڕەکی سابونکەران، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری ئەکادیمی کە لە (٣) ژن و (١٣) پیاو پێکهاتووە.

**٥. وێنە: Photo**

لەم توێژینەوەیەدا وێنە بەکارهاتووە، بۆیە هەوڵدراوە وێنەی کۆن بەردەست بخرێت کە ئاماژە بۆ کۆمەڵێك زانیاری دەکەن وەکو (ماڵ، شوێن، ... هتد)، هەروەها توێژەر بۆ پشڕاستکردنەوەی بابەتەکان و کۆکردنەوەی زانیاری هەستاوە بە وێنە گرتن، کە بە یەکێك لە ئامرازە گرنگەکان دادەنرێت لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەدا.

# بەشی یەکەم
# نەسەقی ئیکۆلۆجی

**باسی یەکەم: شوێنی جوگرافیایی شاری سلێمانی**

**١. شوێن و ڕووبەری شاری سلێمانی**

**٢. دابەشبوونی جوگرافیایی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی**

**أ. گەڕەکە کۆن و نوێیەکانی شاری سلێمانی**

**ب. شێوازی دروستبوونی ئەو گەڕەکانە**

**باسی دووەم: کورتەیەکی مێژووی گەشەکردنی شاری سلێمانی**

**١. مێژووی دروستبوونی شاری سلێمانی و ئاماژە بە مێژووی گەڕەکە سەرەکییەکانی ئەم شارە**

**٢. گۆڕانکارییە بونیادییە کۆمەڵایەتییەکانی شاری سلێمانی**

## بەشی یەکەم: نەسەقی ئیکۆلۆجی(*) **Ecology**

ژینگە (**Environment**) ئاماژەیە بۆ ئەو بارودۆخە سروشتی و کلتووری و کۆمەڵاییەتیانەی کار لە ژیانی مرۆڤەکان دەکەن.(١) بۆیە هیچ کۆمەڵگەیەك لە بۆشاییدا ناژی، بەڵکو هەر کۆمەڵگەیەك هەرێمێکی تایبەت بە خۆی هەیە لەسەر پارچە زەویەك و لە ناوەندێکی جوگرافی دیاریکراودا دەژی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ کاریگەی دەکاتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری کۆمەڵگەکە و بە سروشتێکی تایبەت ڕەنگڕێژی دەکات. ئیکۆلۆجیا گرنگی بە توێژینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ژینگەی سروشتی و مرۆڤ دەدات، هەروەها شوێنی ئەو پەیوەندییە ئاڵووگۆڕانە دەکەوێت کە کاریگەری لەسەر مرۆڤ و نەسەقی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی هەیە.(٢)

ئەنثرۆپۆلۆجیای ئیکۆلۆجی (**Ecological Anthropology**) تیشك دەخاتە سەر پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان خەڵك (**People**) و ژینگە (**Environmen**t). بەومانایەیی دانیشتوانی مرۆڤ، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ کلتوورە تایبەتەکەیان ڕێکخراون و ئاڕاستەکراون، بە جۆرێك کاریگەری و پەیوەندی بەردەوامیان هەیە لەگەڵ (زەوی، کەش و هەوا، ڕووەك، جۆری گیانلەبەرەکان و مرۆڤەکان)ی تر لە ژینگەکەیان. ئەنثرۆپۆلۆجیای ژینگە سەرنجمان ئاڕاستە دەکات بۆ ئەو ڕێگایانەی کە دانیشتوانێکی تایبەت بە مەبەست یان نا مەبەستانە شێوەکانی ژینگە دروست دەکەن، تێییدا پەیوەندی لەگەڵ ژینگەی (کلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیانی سیاسی) ی ژینگەکەدا هەیە.(٣)

---

(*) زاراوەی ئیکۆلۆجی (**Ecology**): لە بنەڕەتدا وەرگیراوە لە وشەی ئۆکیۆسی (**Oikos**) یۆنانی، بە واتایی (ماڵ) خانوو یان (پەناگە) دێت لەگەڵ (**Logy**) بە واتایی زانست دێت، بەڵام بە واتە یۆنانیەکەی سنوردار ناکرێت تەنها بۆ ماڵ، بەڵکو ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە کاروبار و چالاکی ڕۆژانەی تێدا ئەنجام دەدەن، لە پێناو مانەوە لە ژیان، بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٨٩٦) لە لایەن زانای ئەڵمانی بایەلۆجی ارنست هیکل (**Ernst Haeckel, 1834-1919**) لە بواری زانستی بایەلۆجی بەکارهات بۆ ئاماژەدان بە پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان ئاژەڵ و بوونەوەرە زیندووەکان لە ژینگەیەکی سروشتی دیاریکراودا. هەروەها ئەم چەمکە لە سەرەتایی سەدەی بیستەمدا لە لایەن زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی تشارلس جالپن (**Charles Galpin, 1864-1947**) هێنرایە ئاراوە کە واتایی پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان مرۆڤ و ژینگە دەگەیەنێت.

بڕوانە:

- احمد ابوزيد، البناء الاجتماعي، مدخل لدراسة المجتمع، الانساق، ط٣، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الاسكندرية، ١٩٧٩، ص١١-١٢

- http:// csmbio.csm.jum.edu/Ecology Derived from Greek oikos = houses, loges, study.

(1) Elisabeth Croll & David Parkin, Bush base: Forest Farm (Culture, Environment and Development), 2 Edition, Routledge, London and New York, 2002, p8

(٢) احمد ابوزيد، البناء الاجتماعي، مدخل لدراسة المجتمع، الانساق، المصدر السابق، ص٩

(3) Alan Barnard & Jonathan Spenser, Encyclopedia of Social and Culture Anthropology, Routledge, London & New York, 2002, p 256

کەواتە پەیوەندی نێوان هەر دانیشتوانێك و ژینگەکەیان بابەتی توێژینەوەی ئیکۆلۆجیە، ئیکۆلۆجیا بریتییە لە توێژینەوە لە گونجاندنی کلتوورێك بۆ ژینگەیەکی دیاریکراو و چۆن گۆڕانکاری لەو ژینگە یە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەو کلتوورە دیاریکراوە. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە چۆن (ژینگەی گشتی، سەرچاوە سروشتییە بەردەستەکان، تەکنەلۆجیا و، چڕیی دانیشتوان) کاریگەری لە سەر مانەوەی کلتوور هەیە و چۆن سیستمێکی نەریتی لە باوەڕەکان و ڕەفتارەکان ڕێگە بە خەڵك دەدات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەکەیان.(١) لە هەمانکاتدا ژینگە کۆمەڵێك هۆکاری سروشتی و کۆمەڵایەتییە، کە کار لە مرۆڤ دەکەن و ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر هەڵسوکەت و هەموو چالاکیەکانی، مرۆڤ دەتوانێت خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێت و خۆی ڕابێنێت، ژینگە کاردەکاتە سەر دروست بوون و گۆڕانی شارستانیەتەکان دەکات، شارستانیەتیش کاردەکاتە سەر ژینگە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە مەبەست لە هەڵسوکەوتی تاکەکانی مرۆڤە کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئاوێتە بەیەکتر دەبن و چالاکیەکانیان ئەنجام دەدەن.(٢)

ئەنثرۆپۆلۆجستەکان و سۆسیۆلۆجستەکان لە توێژینەوەکانیاندا میتۆدی بونیادی ئەرکگەرایی بەکاردەهێنن، بۆ تێگەیشتن لە بونیادی کۆمەڵایەتی (**Social Structure**)(*) کۆمەڵگە و سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، لەبەرئەوەی بۆ ناسین و تایبەتمەندی بونیادی کۆمەڵایەتی، پێویستە توێژەری ئەنثرۆپۆلۆجی لە کاتی توێژینەوەکردنی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی خۆجی (مجتمع

---

(1) H. James Birx, Encyclopedia of Anthropology, Vol: 1, Sage Publication, London, 2006, p 628

(٢) شاکر مسطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، جامعة الكويت، ١٩٨١، ص ٣٠٥

(*) بونیادی کۆمەڵایەتی (**Social structure**): پێناسەیەکی زۆری بۆکراوە یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی بواری ئەنثرۆپۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی، سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە کە لە هێربریت سپنسر (**Herbrt-Spencer, 1820-1903**)ەوە دەست پێدەکات کاتێك باسی لە پێکهاتەی کۆمەڵگە کرد کە لە پێکهاتەی بوونەوەری زیندوو دەچێت، بەڵام دواتر ئەنثرپۆلۆجستی بەریتانی ڕادکلیف براوان لە ساڵی ١٩٤١ وانەبێژیەکی لە بارەی بونیادی کۆمەڵایەتیەوە پێشکەشکرد هەوڵێکی جدی بوو بۆ جێگیربوونی ئەم چەمکە، د.شاکر مصطفى سليم لە قاموسی ئەنثرپۆلۆجیا، سەبارەت بەم چەمکە دەڵێت: کۆمەڵێك پەیوەندی کۆمەڵایەتییە، تاکەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا. - شاكر مسطفى سليم، المصدر السابق، ص ٩٠٢ ئەنثرۆپۆلۆجستی بەریتانی ڕادکلیف براون سەبارەت بەم چەمکە دەڵێت: هەندێك لە ئەنثرۆپۆلۆجستەکان کاتێك زاراوەی بونیادی کۆمەڵایەتی بەکاردێنن بۆ ئاماژەکردنی تەنها گروپە کۆمەڵایەتییە بەردەوامەکان وەك (نەتەوە و هۆز و خێڵەکان، بەردەوام ناسنامەی خۆیان وەك گروپی تاکەکەسی دەپارێزن، سەرەڕای گۆڕانەکاری لە ئەندامێتییان).

-A. R. Radcliffe-Brown, On Social Structure, The Journal of Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland, Vol. 7, No. 1, 1940, p3

لە لایەکی ترەوە پێناسەی بونیادی کۆمەڵایەتی کراوە بەم جۆرە ئاماژەیە بە بوونی چەندین نەسەقی وەك (کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری، سیاسی و سەربازی) دەکات، هەموو نەسەقێك سیستمێکی ناوەکی هەیە کە میکانیزمی کۆنترۆڵ لە خۆی دەگرێت کە خودی بونیاتەکە پەسەندی دەکات بۆ ئەوەی پرۆسەی بونیاتەکە تەواو بکات و کۆڵەکەکانی پتەو بکات.

- د.معن خليل عمر، البناء الاجتماعي - انساقه و نظمه، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٦، ص ١٦

المحلـــي)، ڕەچــاوی پەیوەنــدی و کــارلێکی نێــوان لایەنـــی ئیکۆلــۆجی و کــۆمەڵایەتی بــکەن.[١] ئەنثرۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی توێژینەوەی کۆمەڵگە دەکات وەك گشتێك، تیاییدا تـوێژینەوە لە لایەنـی (ئیکۆلۆجی، ئابووری، دامەزراوە یاسایی و سیاسی، خێـزان و خزمـایەتی، ڕێکخراوەکـان، ئـایین، تەکنەلۆجیا و هونەر ...هتد) دەکات، کە ئەمانە وەکو بەشێکن لە سیستەمی گشتی کۆمەڵایەتی.[٢]

کەواتە ئیکۆ ئەو ناوەندە جوگرافیەیە مرۆڤ تیایدا دەژی، مەبەست لە ناوەنـدە جـوگرافیەکە لێـرەدا هەموو مەرجەکانی دەوروبەری مرۆڤە، وەك (کەش و هەوا، خاك و ڕووبەر، ڕووبـار، دەریاکـان، جیهانی ڕووەکی و ئاژەڵ و کانزاکانی ژێر زەوی) دەگرێتەوە.[٣]

گەورە بـوون و فـراوان بـوون و پێشـکەوتنی شـارەکان و سـەرهەڵدانی تەکنەلۆجیـا وایکـردووە، مـرۆڤ بە قـوڵی دەسـت بخـاتە ژینـگەی سروشـتیەوە، ئەمەش کـاریگەری ئەبێت لەسـەر نەسـەقی ئیکۆلۆجی، بۆیە لە ئێستادا ئەو کلتوورانەی کە تەکنەلۆجیای ئاڵۆزیـان هەیە زیـاتر ئەتـوانن خۆیـان لەگەڵ ژیــنگەکەدا بگــونجێنن و ژیــنگە بــۆ خواســت و پێداویســتییەکانی خۆیــان بەکــاربهێنن، تەکنەلۆجیاش، بەشێکە لە کلتوور، کە یارمەتی مرۆڤ ئەدات لەگەڵ ژینـگەی تـایبەتیەکەی خۆیـان بگونجێن.

ژینگەی ئیکۆلۆجی دوو بەشە، بەشـێکی سروشـتییە کە پێکهـاتەی زەوی و بەرزونزمـی و ئـاو و ڕووەك و هەوا و گیانلەبەرە جۆربەجۆرەکان و بێگیانەکان دەگـرێتەوە، کە ناوەنـدێکی سروشـتییە و مرۆڤ بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی و درێژەدان بە ژیـان سـودی لێدەبینێت. بەشـەکەی تـری ئەو ناوەنــدە چــڕ و ئــاڵۆزەیە کە بە ژیــنگەی کــۆمەڵایەتی ناســراوە، ئەو پەیوەنــدییە یە کە لە نێـوان بوارەکانی ژیاندا دروست بووە و لەگەڵ ژینگەی سروشتیدا پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترن، هەریەکەیان کار لەوی تریان دەکات، ژینگە سروشتییەکەی ئەم توێژینەوەیە، بەم جـۆرەی لای خوارەوە باسی لێوە دەکەین:

---

(١) احمد ابوزید، البناء الاجتماعي، مدخل لدراسة المجتمع، الانساق، المصدرالسابق، ١٩٧٩، ص ٩-١٠
(2) E. E. Evans-Prichard, Social Anthropology, Cohen & West LTD, London, 1951, p11
(٣) د.محمــد شــوانی، بنچینەکــانی ئەنترۆپۆلۆجیــای گشــتی، ب١، لە بڵاوکراوەکــانی کــۆمەڵەی کۆمەڵناســان و دەروونناسانی کوردستان، بەبێ چاپخانە و شوێن، ٢٠١٧، ل ٢٠٩

## باسی یەکەم: شوێنی جوگرافیایی شاری سلێمانی

شوێنی جوگرافی یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتەکانی ژینگەی سروشتی، بەشێوەیەك کاردەکاتە سەر دیاریکردنی شوێنی وولات و شار،[1] هیچ شارێك ناتوانێت بە سەربەخۆیی گەشە بکات و فراوان ببێت بەبێ کاریگەری فاکتەرە جوگرافیەکان لەسەریان، هەر شارێك تایبەتمەندی و شێوەی خۆی هەیە، شارەکان لەیەك جیاوازن لەگەڵ دوو گۆڕاوی بنچینەیی ئەوانیش بریتیین لە: پێگە (Site) و شوێن (Status)، پێگە ئاماژە بە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی ئەو شوێنە دەکات کە شار لەسەری بنیاتنراوە، وەك (پێکهاتەی جیۆلۆجی، ڕووبەر، ئاووهەوا، سەرچاوەکانی ئاو، خاك و ڕووەکی سروشتی) دەگرێتەوە، ئەم دوو گۆڕاوە لایەنێکی بنچینەیین بۆ دامەزران و بەردەوامی شارەکان. شوێنەکە زیاتر فراوانتر و کاریگەرترە، لە کاتێکدا هەردووکیان خاڵێکی گرنگن لە سەر نەخشەی هەرێم، بۆ دامەزران و بەردەوامبوونی شار. دەزانرێت شار بەبێ پێگەکەی زۆر بە دەگمەن پەرە دەسەنێت و گەشە دەکات، هەروەها شوێنەکە هاوبەش و بەشدارە لە هەر پێشکەوتنێك یان داڕوخانێك (Atrophic).[2]

### ١. شوێن و ڕووبەری شاری سلێمانی:

شاری سلێمانی یەکێکە لە شارەکانی عێراق و ناوەندێکی کارگێڕییە بۆ پارێزگای سلێمانی،[3] لە ڕووی شوێنی جوگرافیەوە شاری سلێمانی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، لە باکوورەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەولێر بە درێژی (٢٠٢کم)، لە باشوری ڕۆژهەڵات سنوری لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا هەیە بە درێژی (٨٣ کم)، لە ڕۆژئاوا سنوری لەگەڵ پارێزگای کەرکوکە بە درێژی (١٠٩کم)، لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ ئێراندا بە درێژی (١٠٥کم).[4]

### ٢. پێگەی ئەسترۆنۆمی (فەلەکی) شاری سلێمانی: Astronomical Location

شوێنی فەلەکی ئاماژەدانە بە پێگەی هێڵی بازنەکانی پانی و درێژی، هێڵەکانی پانی گرنگترن بە بەراورد بە هێڵەکانی درێژی، لەبەرئەوەی بازنەکانی پانی ڕادەی نزیکی و دووری لە بازنەی ئیستیوا دیاری دەکەن، ئەمەش پەیوەندی بە کەش و هەواوە هەیە، لە بەرامبەردا کاریگەری

---

(١) شاد حمید محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆڕی شەقامەکانی (لێکۆڵینەوەیە لە جوگرافیایی شار)، تێزی دکتورا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩، ل ١٢

(٢) کامران طاهر محمد، توسع مدینة السلیمانیة بتأثیر الاسر الحضري، منشورات مرکز کردستان للدرسات الاستراجیة، السلیمانیة، ٢٠١٢، ص٢٠

(٣) شازاد جمال جلال فتح الله، تحلیل إستعمالات الارض ضمن المخطط الاساس لتحدید اتجاهات النمو العمراني لمدینة السلیمانیة، رسالة ماجستر، غیر منشورة، کلیة هندسة، جامعة بغداد، ٢٠٠٠، ص ٤٣

(٤) شاد حمید محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆڕی شەقامەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢-١٣

لەسەرچالاکی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی ئەبێت.[١] شاری سلێمانی لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان هەر دوو بازنەی پانی (٣٥,١٤ - ٣٦,٣٠) لە باکوور و هەردوو هێڵی درێژی (٤٤,٣٦ - ٤٦,٢٥) ڕۆژهەڵات.[٢]

**٣. توبۆگرافیا: التضاریس Topography**

بەرزی و نزمی لە گرنگترین هۆکارە سروشتییەکانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر پێکهاتە و دابەشبوونی شارەکان و دیاریکردنی قەبارە و مەودای فراوان بوونیان.[٣] شاری سلێمانی لە ڕووی تۆبۆگرافیاوە (بەرز و نزمی) دەکرێت بە دوو بەشەوە: تۆبۆگرافیای دەوروبەری (ناوەوەی شار)، لەگەڵ تۆبۆگرافیای (دەرەوەی شار)، بۆیە ناوچەی سلێمانی لە ڕووی بەرز و نزمیەوە دەکرێت بۆ دوو جۆر دابەش بکەین:

١. ناوچەی چیای نزم و گرد تەپۆلکە: بریتیین لە (دەشت، شیو، دۆڵ و تا دەگاتە چیا و بەرزایی لە نێوان (٢٠٠-١٠٠٠مەترە).

٢. ناوچەی چیا سەرکەشەکان: دەکەوێتە نزیك سنوری ئێران و بەرزاییەکەی (١٠٠٠-٣٦٠٠) مەترە، چیاکانی بە زنجیرەیەك بەرانبەر یەك کشاون، لە ژووررووی ڕۆژئاواوە بەرە و خوارووی ڕۆژهەڵات، نێوانەکەیان دەشت و دۆڵە، ئەم درێژبوونەوەیەش بەرە و سنوورەکانی ئێران و لوتکەی چیاکان ڕوولە زیاد بوونە.[٤]

**٤. پێکهاتەی جیۆلۆجیی و خاك Geological and Soil Composition**

پێکهاتەی خاك سروشتییە بەردەوام لە پەرەسەندندایە لە ئەنجامی کردارەکانی کە شکاری و کارلێکی کیمیاوی و فیزیایی و زیندەگیەکانەوە دروست بووە، بە بنەمای زیندووی هەموو بەکارهێنەرەکانی زەوی دادەنرێت، لە بەکارهێنانی شارستانیدا پێکهاتەی جیۆلۆجی و خاك گرنگترە لە ڕادەی بە پیتی لەبەرئەوەی توانای وشیاری بۆ پرۆسەکانی بیناسازی ئاوەدانی دیاری دەکات.[٥]

سەبارەت بە جۆری خاکی سلێمانی بە پێی پۆلێنکاری بیورنگ (**Buringh**) لە دوو جۆر خاك پێکهاتووە، جۆری یەکەم خاکی کەستەنەیی (**Chestunt Soil**) لە بناری شاخی گۆیژە درێژ دەبێتەوە

(١) مهرەبان نەوشیروان فؤاد، محافظة السليمانية (دراسة في الجغرافية الاقليمية)، اطروحة دكتورا، غير منشورة، كلية علوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠١٤، ص٤

(٢) جاسم محمد محمد علی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی پارێزگای سلێمانیدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٥

(٣) هێمن سەلاحەدین زەینەدین، هێڵکاری و بیناسازی شاری سلێمانی لەسەردەمی عوسمانی (١٧٨١- ١٩٢٠ز) توێژینەوەیەکی شوێنەواری مەیدانییە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٢، ل٢٤

(٤) جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب١، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٧-١٨

(٥) کامەران محمد تۆفیق، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوان بوونی ڕووبەری شاری دەربەندیخان، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥، ل٢٠

بۆ باشوور و ڕۆژئاوا خاكێكی ڕەنگ قاوەیی (١-٤٪) ئەم جۆرە خاكە ماددەی ئۆرگانییە بە باشترین جۆری خاك لە ناوچەكەدا دائەنرێت،[1] جۆرەكەی تر بریتییە لە خاكی بەردینی درزبردوو (**Litho Soli**) لە قەدپاڵ و لێژاییە بەرز و مام ناوەندەكانی شاخی ئەزمەڕ و گۆیژە و بەرزاییەكانی شاری سلێمانی دەبینرێت، ئەم خاكە لە چینێكی تەنك پێكدێت كە قەراغەكانی بە ماددەی بەرد یان تاشەبەردی سەخت و درز بردووە، چینی سەرەوەی ئەم خاكە پێكهاتەیەكی لاوازە و بەهۆی ئاوی باراناوە وە توشی داڕووتان بووە.[2]

سەبارەت بە پێكهاتەی جیۆلۆجی شاری سلێمانی دەكەوێتە پشتێنەی ناوچە شاخاوییە بەرزەكانەوە بە پێی پۆڵێنكاری (**Buday and Jassim**)، شاری سلێمانی بە چەندین پێكهاتەی جیۆلۆجی دەورە دراوە، لەوانە زنجیرەی قۆقزی ئەزمەڕ لە بەشەكانی باكووری خۆرهەڵاتی، زنجیرەی قۆقزی پیرە مەگرون لە باكووری خۆرئاوا، زنجیرەی قۆقزی سەرگرمە لە باشووری ڕۆژئاوا، سەرەڕای بوونی چەندین پێكهاتە و ڕووچاڵ و قۆقزی بچوك بچوك لە نێوان ئەم پێكهاتەدا هەیە.[3] تەمەنی ئەم پێكهاتە جیۆلیۆجیانەی شارەكە لە ماوەی ژیانی ناوەڕاست (**Mesozoic Era**) دەست پێدەكات لە پێكهاتەكانی چاخی كریتاسیە و ماوەی دروستبوونی بۆ (٦٥,٥) ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە، پێكهاتەی جیۆلۆجیەكانی بریتیین لە (باڵامبۆ، كۆمیتان، شرانس و تانجەرۆ) یە، بەڵام پێكهاتەی ماوەی ژیانی نوێ (**Cenozoic**) لە چاخی هۆڵسین و پلایستۆسین پێكهاتووە ئەویش نیشتووە نوێیەكان دەگرێتەوە و مێژوویەكەی بۆ (١,٨) ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە تاوەكو ئێستا كە پێی دەوترێ نیشتووی نوێ (**Recent Deposit**).[4]

## ٥. سەرچاوەكانی ئاو **Water Resources**

**سەرچاوەكانی ئاو لە شاری سلێمانی بریتیین لە:**

### ١. ئاوی ژێرزەوی:

ئاوی ژێر زەوی هۆكاری سروشتی كاریگەری هەیە لەسەری ئەمەش پەیوندیدارە بە ئاو و هەواوە وەك (باران بارین، بەفر، ئاڵۆزی تۆبۆگرافیا و بەردی كلسی) یارمەتیدەر بوون بۆ بوونی كارێز لە شارەكەدا.[5]

---

(1) Buringh, Soils and Soil Condition In Iraq (Soil Survey and Classification Specialist), Baghdad, 1960, p77

(٢) ئاوێستا خالید محەمەد، پەیوەندیی جیۆمۆرفۆلۆجیای شاری سلێمانی بە بە كارهێنانی زەوی نیشەجێبوونەوە، نامەی ماستەر، بڵاونەكراوە، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٤١-٤٢

(٣) ڕۆژان فەرەیدون عەبدولرەحمان، شیكردنەوەی جوگرافی بۆ جیاوازی پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەی سلێمانیدا، نامەی ماستەر، بڵاونەكراوە، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٠

(٤) ئاوێستا خالید محەمەد، پەیوەندیی جیۆمۆرفۆلۆجیای شاری سلێمانی بە بەكارهێنانی زەوی نیشەجێبوونەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠-١٣

(٥) د.شاكر خصباك، العراق الشمالي، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص٨٣

### ٢. ئاوی سەرزەوی:

لە شاری سلێمانی ئاوی سەرزەوی پشت بە ئاوی دابارین دەبەستێت، ئاوی سەرزەوی کەمە، بەڵام گرنگترین و گەورەترین ئاوی سەرزەوی بریتییە لە ئاوی چەمی تانجەرۆ، یەکێکە لە چەمە وەرزیەکان و دەچێتەوە سەر دەریاچەی دوکان.[١]

بە شێوەیەکی گشتی سەرچاوەی ئاوی سەرەکی شاری سلێمانی کە بۆ خواردنەوە بەکاردێت لە لایەن دانیشتوانەوە بریتییە لە پڕۆژەی ئاوی دوکان و پڕۆژەی ئاوی سەرچنار، هەروەها ئەو کارێز و کانیاوانەی کە لە ناو شاردا هەیە.[٢]

لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەران، چەند سەرچاوەیەکی ئاوی هەبووە، لەوانە کارێزی (حسینی عەزە جۆلا) هەبووە ئاوەکەی لە مزگەوتی (حاجی شێخ امین)ە وە دەرچووە،[٣] هەروەها ئاوی کانی لە (ماڵ و مزگەوت و کۆلاندا) بووە، حەوزیان لە بەردەمی دروست کردووە پاشان بە کونج ئاوەکەیان دابەشکردووە، جگە لەوەی ئاوی بیر بەکارهاتووە لە ماڵەکاندا کاتێك پێویستیان بە ئاو بووە سەتڵەکەیان بە گورێسێکەوە ڕاکێشاوە و پێویستی ماڵیان جێبەجێکردووە.[٤] لە ئێستادا دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران ئاوی بۆری (بەلوعە) بەکاردەهێنن.[٥] لە هەمانکاتدا لە مزگەوتەکانی گەڕەکی سابونکەران ئاوی بیر (بیری سووری) هەیە کاتێك ماڵەکان داوای ئاودەکەن ڕێگرییان نەکردووە کە ئاوی بیری مزگەوتەکان بەکاربهێنن.

### ٦. ڕێگاکانی هاتوچۆ Roads of Traffic

لەگەڵ زیادبوونی پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی هۆکارەکانی هاتووچۆ زیاتر گرنگی پێدراوە و بەرەوپێش براوە بە تایبەت ئەوناوچانەی مەڵبەندی ئابووری و بازرگانیین، ڕێگای (پیادەڕێ، کاروان، عەرەبانەی ئەسپ و ڕێگاکانی ئوتومبێل) بەپێی تێپەڕبوونی کات و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی پەرەی سەندووە،[٦] شاری سلێمانی هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگ و شوێنێکی نیمچە ناوەندی لە ناو پارێزگای سلێمانی هەیە، جگە لەوەی دەکەوێتە نێوان هەرسێ پارێزگای (کەرکوك، هەولێر، هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان)، سنوری هاوبەشی لەگەڵ ئێراندا هەیە، هەموو ئەم فاکتەرانە وایان کردووە ببێتە ناوچەیەکی کرێ و ژمارەیەکی زۆر ئوتومبێل بە مەبەستی جۆراوجۆر بێنە شارەکە، ئنجا بە مەبەستی مانەوە بێت یان تەنها بەشارەکەدا تێپەڕدەبن.[٧]

---

(١) شاد حمید محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆڕی شەقامەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤
(٢) سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، کارنامەی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی شارەوانی سلێمانی، ٢٠١٢، ل٥
(٣) جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٨
(٤) م.محمد باقی سعید، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/١٨
(٥) جمال ڕەشید کەریمی هەیەری قەساب، چاوپێکەوتن، سابونکەران، ٢٠٢٢/٨/٤
(٦) شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئوتومبێل لە پارێزگای سلێمانیدا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١، ل١٢
(٧) شاد حمید محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆڕی شەقامەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢

خشتەی (١)

دریژی ڕێگا سەرەکییەکانی پارێزگای سلێمانی بە (کم) نیشان دەدات [1]

| ژ | ناوی ڕێگای وشکانی قیرتاوکراو | دووری/ کم |
| --- | --- | --- |
| ١ | **سلێمانی - تاسلوجە - دوکان - کلکە سماق – هەولێر** | **١٩٠** |
| ٢ | **سلێمانی - تاسولجە - چەمچەماڵ – کەرکووك** | **١٠٨** |
| ٣ | **سلێمانی - عەربەت - سەیدصادق - پێنجوێن – باشماخ** | **٩٥** |
| ٤ | **سلێمانی - عەربەت - سەیدصادق – هەڵەبجە** | **٨١** |
| ٥ | **سلێمانی - عەربەت - دەربەندیخان - کەلار – خانەقین** | **١٧٨** |
| ٦ | **سلێمانی - تاسولجە - دوکان - خەلەکان – ڕانیە – قەڵادزێ** | **١٦٤** |
| ٧ | **سلێمانی - سیتەك - چوارتا** | **٣٠** |

بێگومان ڕێگاوبان گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، شاری سلێمانی بە تۆڕێك پەیوەندی بەشارەکانی ترەوە بەستراوەتەوە، درێژی ئەم ڕێگایانە لە سەنتەری شاری سلێمانییەوە کە (سەرا)ی سلێمانییە هەتاوەکو سەنتەی شار و شارۆچکەکان دیاریکراوە، سەرەڕای بوونی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی کە گرنگی ئابووری و دبلۆماسی هەیە بۆ شارەکە.

لەبەرئەوەی گەڕەکی سابونکەران نزیکە لە سەنتەری شاری سلێمانیەوە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارەوە، ڕێگەی سابونکەران گرنگی خۆی هەیە. لە ڕابردوودا ڕێگەی سابونکەران لەساڵی چلەکاندا یەکەم ڕێگە بووە کە لێوەی دەرئەچوو و ئەڕۆیشتەوە سەرەوەی سابونکەران لە وێوە ئەچووە (سەرکارێز) و ئەڕۆیشت بۆ ڕێگەی (کانی با)، پاشان لە کانی باوە ئەگەیشتە (عەربەت و دەربەندیخان و هەڵبجە و شارەزوور و پێنجوێن)، واتە سەیارەیەك پێویست بوویایە لە شار دەربچێت بەرە و ڕۆژهەڵات بڕوات ئەبوایە بە شەقامی سابونکەراندا سەربکەوتایە کە ئەگەشتە ماڵی (ڕەشەی کەریمی هەیەری قەساب) کە دوا ڕێگەی سابونکەران بووە، ڕێگەی تر نەبووە کە سلێمانی ببەستێتەوە بە ڕۆژهەڵاتەوە. [2]

هەروەها لە ڕابردووی مێژووی شاری سلێمانیدا کاروان سەرا هەبووە، هەندێ ناوچەی شارباژێر لە لایی (قەیوان - ماوەت)ە وە هاتوونەتە خوارەوە، هەندێکیان لە (ئەزمەڕ) هاتوونەتە خوارەوە لە (بناویلە و دوکانیان و سیتەك) هاتوونوتە خوارەوە، ئەو دێهاتانە شتیان هێناوە و لە سابونکەران ساغیان کردۆتەوە وەك (شیر، ماست، هێلکە، گەنم، ترێ)، واتە

(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگا و بان ئاوەدانکردنەوە و نیشەجێکردنی سلێمانی، هۆبەی ماستەر پلان، ئاماری بڵاونەکراوە

(٢) م.محمد باقی سعید، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/١٨

ڕێـــگەی ســـابونکەران جۆرێـــك لە کـــاروان ســـەرا بـــووە ســـەرچاوەیەکی زۆر بـــاش بـــوووە بـــۆ ساغکردنەوەی بەروبوومە شیرەمەنیەکان و هاوینەیەکان. لە ئێستادا کە بوەتە گەڕەك وەکو گەڕەکی سابونکەران لە ناو ماستەر پلانی سلێمانیدایە، خودی (سەرا) بە ئامـاژەی سـەرەتای سـابونکەران و خەستەخانەی شیرەکە و ئیبراهیم پاشا، شەقامی سابونکەران توانیویەتی بەشی ڕۆژهەڵاتی سـلێمانی بە باکووری ڕۆژئاوای سلێمانی ببەستێتەوە.[١]

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆجیا و بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکـان، ڕێگاوبـان گرنگـی خـۆی هەیە، لەبەرئەوەی هۆکـارێکی سـەرەکییە بـۆ بەسـتنەوەی شـار و شـارۆچکەکان بەیەکتـریەوە و، دروسـتبوونی پەیوەنـدی کـۆمەڵایەتی و تێکەڵابـوونی دانیشـتوانی نـاوچە جیاوازەکـان. لە ئێسـتادا شـەقامی سـابونکەران بە بەراورد بە ڕابـردوو ئەو گـرنگییەی لە دەسـتداوە بە هـۆی دروسـتکردنی شەقامی نالی و کاوە و ئەسحابە سپیەوە.

**٦. ئاووهەوای شاری سلێمانی Climate**

ئاووهەوای ناوشارەکان تاڕادەیەك جیاوازن لە ئاووهەوای دەوروبەرەکەیـان، بە جۆرێـك شـاری گەورە بـۆتە هـۆی گـۆڕانی ئـاووهەوا، هەمـوو ڕەگەزەکـانی ئـاووهەوا چ بەشـێوەی پۆزەتیـڤ یـان نیگەتیڤ، کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم جیاوازییە، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەوە بوون کە بەسەر بەکارهێنانی زەوی شارەکاندا هاتوون.[٢] بەشێوەکی گشتی ئاووهەوای شاری سلێمانی سەربە ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستە هاوینـانی گەرم و وشـکە و زسـتانانی سـارد و بارانـاویە، لێـرەدا بـۆ ئەوەی باس لە ئاووهەوای شاری سلێمانی بکەین پێویستە ئاماژە بە توخمە سەرەکەیەکانی ئاووهەوا بکەین کە بریتیین لە (پلەی گەرمی، با و باران بارین).

**أ. پلەی گەرمی Temperature Degree**

پـلەی گەرمـی یەکـێکە لە تـوخمە سـەرەکیەکانی ئـاووهەوا و گرنگیەکـی زۆری هەیە، گەرمـا ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر پەستانی هەوا (ئەتمۆسفێری)، هەروەها کاردەکاتە سەر (جوڵەی با، ڕێژەی باران بارین و ڕێژەی بەهەڵمبوون).[٣]

(١) م.بورهان محمد شەریف، چاوپێکەوتن، مامۆستای زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی ئەندازیاری، بەشی سەرچاوەکانی ئاو، ماستەرلە ڕێگا و بان و گواستنەوە، سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/٢١

(٢) شاد حمید محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانـی شـاری سـلێمانی و توانـای تـۆڕی شـەقامەکانی، سـەرچاوەی پێشوو، ل ١٢-١٣

(٣) د.شاكر خصباك، الأكراد (دراسة جغرافية اثنوغرافية)، الدار العربية للموسوعات، لبنان، ٢٠٠٥، ص٤٥

## خشتەی (٢)

## تێکڕای پلەی گەرمی مانگانە و ساڵانەی وێستگەی کەشناسی سلێمانی لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٧-٢٠٢١) نیشان دەدات [١]

| مانگ / ماوە | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرین دووەم | کانوونی یەکەم | کانوونی دووەم | شوبات | تێکڕا ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٧ ٢٠٢١ | ١٣,٢ | ١٨,٠ | ٢٤,٧ | ٣٠,٥ | ٣٤,٢ | ٣٣,٧ | ٢٩,٧ | ٢٢,٦ | ١٤,٧ | ١٠,٢ | ٧,٥ | ٨,٦ | ٢٠,٦٣ |
| | بەهار | | | هاوین | | | پایز | | | زستان | | | |

لە خەسڵەتە باشـەکانی ئـاوو هەوای شـاری سـلێمانی ئەوەیە، کە دەتوانرێـت بە ئاسـانی هەمـوو وەرزەکـانی سـاڵی تیاجیـابکرێتەوە، لە وەرزی زسـتان پـلەی گەرمـی نـزمە ئەویـش مانگەکـانی (کـانوونی یەکەم ، کـانوونی دووەم، شـوبات) دەگـرێتەوە، لە وەرزی هـاوین پـلەی گەرمـی بەرزە مانگەکانی (حوزەیران، تەمـوز، ئـاب) دەگـرێتەوە، بەڵام وەرزەکـانی بەهـار و پـایز پـلەی گەرمـی گونجاون بە بەراورد بە وەرزەکانی زستان و هاوین.

### ب. با Wind

با بریتییە لە جوڵەیەکەی ئاسۆیی هەوای نزیك و هاوتەریـب لەگەڵ ڕووی زەوی، پەسـتانی هەوا ڕۆڵیکی ڕاستەوخۆ دەبینێت لە جوڵەی بـا، بـا لە نـاوچەی پەسـتان بەرزەوە هەڵـدەکات بـۆ نـاوچەی پەستان نزم، با بە و شوێنەوە ناو دەنرێت کە هەڵـدەکات،[٢] شـاری سـلێمانی بە دیـاردەیەکی کەش و هەوای تایبەت ناوی دەرکردووە، کە ئەویـش ڕەشـەبایە، هۆکـاری ئەم ڕەشـەبایەش دەگەڕێتەوە بـۆ جۆراوجۆری تۆبۆگرافیای شاری سلێمانی و دەوروپشتەکەی، کە دەبێتە هۆی بوونی جیاوازی پلەی گەرمــی لە نێــوان نــاوچەی بەرزایــی و نــاوچەی دەشــتایی و دۆڵەکــان و ئەمەش دەبێــتە هــۆی دروسبوونی پاڵەپەستۆی جیاواز لە نێوان دوو پشـتێنەدا، پشـتێنەی پاڵەپەسـتۆی بەرز لەسـەر چیـای ئەزمەر و دەورو پشتیا و پشـتێنەی پاڵەپەسـتۆی نـزم لەسـەر شـاری سـلێمانی و دەشـت و دۆڵەکـانی دەوروپشتی و بەهۆیەوە ڕەشە با لە پشتێنەی یەکەمەوە هەڵدەکات بۆ پشـتێنەی دووەم و تـا جیـاوازی پاڵەپەستۆکە زیاتربێت ڕەشەباکە بەهێزتر دەبێت.[٣]

---

(١) سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:
١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسـی و بـوومەلەرزەزانی سـلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە
٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەشی ڕێنمای کشتوکاڵ، زانیاری کەشناسی بڵاونەکراوە
(٢) هاوڕێ یاسین محمد امین، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخـانەی غەزەلنـووس، سـلێمانی، ٢٠١١، ل٩٤
(٣) بەختیار أحمد حسین، نـاوچە سـەوزاییەکانی نـاو شـاری سلێمانی (لێکـۆڵینەوەیەك لە جوگرافیـای شـار)، نـامەی ماسـتەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠، ل٤٩

### ج. باران بارین Rain

بەو پێیەی شاری سلێمانی دەکەوێتە ناو ناوچە شاخاویەکانەوە، لەبەرئەوە ڕێژەیەکی زۆری بارانی لێ ئەبارێت، ڕێژەی باران بارین لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام زۆربەی بارانەکان لە مانگی (کانوونی دووەم، شوبات، مارت) دا دەبێت.[١]

خشتەی (٣)

تێکڕای مانگانە و ساڵانەی دابارین (ملم) لە وێستگەی کەشناسی سلێمانی لە نێوان ساڵانی (٢٠١٧-٢٠٢١) نیشان دەدات [٢]

| وەرزەکان | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهار | | | هاوین | | | پایز | | | زستان | | | کۆی ساڵانە |
| ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرین دووەم | کانوونی یەکەم | کانوونی دووەم | شوبات | |
| ١٣٢,٦٢ | ٨٨,٣٤ | ٣١,٢٦ | ٠,٩٤ | . | .,٤ | ٣٧,٩٤ | ٣٥,٥٤ | ٩١,٦٢ | ١١٣,٣٦ | ٩٢,٦٢ | ١٧٠,٠٢ | ٧٩٤,٦٦ |

تێکڕای بڕی دابارین لە شاری سلێمانی دەگاتە (٧٩٤,٦٦) ملم، زۆرترین بڕی باران لە وەرزی زستاندایە واتە مانگەکانی (کانوونی یەکەم، کانووی دووەم، شوبات)، پاشان وەرزی بەهارە کە بە پلەی دووەم دێت مانگەکانی (ئازار، نیسان، مایس) دەگرێتەوە، وەرزی پایز بە پلەی سێهەم دێت لە ڕووی ڕێژەی بارانبارینەوە، بەڵام وەرزی هاوین وەك لە خشتەکەدا ئاماژەمان بۆ کردووە بڕەکەی زۆر کەمە دەتوانرێت بوترێت دابارین لە شاری سلێمانی لەم وەرزەدا نییە.

کاتێك سەیری تۆبۆگرافیا شاری سلێمانی دەکەین جیاوازە لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر، بە شێوەیەك ئەو گەڕەکانەی لە شوێنێکی بەرزدروستکراون پلەی گەرمیان کەمێك جیاوازی هەیە بە بەراورد بە ئەو گەڕەکانەی تۆبۆگرافیەکەیان جیاوازە لە شوێنێکی نزمتر دروستکراون، گەڕەکی سابونکەران بە بەراورد بە ئەو گەڕەکانەی لە شوێنێکی بەرزایی دروستبوون پلەی گەرمی بۆ هەر چوار وەرزەی ساڵ (دوو بۆ سێ پلە) جیاوازی هەیە.

---

(١) د. شاكر خصباك، الأكراد (دراسة جغرافية اثنوغرافية)، المصدر السابق، ص٥٣

(٢) سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەشی ڕێنمای کشتوکاڵ، زانیاری کەشناسی بڵاونەکراوە

## ٢. دابەشبوونی جوگرافیایی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی

لە ڕووی جوگرافیەوە گەڕەکەکانی ناوەندی شاری سلێمانی دابەش ئەکرێن بۆ سێ سنوری شارەوانی بریتیین لە (ڕۆژهەڵات، ناوەند، ڕۆژئاوا).

## أ. گەڕەکە کۆن و نوێیەکانی شاری سلێمانی

لە ناوەڕاستی ساڵانی سیەکانی سەدەی ڕابردوو سنووری شارەوانی سلێمانی دەستنیشان کرا کە پێکهاتبوو لە گەڕەکەکانی (مەڵکەندی، کانی ئاسکان، گۆیژە (*)، دەرگەزێن، سەرشەقام، چوارباغ، جولەکان) بوون،[1] پاشان لە ئەنجامی فراوان بوون و گەشەکردنی شاری سلێمانی گەڕەکی نوێ دروستکراوە.

سەبارەت بە ژمارەی گەڕەکە کۆن و نوێیەکانی شاری سلێمانی لە پاشکۆی (١) و (٣) دا ئاماژەمان بۆ کردووە.

## ب. شێوازی دروستبوونی ئەو گەڕەکانە

سەبارەت بە مۆرفۆلۆجیای شاربریتییە لە خوێندنی شێوەی دیمەنی (**Landscape**) شارستانی، بنەمایەکە بۆ پەرەپێدانی تیۆرییەك بۆ پرۆسەی بنیاتنان لە شاردا، کە تەنها لایەنە دیارەکەی نییە، بەڵکو پەرەسەندنە مێژوویەکەشی دەگرێتەوە، سێ قوتابخانەی مۆرفۆلۆجی شارستانی هەیە لە (ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئیتالیا)، یەکێك لە قوتابخانەکان: قوتابخانەی بەریتانی تیشك دەخاتە سەر کاری (**M.R.G**) کۆنزن و شیکردنەوەی پلانی شارۆچکەکە (**Town**) وەك بناغەیەك بۆ خوێندنی مۆرفۆلۆجی شارستانی.[2]

هەر شارێك بۆ ئەوەی گەشە بکات بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، شاری سلێمانی وەك هەر شاریکی تری جیهان قۆناغی گەشەکردنی تایبەت بە خۆی هەیە، دەتوانین بە چەند قۆناغێك تیشك بخەینە سەر چۆنەتی گەشەکردنی شارەکە و شێوازی دروستبوونی ئەو گەڕەکانە لە ڕێگەی ئەو سەرژمێریانەی کە لە ساڵە جیاوازەکاندا ئەنجامدراون.

---

(**) سەبارەت بە گەڕەکی (گۆیژە) بە گەورەترین و کۆنترین گەڕەکی سلێمانی دادەنرێت، گۆیژە لە (گەڕەکی سابونکەران، قاوەخانەی سەرچیمەن، گاوران) پێك دێت، یەکەم ناوچەی شارەکە بوون، سلێمانیش لەسەردەمی بابانەکانەوە لە ئەوێوە دەستی پێکردوە.

- جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٥٧

- ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی (٢٠٠) ساڵ، ب١، چ٣، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی،٢٠١١، ل١٢٢

(١) سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، کارنامەی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی شارەوانی سلێمانی، ٢٠١٥، ل٥

(2) Hanaw Mohammed Taqi Mohammed Amin, Morphology of the Old City of Sulaymaniyah (Northern Iraq) From Perceptive of the Ownership Patterns, Theis, Middle East Technical University, 2010, P8

### یەکەم: قۆناغی مۆرفۆلۆجی پێش ساڵی (١٩٤٧)

ئەم قۆناغە لەسەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانیەوە دەست پێدەکات، کاتێك (**ئیبراهیم پاشای بابان، ١٧٤٢-١٨٠٠**)، لە ساڵی (١٧٨٤ز) (١١٩٩ك) قەڵاچوالانی بەجێهێشت و هات شاری سلێمانی دروستکرد، سەرەتا ئەم شارە تەنها لە گەڕەکی (مەڵکەندی) پێکهاتبوو، لە بنەڕەتدا گوند بووە، گوندی مەڵکەندی لە کاتی دروستکردنی شاری سلێمانی لەم شوێنەی ئێستا نەبووە، بەڵکو لە نزیك گردی سەربازگە (قشڵە - دەبۆ کۆنەکە) بووە، پاشان دوایی دروستکردنی شاری سلێمانی، گوندی مەڵکەندی گوزرایەوە،[1] لە دوای ساڵی (١٨٥٠) شاری سلێمانی ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر حکومی دەوڵەتی عوسمانی مێژووی میرنشینی بابان کۆتای پێهات، لێرەوە سلێمانی کرا بە لیوا (سنجق) و لە وێوە دام و دەزگای کارگێڕی بۆ دانراوە، کە بە فەرمانی خەلیفەی دەوڵەتی عوسمانی فەرمانێك دەرکرا (هەیئەتی مەشوەرەت) دامەزرێنرا سەرۆك و ئەنجوومەنی هەبووە، ئەم هەیئەتە ڕاستەخۆ شێوازی بەڕێوەبردنی شارەوانی و ئەنجوومەنی هەبووە.[2]

یەکەم سەرۆکی شارەوانی سلێمانی ناوی (عەلی بەگی محەمەد بەگی خالید بەگی بابان) بووە.[3] تاوەکو ساڵی (١٩٢١) پلانێك نەبووە بۆ فروان بوونی شاری سلێمانی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گەڕەکە کۆنەکانی شار نارێك بوون و شەقامەکانیان تەسك بوون لە هەندێك شوێن، لە دوای ساڵی (١٩٢١) چەند هەوڵێك هەبووە بە مەبەستی فراوانکردنی شاری سلێمانی، بەڵام هیچ بەرچاو ڕوونیەك نەبووە دەربارەی پێداویستییەکانی داهاتووی شاری سلێمانی، بۆیە بەشی ڕۆژئاوای بۆ فروان بوونی شار دیاریکرا،[4] لە پاش تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی و نەمانی دەوڵەتی عوسمانی هاتنەوەی ئینگلیزەکان بۆ شاری سلێمانی لە بەرواری (١٩٢٣/٥/٢٨)، جارێکی تر ڕەوشی شارەکە تێکچوو، ئەو دۆخە نالەبارەی شارەوانی گرتەوە، ئینگلیزەکان بە ویستی خۆیان (عیزەت بەگی وەسمان پاشا) یان کرد بە سەرۆکی شارەوانی، بەڵام زۆری نەخایەند کە (**شێخ محمود، ١٨٧٨-١٩٥٦**) دەسەڵاتی گرتەوە دەست کەسێکی بە ناوی (سەید کەریمی سەید ئەحمەدی بابا رەسول) کرد بە سەرۆکی شارەوانی،[5] ژمارەی دانیشتوانی شار تاوەکو ساڵی (١٩٢٥) لە (١٠,٠٠٠) تێپەڕی نەدەکرد، لە حەوت گەڕەك پێکهاتبوو بریتیبوون لە (گۆیژە، مەڵکەندی، کانی ئاسکان، دەرگەزێن، سەرشەقام، چوارباغ و جولەکان (حي اليهودی)) بوون.[6]

(١) جمال بابان، نەخشەی شاری سلێمانی لەسەردەمی بابانەکان دا لەگەڵ ناوی حاکم و موتەسەڕیفەکان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، ب١٦و١٧، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٧، ل٩٤

(٢) سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، کارنامەی شارەوانی سلێمانی، ٢٠١٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٥-٦

(٣) عەبدلخالد صابر، شارەوانی سلێمانی و سەرۆك و وەکیلەکانی (١٨٩٠-٢٠١٠)، چ٢، بەبێ چاپخانە، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٨

(٤) شازاد جمال جلال فتح الله، تحليل إستعمالات الارض ضمن المخطط الاساس لتحديد اتجاهات النمو العمرانی لمدينة السليمانية، المصدر السابق، ص ٤٩-٥٠

(٥) عەبدلخالد صابر، شارەوانی سلێمانی و سەرۆك و وەکیلەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١

(٦) سي.جي.أدموندز، كورد وترك وعرب، ت:جرجيس فتح الله، دارأراس للطباعة والنشر و منشورات الجميل، أربيل،٢٠١٢، ص١٢٥

شارەوانی لەساڵی (١٩٣٤) دا چەند چالاکیەکی ئەنجامدا لەوانە هەستا بە نۆژەنکردنەوەی ئەو ڕێگا و شەقامانەی کە لە سەردەمی مێجەرسۆندا دروستکرا بوون، جگە لە دروستکردنی چەند شەقامێك لەوانە شەقامێکی دروستکرد لە بەردەرگای مزگەوتی گەورە بۆ سابونکەران، پاشان دروستکردنی شەقامێکی تر لە بەردەکی سەراوە بۆ گەڕەکی دەرگەزێن لەوێوە بۆ گردی سەیوان، لەبەردەم مزگەوتی گەورە وە شەقامێکی بۆ گەڕەکی چوارباغ دروستکرد،[1] دواتر شارەوانی هەستا بە کردنەوەی دوو شەقام و قیرتاوکردنیان کە پانتای هەر یەکێکیان (١٦م) بووە شەقامێکیان بە ناوی (شەقامی مەولەوی)، دووەمیان بە ناوی (شەقامی خەستەخانە) بوو.[2]

**دووەم: قۆناغی مۆرفۆلۆجی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٨-١٩٧٧)**

ئەم قۆناغە نیشانەکانی فراوانبوونی خێرای شاری سلێمانی نیشاندەدات، ئەوەی ئەم قۆناغە جیادەکاتەوە لە قۆناغەکەی پێش خۆی، بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) دا ژمارەی گەڕەکەکان لە (٧) گەڕەکەوە بووە بە (٦) گەڕەك، گەڕەکەکان بریتیین لە گەڕەکەکانی (مەڵکەندی، گۆیژە، چوارباغ، دەرگەزێن، سەرشەقام و کانی ئاسکان)، ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی (٤٨٨١٢) کەس بووە، [3] بەڵام هۆکاری نەمانی گەڕەکی (جولەکان) دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردنی بە کۆمەڵی جولەکەکان لە ساڵی (١٩٤٨-١٩٤٩)، لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٤٨) حکومەتی عێراقی ڕێگەی دا بە ئەو جولەکانەی کە ئارەزووی کۆچکردنیان هەیە بە مەرجێك دەست هەڵبگرن لەو شوناسنامەی (جنسیة) عێراقیەی کە هەیانە، ئەمەش وایکرد (٦٣) هەزار جولەکە کۆچبکەن و چوون بۆ ئەمەریکا.[4]

یەکەمین ماستەر پلان بۆ شارەکە لە ساڵی (١٩٥٧) لەلایەن کۆمپانیایەکی یۆنانی (**Doxids**) داڕێژرا، بریتیبوو لە پەرەسەندنە فراوانەکانی شارەکە بۆ (٢٥) ساڵ و هەروەها پێدانی ئاراستە درێژخایەنەکانی داهاتوو بە مەبەستی پەرەپێدانی شارەکە بۆ ماوەیەکی درێژتر.[5]

لەم قۆناغەدا چەندین گەڕەکی نوێ دروست بوون، بەجۆرێك ژمارەی گەڕەکە نوێکان گەیشتە (٢٣) گەڕەك، بریتیبوون لە (ڕزگاری - حی سکر، ڕزگاری - دور معمل، هەندرێن، ئابلاغ، گردی شێخ محی الدین، برایان، کانی ئاسکان - شۆڕش، کارێزەوشك، ئاشتی، کارێزی مجید بەگ،

(١) شاد حمید محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆڕی شەقامەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢

(٢) عەبدلخالد صابر، شارەوانی سلێمانی و سەرۆك و وەکیلەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١

(٣) وزارة الداخلیة، مدیریة النفوس العامة، المجموعة الاحصائیة عام (١٩٥٧)، لواء السلیمانیة وکرکوك، مطبعة العانی، بغداد، جدول رقم ٨، ص١٦

(٤) ئەحمەد باوەڕ، جولەکەکانی کوردستان (بنەچەیان - داب ونەریتیان - هۆی کۆچکردنیان)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەبێ شوێن، ٢٠٠٠، ل١٠٤-١٠٥

(٥) کامران طاهر محمد، توسع مدینة السلیمانیة بتأثیر الاسر الحضري، المصدر السابق، ص ١٠٧

ئەزمەر، کانی ئاسکان، مەڵکەندی، ابراهیم پاشا - دارۆغا، ئازادی - شەهیدان، هەوارەبەرزە - توی مەلیك، گۆیژە، دەرگەزێن، دەرگەزێن - گردی سەیوان، دەرگەزێن - خەبات، حاجی ئاوا، سەرشەقام، جولەکان، چوارباغ، شارەوانی، وڵوبە، قڕگە، هوانە، قلیاسان) بوون، واتە لەم قۆناغەدا ژمارەی گەڕەکەکان (٣٠) گەڕەك بوون بەپێی سنوری جوگرافی گەڕەکەکانی ئەم قۆناغە،(١) هەروەها بە پێی سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)، ژمارەی دانیشتوان (١٦٢٨٧٧) کەس بووە، گوندەکانی (ئابلاغ، وڵوبە، قرگە، هوانە، قلیاسان) بە ڕێژەی (١٨٪) بەشداریان کردووە لە فراوانبوونی ڕووبەری شاری سلێمانی.(٢)

**سێهەم: قۆناغی مۆرفۆلۆجی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٨- ٢٠٠٢)**

ئەم قۆناغە شاهیدی فراوانبوون و گەشەکردنێکی بەرچاو بوو لە چالاکی و کردە وەزیفیەکاندا، لەوانە دانیشتوان، سەرەڕای گۆڕانکاریە نێگەتیڤەکان کە بریتیین لە هاتنە ناوەوەی عێراق بۆ جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران و گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ پارێزگای هەولێر لە ساڵی (١٩٨١)،(٣) لەم قۆناغەدا گەڕەکی نوێ دەرکەوتن ژمارەی گەڕەکەکان گەیشتنە (٣٧) گەڕەك، ژمارەی دانیشتوانیش (٣٣٩٣١٠) کەس بووە، گەڕەکە نوێکان بریتیین لە (سەرچنار، شەهیدانی سەرچنار، پیرەمەگرون، بەختیاری، زەرگەتە، مامۆستایان، ناوچەی پیشەسازی) بوون.(٤)

**چوارەم: قۆناغی مۆرفۆلۆجی لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١٩)**

ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٠٩) (٥٧١٥٠٧) کەس بووە، کۆی سەرجەم گەڕەکەکانی شارەکە (١٣٢) گەڕەك بووە.(٥) ئەم قۆناغە لە کاتی پرۆسەی ئازادی عێراق دەست پێدەکات تاوەکو ئێستا، لەم قۆناغەدا لە ساڵی (٢٠١٢) دا بۆ جاری دووەم ماستەر پلان بۆشاری سلێمانی دانراوە، لەم قۆناغەدا شارەوانییەکانی (بەکرەجۆ، ڕاپەڕین، تاسوڵجە) خرانە سەر شاری سلێمانی.(٦) ڕووبەری شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٤٧) دا، (٣,٠٨کم٢) بووە، لە ساڵی (١٩٧٧) بڕەکەی (٥,٨) زیادیکردووە بۆتە (١٨ کم٢)، لە ساڵی (٢٠٠٢) ڕووبەرەکەی (٢) ئەوەندە زیادیکردووە بوو بە (٣٥,٤کم٢)، دواتر لە ساڵی (٢٠١٩) بە بڕی (٥,١) زیادیکردووە، بۆتە

---

(١) شاد حمید محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای توری شەقامەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦

(٢) کامران طاهر محمد، توسع مدينة السليمانية بتأثير الاسر الحضري، المصدر السابق، ص ١١١-١١٢

(٣) النفس المصدر، ص ١١٩

(٤) الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجيهاز المركزي للاحصاء، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة السليمانية، ١٩٨٧، جدول رقم ١، ص٢٢

(٥) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی (الحصرو الترقيم)، ٢٠١٠، ل٢٢

(٦) شاد حمید محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆری شەقامەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠-٦١

(١٨٠,٦ كم٢)، ئەگەر بەراووردێك بكەین بۆ شاری سلێمانی لە ڕووی ڕووبەرەوە لە ماوەی (٦٢) ساڵدا، ئەوا دەردەكەوێت كە ڕووبەری شارەكە زیاتر لە (٥٨,٦) زیادیكردووە.(١)

دانیشتوانی شاری سلێمانی بەپێی خەمڵاندن بۆ ساڵی (٢٠٢١) (٧٣٠,٩٠٢) كەسبووە،(٢) سەبارەت بە گەڕەكی سابونكەران، ژمارەی دانیشتوانی لە ئێستادا بۆ ساڵی (٢٠٢٢) (٢٣٩٨) (*) كەسە.(٣)

نەسەقی ئیكۆلۆجی كاریگەری لەسەر نەسەقەكانی كۆمەڵایەتی و كلتووری و ئاینی و ئابووری گەڕەكی سابونكەران هەبووە، واتە شوێنی گەڕەكی سابونكەران وایكردووە كە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بەهێزبن ئەمەشە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ئیكۆلۆجی گەڕەكی سابونكەران لەبەرئەوەی سەربانەكانیان بە تەنیشتیەكەوە بووە ئەمەش كاریگەری لەسەر بەهێزی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان هەبووە، جگەلەوەی گەڕەكەكە بۆتە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵكی جیاواز لە ڕووی بیركردنەوە و باوەڕەوە ئەمەش كاریگەری هەبووە لەسەر خزمایەتی و هاوسەرگیری و خێزان، لەهەمانكاتدا تایبەتمەندی گەڕەكی سابونكەران وایكردووە كە مزگەوت و كەنیسەی لیبێت، زیاتر لەوەش نەسەقی ئیكۆلۆجی كاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی ئابووری گەڕەكی سابونكەران، لە ڕووی جۆری خواردن و پۆشاك و چالاكییە ئابوریەكانەوە. كەواتە نەسەقی ئیكۆلۆجی كاریگەری لەسەر ڕەفتار و شێوازی بیركردنەوەی مرۆڤ هەیە.

---

(١) شاد حمید محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆڕی شەقامەكانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١

(٢) حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاری دەربارەی ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی، ٢٠٢١، زانیاری بڵاونەكراوە

(٣) جلال أحمد فقی أحمد، چاوپێكەوتن، موختاری گەڕەكی سابونكەران، سابونكەران، ٢٠٢٢/٢/١٦.

(*) سەبارەت بە ژمارەی سەرۆك خێزانی گەڕەكی سابونكەران (٥١٧) سەرۆك خێزانی تێدایە، كە (٤٠) ماڵی تێدایە خۆیان نەناساندووە، ئەم چل ماڵە سەرۆك خێزانی هەیە و، واتە (٤٠) سەرۆك خێزان و (٤٠) ژن زیاد دەكات. - جلال أحمد فقی أحمد، بەشێك لە چاوپێكەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/١٦.

## باسی دووەم: کورتەیەکی مێژووی گەشەکردنی شاری سلێمانی

### ١. مێژووی دروستبوونی شاری سلێمانی و ئاماژە بە مێژووی گەڕەکە سەرەکیەکانی ئەم شارە

شارەکان لە قۆناغە جیاوازەکانـدا بە مێـژووی گەشـەکردن و فـروان بوونـدا تێپەڕیـون، گەشـەیان پێـدراوە تـاوەکو بـوون بەشـارێك یـان پایتەختێـك، وەك شـاری سـلێمانی یەکـێکە لەو نـاوچە شوێنەواریانەی کە مرۆڤ لەسەردەمی کۆنەوە تێییدا ژیاوە، ئەم ناوچەیە ناوەندێك بـووە بـۆ گەلانـی دێرینـی وەك (لۆلـۆیی و گۆتیەکـان) بـووە،[١] بـوونی شـارێکی کـۆن لە نەخشـەی سـەردەمی ئاشوریەکاندا لەو شوێنەی سلێمانیی نوێدا بە ناوی (ئاساری) هەیە.[٢]

شـاری سـلێمانی لە لایەن ئیبـراهیم پاشـای میـری بابـانەوە لە سـاڵی (١١٩٩ك - ١٧٨٤ز) دروسـتکراوە، کاتێـك (**مەحمـود پاشـا، ١٨٥٧ -١٩١٣**) لە نزیـك گونـدی مەڵکەنـدی سـەرایەکی دروسـتکرد بـوو بەمەبەسـتی ئەوەی بیکـاتە مەڵبەنـدێکی حـوکمڕانی، بەڵام بەهـۆی لابردنـی لە حوکمڕانی ئیبراهیم پاشا بەردەوامی بە ئەو پڕۆژەیەدا، بۆ ئەم مەبەستەش (بازاڕ، خان، مزگەوت) و چەند خانوویەکی لێدروست کرد بنکەی حوکمڕانی لە (قەڵاچوالان) [*] ەوە گواستەوە بـۆ شـوێنی نوێ و ناویان نـا سـلێمانی.[٣] سـەبارەت بە نـاوی سـلێمانی بیـروڕای جیـاواز هەیە، بیروبۆچـوونی (**ڕیچ، ١٧٨٧-١٨٢١**) لە هەموویان باوترە لەم بـارەیەوە دەڵێـت " ئیبـراهیم پاشـا نـاوی شـارەکەی بەناوی والی بەغداوە ناونـاوە.[٤] (**ئەمـین زەکـی بەگ، ١٨٨٠-١٩٤٨**) سـەبارەت بە نـاوی شـاری سلێمانی دەڵێت " سلێمانی لە شوێنی شاری (سیلونا- **Celanae**) کۆنی مێژوویی دروستکرا".[٥]

هەندێکی تر پێیان وایە لەکاتێکدا کە ئیبراهیم پاشا خەریکی هەڵکەندنی بنـاغەی شـاری سـلێمانی بووە، مووستیلەیەکی دۆزیوەتەوە کە ناوی (سلێمان)ی لەسـەر هەڵکەنراوبـوو، بۆیە بـاوەڕی پێـی

---

(١) لقمان صالح كريم، مظاهر التلوث البيئي على المجتمع المدينة (دراسة ميدانية في السليمانية)، أطروحة دكتورا، غير منشورة، العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠١٤، ص٢٧

(٢) فـؤاد حـمە خورشـید، شـاری سـلێمانی (لێکـۆڵینەوەیەك لە جوگرافیـای مێـژووی)، گۆڤـاری گەرمیـان، ژ٢٨، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەغداد، ٢٠٠٩، ل٦

(*) قەڵاچوالان ناوی گوندێکە و دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی سلێمانی، (١٧کم) دوورە لە شارەکەوە، ئەم گوندە لە ساڵی (١٦٦٩ز) بۆ (١٧٨٤ز) پایتەختی میرنشینی بابان بووە، کاتی خۆی میر سـلێمانی کـوڕی (خـان بـۆداغ) دوای فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی پایتەختی لە دارشمانە و ماوەت گواستەوە بۆ ئەم شوێنە.

- ئـاکۆ عەبـدولکەریم شـوانی، شـاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢) (لێکـۆڵینەوەیەکی مێـژووی- سیاسییە)، چاپخـانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٧

(٣) نەوشیراون مستەفا ئەمین، میراتی بابان لە نێوان بەرداشـی ڕۆم و عەجەمـدا، چ٢، چاپخـانەی خـاك، سـلێمانی، ١٩٩٨، ل١٠٢

(٤) کلودیوس جەیمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حـمە بـاقی، چ٤، چاپخـانەی خـانی، دهۆك،٢٠١٢، ل ١٣١

(٥) محـەد ئەمین زەکی بەگ، تەئریخی سلیمانی وە ولاتی ( لە دەوری زۆر قەدیمەوە تـائەوەڵی ئیحتـیلال ١٩١٨م)، ئا: ڕەفیق صاڵح، ب٣، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٧

هەبووە، شارە نوێیەکەی ناونا سلێمانی،[1] هەندێکی تر پێیان وایە شارەکە بە ناوی (بابا سلێمانی) دامەزرێنەری بنەماڵەی بابانەوە بووە، سلێمانی یەکەم باپیرە گەورەی ئیبراهیم و سلێمانی دووەم مامی ئیبراهیم، هەروەها ڕایەکی تر هەیە کە یەکێك لە کوڕەکانی ناوی سلێمان بووە.[2]

باسکردنی مێژووی شاری سلێمانی بەبێ ناوهێنای میرنشینی بابان هیچ گرنگی نابێت لە مێژووی ئەم شارەدا، شاری سلێمانی کە لەسەرەتاوە دروستکراوە، بە مەبەستی شار و شاریبوون بنیاتنراوە، سلێمانی درێژکراوەی مێژووی شارێکی ناوەندی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی وەك قەڵاچوالانی پایتەختی میراتی بابان بووە، میرانی بابان لە پێش قەڵاچوالاندا لە ماوەت و پێشتریش لە ناوچەی مەرگە و دارەشمانە خاوەن دەسەڵات بوون،[3] گواستنەوەی پایتە ختی میرنشینەکە بۆ هۆکاری (سیاسی، جەنگی، ئابووری و شارستانی) دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی لەلایەك قەڵاچوالان نزیك بووە لە سنوری وڵاتی ئێرانەوە، ئەمەش مەترسی و هێرشی ئێرانی لەسەر بووە، لە لایەکی ترەوە قەڵاچوالان لە ڕووی تۆبۆگرافییەوە بواری فروان بوونی سنوردار بوو.[4]

جگە لەوەی چەندین بۆچوونی تر لەم بارەیەوە خراوەتەڕوو، لەوانە دەگوترێت ئیبراهیم پاشای بابان ئیمارەتەکەی گواستەوە لە شوێنی کۆن بە شوێنی نوێ وەك شانازیەك بۆ خۆیی و بنەماڵەکەی.[5] ئیبراهیم پاشا لە کاری میرایەتی و حوکمڕانیدا زۆر زیرەك و لێهاتوو بووە، ئیبراهیم پاشا نیوەی ژیانی لە شارێکی گەورەی وەك بەغداد بەسەر بردووە حەزی لە ژیانی شارستانی کردووە، ئەمەش پاڵنەربووە کە میرایەتی بابان زیاتر فراوان بکات و وەك حکومەتێکی سەربەخۆ مامەڵە بکات.[6] سەرەڕای ئەم هۆکارانە چەند هۆکارێکی تری وەك (کارگێری و ڕامیاری، ستراتیژی، ئابووری، ئاینی) ڕۆڵێکی سەرەکیان بینیوە لە بنیاتنانی شاری سلێمانی. لە ڕووی کارگێری و ڕامیاریەوە، لە پێداویستییە بنەڕەتیەکانی دامەزراندنی شارە، لەسەر پاشا بووە مەڵبەندی زامن بکات بۆ هەڵسوڕانی هەرسێ دەسەڵاتەکەی، شارە نوێکە لە شێوەی مەڵبەندی شوێنەواری و ئیداری دامەزرا و گونجاو بووە لەگەڵ گەشەسەندنی،[7] هۆکاری ستراتیژی شارەکە مەڵبەندێکی گرنگە لەسەرتاپای کوردستانی عوسمانیدا، شار نییە لە زۆربەی بەروبووم و فراوانی بازرگانی

(١) محمد الخال، الشيخ المعروف النودهي البرزنجي، دار المطبعة التمدن، بدون سنة الطبع، بغداد، ص٦١
(٢) نەوشیراون مستەفا ئەمین، میراتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢
(٣) د.ئاراس محەمەد ساڵح، هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا (١٧٨٤-١٩٥٨)، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٣
(٤) مەسعود محمود حەسەن، شاری سلێمانی (١٩٨٨-٢٠٠٣) (توێژینەوەیەکی مێژووی سیاسیە)، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٨، ل٦
(٥) فؤاد حمە خورشید، شاری سلێمانی (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای مێژووی)، سەرچاوەی پێشوو، ل٧
(٦) د.ئاراس محەمەد ساڵح، هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا (١٧٨٤-١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦
(٧) فؤاد حمە خورشید، شاری سلێمانی (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای مێژووی)، سەرچاوەی پێشوو، ل٨

و گرنگی شوێنەکەیەوە بیگاتێ، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە تاکە شوێنێکە بۆ هاتوچۆو کاروان سەرای کاروانە بازرگانییەکان، ئەو کاروانانەی لە ویلایەتەکانی بەغداوە و بەسرەوە دەهاتن و دەچوونە تاران و کوردستان.[1] هۆکاری ئابووری شوێنی نوێ کە درێژەی دەشتی کشتوکاڵیە، ئەم دەشتانە بۆ کشتوکاڵ زۆر لە بارن وەك (گەنم، جۆ، نیسك و نۆك)، ئاوی زۆریش هەیە بۆ پێگەیاندنی بەروبوومەکان،[2] لەوانە لە گرنگترین هۆکار کە وایکرد شار گەشەبکات هۆکاری ئایینی بووە، شارەکە بووە بە مەڵبەندی ئایینی هەردوو تەسەوفەکەی کوردستان کە باوبوون لە کوردستان، ئەوانیش ڕێبازی قادری و نەقشبەندی بوون، کە هەریەکە لە (شێخ مارف نۆدیی و مەولانا خالید) ڕابەریان دەکرد.[3] لە کاتی گواستنەوەی ئەم شارەدا دار و پەردووی بینا و مزگەوت و خوێندنگەکانی گواستراوەتەوە و لە شاری نوێدا جارێکی تر کراونەتەوە بە مزگەوت و خوێندنگە و خانوو، ئەمەش هەنگاوێکی باش بووە بۆ کارئاسانکردن و کەمکردنەوەی تێچووی بینا نوێکان.[4] بەم شێوەیە دروستکردنی شاری سلێمانی لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە لە ساڵی (١٧٨٤) کۆتایی هاتووە، پاش ئەوەی لە نزیك سەرا لەسەر سنوری مەڵکەندی دروستکراوە،[5] ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لەو کاتەی کە بابانەکان لە قەڵاچوالانەوە گواستیانەوە بۆ سلێمانی نازانرێ چەند بووە، بەڵام مستەر هارت (**Huart**) لە پەڕاوەکەی لە ساڵی (١٨٢٠) لە دوای (٣٦) ساڵ لە تەواو بوونی سلێمانی، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دانیشتوانی شارەکە نزیکی (١٠) هەزار کەس بووە ژمارەی ماڵەکان (٢١٤٤) ماڵ بووە، لەوانە (١٣٠) ماڵی جوولەکە و (٩) ماڵی کلدانی و (٥) ئەرمەنی بووە، جگە لەوەی (٥) مزگەوتی تێدا بووە.[6] لیك لاما (**Lky Lama**) لەم بارەیەوە دەڵێت" لە ساڵی (١٨٦٨) دا ژمارەی خانووەکانی شاری سلێمانی (٦٠٠٠) خانوو ماڵی کورد بووە و (٣٠) ماڵی کلدانی و (١٥) ماڵ جوولەکە بووە.[7] بەڵام لیك لاما تەنها ژمارەی خانووەکانی هێناوە و ژمارەی دانیشتوانی ئاماژە بۆ نەکردووە. ڕیچ لە گەشتەکەیدا دەربارەی خانووەکانی شاری سلێمانی دەڵێت" (٢٠٠٠) خانووی موسوڵمان و (١٣٠) خانووی جولەکە و (١٣٠) خانووی کلدانی تێدایە، هەروەها کەنیسەکەی بچوکی داڕووخاویشیان هەیە، سەرەڕای بوونی (٥) خانووی ئەرمەنی و (٥) کاروان سەرا و (٥) حەمام لە شارەکەدا.[8]

---

(١) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١
(٢) جمال بابان، شارە گەشاوەکەم، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١
(٣) فؤاد حمە خورشید، شاری سلێمانی (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای مێژووی)، سەرچاوەی پێشوو، ل٩
(٤) د.ئاراس محمەد ساڵح، هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا (١٧٨٤-١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥
(٥) فەهمی ئەمین عزیز، مێژووی گەڕەکی کارێزەی ئەحمەد زەنگەنە (شێخان) لە سلێمانی، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٧
(٦) م.ر.هاوار، شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکی خواروی کوردستان، ب١، بەبێ شوێنی چاپ، لەندەن، ١٩٩١، ل١٠٥
(٧) ئەمین زەکی بەگ، تەئریخی سلیمانی وە ولاتی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨
(٨) کلود جەیمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١

**ئاماژە بە مێژووی ئەو گەڕەکانە ئەدەین کە پەیوەندیان بە مێژووی شاری سلێمانیەوە هەیە:**

**١. گەڕەکی مەڵکەندی:**

لە ڕووی جوگرافیاوە ئەم گەڕەکە دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای شاری سلێمانیەوە، بەڵام لە ئێستادا تەواو یەکگرتووە لەگەڵ شاردا، سنوری نەماوە، کەوتۆتە ناوەڕاستی شارەوە، لە ڕابردوودا هەتاوەکو دروستکردنی شارەکە ئەم گەڕەکەکە تەنها گوندێك بووە، گوندێکی گەورە بووە،(١) ناوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خاتوو مەلەکە یان مەلیکە خاتوون، ئەم ژنە لە وسەردەمەدا لە لوتکەی هێزو دەسەڵاتدا بووە،(٢) یان دەگوترێت ڕەنگە ئەم ناوە لە بنەڕەتدا (مەلیك گوندی) گوندی پاشا بوو بێت، هەروەها ڕایەکی تریش هەیە لە ئەو بەرزاییەی کە شاری سلێمانی لێدروستکراوە، گوندێك هەبووە بە ناوی مەڵکەندیەوە یان مەلیك هیندی واتە گوندی پاشای هیندی.(٣)

**٢. گەڕەکی گۆیژە:**

کۆنترین گەڕەکی سلێمانی یە و لەوێوە بنیات و خانوو دەستی پێ کردوە،(٤) واتە یەکەم گەڕەگ یان بناغەی سلێمانی لە ئەم گەڕەکەوە بووە،(٥) کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شارەوە، لە (سابونکەران - کە ئێستا گەڕەکە، گاوران و سەرچیمەن) پێکهاتووە، وشەی گۆیژە بەواتای (داری گۆیژی جوان و بەری بەتام) هاتووە.(٦)

**٣. گەڕەکی چوارباغ:**

دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای شاری سلێمانیەوە، لە گەڕەکە کۆنەکانە مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (**ئەحمەد پاشای بابان، ١٨٧٥-!١٨٠**)، کە دوامیری بابانەکان بووە، ناوی ئەم گەڕەکە لە دوو برگە پێکهاتووە (چوار و باغ)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چوار باغەی کە کاتی خۆی ئەحمەد پاشا دروستی کردوون.(٧)

**٤. گەڕەکی دەرگەزێن:**

یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکان، دانیشتوانی زۆری ئەم گەڕەکە لە گوند یان گەڕەکی (دەرگای زێرین)ی شاری هەمەدانەوە هاتووە، هەندێکیان ڕاستەوخۆ لە هەمەدانەوە هاتوون، هەندێکیان

---

(١) ژمارەیەك نووسەر و هونەرمەند، یادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی، چ٢، سەرپەرشتی پرۆژەی چاپکردنی زنجیرە کتێبی شارەوانی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٣١-٣٢

(٢) جمال بابان، السليمانية من نواحيها المختليفة (القسم الاول - تاريخ السليمانية منطقها)، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، ب٨، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨١، ل٣٥٥

(٣) ژمارەیەك نووسەر و هونەرمەند، یادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢

(٤) جمال بابان، نەخشەی شاری سلێمانی لەسەردەمی بابانەکان دا لەگەڵ ناوی حاکم و موتەسەڕیفەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩

(٥) ژمارەیەك نووسەر و هونەرمەند، یادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣

(٦) کەریم زەند، تۆماری تەمەن-٦- پەیك، چاپخانەی ئەزمر، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٣٣

(٧) ژمارەیەك نووسەر و هونەرمەند، یادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤

لە قەڵاچوالان بوون و لەگەڵ دروستبوونی شارەکەدا نیشتە جێبوون.[١]

### ٥. گەڕەکی سەرشەقام:

دەکەوێتە خوارووری شاری سلێمانی، شەقامەکەی (سەرشەقام) لە گەڕەکەکانی تری جیادەکاتەوە، ئەم شەقامە کاروانی قەڵاچوالانی پێدا ڕۆیشتووە بۆ بەغدا (کەلی سەرگرمە و گەرمیاندا)، لە بەشەکانی (هۆمەرمەندان و قازی) یە.[٢]

### ٦. گەڕەکی کانی ئاسکان:

دەکەوێتە سەرووی ڕۆژئاوای شاری سلێمانیەوە، یەکێکە لە گەڕەکە گەورەکان و سەرچاوی ئاوی تیابووە، پێش دروستکردنی سلێمانی شوێنی ڕاوە ئاسك بووە، لە چیاکانی گۆیژە و ئەزمەڕەوە هاتوون، لەو سەرچاوەیە ئاویان خواردۆتەوە،[٣] ئەم گەڕەکەش (شێخان، بازاڕە بچکۆلە و ژاڵەییەکان) دەگرێتەوە.[٤]

### ٧. گەڕەکی جولەکان:

تەواوکەری گەڕەکی سەرشەقامە، لە کۆتایی و باشووری شاردا، دانیشتوانی هۆزی جوو بوون، کەنیشتەی تایبەت بە خۆیان هەبووە، پەرستگە بووە بۆ خوداپەرستی، نەریت و یاسا و ڕێسا و ڕەوشی خۆیان بە ئازادی و سەربەستی بە جێهێناوە و ڕێزیان لێگیراوە.[٥]

## ٢. گۆڕانکارییە بونیادییە کۆمەڵایەتییەکانی شاری سلێمانی

لە ڕوانگەی بونیادی کۆمەڵایەتییەوە، دەکرێت هۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی[*] بۆ ئەو

---

(١) جمال بابان، شارە گەشاوەکەم، ب٢، ل٣٥٦

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٣٥٧

(٣) ژمارەیەك نووسەر و هونەرمەند، یادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣

(٤) کەریم زەند، تۆماری تەمەن -٦- پەیك، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١

(٥) هەمان سەرچاوە، ل٤٢

(*) **گۆڕانی کۆمەڵایەتی (Social Change):** بریتییە لە گۆڕانکاری لە شێوازەکانی ژیان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا یان لە گەلێکدا ڕوودەدەن، سەرچاوەکانی گۆڕان ناوخۆیین یان دەرەکین. ئەو هۆکارانەی کە ئەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا چەند هۆکارێکی جیاوازن، هەروەك خودی گۆڕانەکە خۆی زیاتر ڕەنگە یەك شێوە وەربگرێت، لەوانەیە گۆڕانێك بێت لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ئەو خەڵکەی لە و کۆمەڵگەیەدا ئەژین، یان لەوانەیە گۆڕانێك بێت لە خودی کۆمەڵگە. هەروەها گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ هەموو گۆڕانێك لە بونیادی کۆمەڵایەتی و پێگە و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و نەسەق و سیسیتمەکاندا ڕوودەدات لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بەو پێیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی کاتێك ڕوودەدات ئاسان نییە بوەستێنرێت بەهۆی پێکەوەبەستن و پەیوەندی کرداری لە نێوان سیستمە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان. هەر گۆڕانێك لە و سیستم و دامەزراوانەدا ڕوو بدات ئەو گۆڕانە کاریگەری لەسەر تەواوی سیستم و دامەزراوەکانی تر دەبێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

- أحمد ابوزيد، البناء الاجتماعي، مدخل لدراسة المجتمع (المفهومات)، ج١، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الاسكندرية، ١٩٨٠، ص٢٥٢-٢٥٣

- دلال ملحس استيتية، التغيرالاجتماعي والثقافي، ط٣، دار وائل للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠١٤، ص٢٣

کاریگەریانە بگەڕێتەوە کە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دروستی دەکات و دەیخاتە سەر سیستمێك لە سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، مەبەست لێی بونیاد و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە. لە هۆکارە ژینگەیانەی کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتیین لە (تۆبۆگرافیای زەوی، بەرزونزمی لە ڕووی دەریا، ئاووهەوا، کەش و ڕادەی شێ و ڕادەی باران بارین، وشکە ساڵی، ساردی و بەفر و زریانی خاوەن سروشتە جیاوازەکان، هەبوونی کانزا و سامان و سەرچاوە سروشتییەکان)، بەپێی قۆناغەکانی پەرەسەندن و گەشەکردنی توانا و لێهاتووی مرۆڤەکان و وەڵامدانەوەی تاکەکان بۆ بارودۆخی سروشت ڕۆڵ و کاریگەرییان گۆڕانی بەسەردا هاتووە.[١]

هەموو ئەو گۆڕانانەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن، گۆڕانن لەسەر دوو ئاست، یەکەمیان گۆڕانە مادیەکانی بەها کۆمەڵایەتییەکانە وەك شێوازی ژیان لە لایەنی پۆشین و جل و بەرگ و پێداویستییە ماددیەکان و تەکنەلۆجیا و شێوازی بیناسازی و دیزاین و شێوەی ڕێکخستنی ناوماڵ و پیشەی دەستی. دووەمیان گۆڕانە مەعنەویەکان لە جۆری بیرکردنەوە و بەهای ئازادی و کلتووری گفتوگۆ و بە مرۆیکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی پەیوندی خزمایەتی و سەردانە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمانەش بەشێوەیەکی یەکسان ناگۆڕێن، بەڵکو گۆڕانی هەندێکیان خێراترن لە گۆڕانی هەندێکی تریان.هەندێکجار کاریگەری بەهێز دادەنێن لەسەر یەکتری، واتە گۆڕان لە بەهای یەکێکیاندا دەبێتە هۆی گۆڕان لە بەهاکانی ئەوانی تردا.[٢]

**ژیانی سیاسی شاری سلێمانی**

شاری سلێمانی لە ڕووی سیاسیەوە هەمیشە ناسەقامگری سیاسی پێوە دیار بووە، شوێنی جوگرافی سلێمانی هۆکاری یەکەمینی ئەم ناسەقامگیرییە بووە، بە شێوەیەك سلێمانی هەمیشە پردێك بووە بۆ ئەو سوپایانەی لە ڕۆژئاوە بەرە و ڕۆژهەڵات لە مێژووی کۆندا ڕۆیشتوون، بەڵام ئەم ناسەقامگیرییە لەگەڵ دەرکەوتنی دوو هێزە نەیارەکەدا واتە عوسمانی و سەفەوی لە سەرەتای سەدەی پانزەدا گەیشتۆتە خراپترین ئاستی. بۆ ماوەی چوار سەدە ئەم هەرێمە و بەشەکانی تری کوردستان مەیدانی شەڕ و پێکدادانی عوسمانی و فارسەکان بووە. دامەزراندنی میرنشینی بابان لەم ناوچەیەدا لە سەدەی حەڤدەهەمدا دیسان سەقامگیری بۆ ناوچەکە فەراهەم نەکردووە.[٣]

میرنشینی بابان زیاتر لە (٢٠٠) ساڵ مایەوە دەورێکی ئاشکرای هەبووە، بەڵام هەندێك کات بە

---

(١) ئالان صلاح سعدی، گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی لە شاری کۆیە (توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆژی کۆمەڵایەتییە)، نامەی ماستەر، بڵاوکراوە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤، ل٥

(٢) شەماڵ لطیف ڕەشید، نوێگەری و گۆڕانی کلتووری، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦، ل٣٩

(٣) شاکیر خەسباك، ئاراستەی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی، و: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی ڕووناکبیری، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٧

تایبەت کە دەسەڵات و توانایان پەرەی سەند شەڕیان لەگەڵ ووڵاتی فارس و مەمالیکەکانی ژێر دەستی عوسمانی دەکرد،[1] لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لیوای سلێمانی تاڕادەیەك بارودۆخی سەقامگیری لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا بە خۆیەوە بینی، بەڵام هاتنی سەدەی بیست لەگەڵ خۆیدا جەنگی یەکەمی جیهانی هێنا کە بووە هۆی زیانێکی گەورەی سەر و ماڵی بۆ لیوای سلێمانی. پیاوانی گەنجی کورد کران بە سەرباز لە سوپای عوسمانیدا بە تایبەتی لە ڕیزی هێزی حەمدیەدا بۆ بەرەکانی پێشەوەی جەنگ، تەنها ژنان و پیرەمێردان و منداڵان مانەوە لە ماڵەوە. ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر توانای مرۆیی و بواری کشتوکاڵ. بارودۆخێکی تر لە شەڕ خراپتر بووە، لە کاتێکدا تاعون و برسیەتی ناوچەکەی گسك دا و هەزاران کەسی لە ناوبرد.[2] لە دوایی جەنگی جیهانی یەکەم لیوای سلێمانی خرایە سەر عێراق، بەڵام لە ساڵی (١٩١٨) بۆ (١٩٣٢) ناوچەکە لە بارێکی تەواو ناسەقامگیردا دەژیا، (شێخ مەحموود) کە شێخێکی ئایینی بوو چەند جارێك هەوڵیدا لە ڕێگای چالاکی چەکداریەوە ئەو هەرێمە جیا بکاتەوە و کوردستانێکی سەربەخۆ لە ژێر سەرکردایەتی خۆیدا دروست بکات، بەڵام هەوڵەکانی شێخ مەحموود تەنیا نائارامی و پەشێوی لێکەوتەوە.[3]

دوایی وەرگرتنی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی (١٩٣٢) دا، باشوری کوردستان پێی نایە سەردەم و ساڵانێکی نوێوە، بەمەش کاری لکاندنی بە عێراقەوە سەریگرت سیاسەتی هەردوو حکومەتی بریتانی و عێراقیش بەرامبەر بە باشووری کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی گۆڕاو پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٣١) دا شێخ مە حموود خۆی بە دەستەوە دا و کۆتایی بە جموجۆڵە سیاسی و سەربازییەکانی هات. ئەم سیاسەتە نوێیەی بریتانیا-عێراق کە خرایە سەر کوردستان و شاری سلێمانی کاردانەوەی بەرچاوی لێنەکەوتەوە، بە تایبەت لە ئاکامی ئەوەدا کە توێژێکی زۆر لە کورد پەروەران شکستی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و میکانیزمی ئەو شۆڕشانە لە خەباتی چەکداری تاوەکو ساڵانێك دڵی ساردکردبوونەوە، بۆیە زیاتر چالاکی کلتووری و ڕۆشنبیریکردن و پەرەپێدانی خوێندن و خوێدەواریان بە چاکترین و گونجاوترین شێوازی خەبات لە قەڵەم دەدا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٣٢-١٩٣٩) شاری سلێمانی دروست بوونی چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی بە خۆوە بینیوە.[4]

---

(١) د.کاوس قەفتان، چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی بابان .. سۆران .. بۆتان، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٥، ل٧

(٢) شاکیر خەسباك، ئاڕاستەی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٩

(٤) د.ئاکۆ عبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) (لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی - سیاسییە)، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٧

ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٥- ١٩٥٨) قۆناغێکی گرنگی لە مێژووی هاوچەرخی عێراق و باشووری کوردستانیش پکهێناوە. گرنگی ئەو ماوەیەش لەوەدا دەبینرێ، کە گەلێك پەرەسەندن و پێشهاتی سیاسی تێیدا ڕوویانداوە، وەکو ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٤٨) و ئەو گۆڕانکاری و ڕاپەڕین و خۆپیشاندانانەی لە پێش ساڵانی بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزدا سازدراوە، کە کاریانکردۆتە سەر سیستەمی سیاسی و ڕەوشی سیاسی لە سەرتاسەری وڵاتدا. لەو ماوەیەدا، ئەو ڕوودا و پەرەسەندنانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەیان لەسەر باشووری کوردستان و، بە سلێمانیشەوە بەجێهێشتووە. بەجۆرێك ئەم شاری سلێمانی ببووە ناوەندێکی سیاسی پڕبایەخی جموجۆڵە سیاسیەکان لە کوردستاندا، ئەمەش وایکرد بوو چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی و پیشەیی سەر هەڵبدەن.[١]

لە ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٨) ماوەیەکی گرنگە لە مێژووی سەدەی بیستەمی عێراق و کوردستانی باشوور، ئەم گرنگیە بۆ ئەو ڕووداوە سیاسیانە دەگەڕێتەوە، کە کاریگەری لەسەر ڕەوشی کۆمەڵگەی عێراق بە گشتی و شاری سلێمانی هەبووە. یەکێك لە ڕووداوەکان شۆڕشی (١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨) بووە، کە کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی هێنا و سیستمێکی کۆماری ڕاگەیاند، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە ئازادییەکی سیاسی هاتە کایەوە کە زۆربەی حیزبەکان کەوتنە چالاکی نواندن و لە قۆناغی نهێنیەوە چوونە قۆناغی ئاشکرا، لەو ماوەیەدا شاری سلێمانی پشکی زۆری ڕووداوەکانی بەرکەوت، لە ئەنجامی ئەو ئازادییەی کە شۆڕشی (١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨) فەراهەمی کرد، چالاکی چڕی سیاسی کەوتە شاری سلێمانییەوە، ئەمەش خۆی لە چالاکی ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەیی و دیمۆکراسیانەدا بینیەوە کە لە شارەکەدا بوون، هەر لەو ماوەیەدا ململانیی حزبی باڵی بەسەر شاردا کێشا کە زۆربەی خەڵکی شار لە ڕیزەکانی حیزبی شیوعیی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕێکخست، ئەو ململانێ سیاسییەی نێوان هەردوو حزبی ناوبراو بەردەوام بوو، بەڵام تا هەڵگیرساندنی شۆڕشی (ئەیلولی ساڵی ١٩٦١) تەوژمێکی سۆسیالیستی باڵی بەسەر سلێمانیدا کێشابوو، بەڵام بەر لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول هەستی نەتەوایەتی زیاتر گەشەی کرد و شاری سلێمانی بووە مەڵبەندی کوردایەتی.[٢]

لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٨-١٩٩١) حکومەتی بەعس بە شێوەیەکی بەرفراوان و بەربڵاو کەوتە پیادەکردنی سیاسەتی لەناوبردنی کورد بەهۆی ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفالەوە. سوپای عێراق

(١) توانا ڕەشید کەریم، سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥- ١٩٥٨) (لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی رامیاری و ڕۆشنبیری)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٩

(٢) هەوراز جەوهەر مەجید، شاری سلێمانی (١٩٥٨- ١٩٦٨) (لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسیی و ڕۆشنبیری)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٧

به هەشت قۆناغی جیاواز لە نێوان (٢٢ی شوبات تا ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨)، بە جۆرەها چەکی قورس و کیمیاوی بە بەشداری فڕۆکە و بەپێی نەخشە و پلان، هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی کوردستان، دانیشتوانی ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن بەبێ جیاوازی ڕەگەز و تەمەن ڕاپێچی زیندانەکان کران.(١)

ئەوەی تایبەتە بە شاری سلێمانی لەو هەشت قۆناغەدا حەوت قۆناغیان لە ناوچە جیاجاکانی پارێزگای سلێمانی ئەنجامدراون. لە دوای شاڵاوی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی باشووری کوردستان و کۆتایی هاتنی جەنگی (عێراق- ئێران)، گواستنەوەی بنکەی سەرکردایەتی سەرجەم پارتەکان بۆ دەرەوەی سنوری باشووری کوردستان، کار و چالاکیەکانی سەرجەم پارتەکان بە تەواوەتی سست و لاواز بوو، هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوە و کاریگەری لە سەر کار و چالاکیەکانی پارت و ڕێکخراوەکانی ناو شاری سلێمانی هەبووە، بە جۆرێك لە دوای وەستانی جەنگی (عێراق - ئێران) لە (١٩٨٨/٨/٢٠) هەتاوەکو ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی (١٩٩١) هیچ شەڕێکی بەرەیی لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕژێمی بەعسدا ڕووی نەداوە، بەڵکو زیاتر جەختکراوەتە سەر چالاکی ڕێکخستنەکان لە شاری سلێماندا. دیارترین پارتەکان کە برتییبوون لە (حیزبی شیوعیی عێراق - هەرێمی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان).(٢)

پاشان لە ساڵی (١٩٩١) وە چەند ڕووداوێکی سیاسی کە هەرێمی کوردستانی بە گشتی و شاری سلێمانی گرتەوە کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەندروستی و خوێندەواری دانیشتوان، کە بریتیین لە:

**١. ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١):**

دەسکەوتێکی (نەتەوەیی، نیشتمانی و مێژوویی) بۆ گەلی کوردستان سەیر دەکرێ، بووە هۆی ئەوەی گەلی کوردستان لە زوڵم و ستەمی بەعس ڕزگاری بێت، خەڵك و حیزبە سیاسیەکان بە هیوای دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمان بوون، کە ببێتە شوێنی دەرکردنی یاسا و چەسپاندنی دیمۆکراسی و و دادپەوەری کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنیان.

**٢. دوای نەمانی ڕژێمی سەدام لە دوای ساڵی (٢٠٠٣):**

لە ڕووی ئابوورییەوە کوردستان هەنگاوی بوژانەوەی ئابووری ناوە، کە داهات و سامانێکی باش کەوتە دەست خەڵك، ئەو گۆڕانە خێرایە بووە گواستنەوەی کۆمەڵگە بۆ بارێکی نوێی

(١) مەسعود مەحمود حەسەن، شاری سلێمانی (١٩٨٨-٢٠٠٣)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢- ٣٥
(٢) هەمان سەرچاوە، ل٦٢-٧٠- ٧٦

کۆمەڵایەتی کە پێویستی بە خۆگونجاندن هەبووە، بەڵام کاتێك لایەنی کۆمەڵایەتی ناتوانێ خۆی بەهەمان خێرای گۆڕانکاری لایەنی ماددی بگۆڕێت ئەوا دوا دەکەوێت، چونکە لایەنی مادی خێرا ڕوودەدات، بەڵام لایەنی کۆمەڵایەتی لەسەرخۆ ڕوودەدات، لێرەدا کۆمەڵگەی کوردستان نەیتوانی خۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیە بگونجێنێ و لەکاتی هاتنە پێشەوەی قەیرانی دارایی لە ساڵی (٢٠١٥) کاریگەرییەکانی دەرکەوت.

لە دوای پرۆسەی ساڵی (٢٠٠٣)ە وە ڕاگەیاندن و ئەنتەرنێت بەشێوەی خێرا ڕووی لە کۆمەڵگەکەمان کرد، بەشێوەی بەربڵاو بە ئاسانی کەوتنەکار، کە زۆر سودی هەبووە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، بەڵام کاتێ ڕاگەیاندن ئەو ڕۆڵە نابینێت و دەیەوێ لەڕێگەی سەدان بەرنامە و ئەڵقەی جۆراو جۆرەوە بەها و داب و نەریتی کۆمەڵگەیەکی ترکە نامۆیە بە کۆمەڵگەی ئێمە بگوازێتەوە، کاریگەری ڕاستەخۆ دەکاتە سەر لێکهەڵوەشانەوەی کۆمەڵگە و تێکچوونی باری ئارامی ناو کۆمەڵگە، ناهۆشیاری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێ کێشە، لێرەدا بێهێزی بەهاو، یاسا و لاوازبوونی دام و دەزگاکان ئەو ڕۆڵە نابینن کە ڕێگری لە لێکهەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بگرن.(١)

**ژیانی کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی**

بەو پێیەی شار دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سروشتییە و بە مۆرکە شارستانیەتیەکەی جیا دەکرێتەوە، لە هەندێ لایەنەوە شار کۆمەڵێك خەسڵەتی جیاوازی خۆی هەیە لە ڕووی جەنجاڵی و جۆری پەیوەندییەکانی، لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی شاری سلێمانیەوە، لەم سۆنگەیەوە هەموو ناوەندە شارنشینییەکانی سلێمانی بە جەنجاڵی و قەرەباڵغی و تەسکی گەڕەك ناسراوە، ئەمەش پەیوەندی هەبووە بە سروشتی شاخاوی شارەکە و ڕەهەندی ئاسایشیبوونیەوە،(٢) شارێکیش کە هێندە بچووك و بەرتەسك بێت ئەوا بێگومان پەیوەندی و داب ونەریتیان ڕەنگدانەوەی ئەو واقعە ئەبێت، هەرچەندە سلێمانی بەردەوام بە شێوەیەك باسی خەڵکەکەی کراوە، کەسانێکی کراوەن و ئامادەی وەرگرتنی هەموو شتێکی نوێیان هەیە.(٣)

هەروەها خانووەکانی پێکهاتووە لە یەك قات و دیوارەکانی لەبەرد دروستکرابوو و سەقفەکەشی بە دار داپۆشرابوو و دەرگایەکیشی هەبووە، پاشان لەپاڵ ئەمەشدا تەوژمێك لە دروستکردنی خانووی مۆدێرن و کۆشکی تێکەوتبوو.(٤)

---

(١) کارزان عەزیز، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی کوردی وەك نموونە، https://www.sorannewss.blogspot.com/8/5/2022
(٢) توانا ڕەشید کەریم، سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤
(٣) د.ئاکۆ عبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی (١٩٣٢-١٩٤٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣
(٤) توانا ڕەشید کەریم، سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤

ستیڤن لۆنگریك (**Stephen Longrigg, 1893-1979**) بەرپرسێکی سەربازی بەریتانی بووە ، لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (عێراق ١٩٠٠-١٩٥٠) دەڵێت" لەرابردوودا گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە شاری سلێمانی هەبوون، وەك (موسڵمانەکان و مەسیحی و جوولەکەکان) لەم شارەدا ژیاون، مەسیحییەکان بە قورسی لە شێوازی ژیان و نەریتی کورد جیادەکرێنەوە، جوولەکەکان لە دوای نەریتەکانیان لە شارەکەدا گرووپێکی کلتووری ئیتنیکی جیابووە و لە هەموو دانیشتوانی شارەکە جیاواز بوون. جگەلەوەی شێوازی نیشتەجێکردنی شار لە لایەن گرووپە جیاوازەکانەوە دروست بووە بە شێوەیەك گەڕەکی جوولەکەکان لە باشووری ڕۆژئاوای شارەکە بوون، گەڕەکەکەیان بە (جوولەکان) ناودەبرێت، مەسیحییەکان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکەدا نیشتەجێبوون. هەروەها بەشەکانی تری شاری سلێمانی دانیشتوانی لە خێزانی موسوڵمان بوون، هەموویان پێکەوە پشتگیری گروپە هەژارەکانیان کردووە بۆ خۆشگوزەرانیان کە باشترین بەڵگەن بۆ پیشاندانی پەیوەندی ئاسوودە و پارێزراو لەنێوانیاندا".(١) پەیوەندی لە نێوان موسوڵمان و جوولەکە و ئایینییەکانی شاری سلێمانیدا باش بووە، جولەکەکانی سلێمانی لە قەڵاچوالانەوە ڕوویان کردۆتە شارەکە و لە سەرەتادا بە خومچێتییەوە خەریك بوون، بەڵام دواتر زۆربەی کار و پیشەی بازرگانی و زێرینگەری و کوتاڵفرۆشیان گرتە دەست.(٢)

دانیشتوانی شاری سلێمانی لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوکار و هاوبەشی یەکتریان کردووە، لە مەولودی پێغەمبەر و ئاهەنگی وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتی و ئاهەنگی بووك گواستنەوە و پرسەکاندا، بە کۆمەڵ و گیانێکی هاریکار بەڕێوەیان بردووە، جگە لەوەی چەندین دیاردەی تر هەبووە، وەك سەردانی یەکتری لە شەودا و شەڕە گەڕەکی منداڵان (*)، توونودتۆڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی بۆ بچووکی شار گەڕاوەتەوە کە زۆربەی دانیشتوان یەکتریان ناسیوە.(٣)

لە شاری سلێمانیدا پەیوەندی هۆزایەتی لەناو شارنشینەکاندا لاواز بووە، چونکە بە زۆری شارەکە لە بنەماڵەکان پێکهاتبوو، ئەم بنەماڵە و خانەوادانە پەیوەندی نێوانیان دیاریکراو و سنووردار بووە، ئەمەش بە ڕادەیەکی زۆر لە نێوان خانەوادە و بنەماڵەکانیاندا ڕەنگڕێژبووە، ئەڵقەی ئەو زنجیرە

---

(1) Hanaw Mohammed Taqi Mohammed Amin, Morphology of the Old City of Sulaymaniyah (Northern Iraq) From Perceptive of the Ownership Patterns, Ibid, p20

(٢) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی (١٩٣٢-١٩٤٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤

(*) مەبەست لە ئەو شەڕەیە کە لە نێوان گەڕەکەکانی شاری سلێمانیدا ڕوویداوە لە لایەن منداڵانەوە ئەنجام دراوە، ئەو کەرستانەی کە بەکارهاتوون بریتیبوون لە (چەکی دوور هاوێژ وەك قۆچەقانی و دارلاسیك، چەکی دەستەو یەخە یان چەکی سپی کە بریتیبوون لە قەڵەمبڕ و بۆکسی ئاسن و بۆکس خەنجەر ... هتد).

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

- عومەر محمد محمود، شەڕە گەڕەکەکانی کۆنی ئەم شارە ، گۆڤاری سلێمانی، ژ٥٧، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣٩-٤٠

(٣) هەوراز جەوهەر مەجید، شاری سلێمانی (١٩٥٨- ١٩٦٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥

پەیوەندییانە هاو ئاستی لە ناو ناوبانگی خێزانەکان و هاوپیشەیی هاتۆتە کایەوە، کە پەیوەندی لە نێوان دانیشتوانی شارەکە بە تایبەت لە نێوان دراوسێکاندا بەهێز بووە، هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان هەبووە، لە ماڵی زۆربەی خێزانە دەوڵەمەند و ناسراوەکاندا، بەشێوەیەکی بەردەوام هەمیشە شەوانە کۆڕی شەونشینیان گەرمکردووە، لەو کۆڕانەدا سەرەتا هەندێك قسە و باسی گشتیان کردووە، ئینجا چونەتە سەر گێڕانەوەی ڕاز و سەرگوزشتە و بەسەرهات و نوکتە و قسەی خۆش و هەندێك جار گەمە و یاریان کردووە، شەوچەرەش دابەشکراوە.(١)

لە ڕابردوودا شاری سلێمانی سنووری شار گەورە و فراوان نەبووە، بە ڵکو لە مەڵکەندیەوە بۆ جوولەکان و لە چوارباغەوە بۆ سەرکارێز بووە، بە شێوەیەك خێزانەکان نزیك بوون لەیەکەوە، دەوڵەمەند و هەژار جیاوازی نەبووە، ئەگەر جیاوازیەك هە بوو بێت لە نێوان دەوڵەمەند و هەژار، ئەوە بووە دیوارەکەی دراوسێکەی خشت بووە ئەوی تر بەردی مەڵکەندی بووە، خێزانێکی گەورە لە خانوویەکدا بووە، خێزانێکی فراوان لە (دایك ، باوك ، منداڵ، خوشك، برا، بوك، زاوا، ئامۆزا و پورزا) لە خانوویەکدا ژیاون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە هێزبوون، ئێستا لە گەڕەکێکدا بەکەمی دراوسێکەی ئەناسیت، لە خانوویەکی (٢٠٠م) دا چوار کەسی تیایە، لەبەرئەوە پەیوەندییەکان لاواز بوون و خەڵك دابڕان لەیەکتر، تەنها بۆ خۆی ئەژی لە خێزانێکی بچووك (دایك وباوك و منداڵەکانی)، کەمتر(مام و ئامۆزا و خاڵۆزا) ئەگەڕێتەوە، ئەبینیت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خزمایەتییەکان زۆر کەمە. جگە لەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری لەڕابردوودا ژنەکان ڕۆڵەکەیان گێڕاوە، کچەکەیان بۆ کوڕەکە دەست نیشان کردووە، کوڕ پەسەندی کردووە لای باش بووە، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە کۆمەڵگە زۆر کراوە نەبووە، بەڵام عورف و عادەت وابووە کە داواکاری لە باوك کراوە، لە نەبوونی باوکدا برا گەورە یان مام و خاڵ وەکیل بوون، لە ئێستادا هۆکارەکانی ناسین جیاوازن ئەوانیش (زانکۆ و پەیمانگایە)، کاتێك بۆنەیەکی هاوسەرگیری دروست ئەبێت، بۆ چوونێك هەیە بۆ ئەوەی کە ئەرك لەسەر بووك و زاوا کە کەم بکەنەوە قەرەباڵغی دروست ناکەن، بەڵام لە ڕاستیدا بە پێچەوانەوەیە خۆی ئەرکەکە بۆ ئەوەیە خێزان و بنەماڵە و خەڵکەکە یەکتری بناسن، ڕاگەیاندنی هاوسەرگیری بۆ ئەوەیە بۆ ناسینی کەسوکاری یەکترییە، بەڵام بیانوو گرتن بۆ ناوماڵی جیا و ئاڵتوون تێچوویەکی زۆی لەسەر ئەکەوێت بۆ گەنج، ئەم تێڕوانینە بۆ هاوسەرگیری بەرە و مادیەت ئەڕوات، لە ڕۆحیانەت دوورئەکەوێتەوە.(٢)

(١) د.حسین اسماعیل خان دەلۆ، ژیانی کۆمەڵایەتی لیوای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٢١- ١٩٥٨)، بەبێ چاپخانە، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل١٦٧-١٦٨

(٢) شاهۆ عوسمان سەید قادر، چاوپێکەوتن، نووسەر، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٢٠

سەبارەت بە گەڕەکی سابونکەران لە ڕابردوودا پەیوەندی خزمایەتی و کەسایەتی زۆر بەهێز بووە [1]، لە خۆشی و ناخۆشیدا بەیەکەوە بوون، لە ئێستادا کەسایەتیە کۆنەکان لە گەڕەکی سابونکەران نەماون، لەبەرئەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاواز بوون.[2] لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا باسی نەسەقی کۆمەڵایەتی گەڕەکی سابونکەران دەکەین.

**ژیانی ئابووری شاری سلێمانی**

شاری سلێمانی لە لایەنی ئابوورییەوە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی هەڵکەوتەی شوێنەکەی وای کردووە کە ناوەندێکی گرنگی چالاکی و بازرگانی و سەرەڕێی قافڵە و بازرگانییەکان بێت لە کۆن و ئێستاشدا ئەمەش بەهۆی نزیکی لە سنووری ئێران، لە لایەکی تریشەوە، بەهۆی بوونی سەرچاوەی ئاوی زۆر و خاکی بە پیت و دەرامەتی سروشتی مەڵبەندێکی گرنگی چالاکییە ئابوورییەکان بووە.[3] سلێمانی یەکێکە لە شارە کشتوکاڵیەکان، وورتر مەودای بەسەرەکی بوونی ئەم کەرتە لە پانتایی زەوی بە کەڵکی کشتوکاڵی دەردەکەوێ. بە گوێرەی ئاماری کشتوکاڵی - ئاژەڵداری ڕووپێوی زەوی بە کەڵکی کشتوکاڵی لە ساڵی (١٩٥٨-١٩٥٩) دا بە (٣٠٩کم) چوارگۆشەیە خەمڵێنراوە، لە کاتێکدا پانتای زەوی چێنراو لە ماوەی (١٩٥٧-١٩٥٨) بریتییە لە (١٩٥کم) چوارگۆشەیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات هێندەی پانی زەوی چێنراو بە کەڵکی کشتوکاڵ هاتوو نەبووە چونکە ڕێژەی زەوی چێنراو (٦٣،١٪) بووە. زەقترین فاکتەری ئەمەش بریتی بووە لە فاکتەرە سروشتییە مرۆییەکان، کە ئەمەی دوای کاریگەری زیاترە و پەیوەندی بە جۆری قەبارەی موڵکەوە لە هەموو لیواکە هەبووە، کە لە جۆری موڵکی بچووکە واتە: قەبارەی موڵکی باو لە جۆری بچوك بووە. بێگومان ئەمەش کاردەکاتە سەر یاسای موڵکداریتی، هەرچەندە موڵکداریتی زەوی لە باشووری کوردستان هاوشێوەی ناوچە عەرەبیەکان بووە و، کەوتۆتە ژێر سیستمی نمچەدەرەبەگی، جوتیاری کورد جیاوازی هەبووە لەگەڵ ناوچەکانی تر، زۆرجار جوتیار زەویەکەی بە میرات بۆ دەمایەوە، ئەمەش وایکردووە ببێتە خاوەن زەوی، کەسیش نەتوانێت لێی زەوت بکات. ئەم شێوەیە لە موڵکداری کاری کردبووە سەر پەیدابوونی سیستمی پشکداری. کە تیایدا جوتیار بە ڕێکەوتن لەگەڵ خاوەن موڵکدا بەشێك لەو بەرهەمەی بەردەکەوت.[4] بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیش دوو جۆر بوون (هاوینە و زستانە)، بەرهەمە زستانیەکان بە شێوەیەکی سەرەکی (گەنم و جۆ)، هاوینەکانیش (توتن و لۆکە و برنج بوون).[5]

(١) ئەحمەد حم کول، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/٢٨
(٢) جمال ڕەشید کەریمی هەیەری قەساب، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/٢٨
(٣) مەسعود مەحمود حەسەن، شاری سلێمانی (١٩٨٨-٢٠٠٣)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠
(٤) توانا ڕەشید کەریم، سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧- ٣٨
(٥) مسعود محمود حەسەن، شاری سلێمانی (١٩٨٨-٢٠٠٣)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠

کەرتێکی دیکەی ئابووری لە شاری سلێمانی، کەرتـی ئاژەڵدارییە، ئەم کەرتەش بـایەخی خـۆی هەبووە کە هەریەك بە نۆبەی خۆی بەشداری کردووە لە بونیادی ئابووری سلێمانیدا، گرنگترین ئەو ئاژەڵ و گیانلەبەرانەی کە لە سلێمانیدا هەبوون بریتیبوون لە (مەڕ، بزن، مانگا، گوێدرێژ، هستر، گامێش).[1] یەکێکی تر لە چـالاکیە ئابووریەکـان، ئەو پیشـانە بـوون کەخەڵـکەکە پێـوە خەریکبـوون بریتبـوون لە (سـابونچی، حەڵـواچی، جـۆلایی، دارتاشـی، کڵاشـچین، بەرگـدوور، چەخمەسـازی، مسگەری، هەلاجی، ئاسنگەری ...هتد).[2] کەرتـی پیشەسـازیش یەکێکـی تـرە لەو چالاکیـانەی کە بەشـداری کـردووە لە ئـابووریی شـاری سـلێمانیدا، لە سـاڵی (١٩٥٧) دا (کـارگەی چیمەنتـۆ) ی سەرچنار دامەزرا، (کارگەی پوختە کردنی تووتن) سەرەتا لە ساڵی (١٩٦٤) کەوتە کار، دواتریش لە ساڵی (١٩٦٩) دا (کارگەی نوێ پوختەکردنی تووتن) کەوتە ئیش.[3]

یەکێکی تـر لە وچالاکیـانەی کە بەشـداریکردووە لە ڕەوشـی ئـابووری شـاری سلێمانیدا چـالاکی بازرگـانییە، لە کـۆنەوە شـاری سـلێمانی بازرگـانی نـاوخۆی و دەرەکـی هەبـووە، لە ڕابـردوودا گونـدەکانی دەوروبەری سـلێمانی ڕوویـان لە شـارەکە کـردووە بـۆ سـاغکردنەوەی بەرهەمە خۆراکیەکان و ئاژەڵەکانیان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان لە چا و شەکر و سابون و قومـاش و ... هتد. هەروەها لە بازرگانی ناوخۆشدا پەیوەندی بازرگانی هەبووە لەگەڵ بەغدای پایتەخت و شـاری موسڵ، لە ئاسـتی بازرگـانی دەرەوەش شـاری سلێمانی پەیوەنـدی لەگەڵ ئێرانـدا هەبـووە، فەرش و خواردەمەنی وەکو (کشمیش، بادەم، قەیسی) لە ئێرانەوە هاودە کردووە، لە بەرامبەردا (شەکر و چا) ی ناردەی ئێران کردووە.[4]

سـەبارەت بە گۆڕانکـاریە ئابووریەکـانی شـاری سلێمانی، بە بەراورد بە پـێش ڕاپەڕینـی سـاڵی (١٩٩١)، کارگەی (جگەرە ، چیمەنتۆ و جل و بەرگی ئامادەکراو) هەبـووە، بە شـێوەیەك کـارگەی جگەرە (٤ بۆ ٥) هەزار کەس کاری تێدا کردووە، کارگەی چیمەنیۆش بۆ (٦) هەزار کەس کاری تێدا کردووە، کارگەی بچوکیش هەبووە، ئێستا ئەم کارگە گەورانە نابین، لە دوای ڕاپەڕیـن پلانێـك نەبووە وەکو هێزێکی مرۆیی لە ڕووی (ئـابووری و گەشـەکردنەوە)، کە چۆن بتـوانین وڵاتەکەی خۆمـان بونیـاتبنێین، دامەزراوە و دەزگـا (**مؤسسـات**) دامەزرێنـین، ئەمە کـاریگەری هەبـووە، دامەزراوە کـراوە دیـارە، بەڵام کاتێـك سـاڵی (٢٠١٤) کێشـەی ئـابووری دروسـت بـوو، زۆربەی ڕووخــان (**ســقوط**) یــان چالاکییەکــانی وەســتاند، ئەگەر ئەمــانە کــۆنکرێتی بوونــایە

---

(١) مسعود محمود حەسەن، شاری سلێمانی (١٩٨٨-٢٠٠٣)، سەرچاوەی پێشوو، ل١١

(٢) عەباسی مەلا ئیبراهیمی حافظ، سلێمانی لە بیرەوەریەکانمدا، ئـا: ئومێد ئاشـنا، بەبـێ چاپخـانە و شـوێنی چـاپ، ١٩٩٦، ل٣٦-٣٧

(٣) جمال بابان، شارە گەشاوەکەم، ب٤، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ل ٣٠٩-٣١٠

(٤) هەوراز جەوهەر مەجید، شاری سلێمانی (١٩٥٨-١٩٦٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠

چالاکیەکانیان نە ئەوەستا و بەردەوام ئەبوو، جگە لەوەی ئەم کێشە ئـابووریەی کە ڕووی کـردە ئەم خەڵــکە، ئەکرێـت ســاڵێك ئەم کێشــەیە بێـت، لە مێـژووی عێراقـدا لە ســاڵی (١٨٨٠) لە دەوڵەتــی عوسمانیدا هەر کێشەیەك هەبووە چارەسەری کردووە و موچەی زیادکردووە، موچەی زیادکردووە بـۆ (بێـوەژن و هەژار و بێباوکــان)، نانیــان داوە بە خەڵــك بە خـۆڕایی، ئەم کێشــە ئــابووریەش کاریگەری هەبوو لەسەر توێژێکی زۆری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی.[١]

سـەبارەت بە گەڕەکـی سـابونکەران، لە ڕابـردوودا ژمـارەیەك مـاڵ لە دانیشـتوانی گەڕەکەکە بە پیشەی (سابون) دروستکردنەوە خەریك بـوون کە پێـان وتـراوە (سـابونچی)، بەڵام لە ئێسـتادا ئەم پیشەیە نەماوە. لە بەشی دووەم و پێنجەمی توێژینەوەکەدا باسی دەکەین.

**ژیانی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی**

ڕەوشـی خوێنـدن لە شـاری سـلێمانی، هەمـوو شـتێك لە هەنگـاوی یەکەمەوە دەسـت پێـدەکات، خوێندن لە کوردستاندا لەسەرەتادا لە مزگەوتەکان و مەلاکان هەنگاویان ناوە، بۆ گۆڕانکاری ژیانی کۆمەڵایەتی بەرامبەر ڕەگەزی نێر و مێ.[٢] یەکێك لە تایبەتمەنـدییەکانی خوێنـدن لە سـلێمانی بە تایبەت خوێندنی حـوجرە و مـزگەوت تەنهـا تـایبەت نەبـووە بە پیـاوانەوە، بەڵکـو کچـان و ژنـانیش خوێندویانە لە حوجرەدا کـوڕ و کـچ بە تـێکەڵاوی وانەکـانی قورئـان و مادەکـانی تـری حوجرەیـان خوێنـدووە، هەر لە شـاری سـلێمانی چەنـد حـوجرەیەك هەبـوون مامۆسـتاکانیان ژن بـووە، وەك (حوجرەی مەلا فاتم، حـوجرەی مەلا رەعنـا، حـوجرەی مەلا ئـامینە، حـوجرەی مەلا نـاجیە خـان و حــوجرەی مەلا عاصــیمە)، زۆری تــر کە کــوڕ و کــچ بە تێکەڵــی لەو حــوجرانەدا دەرســیان خوێندووە.[٣]

پرۆســەی خوێنــدنی مــزگەوت (حــوجرە)، لە پرۆســەی خوێنــدنی فەرمــی جیــاواز بــووە، جیاوازیەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی دوو دامەزراوەی لە یەک نەچوو لە ڕووکـاری فەلسـەفی و دنیابینی و ستراتیژ و ئامانج و دامەزراوەی لە تێکڕای پرۆسەکە لە شێوازی وانەبێژی و پرۆگرام و تەلار و بینــای خوێنــدن، هەروەکــو جیــاوازی لە تەلاری مــزگەوت و تەلاری قوتابخــانە، واتە کردنەوەی قوتابخانەی فەرمی بە شێوەیەکی سەرەکی ئەرکی دەوڵەت و دەسەڵاتی حکومەتی بووە. لەگەڵ ئەوەی (حـوجرە و قوتابخـانە) هەردووکیـان سـاڵانێك شـان بە شـانی یەکتـری خزمەتیـان بە بـواری پەروەردە و فێرکـردن کـردووە لەم شـارەدا. هەر کەســە و خەڵکـی ئەم شــارە بە توانــا و لێکدانەوەی سەردەمەکەی خۆیی و پێگەی خێزانی بەشداری خوێندنی کردووە، هەروەکو سـەرەتای

(١) شاهۆ عوسمان سەید قادر، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/٢٠
(٢) زەکیە ڕەشید محەمەد ئەمین، بزوتنەوەی کچانی کورد لە سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١١
(٣) د.ئاراس محەمەد سالح، هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا، سەرچاوەی پیشوو، ل٤٩

سەرهەڵدانی قوتابخانە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی کە زیاتر مۆرکی قوتابخانەی سەربازی لە خۆ گرتووە.(١) سەرەڕای بوونی حوجرەکان لە خوارەوە ئاماژە بە هەبوونی قوتابخانەکان دەکەین، لە کاتێکدا کردنەوەی قوتابخانە بەشێوەیەکی زۆر کەم بووە، سەرەڕای کەم و کورییەکانی، بەڵام ئەو کەم کوڕیانە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی گرتەوە. قوتابخانەکانیش بریتیبوون لە:

١. لە ساڵی (١٨٦٨) یەکەم قوتابخانەی (ڕوشدیەی مولکی) کراوەتەوە، بەهەوڵ و کۆششی (ئەحمەد پاشای بابان و سلێمان غەواس).

٢. لە ساڵی (١٨٩٣) قوتابخانەی (ڕوشدیەی عەسکەری) واتە ڕوشدیەی سەربازی کراوەتەوە، بە هەوڵ و ماندوو بوونی (سەعید پاشای خەندان)، کە وەزیری بابی عالی بوو لە دەوڵەتی عوسمانی و خەڵکی سلێمانی بووە، ئاستی خوێندن لە ڕوشدیەی سەربازیدا بەرامبەر خوێندنی ناوەندی بووە، خوێندن لەم خوێندنگەیەدا بە زمانی تورکی بووە، مامۆستای قوتابخانەکەیان ناوبردووە بە (فەرمە سۆن).

٣. لە ساڵی (١٩١٤-١٩١٥) یەکەمین قوتابخانەی کچان لە سلێمانی کراوەتەوە، (مەلا عەبدوڵای عیرفانە فەنیان) کردووە بە بەڕێوەبەری و تەنها مامۆستای ئافرەت (مەلیحە خانی نزهەت ئەفەندی) بووە، کە نازناوی (مەلیحە خانی قازی) هەبووە، خێزانی (عەبدوڵا نوری موهتەدی) بووە.(٢)

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، کۆتایی هات بە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، بە نەمانی ئەو دەوڵەتە و کارەساتی پاشماوەی جەنگ و هاتنی ئینگلیزەکان و دروستبوونی ئیدارەی کاتی کوردی شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی خەڵکی گۆڕی، ئەم سەردەمە تازەیە کاریگەری کردۆتە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی ناوچەکە و بە تایبەتی ئەم شارە. جێگەی ئاماژەیە بە هاتنی ئینگلیزەکان خەرجیان بۆ پرۆسەی خوێندن لە عێراقدا کەمکردەوە بە بەراود بە دەوڵەتی عوسمانی، بە تایبەت لە سلێمانی و دەوروبەری لەو داهاتەی کە هەبووە تەنها (٦٣) هەزار ڕوپیەیان سەرفکردووە بۆ خوێندن.(٣)

لە ساڵی (١٩٢٢) (مەلیك مەحموود)، لەو ماوە کەمەدا لە سلێمانی برەوی داوە بە بواری خوێندن و خوێندەواری و خوێندنگاکانی سلێمانی فراوانکردووە، ئەویش بەکردنەوەی (چوار) قوتابخانە بە ناوەکانی (ئەعادیەی مەحموودیە، ڕوشدیەی قادری، لەتیفەی سەرەتایی، ڕەئوفیەی

(١) شاهۆ عوسمان سەید قادر، مێژووی دەسپێکی خوێندنی فەرمی (قوتابخانەکان) لە سلێمانی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٨٥٢٣، ٢٠٢١، ل١١

(٢) شاهۆ عوسمان سەید قادر، سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەرین، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٨٤-٨٥

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٨٦

سەرەتایی)، مامۆستاکانی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە پەروەردەکردن و پتەوکردنی هەستی نیشتمانی، هەروەها قوتابیەکانیان فێری مەشقی سەربازی کردووە، حەزیان دەکرد بە سیستمێکی نوێ و بنەمایەکی سەربازی بەڕێوە بچێ.[1] شاری سلێمانی گەورە و فروان بووە لە ڕووی قەبارەوە، بەڵام لە ڕووی دامەزراوەیەوە گەورە نەبووە، قوتابخانەکانیش بە پێی ڕێژەی دانیشتوان دروست نەکراوە، بەشێك لە قوتابخانەکان سێ بۆ چوار دەوامی تیایە، مامۆستاکان چۆن بتوانن منداڵ پەروەردە بکەن لە کاتێکدا ژوورەکانی قوتابخانە لە بری (٢٠) خوێندکار (٤٠) خوێندکاری تیایە، چۆن مامۆستا ئەتوانێت خوێندکار فێر بکات و پەروەردەی بکات، بۆیە پێوەرەکانمان بۆ دانیشتوان وەکو خۆی نییە، لە ڕابردوودا قوتابخانەکان وەکو دامەزراوەیەك لە خزمەتی خەڵك بووە، لە دوای ڕاپەڕین ساڵی (١٩٩١) و ساڵی (٢٠٠٣)، قوتابخانەکان بەرە و ئەهلی ئەچن.[2]

سەبارەت بە گەڕەکی سابونکەران لە ڕابردودا ژمارەیەك مزگەوت هەبووە، کە حوجرەی تێدا بووە، منداڵیان فێری خوێندن کردووە، یەکەم قوتابخانە کە کراوەتەوە لە گەڕەکی سابونکەران بووە لە ساڵی (١٩٢٦) لە ماڵی (فتح الله بەگ) بووە. [3]

**ژیانی تەندروستی شاری سلێمانی**

ڕەوشی تەندروستی لە شاری سلێمانی زۆر دواکەوتوو بووە، لە ساڵانی (١٨٧١و ١٨٨٩و ١٨٩٤) دا، ڕشانەوە و تاعون و نەخۆشی گولی و گرانەتا دەرکەوتووە، دکتۆر و دەرمان نەبووە، بۆ چارەسەرکردنی هەندێك لە نەخۆشیەکانیان پەنایان بردۆتە بەر (حەکیم) یان (پزیشکی میللی)، کە ئەم پیشانەیان لە باو و باپیرانەوە بۆ ماوەتەوە، هەستاون بە دروستکردنی جۆرێك لە دەرمان بۆ سوتاوی یان گەچ گرتنەوە بۆ شکاوی.[4] هەندێك کەس لە شارەکەدا جۆرە شارەزاییەکیان هەبووە لە بواری پزیشکی میلیدا، خەڵکی بە مەبەستی چارەسەرکردن سەردانیان کردوە، ئەمەش لە ئەنجامی مومارەسە و ئەزمونەوە سەرچاوەی گرتووە، یاخود لە باوك و کەس و کاریانەوە فێربوون، سەرەتا دەلاکەکان منداڵیان خەتەنە کردوە و برین و سوتاویان تیمار و چارەسەر کردووە، لەهەر گەڕەکێك چەند ژنێك شارەزاییان لە مامانیدا هەبووە، ئەم جۆرە پزیشکیە میللییە هەتا پێش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و هاتنی بەریتانیەکان لە ساڵی (١٩١٨) بۆ ناوچەکە و لەسەردەمی پاشایەتیدا بەردەوام بوو، لەسەردەمی عوسمانیدا هیچ دامودەزگایەکی تەندروستی لەم ناوچەیەدا نەبووە، هەندێجار پزیشکی سەربازی هاتوون، ئەمەش تایبەت بە بەشی سەربازی ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی

---

(١) شاهۆ عوسمان سەید قادر، سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١
(٢) شاهۆ عوسمان سەید قادر، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/٢٠
(٣) م.محمد باقی سعید، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/١٨
(٤) م.ر.هاوار، شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کودستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨-٥٩

بووه.[1] له ساڵی (١٩٣٤) بەردی بناغەی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی گەورە دانراوە لە ژووری نەخۆش و فەرمانبەران و دکتۆر و چوار حەمام پێکهاتووە، ئەو خەستەخانەیە بە چیمەنتۆ و شێلمانی ئاسن دروستکرابوو، پاشان لە ساڵی (١٩٣٦) نەخۆشخانە کراوەتەوە کە (٣٤) قەرەوێڵەی هەبووە، بە نەخۆشخانەی فەیسەلی یەکەم ناسراوە، لە ساڵی (١٩٤٣) تەنها دوو نەخۆشخانە لە شاری سلێمانیدا و هەشت بنکەی تەندروستی هەبووە، لە ساڵی (١٩٤٥) نەخۆشخانەی سنگ و پاراستنی ساوایان کراوەتەوە، لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٤- ١٩٥٥) نە خۆشخانەی چاودێری دایکان و بنکەی تەندروستی چوارباغ کراوەتەوە.[2]

لەگەڵ فروان بوونی شار خەستەخانەی نوێ و بنکەی تەندوستی کراونەتەوە لە گەڕەکەکان، ئەمانەش لە چوار چێوەی کەرتی گشتی دا بووە لە بەرژەوەندی خەڵك بووە، لە سەردەمی پێشوودا پلان هەبووە لەڕووی دانیشتوانەوە، کاتێك خەستەخانەی جمهوری دروستکرا، گەڕەکی (ئیسکان) دروستکرا، ئەم گەڕەکە دروستکرا بۆ کارمەنی نەخۆشخانە و کارگوزار. واتە پێش ڕاپەڕین کەرتی گشتی هەبوو.[3]

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و ساڵی (٢٠٠٣) وە، کەرتی تەندروستی بەرە و ئەهلی ئەچێت. هەروەها خەستەخانەکان وەکو دامەزراوەیەکی گرنگ لەسەر ئاستی ژمارەی دانیشتوان دابەشنەکراوە واتە ژمارەی (پزیشك و پەرستار و کارمەندی تەندروستی) چەندێکە بۆ هەر کەسێك، بۆ نموونە پزیشکێکی ددان لە خەستەخانەدا چەند نەخۆشی بەردەکەوێت، لە ڕووی خێزانەوە چەندی بەرئەکەوێت، هەموو ئەمانە پێویستی بە پلانە.[4]

لە ژێر ڕۆشنای ئەوەی سەرەوە کە باسکرا، دەتوانین بڵێین، ئەو ڕوودا و پێشهاتە سیاسیانەی کە لە کۆمەڵگەی عێراق و کوردستانی باشوور ڕوویانداوە، کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری و ڕۆشنبیری دروستکردووە، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) هاوکات لەگەڵ گۆڕانکاری لە دەسەڵات لە باشووری کوردستاندا، شاری سلێمانیش وەکو یەکێك لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، گۆڕانکاری لە شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری و ڕۆشنبیری دانیشتوان ڕوویداوە.

---

(١) د.حسین اسماعیل خان دەلۆ، ژیانی کۆمەڵایەتی لیوای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٢١- ١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٧
(٢) د.حسین اسماعیل خان دەلۆ، ژیانی کۆمەڵایەتی لیوای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٢١- ١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٧
(٣) شاهۆ عوسمان سەید قادر، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/٢٠
(٤) هەمان سەرچاوە

## بەشی دووەم

## نەسەقی کۆمەڵایەتی

نەسەقی کۆمەڵایەتی دابەشدەکرێت بەسەر دوو باسدا کە بریتیین لە:

گەڕەکی سابونکەران لە بیرەوەری شاری سلێمانی

باسی یەکەم: ڕیشەی مێژووی گەڕەکی سابونکەران

١. شوێنی دروستبوونی گەڕەکی سابونکەران و بنەڕەتی ناوەکەی

٢. شوێنی جوگرافیایی گەڕەکی سابونکەران لە شاری سلێمانی

٣. ناو و بنەڕەتی شەقام و کۆڵانەکانی گەڕەکی سابونکەران

٤. جۆری خانووەکان و نەخشە و ئەو کەرەستانەی لە دروستکردنی خانووەکان بەکارهاتوون

٥. شوێنە ئایینی و مێژووییەکانی گەڕەکی سابونکەران

٦. کاریگەری مزگەوتی گەورە لەسەر پێگەی گەڕەکی سابونکەران

باسی دووەم: سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران

١. سروشت و جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەڵکانی ڕەسەنی گەڕەکی سابونکەران و لەگەڵ خەڵکانی گەڕەکی دراوسێیان

٢. ڕیشەی مێژووی خێزانە ناسراوەکانی گەڕەکی سابونکەران

٣. پەیوەندی خزمایەتی و جۆرەکانی هاوسەرگیری لە نێوان خێزانە کۆن و نوێیەکانی گەڕەکی سابونکەران

٤. جۆری بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی تایبەت بە دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران

## بەشی دووەم: نەسەقی کۆمەڵایەتی

### باسی یەکەم: ڕیشەی مێژووی گەڕەکی سابونکەران

### ١. شوێنی دروستبوونی گەڕەکی سابونکەران و بنەڕەتی ناوەکەی

گەڕەکی گوێژە یەکێکە لە گەڕەکە گرنگەکانی شاری سلێمانی، کە دەکەوێتە بەشی ڕۆهەڵاتی شاری سلێمانی، نەخشەی گەڕەکی گوێژە لە ڕابردوودا لە بەردەرکی سەراوە دەستی پێدەکرد، بەرەوژوو ئەبوەوە، بە شەقامی ئۆرزیدا (گۆرانی ئەمڕۆ) ئەڕۆیشت کە (ئەوکاتە کۆڵان) بوو تاوەکو ئەگەیشتە مەزاری شێخ جافر، کە ئەمڕۆ مەزارەکەی لەسەر سوچی کۆتایی شەقامی گۆرانە و چوار ڕیانە، کە لە و کاتەدا خانوو نە بوو چۆڵ بووە، لە سەرەوە بەسەد مەترێک، سەدێك هەبوو ئەو سەدە لە دوای لافاوەکەی ساڵی (١٩٣٣) دروستکرا تاوەکو شار لە لافاو بپارێزێت، کە ئێستا شەقامی ئیبراهیم پاشا لەسەری دروستکراوە، گەڕەکی گۆیژە لە دوای چوار ڕیانەکەوە بە شەقامی نالی ئێستادا تێئەپەڕی (ئەوکاتە کۆڵان بوو)، تاوەکو ئەگەیشتە ئەسحابە سپی و بەردەرکی سەرا، ئەوکاتە سەرا ئەوەندە فراوان نەبووە، گەڕەکی سابونکەران بەشێکە لە گەڕەکی گۆیژە، لەبەرئەوەی بەشێك لە دانیشتوانی دەوروبەری شەقامەکە لە ماڵەکانیاندا بە دروستکردنی سابونەوە خەریك بوون، بە ناوی (شەقامی سابونکەران) ناو دەبرێت.[1] ئەوەی سەرچاوەکان باسی ئەکەن و ئەوەی کە لە خەڵکی کۆنی شاری سلێمانیەوە هەیە دەربارەی گەڕەکی سابونکەران، گەڕەکی سابونکەران یەکێك نییە لە کۆنترین گەڕەکەکان، بەڵکو لەگەڵ دروستبوونی شاری سلێمانیدا کۆمەڵێك گەڕەکمان هەیە ژمارەیان (٦) گەڕەکە دروست بوون و، ئەم شەش گەڕەکە لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی شوێنەکانی ترەوە دروستبوون، ئەگەر تێبینی شاری سلێمانی بکەین چۆن دروست بووە، ئاوێتەیەکی کۆمەڵایەتی شارەکانی ترەوە هاتوون، واتە خەڵکانێك لە شاری سنەوە هاتوون چەند گەڕەکێکیان بە ناوی ئەو گەڕەکانەوە ناو ناوە کە لە شاری سنە هەبوون، بۆ نموونە گەڕەکی دەرگەزێن و چوارباغ، ئەم گەڕەکانە لە شاری سنەش هەیە و بەڵام لێرە دروستکراونەتەوە. لە ئەنجامی فراوانبوونی شار لە سەردەمی (**عەبدلرەحمان پاشای بابان**(*)، **١٧٨٩- ١٨١٣ز**)، وردە

---

(١) م.محمد باقی سعید، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/٣

(*) ئەم میرە یەکێکە لە میرە هەرە گەورەکەی ئیمارەتی بابان، زۆر بە جەرگ و نەبەز و وووریا و تێگەیشتوو و لێکدەرەوە بوو، تایبەتمەندی فەرمانڕەوایی بە تەواوەتی هەبووە، بەڵام خیانەت و دووڕووی خزمەکانی، هەروەها فەرمانڕوایانی بەغدا و ئێران، بارودۆخی جوگرافیای شارەکە و نەیان هێشت بە ئامانجی خۆی بگات. زۆر دیندار و حورمەتکار و شەریعەت و خۆشەویستی زانایان بوو، هەستێکی نەتەوەی بەرزی هەبوو، نزیکەی بیست و چوار ساڵ ئیمارەتی بابانی بە دەستەوە بوو. زۆری هەوڵی داوە سنووری ئیمارەتەرەی فراوان بکات و ئەگەر یارمەتیدەری هەبوایە حکومەتێکی گەورەی پێکەوە ئەنا بەڵام لە لایەکەوە کەم طاڵعی خۆی و زۆری رەقیبانی خانەدانانی خۆی، نەیان هێشت بە مەرامی خۆی بگات، بێجگە لەوەی ئیماراتی بابان لەسەردەمی ئەم میرەدا خۆشگوزەرانی بە خۆیەوە نە بینی بە هۆی هاتنی چەند جارەی لە شکری عەجەم و شەڕ لەگەڵ لە شکری بەغدا تووشی ماڵ وێرانکەری زۆر بوو. عەبدلرەحمان پاشا نزیکەی ساڵێك بێ شەڕ حکومی ئیمارەتی بابانی کرد و لە دوایدا کۆچی دوایی کرد. - ئەمین زەکی بەگ، تەئریخی سلیمانی وە ولاتی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤

وردە عەبدلرەحمان پاشای بابـان هەوڵـئەدات گەڕەکـی سـلێمانی فـراوان بکـات، گەڕەکـی نـوێی بـۆ دروسـت بکـاتەوە، کە لە دوایـی ئیبـراهیم پاشـای بابـانە وە دووەم دامەزرێـنەر و دروسـتکەرەوەی شاری سلێمانییە، گەڕەکی سابونکەران لەلایەن عەبدلرەحمان پاشای بابانەوە دروست کـراوە، مـاڵی عەبـدلرەحمان پاشـای بابـان ئەچێـتە ئەم گەڕەکە نـوێیە، بـۆیە ئەم گەڕەکە نـوێیە دروسـت ئەکرێـت سـەرەتا دەوڵەمەنـدەکانی شـار و کەسـایەتیە ناودارەکـان و میرەکـان و بازرگانەکـان لەم گەڕەکە نیشـەجێئەبن، عەبـدلرەحمان پاشـای بابـان ژمـارەیەك مـزگەوت دروسـت ئەکـات لە گەڕەکـی سابونکەران، وەك (مزگەوتی سەید حەسەن و شێخ بابـاعەلی) کە خـۆی دروسـتکردوون و یەکێـك بـووە لە ئەو میـرە کـوردە زۆر نـاوازانەی کە بـۆ خـۆی ئەهلـی زانسـت بـووە، بـۆیە بەردەوام لە مزگەوتەکانیشـیدا وانەی بە خەڵـك وتـۆتەوە، لە هەمانکاتـدا کاروبـاری میرایەتـی بەجێهێشـتووە و ڕۆیشتووە بۆ مزگەوتی گەورە و وانەی وتۆتەوە، مزگەوتی سەید حەسەن و شێخ باباعەلی سـەرەتا بەناوی عەبدلرەحمان پاشای بابان بـوون دواتـر چەنـد مەلایەك هـاتوون و دواتـر بە نـاوی ئەوانەوە ناوەکەیان وەرگرتووە، لە سنووری سابونکەران ئەم دوو مزگەوتە ناودارن.[١]

سـەبارەت بە بنەڕەتـی نـاوی سـابونکەران پێویسـتە سـەرەتا ئامـاژە بە مێـژووی دروسـتکردنی سابون بکەین لە شاری سلێمانی، پیشەی سابون دروستکردن پیشەیەکی کۆنە و لە ئیمارەتی بابانەوە ئەم پیشەیە هەبووە، دوای ئەوەی میری بابان ئیمـارەتەکەی گواسـتەوە بـۆ سـلێمانی، هەمـوو دەزگـا کارگێڕیەکانی هێناوەتە ئەم شارەوە، لەگەڵ ئەواندا پیشەوەران و بازرگان هەمووی گواسـتۆتەوە بـۆ شارە نوێیەکەی بابـان،[٢] لە نـاو ئەمـانەدا ئافرەتێـك هەبـووە پێیـان ئەوت (خەجەی خووجـان)، ئەم ئافرەتە بە زانین و بیر تیژی و زیرەکی خۆی توانی سابون درووست بکات بەشێوەیەکی سەرەتایی. لە مەنجەڵێکـی بچـووك دا، (چەوری) ئەکـوڵان لەگەڵ (خـۆڵەمیش)، پـاش مـاوەی شـەو ڕۆژێـك لە کوڵانن، ئەیهێنا ئەو کوڵاوەی ئەکردە دەفری بچووکەوە، دواتر کە سارد ئەبوویەوە هەموویی، پاشان بە چەقۆ لەتی ئەکرد ئەیبردە سەربان لەبەر خۆر هەڵی ئەخست تا وشـك ئەبـوو، ئەو کـاتە ئەبـوو بە سابون، کە بۆ جل شتن بەکار ئەهێنرا، پاش یەك دوو ساڵ ئەم ئافرەتە توانی مەنجەڵەکە گەورە بکا، لە جیاتی خۆڵەمێش، (قلی) بەکاربهێنن، بەم جۆرە سابونێکی باشی درووست ئەکرد.[٣]

---

(١) پ.ی.د.زریان سالار، چاوپێکەوتن، مامۆستای زانکۆی سلێمانی، بەشی شوێنەوار، سلێمانی، ٢٠٢٢/٤/٥

(٢) تالیب سـەید عەلـی، چـۆنیەتی سـابوون دروسـتکردن لە گەڕەکـی سـابوونکەران، گۆڤـاری سـلێمانی، ژ١٣٩، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٦

(٣) غفور ڕەشید، دروست کردنی سابوون، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژ ٣، ساڵی ٢، بەبێ چاپخـانە، سـلێمانی، ١٩٦١، ل ٥٣-٥٤

شەقامی سابونکەران شوێنی دروستکردنی سابون بووە، لە کۆندا خەڵك بۆ جل و بەرگ شتن (ئەسپۆن)[*] یان بەکاردەهێنا لە جیاتی سابون،[1] ئەو کەرەستانەی کە بەکاردەهاتن بۆ دروستکردنی سابون بریتیین لە:

١. قسڵ: ئەم کەرەستەیە وەکو گەچ وایە تۆپەڵ تۆپەڵە.

٢. قلی: ئەم کەرەستەیە ڕەنگێکی ڕەشی هەیە وەك کولوی ئاسن وایە، بە زۆری لە موسڵ دەست دەکەوێت.

٣. چەوری ئاژەڵ وەکو بەز و پیو.

٤. خوێ.[2]

لە ماڵەکاندا کوورە هەبووە، بەشێوەیەك لەهەر ماڵێکدا (٢) کوورە دروستکرابوو، کە مادەکانی سابونیان تیادا ئەکوڵان، (قسڵ و قلی) یەکە یان لە کوورە یەکدا لەگەڵ ئاودا گەرم ئەکرد، بە جۆرێك هەتاوەکو خاو ئەبویەوە و ئەبوو بە لیتەیەکی خاو، دیارە قسڵەکە گەرم بووە و قلیەکە فێنك بووە ساردی ئەکردەوە، ئنجا لە کوورە یەکی تردا هەموو (چەوری و بەزەکە) گەرم ئەکرا بەشێوەیەك وەکو ڕۆناوی لێ ئەهات، پاش ئەوەی هەرچی گۆشت و دەمار و ئێسك هەبوو لێیان ئەکردەوە، دواتر لەگەڵ دوو مادەکەی تردا تێکەڵ ئەکراو و ئەکوڵێنرایەوە،[3] لەسەر ئاگرێکی کەم تاوەکو بە تەواوی خەست ئەبوویەوە، ئەمەش ماوەی (٢٤ بۆ ٣٦) سەعاتی پێویست بوو، پاشان بە گوێرەی پێویست خوێی تێ ئەکرا و کەفی ئەکرد،[4] کەفەکەی بە کەوچك ئەگیراو ئەکرایە ناو کاسەی بچووك بچووك، ئنجا ئاوی تێدەکرا بۆ ئەوەی سارد بێتەوە ئەمە سابونی (سەرکەف)ی پێ ئەوترا، سابونی سەرکەف بەکارئەهات بۆ ژنان بۆ دەم و چاوشتن، پاشان (چەوراوەکی ژێری یان خەستاوەکەی)،[5] ئەکرایە ناو تەشتەوە و دائەنرا تاوەکو خۆی ئەگرت و ڕەق ئەبوو، ئنجا بە

---

(*) ئەسپۆن: شتێك بوو لە ڕەگی داری دەوەن ئەچوو، بە زۆری لە شاخەکاندا هەبووە، پێی ئەوترا (گەون)، ڕەگەکەی لە دارەکە گەورەتر بوو، ئەژنویەك لەناو زەویایە، هەڵیان ئەکێشاو وشکیان ئەکرد و ئەیان شکاند و تۆێکڵەکەیان فڕێئەدا و ناوەکەیان ورد ئەکرد بە جل و بەرگەکەوە و ئاویان پیائەکرد و کەفی ئەکرد بە گەڵا کوتك لێیان ئەدا و ئەم دیوو ئەودیویان ئەکرد تا پاك ئەبوەوە لە ئاویان هەڵئەکێشا و هەڵیان ئەخست، بەم جۆرە جلو بەرگیان بە (ئەسپۆن) ئەشت، هەندێجار سەریشیان پی ئەشت.

- ئەکرەمی مەحموودیساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی (٢٠٠) ساڵ، ب٢، چ٢، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەبێ شوێن، ١٩٨٩، ل ٩

(١) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی (١٩٣٢-١٩٤٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤

(٢) ئەکرەمی مەحموودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی ( ٢٠٠ ) ساڵ، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧

(٣) عەلی مەجید، سابوونکەران مەڵبەندی دروستکردنی سابوون و کفتەی بەناوبانگ، گۆڤاری سلێمانی، ژ ٦٦، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٩

(٤) ئەکرەمی مەحموودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی (٢٠٠) ساڵ، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧

(٥) ئەندازیار عالیە تۆفیق تاهیر، چاوپێکەوتن، لە بنەماڵەی ماڵی مەلا تاهیری سابونچی و کچی تۆفیقی مەلا تاهیری سابونچی ناسراوە، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٥

چەقۆ بەشێوەیەکی ڕێك و پێك لەت لەت ئەکراو ئەم جۆرەش پێیان ئەوت سابونی (بەزی)، بەڵام سەرە مقەستەکەی پێی ئەوترا (لاپاروو) هەرزانتریش ئەفرۆشرا، هەروەها سابونی (سەرکەف) لە سابونی (بەزی) و (لاپاروو) گرانتر ئەفرۆشرا.[(١)] لە هاوینان زیاتر سابون دروست ئەکرا لەبەرئەوەی زوو وشك ئەبویەوە بەهۆی زۆری تیشکی خۆرەوە، بەرهەمەکە زوو ئەهاتە دەست، بەڵام لە زستاندا ئەم بەرهەمە کەم بوو چونکە درەنگ ووشك ئەکرایەوە لەسەر ڕەفەی ژوور وشك ئەکرایەوە ماوەیەکی زۆری پێویست بووە.[(٢)]

ئەم سابونە کە بەرهەم ئەهێنرا بازرگانی پێوە ئەکرا ڕیچ لەم بارەیەوە دەڵێت: "بازرگانی لەگەڵ بەغدا هەمیشە بەردەوامە، لە بەغداوە (خورما، قاوە، کوتاڵ و بەرهەم هێنراوی کوردستان و ئەوروپا) دێت، لە سلێمانیەوە (پاقلە، نسك، نۆك، ماش، پەنییر، ترش، کەتیرە و سابون (پیو) بۆ بەغدا ئەچێت".[(٣)] ئەم سابونە باشترین سابون بووە کە بەرهەم ئەهێنرا ئەو کاتە، بەڵام لە سەرەتای پەنجاکاندا لە نێوان ساڵانی (١٩٥٥-١٩٥٦) ئەم پیشەیە وردە وردە بەرە و فەوتان چووە، بەهۆی پەیدابوونی سابونی (شماس و ڕەقی) بۆیە سابونکە زۆر بازرگانی پێوە نەئەکرا لەبەرئەوە خەڵکەکە وازیان لێهێنا.[(٤)]

ژنەکانیش ئەم ئیشەیان کردووە، (فاطە خان) کە خێزانی مەلا تاهیری سابونچی بووە، کوورە و کارخانەی خۆی هەبووە، زیاتر لە (١٠) ژن لەبەر دەستیدا ئیشیان کردووە،[(٥)] هەروەها (ئامەی حمە شەریف، ڕەحە سەرچیلکە، ڕەعنای دایکی شەفیق پورە گوڵچین)، سابونیان کوڵاندووە پێیان ئەوتن (سابون کوڵێن). ژمارەیەك ماڵ لە گەڕەکی سابونکەران سابونیان دروست ئەکرد لە ماڵەکانی خۆیاندا و پێیان ئەوترا (سابونچی)، ناوی ژمارەیەك لە ئەو ماڵانەی کە سابونیان دروست ئەکرد: ماڵی (مەلا تاهیر، میرزا عەبدوڵلا، حاجی سەعی میرزا، حەمەی حەکیم، سەعەی خەجەخانی، حاجی ساڵحی چزڵێك، حاجی کەریمی حاتەم، حەمەی ڕەسوڵ، مامە ڕەشە،[(٦)] حەمەی چاومار، حسن چاومار.[(٧)]

کەواتە بنەڕەتی ناوی سابونکەران پەیوەندی بە پیشەکەیانەوە هەیە، ئەم ناوە هەڵگری ناوی پیشەی دانیشتوانەکەیەتی کە بەکاری سابون دروستکردنەوەوە خەریك بوون لە مێژەوە.[(٨)]

(١) ئەکرەمی مەحموودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی (٢٠٠) ساڵ، ب ٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧-٨
(٢) غفور ڕەشید، دروست کردنی سابوون، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥
(٣) کلود جەیمس ریج، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١
(٤) م.بێستون علی کەریم، چاوپێکەوتن، مامۆستای زانکۆ، خانەنشین، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٣
(٥) ئەندازیار عالیە تۆفیق تاهیر، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٣/١٥
(٦) ئەکرەمی مەحموودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی (٢٠٠) ساڵ، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨
(٧) جمال جلال عبدالصمد، چاوپێکەوتن، بەرگدوور، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦
(٨) زەکیە ڕەشید، چاوپێکەوتن، نووسەر و مامۆستای خانەنشسین، سلێمانی، ٢٠٢١/١٠/٢٦

وێنەی ژمارە (١)
سابونی سەرکەف نیشان دەدات [١]



(١) سابونەکە لە واحیدە حمە ڕەشید وەرگیراوە

## ٢. شوێنی جوگرافیایی گەڕەکی سابونکەران لە شاری سلێمانی

گەڕەکـی سـابونکەران ئەکەوێـتە ڕۆژهەڵاتـی شـاری سـلێمانی و ناوەنـدی شـارە، سـنوری سابونکەران لە بەردەرکی سەراوە دەست پێدەکات، هەتاوەکو کۆتا ماڵ کە ماڵی (ڕەشـەی کەریمـی هەیەری قەساب)ە، پاشان بەرەوە تەکیە ڕووتە، ئیتر لە ئەوێوە ئەبێت بە گەڕەکی (گاوران) بەشێکی زۆری مەسیحییەکان لەوێ نیشتەجێبوون، کەواتە سابونکەران (گاوران، قاوەخـانەی سـەرچیمەن و قەزازەکان) دەگرێتەوە.[١]

نەخشەی ژمارە (١)

شوێنی گەڕەکی سابونکەران لە شاری سلێمانی نیشان دەدات [٢]




---

(١) زانا محمد محمد امین، چاوپێکەوتن، بەڕێوەبەری بەشـی هونەری، بەڕێوەبەرایەتی تۆمـاری خـانووبەرەی سلێمانی ٢، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/١١

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی (GIS)

نەخشەی ژمارە (٢)

گەڕەکی سابونکەران لە ساڵی (٢٠١٩) نیشان دەدات [١]




## ٣. ناو و بنەڕەتی شەقام و کۆڵانەکانی گەڕەکی سابونکەران

سەبارەت بە شەقامەکانی گەڕەکی سابونکەران دوو شەقامی سەرەکی هەیە، یەکێیان (شەقامی سابونکەران)، ئەوەی تریان شەقامی (کەریمی ئەلەکەیە).

**١. شەقامی سابونکەران: Sabunkaran Street**

لە شەقامە کۆنەکانی سلێمانییە، کە لە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە، لە ڕاستی گەڕەکی سابونکەرانەوە دەست پێدەکات تاوەکو فولکەی سەرا.

**٢. شەقامی کەریمی ئەلەکە [*]: Karimi Alaka Street**

لە لای گەڕەکی دیانەکانەوە (مەسیحییەکان - گاوران) دەست پێدەکات، بەناوی یەکێك لە پیاوە چاکەکانی دیانەکانی سلێمانی کە (کەریمی ئەلەکە) بووە، لە حکوومەتەکەی شێخ مەحموود سەرۆکی دارایی بووە، پیاوێکی خێرۆمەند و نیشتمانپەروەر و خۆشەویستی دانیشتوانی سلێمانی و گەڕەکی سابونکەران بووە.[٢]

(١) بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی (GIS)، سەرچاوەی پێشوو

(*) کەریمی ئەلەکە: خۆی لە بنەڕەتدا ناوی ئەلیاسە، ئنجا لە کوریبدا ئەلیاس کەمێك قورس بووە لە لایان کردوویانە بە ئەلە، جاران واباو بووە پیتێکیان بۆ زیاد ئەکرد وەکو مچەکە، هەر بۆیە (کە) یان بۆ زیاد کردووە، ئەلەکە بووە بە لە قەبیان.
- م.لەتیف پۆلس استیفان سەراج، چاوپێکەوتن، مامۆستای خانەنشین، سلێمانی، ٢٠٢٢/٤/٦

(٢) جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧١-٣٧٢

هەروەها ژمارەی کۆڵانەکـانی گەڕەکـی سـابونکەران، پێکهـاتووە لە (٦٢) کـۆڵان، لە کـۆی ئەو (٦٢) کۆڵانە زیاتر لە (١٠) کۆڵانی نەماوە، لە بەرکۆنی مێژووی گەڕەکی سـابونکەران بە سـەدان خانوو ڕووخاوە، کراوە بە (گەراج و باڵەخانە و شوێنی بازرگانی).[1]

نەخشەی ژمارە (٣)

ژمارەی کۆڵانەکانی گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [2]



ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە لە ڕابردوودا سەرەتا شەقامێك بە ناوی سابونکەرانەوە بووە و، دواتر گەڕەکەکە بە نـاوی شـەقامەکەوە نـاونراوە، ژمـارەیەك لە دانیشـتوانی ئەم شـەقامە بە سـابون دروستکردنەوە خەریك بوون، لەبەرئەم پیشەیە ناوبانگی بە شەقامی سابونکەران دەرکردووە، واتە ناوی سابونکەران هەڵگری پیشـەی دانیشـتوانەکەیەتی کە خەریکـی دروسـتکردنی سـابون بـوون، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم شەقامە سەر بە گەڕەکی گویژەی کـۆن بـووە، ئێسـتا لە بیـرەوەری دانیشـتوانی کـۆنی سـابونکەران ئەم گەڕەکە گـۆیژەیە کە هەریەکە لە (سـابونکەران و گـاوران و قاوەخـانەی سـەرچیمەن و قەزازەکـان) یـش دەگـرێتەوە، لە ئێسـتادا بەپێـی ماسـتەر پلانـی شـاری سلێمانی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر گەڕەکـانی شـاری سلێمانیدا هـاتووە، گەڕەکـی سـابونکەران ژمـارە (٢٠٤)

---

(١) جلال احمد فقی احمد، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/١٦

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشـی (GIS)

پێدراوە لە شارەوانی سلێمانی، سنوری گەڕەکی سابونکەران بەم شێوەیە لە (بەردەرکی سەرا) وە دەست پێدەکات بۆ (ئەسحابە سپی)، پاشان بۆ (فولکەی نالی) ئنجا بەرەوە (فولکەی گۆزەکان)، بەپێی ئەم نەخشەیە بێت ئەوا لە بەردەرکی سەراوە بە دەستی ڕاستدا تایبەتە بە گەڕەکی سابونکەران و بەڵام لای چەپ تایبەت کراوە بە گەڕەکی (مەڵکەندی)، ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە لە ڕابردوودا ئەوماڵانەی کە سابونیان دروست کردووە کە و توونەتە دەستی چەپی شەقامی سابونکەران، لە مزگەوتە بەناوبانگەکانی سابونکەران دەکەوێتە لای چەپی شەقامی سابونکەران لەبەردەرکی سەرەراوە وەك مزگەوتی (سەید حەسەن، شێخ محمد بەزرنجی و شێخ محمدی خاڵ). کەوابوو کاتێك باس لە گەڕەکی سابونکەران ئەکەین هەریەکە لە ( گاوران و قاوەخانەی سەرچیمەن و قەزازەکان) دەگرێتەوە، واتە سابونکەران لە سێ بەش پێکاتووە کە بریتیین لە:

**١. قەزازەکان:**

ناوەکەی لە پیشەی (قەزاز)یەوە هاتووە، کە چەند ماڵێك ئەم پیشەیە یان کردووە، شوێنەکەی کەوتبووە لای خۆرهەڵاتی گەڕەکی گۆیژە،[(١)] کاری قەزازی واتایی دروستکردنی چەفتەی سەر و شان، لە ئاوریشم و لە زەنگیانە و پولەکە... هتد، یان نەخشی ڕەنگا و ڕەنگ بە ئاوریشم بۆ پێڵاوی (پانی بەرز) کە ناودەبرا بە (چەم چەم).[(٢)]

**٢. گاوران[(*)]:**

لە دوای دامەزراندنی شاری سلێمانی بە چەند ساڵێك چەند ماڵێکی فەلە - مە سیحی - لە چەند شوێنێکی وەك (کۆیە، کەرکوك، موسڵ، قەرەداغ)ە وە هاتونەتە ناو گەڕەکی سابونکەران، دوای تێپەڕبوونی ڕۆژگار ژمارەیان زیادیکردوە، پاشان کەنیسەیەکیان بەناوی (مەریەمی عەزرا) تێدا دروستکرد، کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی نزیك بە گەڕەکی سابونکەران.[(٣)] بە ناوی ئەوانەوە ناونراوە گاوران.

**٣. قاوەخانەی سەرچیمەن:**

لە چەند ماڵێکی کەم پێکهاتوە، لەڕاستیدا بەشێك بووە لە گەڕەکی گۆیژە، کەوتبووە خوار گەڕەکی

---

(١) عبدالخالد صابر، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی (بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٧٨٤-١٩١٤)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٤

(٢) زەکیە ڕەشید، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢١/١٠/٢٦

(*) گاوران: وشەی (گاور، گەبر) کەریم زەند دەڵێت: وشەی گاور لە وشەی گەبرەوە هاتووە، گەبریش مەبەستی ئەوە بووە، کەوا زەردەشت وەختی خۆی مژدەی داوە بە (حەزرەتی مەریەمە) بە هاتنی کوڕەکەی کە حەزرەتی (عیسایە) (ر.خ) کە پێغەمبەرە ئەڵێت لەوەوە هاتووە.

- م.لەتیف پۆلس استیفان سەراج، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٦

(٣) عبدالخالد صابر، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥

سـابونکەران، ناوەکەشـی لەوە هـاتووە کە پـێش بنیاتنـانی خـانوو تیـادا نە بـووە شـوێنەکە چـیمەن بـووە، لەو گەڕەکەدا قاوەخـانەیەك هەبـووە کە جـگە لە خەڵکـی شـارەکە ڕێبـوارانیش لەوێ لایان داوە کە ناسراو بووە بە (قاوەخانەی سەرچیمەن).[١]

لە ڕابـردوودا شـەقامی سـابونکەران نـاونراوە شـەقامی مۆسـکۆ (شـارع موسـکۆ)، لەبەرئەوەی خانووەکانی لەسەر شێوازی تەلارسازی شارستانی دروسـتکرابوو، بە شـێوەیەك کە (عەرووسـی و کەلەگـی و هەیـوان و پشـت هەیـوان)ی هەبـووە شـێوازێك بـووە، لە شـێوازی تەلارسـازی سـنە و کرماشان و بغداد و موسڵ کە لە شارە هاوچەرخەکان بوون، جگە لەوەی لەم شەقامە کەمتر نەریتی عەشایەری بەدیکراوە، لە دوای شۆڕی ئۆکتۆبەری ڕووسیا ڕەنگدانەوەی لەسـەر سلێمانی هەبـووە زۆربەی وەستا و کرێکار و نانەواو و پیشەکاربوون لە ژێر ناونیشانی پرۆلیتاریا ئەیانویست ژیانیان ڕێکبخەن.[٢]

لە ساڵی (١٩٥٩) دا پـارتی و شـیوعیی هەبـووە، لە گەڕەکـی سـابونکەران شـیوعیی زۆر بـووە، مستەفا چاوڕەش ئەوکاتە گەنج بووە یەکێك بـووە لە شـیوعیەکان لەگەڵ ئەکرەمـی حەپسـەدا، دواتـر ڕەئووفی حاجی قادر هەبووە، کە ماوەیەك بەرپرسیاری ناوچەی حزبی شیوعیی بووە، هەمـوو ئەم هۆکـارانە وایـانکردوە کە بە شـەقامی سـابونکەران بوترێـت (شـارع موسـکۆ)، بەڵام گەڕەکـی سەرشـەقام کە (کـاك نەوشـیراون) ئەوان و باڵادەسـت بـوون پـارتی بـوون ئەوکـاتە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسـەر دروسـتبوونی جۆرێك لە ململانـی لە نێـوان گەڕەکـی سـابونکەران و سەرشەقام، ئەگەر کەسێکی شیوعیی لە سابونکەرانەوە بڕۆیشتایە لای گەڕەکی سەرشەقام پێکـدادان دروست بووە لە نێوانیان، بەهەمان شێوە ئەگەر کەسێکی پـارتی بڕۆیشـتایە گەڕەکـی سـابونکەران ئەوا پێکدادان دروست بووە.[٣]

---

(١) عبدالخالد صابر، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٥
(٢) بهاءالدین ڕەحیم شریف/ بە شێخ بهاءالدینی کۆمەڵایەتی ناسراوە، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٢٨
(٣) م.بێستون علی کەریم، بە شێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٣

## ٤. جۆری خانووەکان و نەخشە و ئەو کەرەستانەی لە دروستکردنی خانووەکان بەکارهاتوون

ئەنثرۆپۆلۆجیای تەلارسازی، ناوەندێکی کلتووریە بۆ تێگەیشتن لە شێوازی ژیان و جیهانبینییەکان، بەشێوەیەکی دیاریکراوتر لە تێگەیشتنی جیاوازی نێوان ڕەفتاری کلتووری و بەهاکان لە شوێنە تایبەتەکاندا.[1] ئەنثرۆپۆلۆجیست ڤیکتۆر بوچلی (**Victor Buchli, 1963-**) ئاماژە بەوە دەکات دەڵێت" زۆرجار ڕێگای تێگەیشتن لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بریتییە لە تێگەیشتن لە لایەنی فیزیکی و بە درێژکراوەی گۆڕانکاری و تەلارسازی کۆمەلایەتییە ڕێکخراوەکەیەتی".[2] بۆیە هەر شار و شارۆچکەیەك کە دروست بووە بێبنەما دروست نەبووە، بەڵکو چاوی لە ئەزموون و شارستانیەتی پێش خۆی بووە، یان وانەیەکی لە ژینگە وەرگرتووە، ئەگەر سەرنج بدەینە جۆری خانوو بەرە و جۆری ژیان بەسەربردن، لەوە تێئەگەین کە کورد یەك جۆرخورەوشت و ڕەفتار بەیەکەوە گرێیان ئەدات، بەڵکو هۆگری خوو پێوەگرتنە بە نەریتی خۆیەوە.[3]

سەبارەت بە سەرهەڵدانی قۆناغەکانی تەلارسازی (**Architecture**) و ئەو کەرەستانەی کە بەکارهاتوون بۆ دروستکردنی خانوو لە شاری سلێمانی، بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانین تەلارسازی شاری سلێمانی بکەین بەچەند قۆناغێکەوە:

**قۆناغی یەکەم: ساڵی (١٧٨٤-١٩٠٠ز)**

ئەم قۆناغە لە سەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانیەوە دەست پێدەکات، ئەوکاتەی ئیبراهیم پاشای بابان ئیمارەتەکی گواستەوە لە لە قەڵاچوالانەوە بۆ سلێمانی. یەکەم جار شەقامەکان دروستکراون وەك شەقامی (مەولەوی، پیرەمێرد، کاوە، شێخ محمەوود و گۆران) بوون، ئەم شەقامانەش لە سەراوە یان لە نزیکی ئەو شوێنە ئاراستەکانیان دەردەچن، دواتر گەڕەك و کۆڵانەکان دروستکران، تایبەتمەندی بیناسازی هەر شارێك بەستراوەتەوە بە شوێنی جوگرافی ئەو شوێنەوە، شاری سلێمانی زۆربەی شەقام و کۆڵانەکانی تەسك بوون، ئەمەش لەبەرئەوەی زەویەکەی شوێنێکی شاخاوی بووە، وەك هۆکارێك بۆ بەرگری و ڕامیاری لە پشتەوە بوو بۆ مەبەستی پارێزگاری کردن لە خانووەکان، خانووەکان بە زۆری لە یەك نهۆم پێکهاتون، لەگەڵ ڕوویەکی ڕێك (سەربان) بەکاردەهات بۆ خەوتن لە وەرزی هاوین، دیوارەکانیشی لە بەردی (لایمستۆن) و تێکەڵەی قوڕ بونیاتنرابوون، بەڵام سەقفەکەی بە زۆری لەدار بەڕوو دروستکرابوو، هەروەها حەوشەیەکی لاکێشەی

---

(1) Helen Kopnina & Eleanor Shoreman-Ouimet, Routledge Handbook of Environmental Anthropology, Routledge, London & New York, 2017, p94

(2) Victor Buchli, An Arochaeology of Socialism, Berg Publiction, Oxford, 1999, p1

(٣) زەکیە ڕەشید، شارێك لە دڵی ژنێکدا (یاداشت و یادەوەری)، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٣٥

یان نیمچەلاکێشەیان هەبووە بۆ مەبەستی هەواگۆڕکێ، دەرگایان هەبووە بە ڕووی شەقامەکاندا کراوەتەوە.[١] ڕیچ کاتێك باس لە خانووە باشەکانی شاری سلێمانی دەکات دەڵێت" خانوویەکی چوارگۆشەی یەك نهۆمییە، خانووەکە لە خشتی کاڵ دروست کرابوو، دیوارەکانی خانووەکە بە قوڕی تێکەڵ بە (کا) سواغ درابوون، بنمیچەکەی تەخت و دارەڕا و ڕایەڵەی ڕێك و جوانی کرابوو، لەسەروو ئەمەشەوە گڵەبان کرابوو، خانووەکان لە ناو حەوشەیەکی گەورە دروستکرابوون، ئەم حەوشەیە بە دیوارێك لەم سەر بۆ ئەوسەر کرابوو بە دوو بەشەوە، دیوارەکە لە نزیك ناوەڕاستی کرا بوو بە دووبەشەوە، بەشێك حەرەم بوو تایبەت بوو بە ئافرەتان، لەگەڵ دیوەخان کە پیاوان لێی دادەنیشتن".[٢] کەواتە لە سەرەتادا کە خانوو و بینا دروستکراوە لە (خشتی کاڵ و قوڕ) بووە، ئەستووری دیوارەکانی (٨٠ سم بۆ ١٠٠سم) بووە، ئەم دیوارانە لە ناوەوە بە گڵەسپی تەڕاودراوە، کاتێك بەرز بۆتەوە دارەڕاکراوە و لە دوای ئەمە قامیش و زەلی لەسەر ڕاخراوە ئنجا گڵی پاکی بەسەردا کراوە، زۆر بە جوانی پەستراوەتەوە و قوڕی بۆ گیراوەتەوە (لە گڵە سوورە)، لەگەڵ (کا) دا تێکەڵ کراوە و خۆشکراوە تاوەکو یەك بگرێت و درز نەبات، باش سواخ دراوە و ساف کراوە، هەروەها دیوی دەرەوەی بەهەمان شێوە سواخ دراوە.[٣]

**قۆناغی دووەم: ساڵی (١٩٠٠-١٩٥٠ز)**

بە شێوەیەکی زۆر فراوان گەشەی تەلارسازی دەرکەوت سەرەڕای ڕوودانی هەردوو جەنگە جیهانێکە و سستبوونی تەلارسازی لەو ماوەیەدا، دەتوانین ئەم قۆناغە بکەین بە سێ بەشەوە بەشی یەکەمی کە دوو دەیەیی یەکەمە (١٩٠٠-١٩٢٠ز) تیاییدا تەلارسازی زۆر گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، بە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەمەوە و بڵاوبوونەوەی برسێتی و خراپبوونی باری ئابووری،[٤] کاتێك (مێجەر نوئیڵ) هاتووە بۆ شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩١٨) دەڵێت:" ئەو کاتە سلێمانی شارێکی دواکەوتووی بچووك بوو تازە لە برسێتی و پەتای ڕشانەوە ڕزگاری بوو بوو، لە هەموو شارەکەدا خانوویەکی باشی تێدا نەبووە بەشی زۆری کەلاوە بووە".[٥]

لە بەشی دووەمی ئەم قۆناغەدا تەلارسازی پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی، خانووەکانی سلێمانی

---

(١) هێمن سەلاحەدین زەینەدین، هێڵکاری و بیناسازی شاری سلێمانی لەسەردەمی عوسمانی (١٧٨١- ١٩٢٠ز)، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١

(٢) کلۆد جەیمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩

(٣) ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی (٢٠٠ساڵ)، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٧

(٤) پاکیزە عزیز سعید، کاریگەری ئاو و هەوا لەسەر نەخشەی تەلارسازی لە سلێمانی (توێژینەوەیەکە لە ئاو و هەوای پراکتیکی)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢١، ل٩٧

(٥) مەیجەر نوئێڵ، یاداشتەکانی مێجەر نوئێل لە کوردستان، و: حسین احمد جاف و حسین عثمان نیرکسەجاڕی، مطبعة أوفسیتحسام، بغداد،١٩٨٤، ل٢٤

زیــاتر دوو نهــۆی بــووه، دیوارەکانیــان ئەســتور بــوون ئەمەش پەیوەنــدی هەیە بە لایەنــی ژینــگەی شــاری ســلێمانیەوە بــۆ ئەوەی زســتان گەرم و هاوینــان فێنــك بێــت، بەشــێکی تــر لە خانووەکــان بە (شــێلمان و خشــتی ســوور) بــووە، بنــاغەی خانووەکــان بە (قســڵ و بەردی مەڵکەنــدی) دروســت ئەکــرا، دیــواری نــاوەوەی ژوورەکــان بە (تەڕاو) ســپی ئەکــرا، دەرەوەشــی بە خشــت دا ئەپۆشــرا یــان بە قــوڕ ســواخ ئەدرا، دەرگــا و پەنــجەرەی بە تەخــتە دروســت ئەکــران، ســەر دەرگــا و پەنــجەرە بەشــێوەی قەوس (کەوانە) بــوو بە خشــت یــان بە بەرد دروســت دەکــرا، شوشــەی پەنجەرەکــان ڕەنگــا و ڕەنــگ بــوون، لەجیــاتی جەرەســی کارەبــای (ئەڵــقە ڕیــز) لەســەر دەرگــای دەرەوەدا دانــراوە، لە خانووەکانــدا هەیوانێــك هەبــووە کە وەك چێشــتخانە بەکار هــاتووە و تەنــوری تیــادا بــووە، لەســەرەتادا ئاویــان لە کــانی و کارێزەکــان ڕائەکێشــا تــاوەکو پەیــدابوونی پــڕۆژەی ئــاو.[١] خــانووە دوو نهۆمیەکــانی شــاری ســلێمانی لە ژێــر خــان و ســەرخان پێکهــاتبوو، ژێــر خانەکــان بە خشــتی گــڵ و دیــواری پــان دروســت کرابــوون، لە هەنــدێك لە ماڵەکانــدا پــانی دیوارەکــان ئەگەیشــتە یەك مەتــر، هەمــوو ســاڵێك (تەڕاو) ئەردا واتە سـپی ئەکــرایەوە، بە گڵێــك کە پێــی ئەوتــرا (گــڵە بەران)، هەروەهــا ئــاگردان لە ناوەڕاســتی ژێــر خــانەکەدا جێگیــر ئەکــرا، خێزانەکــان بــۆ خــۆ گەرمکــردنەوە و حیکــایەت و قســەی خــۆش لە دەووری کــۆ ئەبــوونەوە، مێــووژ و گوێزیــان ئەخــوارد، جــگە لەوەی زۆربەی ماڵەکــان لە ناوەنــدی حەوشــەکانیاندا حەوز و فوارەیــان هەبــووە، ئــاوی کاریزەکــان بە بــۆری ئەگەیشــتە مــاڵان بە بــێ بــڕان، لە نــاو پەنــجەرەی ژێــر خانەکانــدا، دوو جــۆر کــوورەی گڵــی ســوورەکراو هەبــووە، گەورەکەیــان پــر لە خەڵــوز ئەکــراو و ئەگەشــایەوە و بۆ لێنای چێشتی تاسکەبابی و قەیسی و کشمیش ئەوی تریان بچووك بۆ چا لێنان.[٢]

هەروەها نهۆمی سەرەوەی خانوو بریتیی بووە لە ژوورێکی لاکێشی لەسەر هەیوانێك و پشت هەیوانێکی بچوکتر لەسەر هەمان هەیوان، بە چەند پلیکانەیەك ئەچوویتە خوارەوە بۆ حەوشە، هەموو ژوورێك کۆمەڵێك تاقی تێدا بوو بۆ دانانی کتێب و چرا، ڕەفەکان شوێنی پاراستنی نەختینەکان و کاشی و قوری و عەجەم بوون، زۆربەی ماڵەکان بۆ بۆنەکان بەکاریان ئەهێنا، لە هەنــدێك ماڵــدا دوو (کەلەگــی) بەرامــبەر یەکتــر هەبــووە، ژووری پشــت هەیــوانەکە لە نێــوان هەردووکیاندا بوو، ئامادەکرا بوو تەنها بۆ میوان، یەکێك لەو کە لەگیانە پەنجەرەکانی بە شووشەی ڕەنگا و ڕەنگ ئەڕازێنرایەوە ناو ئەبرا (عەرووسی)، لە بۆنەی تایبەت بەکار ئەهات، هەیوان لە

(١) بەناز کوێستانی ڕیپۆرتاژ/ ئەندازیار:عوسمان حسین (تەلار سازی لە شاری سلێمانیدا)، گۆڤاری سلێمانی، ژ٨، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٤٩

(٢) زەکیە ڕەشید، شارێك لە دڵی ژنێکدا (یاداشت و یادەوەری)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦-٣٨

دوو وەرزی ساڵدا پاییز و بەهار سوودی لێوەردەگیرا، بەهاران دوای فەرش و حەسیر هەڵگرتن ئەهاتنە هەیوان، پایزانیش دوای هاتنە خوارەوە لەسەربان، لەم دوو وەرزە خۆشەدا لە قەراغی هەیوان شەربەیەك دائەنرا لەسەر گەنێکی مس، جامیکی بەسەردا دەم و نخوون ئەکرا، لە سووچێکی ژووردا سندوقێکی بوراقیان دائەنا نوێنەکانیان لەسەر دائەنا، لەناو سندووقەکەدا نەختینەیەك لە پارە و ئاڵتوون تیایدا ئەپارێزرا، زۆر گرنگی نەئەدرا بە پەردەی پەنجەرە بەڵکو پەردەی پڕ لۆکەیان ئەکرد بۆ سەرمای زستان، لەبەرئەوەی گەرمای هاوین هەموو خێزانێك ئەچوونە سەربان بۆ خەوتن و چیغیان هەڵئەدا کە لە قامیشی باریك دروست ئەکرا.[١]

**قۆناغی سێیەم: ساڵی (١٩٥٠- ١٩٨٠ز)**

لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری زۆر لە تەلارسازیدا ڕوویداوە و بەرە و پێشکەوتن ڕۆیشت بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێش خۆی، شێوازی خانووەکان بە شێوەی ڕۆژئاوای بوون و شێوازی تەلارسازی نوێیان تێدا بەکارهێنابوو، لەم قۆناغەدا چیمەنتۆ پەرەی پێدرا و خانووی دوو قات زیادیکرد، خانووەکان زیاتر لە ناوەڕاستدا حەوشەیەکیان هەبووە، ژوورەکانیش لەم بەرە و ئەو بەری حەوشەکە بوون.[٢]

**قۆناغی چوارەم: ساڵی (١٩٨٠-٢٠٠٣ز)**

ئەم قۆناغە لە ڕووی گونجاندنی کەرەستەی بینای خانووەکان لەگەڵ ئاو و هەوادا بە قۆناغێکی نەگونجاو دادەنرێت، لەبەرئەوەی لە ناوچە جیاوازەکاندا بلۆك بەکاردێت بۆ دروستکردنی خانوو، کەرەستەیەکی نەگونجاوە بۆ ئاڵوگۆڕی گەرمی بە خێرایی لە هاویندا گەرم دەبێت و لە زستاندا سارد ئەبێتەوە، لە ڕووی ڕووبەرەوە خانووەکان بچووك کرانەوە، لەم قۆناغەدا وردە وردە دەست لە دروستکردنی ژێر زەمین لە خانووەکان هەڵگیرا، کە پێشتر بۆ خۆپارێزی لە گەرمای هاوین و هەڵگرتنی کەل و پەلی زیادە و ئازووقە دروستیان دەکرد.[٣]

**قۆناغی پێنجەم: ساڵی (٢٠٠٣-٢٠١٨ز)**

شاری سلێمانی گەشەکردنێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە بە تایبەت لە دوای بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆجیا، خانوو لەسەر شێوەی تازە دروست دەکرێت، بە زۆری ماڵان دوو نهۆم یان سێ نهۆمی دەبێت، دیوارەکانی بە (**Heatingn Wall**) دروست دەکرێت، بە زۆریش قورسای سەقفی خانووەکان لەسەر دیوارەکان یاخود لەسەر عەمود و جسرەکانی ژوورەکەیە، بە پێچەوانەی جاران

---

(١) زەکیە ڕەشید، شارێك لە دڵی ژنێکدا (یاداشت و یادەوەری)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦-٣٩-٤٠

(٢) پاکیزە عزیز سعید، کاریگەری ئاو و هەوا لەسەر نەخشەی تەلارسازی لە سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥-١٠٦

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١٠٨

دەتوانین دارِشتن و پانییەکەی چەند بتەوێت گەورە بێت، ماددەکان بە زۆری (چیمەنتۆ و شیش و چەو و لم) بەکاردێت، گەچکاری و نەتر و لەبخ  بۆ ڕووکەشی بیناکە و دەرگای تەختە و ئاسن و ئەلەمنیۆم و تیادا بەکاردێت، جۆرەها شێوازی تیادا بەکاردێت، سەقفی مەغریبی و تەبەدۆر و شتایگەر بۆ سەقف، بۆیەی ڕۆن و هەڵمشن تەغلیف بۆ دیوارەکان بە مەرمەڕ و ساج و کاغەز دەکرێت. دابەشکردنی ناو بەشێوەیەکی هونەری دەکرێت، هەروەها دابەشکردنی کارەباش بە هەمانشێوە.[١]

لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەران شێوازی خانووەکان، لەسەر شێوازی سەردەم و هاوچەرخ دروستکرابوو، بە شێوەیەك هەندێك باڵەخانەی لە شێوازی پێشکەوتوو خوازانە بووە، بووە بە مەڵبەندێکی نزیکی ئایینە هاوشێوەکان، گەڕەکی سابونکەران شێوازێکی جیاوازی لە خۆ گرتبوو، بەحوکمی ئەوەی ئەو کەسانەی کە نیشتەجێ دەبوون لە گەڕەکی سابونکەران خەڵکانی کاربەدەست و میری و بازرگان و پێشەوەر بوون، بەشێوەیەکی سەردەمیانە دروستکرا، چونکە گەڕەکێکی نوێ بووە، دوور بوو لە هەندێ نەریتی لادێ نشین وە جیاوازی پێوە دەبینرا.[٢]

**کەواتە گەڕەکی سابونکەران لەڕووی تەلارسازیەوە، تایبەتمەندی و جیاوازی هەبووە لە ڕوانگەی خانووە کانیانەوە:**

**١.** بۆ یەکەم جار بوو لە سلێمانی خانووەکان قاتیان هەبێت، واتە لە چەند نهۆمێك لەسەر یەکتری دروستکراون، ئەمە لە گەڕەکی سابونکەراندا ئەبینرێت. وەکو خانووی مستەفا پاشای یامولکی و کەریمی ئەلەکە.

**٢.** پتەوی بینای خانووەکان، کە وەك شوێنەوارناس سەیری ئەکەیت، لەبەرد دروستکراوە، لە بەردی مەڵکەندی، کە خانووە کۆنەکانی سلێمانی پێ ئەناسرێتەوە، بەردێکی بۆرە و خۆڵەمێشییە چونکە ماددەی کانزای تێدایە، بۆیە بەردەکە بۆر و قاوایی و خۆڵەمێشیە ئەنوێنێت پێی ئەڵێن بەردی مەڵکەندی، ئەمەش لە بەشێکی کەمی خانووەکانی سابونکەران بەکارهاتووە. وەکو قوتابخانەی مەحوی و ڕۆژهەڵاتی کوڕان کە ئێستاش بناغەکەیان بەردی مەڵکەندییە.

**٣.** گەڕەکەکان کاتی خۆی باریك بوون، ئەمە پەیوەندی بە تەسکی کۆڵانەکانەوە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە گەڕەکی سابونکەران بە بەراورد بە گەڕەکەکانی ترفراوانترە، خانووەکانیان بەشێوەیەکی گشتی زۆرترین ژووری تیا هەیە، حەوشەی تیا هەیە خانووەکان سەربەخۆی خۆیان هەیە، واتە هەر کەسە و خاوەنداریتی خۆی هەیە، ئەمەش بەرزی ئاستی بژێوی خەڵکەکە دەردەخات.

---

(١) بەناز کوێستانی ڕێپۆرتاژ/ ئەندازیار:عوسمان حسین (تەلار سازی لە شاری سلێمانیدا)، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩
(٢) بهاءالدین رەحیم شەریف، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٢٨

**٤.** خانووەکانی سابونکەران زۆربە پاڵ یەکەوە نین، واتە ڕووی جیاوازیان هەیە هەر خانوویەك دوو بۆ سێ ڕووی هەیە ڕووەکانیان جیاوازە، جگە لەوەی خانووەکانی گەڕەکی سابونکەران تاوەکو ڕادەیەکی زۆر نەخش و نیگاری زۆری تیایە، لەوانەش نەخش و نیگاری وەستای ئێرانییە کە هاتوون و کاریان تێدا کردووە، نەخش و نیگاری هاوشێوەی سنەی تیایە،[1] لەبەرئەوەی خانووەکانی سلێمانی شێوازی تەلارسازی خۆی نییە و بەڵکو شێوەی و شێوازی خانووەکانی سنە و بانەن ئەمانەش زیاتر بینای قاجارین، ئێستا خانووەکانی سنە و مەریوان بوونەتە مۆزەخانەیەکی کلتووری ئەثنۆگرافی، کاتێك سەیری خانووەکانی سلێمانی ئەکەیت هەمان شێوەی خانووەکانی ئەوانن، چونکە وەستایان لە بانە و سنەوە هێناوە کاتێك بابانەکان هاتوونەتە سلێمانی، ئەو خانووانەی کە خاوەنەکەی دەوڵەمەند و خاوەن پارە بوون خانووەکەی بەرد بووە، کە سەرخان و ژێرخانی هەبووە، کەلەگی و هەیوان و پشت هەیوانی هەبووە، هەژارەکان خانووی قوڕیان هەبووە.[2] هەروەها کاریگەری نە خش و نیگاری دەرەوەی سنەشی لەسەر بووە، تورکیشی تێدا ئەبینرێت، سوریش بە تایبەتی چونکە هاتووچۆی خەڵکی سلێمانی بۆ بازرگانی کردن زیاتر لەگەڵ بەغدا و موسڵ بووە لە موسڵەوە بۆ شاری حەلەب، حەلەب تەنیشتی موسڵە کە بازرگانەکان چوونەتە ئەوێ لەگەڵ خۆیاندا شێوازی نەخشەی خانووبەرە و نەخشەسازی و نەخش و نیگاریان لەگەڵ خۆیان هێناوەتەوە، ئەو شێوازەی لەو شارەدا ئەیبینین لە گەڕەکەکەی سابونکەرانیشدا هەیە، بۆیە ئێستا هەندێك دەرگای کۆن ماوە لە گەڕەکەکەدا هاوشێوەی دەرگاکانی سوریایە، بۆ نموونە دەرگاکانی سوریا دوو تەقل بابیان (*) هەیە، ئەمە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە گرنگە، تەقل بابێکیان توندە و یەکێکیان نەرمە، ئەوەی بە توندی لێیدا ئەوە پیاوە، ئەوەی تریان کە بەنەرمی لێی ئەدات ئەوە ئافرەتە، بۆیە ئەگەر پیاو بێت ئافرەت ناچێت بە ڕوویەوە، ئەگەر ئافرەت بێت پیاو ناچێت بە ڕوویەوە، بۆیە زۆربەی ئەم کلتوورە لە بەغدادی کۆن و سوریا کۆن وەرگیراوە، ئەمەش بازرگانی کاریگەری لەسەری هەبووە، لە ناو خانووەکانی سابونکەران تاق هەبووە و تاقی ناودیوارەکان کە لە ناو تاقەکان شتیان لێداناوە، جگەلەوەی کەوان ئەبینین کەوانیش ئەمانەش کاریگەری بیناسازی ئێرانی بووە لەسەریان، هەروەها لەناو سەقفی خانووەکاندا (خشت چن) ئەبینین واتە (خشت چنین)، ئەمەش تاڕادەیەك تەلارسازی عوسمانییە، کە عوسمانیە کۆنەکان خشتیان بەیەکدا ئەچنی لە سەقفەکاندا بۆیە سەقفەکان بەخشت دروستکراوە و دوکەڵکێشی خانووەکانیش تاڕادەیەك کە

(١) پ.ی.د.زریان سالار، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٥
(٢) پ.ی.د.ئاکۆ عبدالکریم شوانی، چاوپێکەوتن، مامۆستای زانکۆی سلێمانی، بەشی مێژوو، ٢٠٢٢/٤/٣
(*) تەقل باب: لە کۆندا جەڕەس نەبووە، بۆیە تەقل بابیان بەکارهێناوە لە جیاتی جەڕەس.

دروستکراوە کاریگەری تەلارسازی عوسمانی بووە لەسەر گەڕەکی سابونکەران.[1]

وێنەی ژمارە (٢)

تەقل باب نیشان دەدات [2]



ئەگەر سەرنجی خانووە کۆنەکانی گەڕەکی سابونکەران بدەین، بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی تەلارسازی و کەرەستەی بەکارهاتووە بەپێی قۆناغەکان جیاوازی هەبووە، خانووەکانی سابونکەران لە کۆندا بە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی (شەرقی) دروستکراون، ئەو کەرەستانەی بەکارهاتوون لە دروستکردنیدا بریتیبوون لە (خشتی قوڕ و خشتی سوور و بەردی مەڵکەندی).

(١) پ.ی.د.زریان سالار، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٥

(٢) وێنەکە لە لایەن توێژەرە لە بەرواری ٢٠٢٢/٧/١ گیراوە

ئەم خانووانە کە دروست کراون ژینگەی سروشتی کاریگەری هەبووە لەسەریان، واتە ئاو و هەواو تۆبۆگرافیای شوێنەکە کاریگەری هەبووە لەسەر شێوازی خانووەکان، لەبەرئەوەی شاری سلێمانی کوێستان بووە، زستانی دوور و درێژ بووە و باران و بەفری زۆر باریوە و بەستەڵەك بووە و باش کاریگەری هەبووە لەسەری، بۆ پاریزگاریکردن لە سەرمای زستان و گەرمی هاوین، دیوارەکانیان پان دروستکردووە کە پانیەکەی (٨٠ سم بۆ ١٠٠سم) بووە، پانی ئەم دیوارانە وایکردووە کە زستانی گەرم بێت و هاوینایش فێنك بێت، هەروەها پەنجەرەکانی بچووك بووە ئەمەش بۆ ئەوەی پارێزگاری بکات لە گەرمی هاوین و ساردی زستان، بە گشتی خانووەکانیان دوو نهۆمی بووە، نهۆمی خوارەوە لە ژێرخان و گەنجینەکان پێکهاتووە، بەکارهاتوون بۆ حەوانەوە لە سەرمای زستاندا، نهۆمی سەرەوە پێکهاتووە لە (کەلەگی، هەیوان، پشت هەیوان و عەرووسی)، عەرووسی هەمیشە ڕازاوە بووە بۆ میوانداری و بوك هێنان، لەگەڵ گۆڕانکاری وەرزدا بە سێ قۆناغ کاتیان بەسەر بردووە، وەرزی زستان لەژێر خانەکاندا دەوری ئاگردانیان داوە، وەرزی بەهار لە حەوشە و هەیوان بوون، وەرزی هاوین تاوەکو سەرمای پایز لەسەر بانەکان چیغیان هەڵداوە. لە هەمانکاتدا لایەنی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەبووە لەسەر تەلارسازی خانووەکان بۆیە بەشێوەیەك دروستکراون کە دەرگاکانیان بچووکە و پەنجەرەکانی بچووکە ئەمەش بۆ پاراستنی تایبەتمەندی ماڵەکان بووە.

لە دوای ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر شاری سلێمانیدا هاتووە لە ساڵی (١٩٩١) و (٢٠٠٣) وە، شێوازی تەلاسازی و کەرەستەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، خانووی مۆدێرن ئەبینرێت لە گەڕەکی سابونکەران بە نەخشەی ڕۆژئاوای (غەربی) دروستکراوە، کەرەستەی بەکارهاتووە لە دروستکردنی خانووەکان بریتیین لە (چیمەنتۆ، لم، بلۆك، ئەلەمنیۆم) وەکو لە پاشکۆی (٤) وێنەی (٦) ئاماژەمان بۆ کردووە. هەندێك لە خانووە کۆنەکان وەك هێمایەك بۆ کلتوور و شێوازی تەلارسازی ئەو سەردەمە پارێزگاری لێکراوە و نۆژەنکراوەتەوە، وەکو خانووی ماڵی سۆفی کەریمی سەراج. بەڵام بەشێکی زۆری خانووەکان یان کراون بە گەراج یان ڕووخێنراون و کراون بە شوێنی بازرگانی، هەروەها ژمارەیەك خانووش هەیە کۆنە و چۆڵە. ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە ڕەوشی ئابووری دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی دروستکردنی خانووەکان، بەمانایەکی تر (پێگە، دەسەڵات، دەوڵەمەند، هەژار، کلتوور)، کاریگەر بوون لەسەر شێوازی تەلارسازی خانووەکانی گەڕەکی سابونکەران.

## ٥. شوێنە ئایینی و مێژووییەکانی گەڕەکی سابونکەران

گەڕەکی سابونکەران ژمارەیەك شوێنی ئایینی و مێژووی تیادا هەیە کە گەڕەکی سابونکەرانی پێ جیادەکرێتەوە گرنگترین **شوێنە ئایینییەکان** بریتیین لە:

### ١. مزگەوتی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ:

یەکێکە لە مزگەوتە دێرینەکانی شاری سلێمانی، لەگەڵ بنیاتنانی شاردا لە لایەن میرەکانی بابانەوە دروستکراوە، بنەماڵەی خاڵ لە ساداتی پیرخدری و نەوەی مەلا ئەبوبەکری موصەنیفی چۆڕێن، لە قەڵاچوالاندا مزگەوت و خوێندنگەیان هەبووە، لە کاتی گواستنەوەی میرایەتی باباندا، مزگەوتەکەی قەڵاچوالانیان تێکداوە و دار و پەردوەکەیان هێناوە بۆ مزگەوتی نوێ، دوو کۆڵەکەی داری قەڵاچوالانی تێدابووە، هەتاوەکو سییەکانی سەدەی ڕابردوو مابوون، ئەم مزگەوتە کارێز و ئاوێکی زۆر ناوازەی تێدا بووە، حەوزێکی گەورەی هەبووە هەموو کاتێ پڕ بووە لە ماسی، لەگەڵ سیستیمی نوێی ئاودا حەوز و کارێزەکە داپۆشراوە، سیستمی بەلۆعە و تەنکی بۆ دانراوە، لە ساڵی (١٩٣٢) شێخ محمدی خاڵ نۆژەنی کردۆتەوە و دوو کۆڵەکەکەی قەڵاچوالان لابراون.[١]
مامۆستاکانی ئەم مزگەوتە بریتیببوون لە (شێخ مستەفای کوڕی شەمسەدینی کوڕی مەلا عوسمان، مەلا ئیسماعیلی کوڕی مەلا مەستەفا کوڕی شەمسەدین، شێخ موحەمەدی (خاڵ)[*] کوڕی مەلا ئیسماعیل، حاجی شێخ ئەمینی خاڵ، شێخ محمەدی خاڵ کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ ئەمین)، کاتێك شێخ موحەمەدی خاڵ بووە بە قازی چەندین مەلای تر بوون بە ئیمامی مزگەوتەکە وەك مەلا مصطفی.[٢]

ئەم مزگەوتە لە ڕابردوودا شوێنی (حوجرە، پرسە و مردوو شۆریان) هەبووە، لە ئێستادا ئەم شوێنانەی نەماوە، مامۆستای مزگەتی حاجی شێخ امین (م.هۆشیار)ە، تەنها ئیمامە و ووتاری هەینی تێدا ناخوێنرێتەوە، تەنها نوێژەکانی جەژن و فەرزەکانی تێدا ئەنجام ئەدرێت.

---

(١) پ.د.ئاراس محمد صالح، چاوپێکەوتن، مامۆستای زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی شەریعە، سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/٣١
(*) خاڵ: بنەماڵەی خاڵ لە شێخ محەمەدەوە نازناوی (خاڵ) بڕاوە بەسەریاندا، لەکاتی خوێندندا لای مامۆستاکەی دوو شێخ محەمەدی لابووە، بۆ ئەوەی لەیەکیان جیا بکاتەوە شێخ محمدی خاڵ خاڵێك لەسەر ڕوومەتی بووە، لە ئەوەوە ناوی ناوە شێخ محەمەدی خاڵ، لە پاش ئەوەوە بنەماڵەکەیان بە خاڵ ناسراون.
- پ. د.ئاراس محمد صالح، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٧/٣١
(٢) ئەکرەمی مەحمودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی ( ٢٠٠ساڵ)، ب١، چ٢، مکتبە الوطنیة، بغداد،١٩٨١، ل١١٦

وێنەی ژمارە (٣)

مزگەوتی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [١]




**٢. مزگەوتی سەید حەسەن:**

بە مزگەوتی سەید حەسەنی موفتیش ناودەبرێت، میری بابان عەبدولڕەحمان پاشای بابان دروستیکردووە، خۆی یەکێك بووە لە مامۆستاکانی ئەم مزگەوتە،[٢] عەبدولڕحمان پاشای بابان لە نێوان ساڵانی (١٧٨٩-١٨١٣ز) میری بابان بووە، ئەم مزگەوتەی لەو ساڵانەدا دروستکردووە، هەتاوەکو سەردەمی مەلا (سەید حەسەن) هەر بە مزگەتی عەبدولڕحمان پاشای بابان ناسراوە،[٣] ئەم مزگەوتە لە ساڵی (١٧٩٧) دروستکراوە، پشتەوەی پایەکانی گڵە و کارێزی نەبووە لە گۆیژەوە بۆیان ڕاکێشاوە، لە ئێستادا ئاوی بۆری و بیر بەکاردەهێنن، ئەم مزگەوتە پرسەخانە و مردووشۆری تێدا نییە.[٤]

ئەم مزگەوتە لە سەرەتادا حوجرەی تێدا بووە زۆر لە پیاوە ئاینییەکان لەم مزگەوتە خوێندوویانە و وانەی ئاینیان تێدا وتۆتەوە.

---

(١) وێنەکە لەلایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٧/٢٣ گیراوە

(٢) محەمەد قزڵجەیی، ناساندنی مزگەوتەکانی سلێمانی و خوێندنگە ئاینییەکانی، و:د.ئاراس محەمەد ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٥٢

(٣) پ. د.ئاراس محمد صالح، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٧/٣١

(٤) م.دانا محمد عبدالله، چاوپێکەوتن، مامۆستای مزگەوتی سەید حەسەن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٢٧

مامۆستاکانی بریتیببوون لە (عەبدولڕەحمان پاشای بابان، مەلا عەبدوڵای ڕەش، شێخ مستەفا [*]ی موفتی کوڕی شێخ بابا ڕەسووڵ، شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەلی بابا ڕەسوڵ، سەید حەسەن کوڕی شێخ عەلی بابا ڕەسوڵ [**]، حاجی مەلا مستەفای کوردی بووە، سەید غەفور، مەلا عوزێر هەورامی، مەلا موسای بیارە،[١] مەلا سەید ئەحمەد پێنجوێنی، مەلا ئەحمەدی شافعی، سەید ڕەشاد هەورامی) بووە.[٢] شاعیری ناسراوی کورد مەلا خدری نالی [***] ژوورێکی هەبووە لە مزگەوتەکەدا، خوالێخۆشبوو لە دوای کارەساتی بابانەکان کۆچی دەرەوەی وڵات دەکات.[٣]

وێنەی ژمارە (٤)

مزگەوتی سەید حەسەن لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [٤]




(*) شێخ مستەفا: فەقێی محەمەد فیضی زەهاوی بووە، ئیمام و مودەریس و موفتی بووە، شاعیر بووە و بە کوردی و عەرەبی و فارسی شعری داناوە، لە ساڵی (١٣٠٢ك- ١٨٢٠ز) کۆچی دوایی کردووە.

(**) سەید حەسەن کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ بابە ڕەسوڵ بووە، لە دوای ئەوەوە کە ئەم مامۆستایە ئەچێتە ئەم مزگەوتە، مزگەوتەکە بەناوی ئەوەوە ئەکرێت، بووە بە مزگەوتی سەید حەسەنی موفتی، پاشان موفتیەکەش نەماوە، بووە بە مزگەوتی سەید حەسەن. - پ. د.ئاراس محمد صالح، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٧/٣١

(١) پ. د.ئاراس محمد صالح، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٧/٣١

(٢) م.دانا محمد عبدالله، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/٢٧

(***) شاعیری گەورە (نالی) پێشەنگی شاعیرانی قوتابخانەی یەکەمی شعری بابانە، ناوی خدر(خضر)ی کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی نالی بەگی مکایەڵییە، لە دەوروبەری ساڵی (١٧٩٨-١٨٠٠ز) لە گوندی (خاك و خۆڵ)ی ناوچەی شارەزوور لە دایك بووە، نالی یەکێکە لەوشاعیرانەی بەهۆی پێگەی بەرزی لە شعر و ئەدەبدا زۆرترین خەڵکی بە خۆیەوە سەرقاڵکردبوو.

- د.ئاراس محەمەد صاڵح، میراتی بابان و شاری سلێمانی لە شعری شاعیرانی (سەدەی هەژدە و نۆزدە) دا، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٨٦

(٣) محەمەد قزڵجەیی، ناساندنی مزگەوتەکانی سلێمانی و خوێندنگە ئاینییەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣

(٤) وێنەکە لەلایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٦/٢٨ گیراوە

### ٣. مزگەوتی شێخ محمدی بەرزنجی:

ئەم مزگەوتە لە لایەن حسینی عەزیزی جۆلاوە بناغەی بۆ دانراوە، پاشان لە لایەن خەڵکی گەڕەکەوە تەواویان کردووە، مامۆستاکانی بریتیبوون لە (شێخ محمدی بەرزنجی، شێخ نەجمەدین، شێخ شەمسەدین،[١] مەلا نەجم الدین، مەلا عبداللە، مەلا صابر محمود) بووە. سەرەتا ئەم مزگەوتە لە بەردی مەڵکەندی دروستکراوە، بەشێکی خشت بووە (خشتی قوڕ)، لە ساڵی (٢٠١٣-٢٠١٤) لەلایەن (حاجی قادر)ەوە کە خێرخواز بووە، مزگەوتەکە ڕووخێنرا بە مەبەستی دووبارە دروستکردنەوەی بەشێوازێکی نوێ. سەرەتا حوجرەی هەبووە و خوێندکار تێدا خوێندوویەتی، لە ئێستادا لە ناو مزگەوتەکەدا حوجرەی تیایە، دەورەیان کردۆتەوە ساڵی پار (٢٠٢١)، بەڵام بۆ ئەمساڵ لە توانامان نەبووە. جگە لەوەی ئەم مزگەوتە کارێزی تێدا نەبووە، بەڵکو بە بۆریەك لە مزگەوتی شێخ محمدی خاڵەوە بۆ یان هات بوو، لە ئێستادا ئاوی بۆری و بیر بەکاردەهێنن، شوێنی مردوو شۆری تێدایە، بەڵام لەبەرئەوەی ناو بازاڕە شوێنی پرسەی تێدا نییە، ڕووبەری مزگەتەکە زۆر نییە، هەوڵماندواە کە ڕووبەرەکی زیاد بکەین و لە تەنیشتی موڵکی بۆ بکڕین.[٢]

وێنەی ژمارە (٥)

مزگەوتی شێخ محمدی بەرزنجی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [٣]



(١) جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی ٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢

(٢) م.مستەفا صابر محمود، چاوپێکەوتن، ووتار بێژ و مامۆستای مزگەری شیخ محمدی بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٢٧

(٣) وێنەکە لەلایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٧/١ گیراوە

وێنەی ژمارە (٦)

ئەنجامدانی نوێژی هەینی لە مزگەوتی شێخ محەمەدی بەرزنجی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [1]



### ٤. مزگەوتی شێخ باباعلی:

ئەم مزگەتە لە لایەن عەبدولڕەحمان پاشای بابانەوە دروستکراوە، بە مزگەوتی (شێخ عەبدولڕەحمانی شێخ ئەبوبەکر) بە ناوبانگە،[2] کە خەڵکی تەکیەی قەرەداغە، ئێستا بە ناوی (شێخ باباعلی) ناونراوە،[3] یەکەم مامۆستای ئەم مزگەوتە زانای گەورە (سەید عەبدولکەریم بەرزنجی) بووە و زۆر زانای گەورە وانەیان لای خوێندووە لەوانە (مەولانا ئیبراهیمی بیارەیی، سەید عەلی بەرزنجی قازی سلێمانی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی ... هتد) لە ساڵی (١٢١٣ك) کۆچی دوایی دەکات، دوای خۆی وانەوتنەوە بە (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) دەسپێرێ، دواتر (محەمەد فەیزی زەهاوی) موفتی بەغدا دەبێتە مامۆستا لە مزگەوتەکەدا، پاشان دەدرێتە زانای گەورە (شێخ عەبدولڕەحمان شێخ ئەبوبەکر)، دواتر بۆ مەولانا و مامۆستای گەورە (شێخ بابا عەلی)یە، بە زانستی زۆر و شارەزای فیقهو هەموو زانستەکان ناسراوە.[4]

(١) وێنەکە لەلایەن توێژەرەوە لە کاتی بەشداریکردنی لە نوێژی هەینی لە مزگەوتی شێخ محەمەدی بەرزنجی بەرواری ٢٠٢٢/٧/١ گیراوە سەعات ١٢:٣٤ P.M

(٢) ئەکرەمی مەحمودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی ( ٢٠٠ساڵ)، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧

(٣) م.گۆران کمال نوری باباعلی، چاوپێکەوتن، مامۆستای مزگەوتی شێخ بابا عەلی، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٢٨

(٤) محەمەد قزڵجەیی، ناساندنی مزگەوتەکانی سلێمانی و خوێندنگە ئاینییەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣-٥٤-٥٥

ئەم مزگەوتە چەند جارێك نۆژەنكراوەتەوە لە چلەكاندا دواى وەفاتى (شێخ باباعەلى)، دواتر لەسەردەمى (شێخ نوورى شێخ باباعەلى) جارێكیتر نۆژەنكراوەتەوە، ئەو كەرەستانەى بەكارهاتووە لە دروستكردنیدا وەك (خشت و دارەڕا و حەسیر) بووە، دواتر ئەم مزگەوتە بە گڵى ماوەتەوە هەتاوەكو ساڵى (١٩٨٤) (مامۆستا كمال شێخ نوورى شێخ باباعەلى) لەگەڵ كۆمەڵێك لە خێرخوازان، مزگەوتەكەیان ڕووخاند، دواتر دروستكردنەوەى لەسەر شێوە كۆنەكەى، بە كەرەستە و ماددەى نوێ، وەك (بلۆك و چێمەنتۆ و سەقف و شیش)، دیوارە بەردەكانى وەكو خۆى ماوەتەوە، لە جیاتى ئەوەى بڕوخێنرێت دیوارەكانى نزم بووە و دیوارەكانى بەرز كراوەتەوە، هەتاوەكو ئەم كاتەش هەر ئەو دیوارە بەردانەى كاتى خۆیەتى كە ئەویش بەردى مەڵكەندییە، لەسەرەتادا بۆ ئاو كارێزیان بەكارهێناوە لەم مزگەتەدا كارێزى تێدا بووە، بەڵام لە دواى  بڵاوبوونەوەى بیرى سورى كارێزەكان وشكى كرد، ئێستا ئاوى بۆرى و بیرى دەستى و بیرى سوریمان هەیە. لەم مزگەوتەدا حوجرەى تیادایە هەتاوەكو ئێستاش ماوە، حوجرەى (حاجى شێخ نوورى شێخ باباعەلى)ە، كاك (ئەحمەدى شێخ) (*) چل شەو خەڵوەتى كێشاوە لەم حوجرەیەدا، لەو كەسانەى كە لەم حوجرەیدا خوێندوویانە لەوانە ( مەلا مستەفاى زەڵمى و علائەدین سوجادى)(**) یە.(١)

---

(*) كاك ئەحمەدى شێخ كوڕى شێخ مەعروفى نۆدێ: زاتێكى هەڵكەوتوو بووە لە چەرخى خۆیدا و یەكێ بووە لە زانا بەرزەكانى ئیسلام لە كوردستاندا. ئەم زاتە لە ساڵى (١٢٠٨ك) لە سلێمانى لە دایك بووە و لە ساڵى (١٣٠٥ ك) لە هەمان شار كۆچى دوایی كردووە. خوێندنى زانستى ئایینى لە خزمەتى باوكیدا تەواو كردووە، لە خزمەتى ئەودا ئادابى تەریقەتى قادرى وەرگرتووە. ئیجازەى وانە وتنەوەى زانستى ئایینى و ئیرشادى تەریقەتیشى هەر لەو وەرگرتووە.
- كاك ئەحمەدى شێخ، مەكتووباتى كاك ئەحمەدى شێخ، و: مەلا عەبدولكەریمى مودەریس، ب١، چ٢، چاپخانەى ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٣
(**) عەلائەدین سوجادى: ناوى علاءالدین نجم الدین عصام الدین و لە بنەماڵەى ناودارى (سجادى) لە كوردستان، ساڵى (١٩٠٧) هاتۆتە دنیاوە، لە كۆشى خێزانێكى ئایینى دا گەورە بووە، ساڵى (١٩٢٧) هاتۆتە سلێمانى بۆ خوێندن، لە مزگەوتى شێخ جەلال و مزگەوتى حاجى مەلا رسووڵ بە فەقێ یەتى دامەزراوە، ساڵى (١٩٣٧) مۆڵەتى مەلایەتى لاى مامۆستا شێخ باباعەلى وەرگرتووە و چووە بۆ بەغدا و، لە مزگەوتى نەعیمە خاتوون لە مەیدان بووە بە پێشنوێژو، دانیشتن و كارى ڕۆژانەى لە مزگەوتەكە بووە، پاش خانە نشسین بوونى تەمەنى بە خزمەتى ئەدەبەوە بەسەر بردووە، ڕۆژى پێنج شەممە بەروارى (١٩٨٤/١٢/١٣) كۆچى دوایی كردووە.
- دلێر علاءالدین سجادي، یادى سجادي، چاپخانەى ئیشبیلیە، بەغدا، ١٩٨٧، ل٥
(١) م.گۆران كمال نورى باباعلى، بەشێك لە چاوپێكەوتنى پێشوو، ٢٠٢٢/٦/٢٨

## وێنەکانی ژمارە (٧)

وێنەی مزگەوتی شێخ باباعەلی و حوجرەکەی ناو مزگەوتەکە لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات (١)





(١) وێنەکەکان لەلایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٦/٢٨ گیراوە

**٥. مزگەوتی همزە ئاغا (*):**

یەکێکە لە مزگەوتە دێرینەکانی شاری سلێمانی، لەگەڵ بنیاتنانی شاری سلێمانی لە لایەن (هەمزە ئاغای مەصرەفەوە) باپیری (پیرەمێردی شاعیر)ەوە دروستکراوە،[1] مامۆستاکانی بریتیبوون لە (مەلا ئەحمەدی صائب، ڕەئوف صائبی کوڕی مەلا ئەحمەد، مەلا مەعروف وەهبی، مەلا عەبدول ڕەحیمی عەزیزی مەریوانی)،[2] پیرەمێردی شاعیر لە وەسێتنامەکەیدا دەڵێت:" مزگەوتی همزە ئاغا فەرامۆش مەکەن، یادگاری باپیرمە، مزگەوتی ئەو گەڕەکەیە، مەڵبەندی خوێندی ئایینیە، ماڵی خوایە، خوا شاهیدە لەوەتی هاتوومەتەوە فەرامۆشم نەکردووە".[3]

وێنەی ژمارە (٨)

مزگەوتی همزە ئاغا لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [4]




---

(*) همزە ئاغا کوڕی مەلا وەیس کوڕی مەلا محمدی کوڕی قولی بەگی بەختیاریە، بنەماڵەیەکی مەلا زادە و خوێندەواربوون، همزە ئاغا لەسەردەمی ئەحمەد پاشای دوا میری باباندا بەرپرسی دارایی (مصرف) میر بووە.
- پ. د.ئاراس محمد صالح، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٧/٣١

(١) پ. د.ئاراس محمد صالح، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٧/٣١

(٢) ئەکرەمی مەحمودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی ( ٢٠٠ساڵ)، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧

(٣) پ. د.ئاراس محمد صالح، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٧/٣١

(٤) وێنەکە لەلایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٦/٢٨ گیراوە

### ٦. مزگەرتی حاجی عەزیزی خەیات:

دامەزرێنەی حاجی عەیزی خەیات بووە،[1] مامۆستاکانی بریتیببوون لە (شێخ جەلالی قەرەداغی و شێخ محەمەدی کوڕی شێخ جەلالی قەرەداغی)، سەرەتا ئەم مزگەوتە لە خشتی گڵ بووە، پاشان بە بەردی مەڵکەنـدی دروسـتکراوە، هەتـاوەکو سـاڵی (٢٠٠٠) بەردەوامـی هەبـوو، لە دوای سـاڵی (٢٠٠٠) لە لایەن کەسـێکی خێرخـوازەوە بە نـاوی (حـاجی صـاڵحی گوڵخـانە)، ڕووخێنـراوە و دروستکراوەتەوە بە شێوازی نوێ، سەرەتا کارێزی تیا بووە دواتر کـارێزەکە ووشـك بـووە، ئێسـتا ئاوی بیر و بۆری (بەلۆعە) بەکاردەهێنین، جگەلەوەی شوێنی پرسە و مردوو شۆری تیا نییە.[2]

وێنەی ژمارە (٩)

مزگەوتی حاجی عەزیزی خەیات لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [3]




ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە مزگەوتـی حـاجی عەزیـزی خەیـات بە مزگەوتـی قەزازەکـانیش نـاو دەبرێت، لەبەرئەوەی ئەم مزگەوتە دەکەوێتە بەشی قەزازەکانەوە لە گەڕەکی سابونکەران.

(١) ئەکرەمی مەحمودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی ( ٢٠٠ساڵ)، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨
(٢) م.ئبراهیم عارف محمود، چاوپێکەوتن، مامۆستای مزگەوتی حاجی عەزیزی خەیات، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٢٨
(٣) وێنەکە لەلایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٦/٢٨ گیراوە

**٧. مزگەوتی تەکیەی تاڵەبانی:** دامەزرێنەری شێخ عەلی تاڵەبانیە،[١] مامۆستاکانی (شێخ عەلی تاڵەبانی، شێخ نووری بابەعەلی) بوون.[٢] ئەم مزگەوتە دەکەوێتە لای تەکیە ڕووتە و لە خوارەوەی شوقەکانی گەڕەکی سابونکەرانە، ئەم مزگەوتە لە کەرەستەکانی (چیمەنتۆ، بلۆك، لم، پلاستیك)، دروستکراوە، تەنها نوێژە فەرزەکانی تێدا ئەنجام ئەدرێت، وتاری هەینی تێدا ناخوێنرێتەوە.

وێنەی ژمارە (١٠)

مزگەوتی تەکیەی تاڵەبانی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [٣]




**٨. کەنیسەی مەریەم عەزرا (مریم العزراء):**

لە ساڵی (١٨٦٢) لە ژێر دەستی بازرگانێکی ئێرانی دروستکراوە بە ناوی (شەماس یەڵدا)، ئەرکی بیناکردنی خستۆتە سەرشانی خۆی و لەگەڵ هەندێك خێرخوازی تریش ئەو کەنیسەیان دروستکرد، تەنها ئەو کەنیسەیە هەبووە لە شاری سلێمانی لە ڕابرووددا،[٤] ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لە ساڵی (١٩٢٣) لە کاتی بۆردوومانی سلێمانی، کەنیسەکەیان بەر بۆردوومانی فڕۆکەی ئینگلیزەکان کەوتووە و لە ساڵی (١٩٢٥) نۆژەنکراوەتەوە، لە ساڵی (١٩٦٢) بەشی تری بۆ زیادکراوە. جارێکی تر لە ساڵی (١٩٧٨) نۆژەنکراوەتەوە و لە ساڵی (١٩٨١) بەشی تری بۆ

---

(١) جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی ٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢

(٢) ئەکرەمی مەحمودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی (٢٠٠ساڵ)، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨

(٣) وێنەکە لەلایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٧/٢٣ گیراوە

(٤) م.لەتیف پۆلس استیفان سەراج، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٦

زیادکراوه. لە ساڵی (٢٠٠٤)(کەنیسەی ماریوسف) لەلایەن بەڕێز (مام جەلال)ە وە بنیاتنراوە لە گەڕەکی ئەندازیاران لە تەنیشت هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی، هەروەها (کەنیسەی ئینجیلی) لە ڕزگاری تازە لەگەڵ (کە نیسەی قبتیین) لە گەڕەکی چوارچرا بنیاتنراوە.(١) ناوی قەشەکانی بریتیبوون لە (پەترۆس پۆلس ١٩٩٠، سلێوە شەقڵاوەیی ١٩٠٣، پیلیپیس حەنا دیرایا ١٩٠٧، هورمز خۆشابا دیرایا ١٩١٥، مەتی دیرایا شەقڵاوەیی ١٩١٦، ئەلیاس دیرایا ١٩٢٠، بەهنام سیوش ١٩٢٧، هورمز خۆشابا دیریا ١٩٢٨، عەمانیۆل حەداد ١٩٣٩، ئەنتوتۆیس گورگیس ١٩٤٦، پەتروس شلی ١٩٥١، جبرائیل ماری ١٩٥٤، یوسف سلێمان پەری ١٩٦٢، عەمانۆئێل حەداد ١٩٧٢).(٢) لە ئێستادا قەشەی کەنیسەکە ناوی (فەزەلیانس)ە خەڵکی سویسرایە.(٣)

وێنەی ژمارە (١١)

کەنیسەی مەریەم عەزرا لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات (٤)



(١) شاهۆ عوسمان سەید قادر، سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦
(٢) م.محمد باقی سعید، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/١٨
(٣) کازیا طاهر، چاوپێکەوتن، مامۆستای هونەر لە کە نیسەی مریەمی عەزرا، سابونکەران، ٢٠٢٢/٩/٤
(٤) وێنەکە لە لایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٤/١٦ گیراوە

له تێبینیکردنی مزگەوتەکانی گەڕەکی سابونکەران ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، مزگەوتەکان ڕۆڵەکانیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە گشتی لە ڕابردوودا مزگەوتەکان شوێنی ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان و نوێژی جەژن بووە، جگە لەوەی شوێنی کۆبوونەوەی پیاوانی ئاینی بووە، هەروەها مزگەوتەکان حوجرەی تێدا بووە کە چەندین مامۆستای ئایینی لە مزگەوتەکان خوێندوویانە و پاشان جێگەی مامۆستاکەی گرتۆتەوە، لە ئێستادا مزگەوتەکانی گەڕەکی سابونکەران نوێژی فەرز و جەژنی تێدا ئەنجام ئەدرێت، بەڵام تەنها لە مزگەوتی (شێخ محمدی بەرزنجی) وتاری هەینی تیادا ئەخوێنرێتەوە. لە مزگەتەکان حوجرەی کۆنی تێدا ماوە بەڵام مزگەوت ئەم ڕۆڵەی لە دەست داوە کە لە کۆندا حوجرەکان شوێنی فێربوونی قورئان و خوێندەواری بووە.

ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە مزگەوتەکان تەنها بۆ دانیشتوانی گەڕەك سودی نییە، بە واتایەکی تر لەبەرئەوەی مزگەوتەکانی گەڕەکی سابونکەران کەوتوونەتە سەنتەری شاری سلێمانی و نزیکی بازاڕ و دوکانە، سودی هەیە بۆ دانیشتوانی گەڕەك و، لە هەمانکاتدا بۆ ئەو خەڵکانەی کە خاوەن دوکانن و لە گەڕەکێکی تر نیشەجێن، بەڵام بە هۆی پیشەکەیەوە لە یەکێك لە ئەم مزگەوتانە نوێژەکانی ئەنجام ئەدات، هەروەها ئەو شاگردانەی لە دەرەوەی شار هاتوون بۆ ئیشکردن بۆ ئەنجامدانی نوێژەکان ڕوو لە مزگەوتەکانی ئەم گەڕەکە ئەکەن، بەشێکی زۆری نوێژ خوێنەکان گەنج بوون و هەروەها پیاوانی بە تەمەن و منداڵیشی تێدا ئەبینرا. لە هەمانکاتدا ڕۆڵێکی تری مزگەوت لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا بە تایبەت لە شاری سلێمانی لە کاتی پرسەدایە، لە مزگەوتدا پرسە دەگێڕدرێت و شوێنی پرسە لە مزگەوت دروستکراوە، بەڵام لە ئێستادا ئەم ڕۆڵەیان نەماوە، لەبەرئەوەی مزگەوتەکانی گەڕەکی سابونکەران لە ڕابردوودا شوێنی مردوو شۆر و شوێنی پرسەخانەیان هەبووە، بەڵام بەهۆکاری ئەوەی کەوتوونەتە سەنتەری شارەوە و قەرەباڵغی بۆیە پرسە لەم مزگەوتانە دانانرێت.

لەڕووی تەلارسازیەوە مزگەوتەکانی گەڕەکی سابونکەران هەموویان نۆژەنکرانەتەوە، بەشێوەیەکی مۆدێرن کە کەرستەی بەکارهاتوو بریتییە لە ( چیمەنتۆ، لم، ئەلەمنیۆم، گەچ). بەڵام مزگەوتی سەید حەسەن ژمارەیەك لە پایە گڵەکانی مابوون لە ناوەوەی مزگەوتەکە کە پانیان نزیکەی (٨٠ سم ) ئەبێت، هەروەها مزگەوتی شێخ بابا عەلی بناغەکەی بەردی مەڵکەندییە تاوەکو ئێستاش ماوەتەوە.

**لە گرنگترین شوێنە مێژووییەکانی گەڕەکی سابونکەران بریتیین لە:**

**١. چوخمی[*] شەقامی سابونکەران:**

چوار چوخم لە ناو شاری سلێمانیدا هەبوون لەوانە لە گەڕەکی (مەڵکەندی لەم لای مزگەوتی حاجی حانەوە لە ژێرماڵی حەمە ئاغای باوکی کەریم زەند، گەڕەکی گۆیژە لە شەقامی سابونکەران لە ژێر ماڵی حاجی کەریمی شمار، گەڕەکی دەرگەزێن لە تەنیشت ماڵی حاجی کەریم خانی کەوش دروو و گەڕەکی سەرشەقام لە ژێر ماڵی مستەفا ئاغا)،[١] چوخمەکی سابونکەران لای ماڵی حاجی کەریمی شمقار بوو کە وەك ئوتێل دوو قات بووە لە سەرەوەی چوخمەکە خۆیان تیایدا ئەژیان، ژێر چوخمەکە کە لەسەر شەقامەکە بوو بە دوکان جیاکرابویەوە و چوخمەکەی سابونکەران بە ژێر ئەم ماڵانەدا تێئەپەڕی بۆ کۆڵانێك کە چەند ماڵێکی لەسەر بووە وەك ماڵی (حاجی غەریبی خەفاف، عەزیز ئەفەندی باوکی سمکۆی هونەرمەند، کاکەڕەش باوکی ئەحمەد، مامە عەزە باوکی ڕەحیم و کەریم فەتاح، پسکۆ و براکەی مەفەوەزی پۆلیس بوو)،[٢] ئەم چوخمە زیاتر لە زستاندا وەك نەوایەك بەکارئەهات بۆ خۆپاراستن لە باران و بەفر لە لایەن ڕێبوارانەوە، جگە لەوەی وەك پەناگەیەك بەکار ئەهات بۆ ئەو خەڵکانەی لە شاردا ئەمانەوە، لەوانە خەڵکی (قرگە، کۆڵەبی، ویڵدەر، وڵڵانە، گورگەدەر) کەجار جار بەکاریان ئەهێنا بۆ بەستنەوەی وڵاخەکان تاوەکو کارەکانی ناو بازاڕیان تەواو ئەبوو.[٣]

لە ئێستادا چوخمەکەی گەڕەکی سابونکەران ڕووخێنراوە بووە بە گەراج، بە ناوی گەراجی (سابونکەران)، لە وێنەی ژمارە (١٢) دا ئاماژە بە چوخمەکە کراوە لە ڕابردوودا کە وێنە کە بۆ ساڵی (پەنجاکان) دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئێستای چوخمەکە نیشان دەدات.

---

(*) چوخم: ئاماژەیە بۆ شوێنێك کە ژوور و خانووی لە نهۆمی سەرەوەیدا هەبووە، خەڵك لە ژێرەوەیدا دەڕۆیشتن. ئەم چوخمانە ڕێبوارانیان دەپاراست لە باران لە زستاندا و لە خۆر و گەرمای هاوین. لە هەمان کاتدا کورتە ڕێگایەکی بۆ پیادەران دروست دەکرد.

- Marwa Bakhtyar Rasul, The Role of the Unexamined Urban Intervention of the Traditional Urban Fabric Areas - Sulaimani/Sarshaqam Traditional Area as a Case Study, thesis, Planning Engineering, Sulaimani - Polytechnic University, 2021, p105

(١) عەباس مەلا ئیبراهیم حافظ (وەستا عەباس دارتاش)، سلێمانی لە بیرەوەریەکانمدا، بەبێ چاپخانە و شوێن، ١٩٩٩، ل٤٤

(٢) م.محمد باقی سعید، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٥/٣

(٣) عەلی مەجید، چوخمەکانی شار بەشێکبوون لە نەخشەسازی بینای سەردەمانێکی سلێمانیە ناوبانگترینیان چوخمەکەی سابوونکەران بوو، گۆڤاری سلێمانی، ژ٦٧، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٤

وێنەی ژمارە (١٢)

چوخمەکەی شەقامی سابونکەران لە ڕابردوو و ئێستای گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [١]






(١) وێنەی یەکەم لە کاروان چاومار وەرگیراوە، وێنەی دووەم لەلایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٤/١٦ گیراوە

**٢. حەمامی موفتی:**

هەرلە کونجی شارستانیەتەوە لەسەر ڕێڕەوی زۆر کۆنی شارانی جیهان، لە شاری سلێمانی چەند حەمامێکی گشتی دروستکرا، لەوانە حەمامی موفتی بووە لە سابونکەران، ئەم حەمامانە لایەنێکی شارستانی دەردەخەن،[١] حەمامی موفتی یەکێکە لە حەمامە کۆن و گرنگەکانی سلێمانی کە لە ساڵی (١٨٦٦) موفتی سلێمانی (مەلا ئەحمەدی چاومار کوڕی مەلا مەحمود)ی دێلێژە ئاوەدانی کردۆتەوە لەگەڵ وەستا (مەحمودی وەستا بەکر) بەخشتی سورکراو و گەچ لە سابونکەران لە گەڕەکی گۆیژە کە دەکەوێتە سەر قەراغی باشووری شەقامی سابونکەران، وەستایانی حەمام وەستا (شوکرێ و ئەولێ) بوون، چوارده گومەز لە حەمامدا هەیە کلاو ڕۆژنە بۆ ڕووناکی لەسەریاندا هەیە، دوانیان گەورە و ئەوانی دیکە بچووکن، جگەلەوەی تونی حەمام یان کوورە یان شوێنی ئاگرکردن هەیە بۆ گەرمکردنی ئاوی حەمام، ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە خانی حەمامەکەیە، وەستا (عەلی وەستا حەسەنی فاتمە غەزایی) لە ساڵی (١٩٢٧) ئەم بەشەی بۆ حەمامەکە زیادکردوە، لە تەنیشتی باشوور کە بریتییە لە قاعەیەك و کۆمەڵە (پایە - ستون) و کەوانی زۆر جوانی تێدا دروستکراوە بە خشت و گەچ بۆ خاوەنەکی (حاجی ئیبراهیم ئاغا).هەروەها ئاوی حەمامەکە لە کارێزێکەوە دێت کە لە دوورە وە هاتووە لە ڕۆژهەڵاتی شار (گردی سەلیم بەگ)، بەڵام ئاوی ئەم کارێزە کەمیکردوە و ئاوی بیری بەشی باشووری حەمامەکە واتە خانەکە چەورە و بە کەڵکی خۆشۆردن نایات، بۆیە لە باشووری حەمام بیریان لێداوە و بە بۆری بۆ ناو حەمام ڕایان کێشاوە، بەگشتی حەمام بە ئەم ئاوە کاردەکات.[٢] لەڕابردوودا حەمام زۆر کەم بووە لە ماڵان، بۆیە خەڵکی بۆ خۆشۆردن ئەچوون بۆ حەمامەکان، حەمامی موفتی لەکاتژمێر (٨) بەیانی بۆ پیاوان بووە، لە دوای ئەوە تا کاتژمێرێکی پاشنیوەڕۆ بۆ ژنان بووە، دوای ئەوە هەر بۆ پیاوان بووە، بەیانیان لە بەردەم حەمامی موفتی ماست بە مەنجەڵ و شیر بە قاپ ئەفرۆشرا لە ناو حەمامەکەدا، چاو و شێلم ئەفرۆشرا، بەڵام شێلمەکە وەك ئێستا بە دۆشاو نەبوو بەڵکو هەر ئەکوڵاو ئەیپێشاو ئەکرایە سەبەتەوە، شێلمەکە وورد بووە ڕەگی تاڵی هەبووە، خوێ پێوە ئەکرا کە زۆر خۆش و ناوازە بووە خەڵکی ئەهاتن بۆ خواردنی بە تایبەتی ئەوانەی کە لە حەمامەکەدا خۆیان ئەشت.[٣]

(١) ئەکرەمی مەحمودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی ( ٢٠٠ساڵ)، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠
(٢) عبدالرقیب یوسف، حەمامی موفتی لە سلێمانی، گۆڤاری بابان، ژ ٢٧، سەنتەری ڕۆشنبیری بابان دەریدەکات، چاپخانەی ڕۆشنبیری مانگ، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ٤٨-٤٩-٥٠-٥١- ٥٣
(٣) م.محمد باقی سعید، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٥/٣

ئێستا حەمامی موفتی کاردەکات، محەمەد عزیز بە کرێی گرتووە، پاش مردنی محەمەد عەزیز لە (٢٠١٢/٨/٢٣) ژنەکەی (ئامینە محەمەد ئەحمەد) لە دایکبووی (١٩٦٠) حەمامی بەکرێ گرتووە و سەرپەرشتیاری حەمامەکە دەکات. پێش شەڕی کوەیت (١٩٩٠) ڕۆژی (١٠٠) کەس دەهات بۆ حەمام، دوو شەفت بوو ڕۆژێ بۆ پیاو و ڕۆژێ ژنان لە سەعات (٥)ی بەیانی تا (٨)ی بەیانی بۆ پیاو بووە، لە سەعات تاوەکو (٢:٣٠) پاش نیوەڕۆ بۆ ژنان بووە، سەعات (٣-٨)ی شەو بۆ پیاوان بووە، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٠) وە حەمام کز بووە چونکە حەمام لە نێو ماڵاندا زۆر بووە ئیتر تەنها ژن دێن بۆ حەمام بە تایبەتی ژنە بەتەمەنەکان. ئێستا ڕۆژانە (٥-١٥) تا (٣٠) ژن دێن بۆ حەمام. ئەوەی کە دێت بۆ حەمام ئەبێت خاولی و سابون لەگەڵ خۆی بهێنێت، دوای حەمام حەمامچیەکان حەزیان لە خواردنی ( شێلم بەترش، ترخێنە، تەڕەساز، پسکویت و بیبسی)ە، کە خەڵکی پاش خۆشوۆردن لە حەمامدا ئەیخۆن.[١]

وێنەی ژمارە (١٣)

ئێستای حەمامی موفتی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [٢]




(١) عبدالرقیب یوسف، حەمامی موفتی لە سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢-٥٣
(٢) وێنەکان لە لایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٤/١٦ گیراوە

### ٣. خان:

لە هەموو شارە کۆنەکانی جیهاندا، کە شار بووە بە شوێنی بازرگانی و ڕێڕەوی کاروانی و وڵاتان. خان و قەیسەری دێتە کایەوە و دەبێ بە بنەڕەتی بازرگانی، کەل و پەلی تێدا ساغ دەکرێتەوە دەبێتە جێی نووستن و حەسانەوەی خاوەن ماڵ و وڵاغەکانیان. شاری سلێمانیش هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە وردە وردە خان و قەیسەری بۆ ئەو مەبەستە تێدا دروستکراوە،[١] لەبەرئەوەی شەقامی سابونکەران وەك کاروان سەرا بووە دەکەوێتە سەنتەری شارە ئەو خەڵکانەی کە لە دێهاتەکانەوە هاتوون بەم شەقامەدا تێپەڕیوون، هەروەها بەرووبوومەکانیان لەم شەقامە ساغ کردۆتەوە، لە تەنیشتی حەمامی موفتی خانی (ئەحمەد ئاغای ڕەسوڵ ئاغا) بووە، خەڵکی گوند لە ناحیەی بەرزنجە و شارباژێڕەوە، کە ئەهاتن بەروو بوومی گوند و میوەهات و بارەداریان بە وڵاغ ئەهێنا، لەم خانە وڵاغەکانیان ئەبەستەوە و شەو لێرە ماونەتەوە،[٢] لە هەمانکاتدا ئەم خانە ئوتێلیش بووە کاروانچیەکان هاتوون، وڵاغەکانیان لێداناوە و لە خانەکە ماونەتەوە بۆ نووستن ئێستا شوێنی (عەبالەی حەڵواچی)یە لە گەڕەکی سابونکەران.[٣]

وێنەی ژمارە (١٤)

شوێنی عەبالەی حەڵواچی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [٤]




(١) ئەکرەمی مەحمودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی (٢٠٠سال)، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠

(٢) م.محمد باقی سعید، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٥/٣

(٣) م.ئەکرەم حەمە لاو، چاوپێکەوتن، مامۆستای خانەنشین، سلێمانی، ٢٠٢٢/٤/١

(٤) https://facebook.com/ وێنەی یەکەم لە پەیجی سابونکەران لە بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٦ وەرگیراوە کە عەبالەی حەڵواچی لە ناو دوکانەکەی نیشان دەدات، وێنەی دووەم لە لایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٤/١٦ گیراوە

**٤. قوتابخـــانەی کەشــتی نــوح:** لە ســەر تــابلۆیەکی نەجمەدیــن مەلا [*] کە هەڵیواســیبوو ئەمەی نووسیبوو:

**ئەگەر ئەتەوێ ڕزگارت بێ لە نەزانین ئەی ڕۆح**

**زو بە زو خۆت بگەیەنە قوتابخانەی کەشتی نوح**

قوتابخانەی کەشتی نوح ئەکەوێتە لای دەستە چەپـی شـەقامی سـابونکەران سـەر و مزگەوتـی (سەید حەسەن)ەوە، (نەجمەدین مەلا) دوو دوکانی هەبـووە، وانەشـی تیـا وتـۆتەوە و لە دوکـانەکەدا ئەنووسـت، خەڵکـی فێـری خوێنـدەواری دەکـرد، حەفتـانە لە ڕۆژنـامەی ژیـن، مەتەڵـی حەفـتەی ئەنووسیەوە، ئەم پیـاوە پیـاوێکی زۆر کـورد پەروەر و نیشـتمان پەروەر بـووە، خـاوەنی (٢) پشـیلە بووە، پشیلەکانی ڕاگرتبوو، شەوانە کە ئەخەوت دەرگاکەی دائەخست خەڵك یـارمەتی ئەدا ئەوانەی کە وانەی پێئەوتن، نەجمەدین مەلا بۆ ماوەی دوو حەفتە لە دووکانەکەیدا مرد بـوو، نەجمەدیـن مەلا وەسـێتی کردبـوو لە ئەزمەڕ بینێـژن، بـۆیە خەڵکـی شـار بە شـانازیەوە بردیـان بـۆ ئەزمەڕ لەسـەر وەسێتی خۆی لە ئەزمەڕ ناشتیان.[١]

کەشـتی نـوحی نەجمەدیـن مەلا ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـووە لە ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا، لەبەرئەوەی کەشتی نوح وەکو دامەزراوەیەکی زانسی پێگەیەکی گرنگی هەبووە کە تیاییدا خەڵك فێـری خوێنـدن و خوێندواری بوون، ئەمەش تەنها بۆ منداڵان نەبووە بەڵکو کـاتی شـەوانی تەرخـانکردووە بـۆ ئەو کەسانەی کە پیشەوەرن یان لە بـازاڕ کاریـان کـردووە، ئەمەش کـاریگەری لەسـەر بڵاوکـردنەوەی خوێندەواری هەبووە، ئەوەی جێگەی ئامـاژە بـۆ کـردنە لە بەرواری (٢٠٢٢/٨/١٨) قوتابخـانەی کەشــتی نــوحی نەجمەدیــن مەلا ڕووخێنــرا لەبەرئەوەی دەکرێــت بە شــوێنی بازرگــانی، دەکرێـت پارێزگاری لە کەشتی نوحی نەجمەدین مەلا بکرایە وەکـو شـوێنێکی مێـژووی کە ڕۆڵـی هەبـووە لە فێرکردنــی خوێنــدن و خوێنــدواری و وەکــو ڕەمزێــك بمایــاتەوە لە مێـژووی گەڕەکەکە و هــزری تاکەکاندا.

(*) نەجمەیـن مەلا کـوڕی مەلا غەفـوری مەلا عەلـی مەلا ئیبـراهیمە، لە کـاتی دروسـتبوونی شـاری سـلێمانی و گەشەداری فەرمان ڕەوایی بابانییەکان لەسەر خواستی (ئیبـراهیم پاشـا) بـاپیرە گەورەی لە قەڵاچـوالانەوە هێنـراوەتە شاری سلێمانی، بووە بە مامۆستا لەمزگەوتێکدا. ئاشکرایە لە پاش جێگیر بوونی ئەم بنەمـاڵەیە لە سـلێمانیدا پاشـان لە ساڵی (١٨٩٨) نەجمەدینی مەلا لە دایك بووە، خوێندنی لای (حاجی موستەفای قازی) هەروەها لای باوکی و پاشان لە سلێمانی لە ساڵی (١٣٣٠ك) لە و قوتابخانەیە خوێندویەتی کە (سفوەت یەکـی تـورك/ سـەرکردەیەکی تـورك بـوو) کردبوویەوە لە سلێمانی بە پلەی یەکەم دەرچووە.[١]

- نەجمەدین مەلا، ڕشتە: سـەرجەم بەرهەم و بـابەت و نوسینەکانی نەجمەدیـن مەلا، ئـا: ئـاوات ئەبـوبەکر ئەحـمەد، ب١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٦-١٧

(١) د.ڕەئـووف عثمـان معـروف، چـاوپێکەوتن، مامۆسـتای زانکـۆ، خانەنشـین، بەرپرسـی ناوەنـدی ڕۆشـنبیری د.عزالدین مصطفی ڕەسول، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٩

وێنەی ژمارە (١٥)

ڕابروود و ئێستای کەشتی نوحی نەجمەدین مەلا لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [١]




**٥. ئاشی ئەلەتریکە:**

لە ساڵی (١٩٣٠) لە گەڕەکی گۆیژە لە شوێنکدا پێیان دەوت (باخی پورە بەگی) لای گاوران (مەسیحییەکان)، بۆ یەکەمین جار لە لایەن لیژنەی ئاو و کارەبا مۆلیدەی کارەبا دامەزرا، لەسەرەتادا دوو مۆلیدە بووە یەکی بڕی (٢٥) کیلۆوات کارەبایان داوە بە هاولاتیان، کارەباکە لە جۆری (دی.سی) بووە، کۆڵەکەی گڵۆپی شەقامەکان لە داربووە زۆربەی شار ڕووناك بووە چونکە شار زۆر فروان نەبووە، پاشان لەبەر پێویستی مۆلیدەیەکی تری بەهێزی (٥٠) کیلۆوات لەهەمان شوێندا دانراوە، بەمەش کارەبای ناو شار دابینکراوە تاوەکو ساڵی (١٩٣٦)، لەبەر فراوان بوونی شار دوو مەکینەکە فرۆشراوە بە هەڵەبجە و لە شوێنی ئەوان مۆلیدەیەکی تری (١٠٠) کیلۆ واتیان داناوە، بەمە هێزی کارەبا بووە بە سێ ئەوەندە بەم شێوەیە کارەبا ماوەتەوە تاوەکو ساڵی (١٩٤٣) بۆ (١٩٥٣)، چوار مۆلیدەی تریان هێناوە کە هێزی هەموویان (٥٤٢) کیلۆوات بووە، بەم شێویە پرۆژەی کارەبا ماوەتەوە هەتاوەکو ساڵی (١٩٥٧) لەبەر گەورە بوونی شار، وا بە باش زانراوە کە کارەبای جۆری (دی.سی) سودی زۆری لێوەرناگیرێت، بڕیاردراوە بە گۆڕینی بۆ جۆری (ئەی.سی). لە ساڵی (١٩٥٧) پرۆژەی کارەبای (ئەی.سی) دامەزرا لە سەر و بەندینخانەکەوە (پارکی دایك).[٢] لە شوێنی ئاشی ئەلەتریکەکە لە ساڵی (١٩٥٦-١٩٥٧) (دواناوەندی هونەری

---

(١) https://facebook.com/ وێنەی یەکەم لە فۆتۆ ڕەفیق لە بەرواری ٥/٩/ ٢٠٢٢ وەرگیراوە، وێنەی دووەم لە لایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٤/٩/٢٠٢٢ گیراوە

(٢) شاهۆ عوسمان سەید قادر، شاری سلێمانی/ بەشی کۆتایی، گۆڤاری بانە ڕۆژ، ژ ٩٣، کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك، بەبێ چاپخانە، کەرکوك، ٢٠١٤، ل١٦-١٧

ماڵی)(فنون بيتی) دامەزرا لە پۆلی یەکەمەوە دەستی پێدەکرد، مامۆستا (لویزە کاکە حەمە) کرا بە بەڕێوەبەری پرۆگرامەکەی بە حەز و ئارەزووی ئەو کەسانە بوو کە بلیمەت بوون لە ئیش و کاری ناوماڵدا، یان دابڕا بوون لە خوێندن. ئەم قوتابخانەیە لە سەرەتاوە یەك پۆل بووە، دوای پەرەسەندنی قوتابخانەیەکی گەورەیان بۆ کراوەتەوە لە جێگای ئاشی ئەلەتریکەی گاوران، زۆر لە مەسیحییەکان ئارەزوومەندی ئەم قوتابخانەیە و پرۆگرامە پیشەیی بوون، لەبەرئەوە ژمارەیان زۆر بوو تیایدا.[1] کاتێك بۆ یەکەم جار کارەبای سلێمانی کە خراوەتە کار لە باخی پورە بەگی بووە کە دەکەوێتە گەڕەکی سابونکەران لە بەشی مەسیحییەکان، بەڵام دواتر ئاشی ئەلەتریکەکە ئەگوازرێتەوە ئەکرێت بە دواناوەندی هونەری ماڵی، لە ئێستادا بووە بە قوتابخانەی مەحوی لە گەڕەکی سابونکەران.

وێنەی ژمارە (١٦)

قوتابخانەی مەحوی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [2]



**٦.ماڵی پیرەمێردی[*] شاعیر:**

تۆفیقی مەحمود ئاغا، لە تەمەنی شەش بۆ حەوت ساڵیدا، خراوەتە بەر خوێندن، یەکەمجار ئەچێتە حوجرەی مەلا حوسەینە گۆجە قورئان و کتێبە سەرەتاییەکانی خوێندی حوجرەی ئەو کاتە لەوێ تەواو دەکات، ئنجا ئەچێتە حوجرەی مەلا سەعید زلْزەیی.[3] پاش ماوەیەك پیرەمێرد ئەبێت بە فەقێ لە مزگەوتی همزە ئاغای باپیری کە شوێنەکەی نزیکی باخێك بووە پێیان وتووە باخی پوورە بەگی کە لە گەڕەکی گۆیژەیە و چاپخانەکەی پیرەمێرد نزیك ئەو مزگەوتەیە،

(١) زەکیە ڕەشید محەمەد ئەمین، بزوتنەوەی کچانی کورد لە سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١

(٢) وێنەکە لە لایەن توێژەرەوە ٢٠٢٢/٨/١ گیراوە

(*) پیرەمێرد ناوی (تۆفیقی کوڕی مەحمود ئاغا، کوڕی همزە ئاغای مەسرەفە)، لە ساڵی (١٨٦٧ز) لە سلێمانی و لە گەڕەکی گۆیژە لە دایك بووە.

- محمد رسول (هاوار)، دیوانی پیرەمێری نەمر، چاپخانەی شڤان، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٧

(٣) ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی مێژووی ژیان و بەرهەمەکانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل٤٨-٤٩

لە ساڵی (١٩٣٣) چاپخانەی شارەوانی بە کرێ ئەگرێت مافی ڕۆژنامەی ژیان ئەگرێتە ئەستۆی خۆی. لە ساڵی (١٩٣٧) دا لەگەڵ کاربەدەستانی شاری سلێمانیدا تێك ئەچێت و چاپخانەی شارەوانی لێ وەرئەگرنەوە، بەڵام پیرەمێرد بەردەوام ئەبێت و خانووەکەی ئەخاتە ڕەهنی فەرمانگەی (ئەتیام)ەوە و ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی نوێ بۆ خۆی وەردەگرێت و بەناوی ڕۆژنامەی (ژین) دەرئەکات، بەم شێوەیە چاپخانەی ژینی لە ماڵەکەی خۆیدا دامەزراند.[1] پیرەمێرد تاوەکو دواهەناسەی ژیانی بە کاری ڕۆژنامە نووسیەوە خەریك بوو، لە (١٩) حوزەیرانی ساڵی (١٩٥٠) لە سلێمانی بەهۆی نەخۆشی شەکرە و گورچیلەوە لە تەمەنی (٨٣) ساڵیدا کۆچی دوای دەکات، لەسەر وەسێتی خۆی لە گردی مامە یارە[*] ئەنێژرێت و ئەبێتە دوا ئارامگەی ئەو پیاوە مەزنە.[2]

پیرەمێرد سەبارەت بە خوێندن لە وەسێتنامەکەیدا دەڵێت: ئامۆژگاریم ئەوەیە بخوێنن، کچ و کوڕ تا خوێندەوارنەبن بێسودە هەموو شتێك بە زانست و هونەرەوەیە وەك وتوومە:

**لای من بە خوێندەواریە، ئاە بەخوێندەواریە**

**هەر میللەتێ کە فەنی نەبێ دەردی کاریە**

**ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەك من ئارەزوو ئەکەم**

**ببینم و نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم** [3]

---

(١) محمد ڕسول (هاوار)، دیوانی پیرەمێری نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١-٢٣

(*) مامە یارە: یەکێك بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان، ماڵیان لە سلێمانی بووە لای مزگەوتی سەید حەسەن، نزیك خانووەکانی حاجی صاڵی خەفاف، مامە یارە پیاوێکی شۆخ و سوارێکی قۆز بووە، هەمیشە هاوڕێی چەك بووە دوو دەمانچەی کردووە بە لاقەی خۆی وەك کابوویەکانی ئەمەریکا، کە لە سلێمانی چۆتە دەرەوە دەمانچەیەکی دەرهێناوە و تەقەی کردووە بە ئاسماندا پاشان ئەسپەکەی تاو داوە، کە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی تەقەی کردۆتەوە بە ئاسماندا، کە لە ماڵەوە بووە، وڵاخەکەی بەستۆتەوە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا، لە شەڕێکدا کە لە دەوروبەری سلێمانی ڕوویداوە، مامە یارە بەسەر گردەکەی کە ئێستا لێی نێژراوە بەسەر گردەکەوە ئەبێت، لەکاتی جەنگدا گولەی تۆپێکی بەرکەوتووە و کوژراوە، هەر لەسەر ئەو گردە نێژراوە و ئەو گردەیان ناوناوە مامە یارە.

- محمد ڕسول (هاوار)، دیوانی پیرەمێری نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣

(٢) ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی مێژووی ژیان و بەرهەمەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠-٥١

(٣) محمد رسول (هاوار)، دیوانی پیرەمێری نەمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣-٢٤

وێنەی ژمارە (١٧)

ماڵی پیرەمێرد لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [١]




لە ڕابردوودا ماڵەکەی پیرەمێرد ڕۆڵی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری، لەبەرئەوەی ڕۆژنامەی لە گەڕەکی سابونکەران دامەزراند، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی دانیشتوانی سابونکەران کە شوێنی ڕۆشنبیران و خوێندەواران بووە، بەڵام لە ئێستا بووە بە مۆزەخانەیەك کە خەڵك ئەچن بۆ سەردانکردنی.

**٧. ماڵی سۆفی کەریمی سەراج:**

ئەم خانووە نۆژەن کراوەتەوە لەسەر هەمان نەخشەی کۆنی خانووەکە، لە ئێستا بۆتە شوێنێکی کلتووری، کە خەڵك بە مەبەستی نانخواردن و بەسەربردنی کات سەردانی دەکەن.

وێنەی ژمارە (١٨)

ماڵی سۆفی کەریمی سەراج لە ڕابردوو و ئێستای گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [٢]




(١) https://www.kurdipedia.org/ وێنەی یەکەم لە بەرواری ٢٠٢٣/١/١٩ لە کوردیپێدیا وەرگیراوە، وێنەی دووەم لە لایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/١/٧ گیراوە

(٢) https://facebook.com/ وێنەی یەکەم لە پەیجی وێنەکۆنەکانی سلێمانی لە بەرواری ٢٠٢٢/٨/١١وەرگیراوە، وێنەی دووەم لە لایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٧/٢٣ گیراوە

**٨. قوتابخانەی زانستیی:**

لە گەڕەکی سابونکەران قوتابخانەیەکی شەوان هەبووە ناویان ناوە (قوتابخانەی زاستیی)، مەبەست لە وشەی زانستیی بۆ قوتابخانەی شەوان ئەوە بووە، بۆ ئەوانەی کە نەخوێندەوارن و بە ڕۆژ کاردەکەن، کاتی ڕویشتنە قوتابخانەی ڕۆژییان نییە. وایان لێبکرێ بە لایەنی کەمەوە، خوێندن و نووسین بزانن. واتە مەڵبەندێك بوو بۆ قەڵاچۆکردنی نە خوێندەواری. هەربەم هۆیەوە، ساڵانێکیش دوای ئەوە، بە هەموو قوتابخانەیەکی شەوانیان دەگوت (زانستیی).(١)

ناوی بەڕێوەبەرەکانی مەکتەبی زانستی کە یەك بە دوای یەك بوون وەك (پیرەمێردی شاعیر، کەریم زانستی، شاکر فەتاح، کەریم زەند)، هەندێك مامۆستای دیکەی دڵسۆز بۆ دواڕۆژی کورد وانەیان وتۆتەوە، لەوانە (نوری شاوەیس، فایەق بێکەس، موحەرەم موحەمەد ئەمین، نوری محمد ئەمین، عوسمانی ساحێبقران، قادر عەبدولرەزاق، ئەبوبەکر هەوری، فایەق هۆشیار، محەمەد شێخ مستەفا...هتد)، بەڵام لە ساڵانی چلەکاندا مامۆستا (مەجید سەعید دز کوژ) و (محەمەد شێخ مستەفا) بەرامبەر بە مووچە وانەیان بە زانستی ئەوتەوە.(٢)

**٩. سینەمای گۆیژە:**

ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە لە گەڕەکی سابونکەران سینەمایەك هەبووە بە ناوی (سینەمای گۆیژە)، سینەمایەکی وەرزی بووە تەنها هاوینان ئیشی کردوە، خەڵك بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان ڕوویان لە سینەماکە کردوە.(٣) لە ئێستادا بووە بە گەراج بە ناوی گەراجی سەرا.

**١٠. داری توی قۆچە:**

سەبارەت بە (داری توی قۆچە) لە گەڕەکی سابونکەران، دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی شاعیر (شێرکۆ بێکەس)، کە باپیرە گەورەی (ئەلیاسە قوچە)، لەگەڵ یەکەمین کاروانی گواستنەوەی دانیشوان لە قەڵاچوالانەوە هاتونەتە سلێمانی و لە شارە نوێیەکەی ئیبراهیم پاشادا نیشتەجێبووە، دەکەوێتە سەرەوەی گەڕەکی سابونکەران، ئەو دارەتووە پەڵ و پۆل دارە هەر بە پێوە بووە، کە بە دارەکەی قۆچە بە ناوبانگ بووە.(٤) دەکەوێتە بەشی سەرەوەی گەڕەکی سابونکەران.

(١) جەمال نەبەز، بیرەوەرییینامەی ئەو ڕۆژانەی جارەکی دیی ناگەڕێنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٠٨-١٠٩

(٢) زەکیە ڕەشید، شارێك لە دڵی ژنێکدا (یاداشت و یادەوەری)، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١

(٣) د.ڕەئووف عثمان معروف، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٩

(٤) شێرکۆ بێکەس، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش (ژیانامە و بیرەوەری)، ب١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٣

دروستکردنی سابون و بوونی حەمام لە گەڕەکی سابونکەران بۆ خۆی ئاماژە دانە بە جۆرێك لە شارستانیبوون دانیشتوانی سابونکەرانی پێ جیائەکرێتەوە، واتە نیشانەی شارستانی بوونی بیرکردنەوەی دانیشتوانەکەی بووە، کەسێك کە زۆر خۆی بشوات و پاك و خاوێن بێت ئەمەش حەمام دروست دەکات، گرنگی زۆر بدات بە جل و بەرگ و پاك و خاوێنی ئەدات ئەمەش بۆخۆی نیشانەی شارستانیبوونە. هەروەها گەڕەکی سابونکەران بە بەراورد بە گەڕەکەکانی تر خوێندەوارتر بوون ئارەزوومەند بوون بۆ پێشکەوتن و گۆڕانکاری، بوونیماڵی پیرەمێری شاعیر و کەشتی نوحی نەجمەدین مەلا و قوتابخانەی زانستی و حوجرەی ناو مزگەوتەکان ئاماژەن بۆ بەرزی ئاستی ڕۆشنبری دانیشتوانەکەی لە کۆندا.

لە ئێستادا نەوەی یەکەم و دووەمی سابونچی و سابونکەرانییەکان مردوون، هەروەها نەوەی دووەم و سێهەمیش بڵاوبوونەتەوە کە زۆرینەیان لە گەڕەکی سابونکەران کۆچیان کردووە، بۆیە دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران لە ڕووی پێکهاتەوە گۆڕان بۆ خەڵکانی قەزا و ناحییەکان و ئاوارە عەرەبەکان و هەورامیەکان.

### ٦. کاریگەری مزگەوتی گەورە لەسەر پێگەی گەڕەکی سابونکەران:

یەکەم مزگەوتە لە سلێمانی لە لایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە دروستکراوە، حەرەمێکی گەورەی هەیە بۆ نوێژکردن نزیکەی دوو هەزار کەس دەگرێت، لە تەنیشتیەوە ژوورێك هەیە گۆڕی میرەکانی بابانی تێدایە لە عەبدولرەحمان پاشاوە پێش ئەویشەوە، لای سەرەوەی حەوشەیەکی گەورە یە هەیوانێکی درێژ و حەرەمێکی تری هەیە پێنج فەرزەی تێدا دەکرێت، لای ڕاستەوە ژووری گۆڕی کاك ئەحمەدی شێخە، لای چەپیەوە ژووری قوتابی و مامۆستایانی تێدایە، هەروەها کتێبخانەیەکی گەورەی هەیە زۆر کتێبی بەنرخی تێدایە، بەڵام لە دوای نەمانی بابانەکان هەندێکی لە ناوچووە، لە دوای کۆچی کاك ئەحمەدی شێخ دەستی تاڵانکردنی پێدەگات و، لە هەموو لایەکەوە لێی دەدزرێت، لە کاتی داگیرکاری ئینگلیزدا دەسووتێنرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە بە پەرش و بڵاوی نزیکەی سێسەد بەرگ بووە لە ژێر تەپ و تۆز و خۆڵدا،[1] مزگەوتی گەورە یەکەم مزگەوت بووە کە منارەی تێدا بووبێت و بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید دروستکراوە لە ساڵی (١٣٠٨ك) دا، پاشان حەرەمەکەی گەورە کرا لە لایەن (حاجی عەبدوڵلا)وە.[2] مامۆستاکانی بریتیبوون لە (شێخ مارفی نۆدێ بەرزنجی، حاجی کاك ئەحمەدی شێخ، مەلا عەبدولرحمانی پێنجوێنی، سەید عەبدوڵلای سەید حەسەن، حاجی مەلا عەبدوڵلای بیژوێ).[3]

(١) محەمەد قزڵجەیی، ناساندنی مزگەوتەکانی سلێمانی و خوێندنگە ئاینییەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦-٥٧
(٢) جمال بابان، سلێمانی شارەگە شاوەکەم، بەرگی ٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٥
(٣) ئەکرەمی مەحمودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی ( ٢٠٠ساڵ)، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥

تاوەکو ئێستا چەند جارێك نۆژەن کراوەتەوە لە ساڵانی (١٩٤٠، ١٩٥٠، ١٩٦٨، ١٩٧٠، ٢٠١٠) دا.(١)

مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لە گەڕەکی سابونکەران نیشتەجێبوون، کاریگەری زۆری کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ مەعروفی نۆدییان لەسەر بووە، هەتاوەکو پێکەوە ژیانێك کە کاك ئەحمەدی شێخ لەسەردەمی خۆی لە سەر گەڕەکی سابونکەران و مەسیحییەکانی شاری سلێمانی دروستکردووە، تاوەکو ئێستا کاریگەری ئەو پێکەوە ژیانە ماوە لە سەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانیەوە تاوەکو ئەم سەردەمە، هیچ بەریەك کەوتنێك لە نێوان مەسیحییەکان و موسوڵمانەکان لە شاری سلێمانی ڕووی نەداوە،(٢) هەروەها ڕەهەندێکی دیکەی پڕ حیکمەتی کاك ئەحمەدی شێخمان بەو ئاراستەیە دەردەکەوێت کە شکۆی ئاین و زانایانی ئایینی ئیسلام لە دەرەوەی دەسەڵات و خۆ بەدوور گرتنیان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات ڕەنگدەداتەوە و ئەرکی گرنگ و پیرۆزی زانایانی ئایینی هەوڵدانە بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان بەرجەستە دەکات، ئەمەش پێگە و مەقامی کاك ئەحمەدی شێخی گەیاند بووە ئەو ئاستەی کە مەسیحی و جولەکەکانی شاری سلێمانی ئەویان بە ئەو چەترە دەزانی کە لە ئازاری کەسانێکی نەفام بیانپارێزێت کە بەهۆی تێنەگەیشتنەوە لە گەوهەری ئایین بە چاوێکی کەم سەیریان دەکردن.(٣) لەسەردەمی کاك ئەحمەدی شێخدا چەند جارێك بەشێك لە موسوڵمانەکان ئازاری مەسیحییەکان ئەدەن، مەسیحییەکان لای کاك ئەحمەدی شێخ کە لە مزگەوتی گەورە بووە مامۆستا و وتار بێژی مزگەوتەکە بووە، ئەوان دێن بۆ لای کاك ئەحمەدی شێخ وەك زاتێکی کە جێگەی گفتوگۆ بووە، شەکوای حاڵی خۆیان ئەکەن، چەند جارێك کاك ئەحمەدی شێخ داوا لە موسوڵمانەکانی ئەم شارە دەکات کە ڕێز لە مەسیحییەکان بگرن و پێکەوە ژیان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا لە نێوان پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان واجبە، چەند جارێك ئەمە لە وتاردا بە گوێی موسڵمان ئەدات، بەڵام سودی نابێت، کاك ئەحمەدی شێخ داوای کچێکی مەسیحی ئەکات بۆ کوڕێکی منداڵیشیان ئەبێت ناوی ئەنێت (عیسا) بە ناوی پێغەمبەرەکەی ئەوانەوە، بۆ ئەوەی پێکەوە ژیانێکی ڕاستی دروست بکات و ڕێزێکی تەواو لە مەسیحییەکانی ئەم شارە بگرێت.(٤)

(١) شاهۆ عوسمان سەید قادر، سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەرین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥
(٢) محمد حسين عبدالله، چاوپێکەوتن، پێش نوێژی مزگەوتی گەورە، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١٠
(٣) هەمان سەرچاوە، ٢٠٢٢/٢/١٠
(٤) کاك ئەحمەدی شێخ، مەکتووباتی کاك ئەحمەدی شێخ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦

وێنەی ژمارە (١٩)

مزگەوتی گەورە لە شاری سلێمانی نیشان دەدات [١]




لە ئێستادا مزگەوتی گەورە پێگەی خۆی ماوە، وەزیفەی خۆی هەیە وەکو بونیادێکی شاری سلێمانی، وەکو دامەزراوەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی نوێژەکانی تێدا ئەنجام ئەدرێت و زیکری بە کۆمەڵی تێدا ئەکرێت، خەڵکی شارەکە و ئەوانەشی دێن لە کاتی بازاڕ کردندا پشووی تێدا ئەدەن، بەردەوام خواردنی تێدا دروست دەکرێت و ئەبەخشرێتەوە بۆ هەژار و بێنەواکان. بە تایبەتی لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا بە ناوبانگە وەکو دامەزراوەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت کە خواردەمەنی بۆ ڕۆژوەوان ئامادە دەکرێت و دابەشدەکرێت. بەردەوام دەرگای کراوەیە بە ڕووی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بە تەواوی جیاوازییەکانیانەوە.

(١) وێنەکە لە لایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٢/١٠ گیراوە

## باسی دووەم: سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران

نەسەقی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە نەسەقە بنەڕەتی و گرنگەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، ئەم نەسەقە کاریگەری هەیە لە سەر نەسەقەکانی تر و هەروەها لە ژێر کاریگەری نەسەقەکانی تردایە، نەسەقی کۆمەڵایەتی نەرمی و توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ گۆڕانکاریەکان لە ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش وادەکات لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا بمێنێتەوە و بەردەوام بێت، لەم نەسەقەدا ڕەفتاری تاك و گرووپەکان لە ناو بونیادی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستن دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی ڕەفتاری جێگیر و گۆڕاوی ڕێژەیی.[١] کاتێك توێژینەوەی کۆمەڵگەیەك دەکەین، ناتوانین خزمایەتی لە هاوسەرگیری و خێزان جیابکەینەوە، چونکە خزمایەتی لە بنەڕەتدا وەستاوە لەسەر پەیوەندی خوێن و ژن و ژنخوازی، کە ئەمانەش دوو بابەتن پەیوەستن بە خێزان و هاوسەرگیری، لەم توێژینەوەیەدا (خزمایەتی، هاوسەرگیری، خێزان) لە نەسەقی کۆمەڵایەتی دەخرێتە ڕوو.

### ١. سروشت و جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی[*] نێوان خەڵکانی ڕەسەنی گەڕەکی سابونکەران لەگەڵ خەڵکانی گەڕەکەکانی دراوسێیان

سەبارەت بە پەیوەندی دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران بە دانیشتوانی گەڕەکەکانی ترەوە، لەسەر دوو بنەما بووە:

**١. خزمایەتی**

**٢. بەرژەوەندی**

کاتێك کەسێك لە دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران، کچی گەڕەکێکی تری هێناوە، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ دروستبوونی پەیوەندی خزمایەتی [**]، هەروەها کە سێك کە ئیشی لای وەستاکەی کردووە کە ڕەنگە خۆی ماڵی لە گۆیژە یان مەڵکەندی بوو بێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی سابونکەران باش بووە لەگەڵ گەڕەکەکانی دراوسێ، ژن و ژن خوازی هەبووە لە نێوان گەڕەکەکان، شەڕە گەڕەك هەبووە لەسەر ئاستی منداڵان و ئەمەش تەمەنی

---

(١) عبدالله خورشيد عبدالله ، البناء الاجتماعي للقرية الكردية، دراسة انثروبولوجية اجتماعية لقرية (بحركة)، رسالة ماجستر، غير منشوره، كلية الاداب، جامعة الصلاح الدين، ٢٠٠٦، ص٥٢

(*) پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (**Social Relation**): بریتییە لە پەیوەندیی نێوان کەس و گرووپەکانی کۆمەڵگە، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە لە ئەنجامی بەریەککەوتن و کارلێکی نێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵگە دروست دەبن.
- شاكر مسطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، مصدر السابق، ص ٩٠١

(**) پەیوەندی خزمایەتی (**Kinship Relation**): پەیوەندییەکی یاساییە لە نێوان دوو کەسدا، کە یەکێکیان لە یەکێکی ترەوە هاتووە، وەک باوك، کوڕ، باپیر و نەوە لە خزمایەتی ڕاستەوخۆی ڕەچەڵەکی و نەوەدا، یان لە هەمان باپیرەوە هاتوون، وەک برا و ئامۆزا لە خزمایەتی.
- https://ontology.birzeit.edu، معنى القرابة، ٢٠٢٣/١/٢٧

کورت بووە تەمەنی درێژ نەبووە.[١] هەروەها مەسیحییەکان کە لەم گەڕەکەدا نیشـەجێبوون کـاری چاکەیان کردووە، جگە لەوەی کاری خێرخوازیشیان کـردووە، یەکێك لەو کەسـە نـاودارانەی کە لە گەڕەکـی سـابونکەران نیشـەجێبووە کەریمـی ئەلەکە بـووە، وەزیـری دارایـی شـێخ محمـوود بـووە، هەموو سەروەتەکەی لە گرانیەکەدا (*) داوە بە خەڵك، واتە ئەوەی فریایی گەڕەکەکانی تر و خەڵـکە هەژارەکە کەوتـووە لە وکـاتەدا گەڕەکـی سـابونـکەران بـووە، کەریمـی ئەلەکە ڕۆژی سـێ جـار خواردنی داوە بە خەڵك ئەم یارمەتیدان و بە دەمەوە بوونە، پەیوەندییەکی بەهێزی دروست کـردووە لەگەڵ گەڕەکەکانی تردا.[٢]

لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەراندا لەبەرئەوەی شار زۆر فـراوان و گەورە نەبـووە، خێزانەکـان زۆربەیان یەکتیریان ناسیوە، ئەمە کـاریگەری هەبـووە لەسـەر بەهێـزی و توونـدوتۆڵی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکانی گەڕەکـی سـابونکەران لەگەڵ گەڕەکەکـانی دەوروبەریان و هەوڵیـان داوە پارێزگاری لە ئەو پەیوەندییە هاوسێیەتیە بکەن، بەشێوەیەك بەهێزی ئەم پەیوەندییە هاوسێیەتیە بۆتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی خزمایەتی لەڕێگەی هاوسەرگیریەوە لەگەڵ گەڕەکەکانی تردا. زیـاتر لەوەش شەڕە گەڕەك هەبووە بەڵام ئەمە زیـاتر منـداڵ و گەنجەکـان کردوویـانە لەگەڵ گەڕەکەکـانی تـر. ئەوەی جـێگەی ئامـاژە بـۆ کـردنە ئەو ڕووداوانەی هەبـووە دووبـارەبوونەوەی نیـیە بـوە بە ڕابـردوو. لە ئێسـتادا پەیوەنـدی گەڕەکـی سـابونکەران بە بەراورد لەگەڵ گەڕەکەکـانی تـر وەکـو دۆستایەتی و یەکتر ناسینە، بەهۆی گەورە بوونی ڕووبەری جوگرافی و بڵاوبـوونەوەی تاکەکـان و نیشتەجێبوونیان لە گەڕەکە نوێکانی شـاری سـلێمانی ئەو پەیوەنـدییە هاوسـێیەتیانە تـاڕادەیەکی زۆر لاواز بووە، لەهەمانکاتـدا پەیوەنـدییەکی کـۆمەڵایەتی و خزمـایەتی لاواز بـووە لەگەڵ گەڕەکەکـانی تردا.

---

(*) گرانی: ئەو برسیتی قـات و قـڕیە بـووە لە سـاڵی (١٩١٦)ەوە شـاری سلێمانی گـرتەوە و تـاوەکو کۆتـایی سـاڵی (١٩١٨) درێژەی کێشا تاوەکو کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم.
- ئاکۆ عبدالکریم شوانی، شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣
(١) د.ڕەئووف عثمان معروف، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٩
(٢) پ.ی.د.زریان سالار، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٥

## ٢. ڕیشەی مێژوویی خێزانە ناسراوەکانی گەڕەکی سابونکەران

لە دوای گواستنەوەی پایتەختی بابان لە قەڵاچوالانەوە بۆ شاری نوێ، لە ساڵی (١٧٨٤ز) دا، بەردی بناغەی شاری سلێمان دانرا لە لایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە، خەڵکێکی زۆر لە دانشتوانی قەڵاچوالان گواستیانەوە بۆ شاری سلێمانی و تیاییدا نیشەجێبوون، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە (شارباژێر، قەرەداغ، سنە، بانە)، ڕوویان لە شارە تازەکەی ئیمارەتی بابان کرد، بەم شێوەیەش بنەماڵەکان شاری سلێمانیان پێکەوەنا، کەوابێت بەدەگمەن بنەماڵەیەکی کۆنی شاری سلێمانی خاڵیە لە ئەم خوێنانە، لە دیارترین ئەو بنەماڵانەی کە هاتوونەتە گەڕەکی سابونکەران بریتیین لە:

**١. بنەماڵەی مەلا ئەبوبەکری موصەنیف ـ خاڵ:**

لە بنەڕەتدا ئەم بنەماڵەیەی دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئایینی کورد و ئیسلام خوالێخۆشبوو (سەید حەسەنی چۆری)، کە ناسراوە بە (مەلا ئەبوبەکری مصنیف)، مەلا ئەبوبەکر لە گوندی (چۆر) لە ناوچەی مەریوان ژیاوە، کوڕێکی لە دوای خۆی ماوە بە ناوی (سەید مەحمود)، زانایەکی ئایینی سەردەمی خۆی بووە، لە دوای خۆی کوڕێکی لێ بەجێماوە بە ناوی (عوسمان) کە بە مەلا عوسمان ناسراوە، ئەم زاتەش پەیڕەوی باو و باپیرانی خۆی کردووە، ڕۆڵێکی گرنگی لە فێرکردنی منداڵانی ناوچەکەی خۆی و دەوروبەریدا گێراوە، لە دوای پێکهێنانی خێزان تەنها کوڕێکی بە ناوی (شەمسەدین) هەبووە، هەر وەك باوکی مەلایەتی کردووە و منداڵانی فێری خوێندەواری کردووە، پاش ماوەیەك ڕوو دەکاتە شارۆچکەی (قەڵاچوالان) و خەڵکی فێری خوێندەواری دەکات، لە لایەن میری ئەو کاتەی بابانەوە ڕێزی زۆری لێدەگیرێت، ناوبراو هەرلەو شوێنەدا خێزان دروست دەکات و دەبێتە خاوەنی کوڕێك بە ناوی (مستەفا)، پاش ئەوەی میری بابان (ئیبراهیم پاشا) پایتەختی میرنشینەکەی دەگوێزێتەوە بۆ شارە نوێیەکە، مەلا مستەفاش ڕوودەکاتە سلێمانی و لەبەرئەوەی ئەم زاتە لە لایەن میری ناوبراو ڕێزی زۆری لێگیراوە، فەرمان دەکات لە ناوشاردا مزگەوتێکی بۆ دروست بکەن لە گەڕەکی گۆیژەی کۆن بەناوی (شێخ مستەفا)، دواتر بە مزگەوتی (شێخ ئەمینی خاڵ) ناسرا.[١]

**٢. بنەماڵەی شێخ تەهای بەرزنجی:**

ئەم بنەماڵەیە دەچنەوە سەر سەیدەکانی بەرزنجە، شێخ تەها کە بە شێخ تەهای گەورە ناسرابوو، لە سەردەمی حوکمڕانی عوسمانیەکاندا شەجەرەی بنەماڵەکەی بە ئاوی ئاڵتون نووسیوەتەوە، سێ کوڕی بەناوی (شێخ بابا ڕەسوڵ، شێخ حەسەن، شێخ کاکە حەمە)ە

---

(١) عبدالخالد صابر، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧

وه له دوا بەجێماوه، تەنها یەکەمیان هاتۆته سلێمانی و ئەوانی تر له بەرزنجه ماونەتەوه.[1]

**٣. بنەماڵەی شێخ بابا عەلی:**

ئەم بنەماڵەیه له بنەڕەتدا ئەچنەوه سەر شێخ عەبدوڵای شێخ عەلی قەرەداغی، به چەند پشتێك ئەچنەوه سەر ئیمامی حەمزه (ر.خ)، شێخ عەبدوڵڵا کوڕێکی له دوا به جێماوه بەناوی (شێخ باباعەلی) که سێکی شارەزابووه له بواری ئاییندا و له سەدەی نۆزدەدا ڕوویکردۆته شاری سلێمانی، له گەڕەکی (گۆیژەی کۆن)ی سلێمانی نیشەجێبووه.[2]

**٤. بنەماڵەی همزه ئاغای مەسرەف:**

باپیری پیرەمێردی شاعیره، مزگەوتی هەمزه ئاغا له لایەن همزه ئاغاوه دروست کراوه، بنەماڵەیەکی مەلازاده و خوێندەوار بوون، بنچینەی بنەماڵەکەیان بۆ قەرەداغ ئەگەڕێتەوه له گوندی سێو سێنانەوه هاتوون، له شاری سلێمانی نیشتوجێبوون.[3]

**٥. بنەماڵەی خالد ئاغای مەرگه – صۆفی کەریمی سەراج:**

بنەڕەتی ئەم بنەماڵەیه دەگەڕێتەوه بۆ سەر (خالد ئاغا)، ئەم زاته له دوای خۆی (ئەحمەد) ناوی له دوا به جێماوه، ئەم زاته سەرەتا لەم شوێنەدا ژیاوه، دواتر بەهۆی کاری بازرگانیەوه ڕووی کردۆته سلێمانی، هەر له شاری سلێمانی خێزانی پێکهێناوه، تەنها کوڕێکی لێبەجێماوه به ناوی (کەریم)، ئەم زاته له ساڵی (١٨٩٧) له گەڕەکی سابونکەران هاتۆته دنیاوه، سەرەتا دوکانی بەقاڵی وشەکەی هەبووه، دواتر سەراجی کردووه و یەکێکیش بووه له موریدەکانی شێخ حسامەدینی بیاره، هەر بۆیه به سۆفی کەریمی سەراج ناوی دەرکردووه.[4]

**٦. بنەماڵەی مەلا سلێمانی وەیسی:**

ئەم بنەماڵەیه له بنچینەدا دەچنەوه سەر (پیر خدرشاهۆ) و له (مەلا سلێمان)ەوه دەستپێ دەکات، له گوندی (سرێ)ی ناوچەی (سیوەیل)ی شارباژێر ژیاوه، کوڕێکی له دوابەجێماوه بەناوی (ئەحمەد) که به مەلا سەید ئەحمەد ناسرابوو، ئەمزاتەش هەر له ئەم ناوچەیەدا ژیانی بەسەر بردووه و نۆ کوڕی هەبووه، تەنها (ڕەسول) یان له له حوکمڕانی بابانەکاندا ڕویکردۆته گوندی (سیرێ)ی شارباژێر و بەکاری جوتیارییەوه ژیانی بەسەر بردووه، براکانی تری له (سیوەل) ماونەتەوه، مەلا ڕەسول نەوەیەکی ماوه بەناوی (مەعروف) که به (مەلا مارفی قازی) بەناوبانگ بووه کەسێکی خوێندەوار و ناسراوبووه.[5]

---

(١) عبدالخالد صابر، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٦
(٢) هەمان سەرچاوه، ل٢٠٠
(٣) پ. د.ئاراس محمد صالح، بەشێك له چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٧/٣١
(٤) عبدالخالد صابر، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢١
(٥) هەمان سەرچاوه، ل٥٣٠

**٧. بنەماڵەی قەزازەکان:**

ئەم بنەماڵەیە لە دەوروبەری مەهابادەوە ڕوویان کردۆتە قەڵاچوالان، لەگەڵ دروستبوونی شاری سلێمانی هاتوونەتە ئەم شارە و نیشتەجێبوون، قەزازەکان چەندین پیاوی نیشتیمانپەروەر و ڕووناکبیریان تیادا هەڵکەوتووە و خزمەتی شارەکەیان کردووە، لەوانە خوالێخۆشبوو (سەعید قەزاز) بووە، وەزیری ناوخۆی مەلەکی بووە لە بەردەم مەحکەمەی شەعبدا دەڵێت: لە کاتێکدا ئەبرێمە بەر سێدارە ... کە سانێك لە بەر پێدا ئەبینم کە شایستەی ئەوە نیین بژین.[(١)]

**٨. بنەماڵەی کاکی ئاغا:**

ئەم بنەماڵەیە بە یەکێك لە بنەماڵە ئاغاکانی ناوچەی قەڵاچوالان دادەنرێت، باپیرە گەورەیان عەزیز ئاغا، هاوسەردەمی میرانی بابان بووە لەو ناوچەیە، لە پاش ئەوەی پایتەختی میرنشینی بابان بەرە و سلێمانی دەگوێزێتەوە، نابراویش ڕوودەکاتە ئەو شارە و یەکێك بووە لە ئەو کەسانە کە گەڕەکی سابونکەرانی ئاوەدان کردۆتەوە، کوڕێکی بەناوی (ئاغا یان ڕازی)، ئەو نازناوی (یاریزانی)ەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تاقانە بووە و بەهۆی زۆری خۆشەویستی لای باوکی و دایکی ئافرەتێکیان بە ناوی (یارازی) وەك دایەن بۆ گرتووە بۆ بە خێوکردنی بووە، مە حمود ئاغا کوڕێك و چوار کچی بەم ناوانە بۆ ماوەتەوە (محمەد ئەمین، ئەجێ، بەهیە، فەهیمە، حەلاوە).[(٢)]

**٩. بنەماڵەی مەسیحییەکان:**

لە دیارترین خێزانە مەسیحییەکانی شاری سلێمانی بریتیبوون لە (شەمعون داود، مەرقۆس ئەڵڵا وێردی، نەجیب شەمعون، ڕەحیمی پۆلس، کەریمی ئەلەکە، قوستانتین، نیسانی مەی فرۆش، پۆڵسی موتابچی، داود عەلەکە، قەشە یوسف، سڵێوە، باجی حەسینە، سەرکیس میخائیل، ئەڵڵاوێردی، ئەسکەندر، عەزیز شینا، ناسر قەدوری، نەعیمە کچی ئیلیشوا، سلێمان پەترۆس، شەوکەت عەزیز، سادە ئەمیرە سادە، خاتوونەی مامانی ناودار، ئەسکەندەری ئەزابچی، ماڵی باوکی ولیام یوحەنا، باوکی دەریاوش میشۆ، تۆبای مەی فرۆش، کەسبەر، تۆما، ئیلیشوا، مەتی ئەڵڵا وێردی، جەرجیس و مەتی).[(٣)]

---

(١) جیهان عومەر، قەزازەکان کێن؟ وە ڕەچەڵەکیان لەکوێوە هاتووە؟، گۆڤاری سلێمانی، ژ ٨٤ ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٧

(٢) عبدالخالد صابر، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩٤

(٣) م.محمد باقی سعید، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/١٨

**١٠. بنەماڵەی یامولکی [*]:**

بنەچەی ئەم بنەماڵەیە لە عەشیرەتی بلْباس لە تیرەی (کابائیزی)ن، حەیدەر ئاغا لەسەر مەسەلەی کچێك لە عەشیرەتەکەی جیابۆتەوە، لە ساڵی (١١١١)ی هیجری (١٦٩٨ز) دا هاتۆتە شاری سیوەیل کە دەکەوێتە ژووورووی شاری سلێمانی و لەسەردەمی حکومەتی بابان (تەیموور خان) بووە.[١]

ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان دانیشتوانی نیشتەجێی ڕابردوو و لەگەڵ دانیشتوانی ئێستای گەڕەکی سابونکەران، تێبینی ئەوە دەکەین پێکهاتەی دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران گۆڕانکاری بەسەدا هاتووە، بەشێوەیەك لە ڕابردوودا دانیشتوانی نیشتەجێی گەڕەکی سابونکەران پێکهاتبوو لە خەڵکانی شوێنی (قەرەداغ، بەرزنجە، خەراجیان، قەڵاچوالان، بانە، سنە، مەسیحییەکان)، لەگەڵ دروستکردنی شاری سلێمانیدا لە گەڕەکەکە نیشتەجێبوون. لە ئێستادا دانیشتوانی نیشتەجێی گەڕەکی سابونکەران گۆڕانکاریان بەسەدا هاتووە، بە واتایەکی تر ئەو خەڵکانەی ئێستا لە گەڕەکی سابونکەران نیشتەجێن بریتیین لە خەڵکانی (پێنجوێن، هەورامان، بوونی ژمارەیەکی زۆری عەرەبی سوری، قەزاکان و ناحیەکان)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەوەی یەکەم و دووەمی سابونچی و سابونکەرانیەکان مردوون، هەرچی نەوەی سێهەم و چوارەمە بەشێکی زۆر کەمی لە گەڕەکەدا ماوە، بەشێکیان خانووەکانیان فرۆشتووە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن، هەروەها بەشێکی تریان چوونەتە گەڕەکە نوێکانی شاری سلێمانی وەك (تووی مەلیك، بەختیاری، ڕزگاری، زەرگەتە، مامۆستایان، کوردسات، ئیبراهیم پاشا، زەرگەتە، خەبات) نیشتەجێن. ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە گەڕەکی سابونکەران دەکەوێتە ناوەندی شاری سلێمانی، نزیك سەرای سلێمانییە، بۆیە لە ڕابردوودا شوێنی هاتووچۆی پێشەمەرگە بووە، ئەمەش وایکردووە نارامی لەم گەڕەکەدا هەبێت، واتە ناسەگامگیری سیاسی هۆکارێك بووە وایکردووە کە دانیشتوانەکەی لە گەڕەکەکە کۆچبکەن.

لە پاشکۆی (١) دا ئاماژەمان کردووە بە ناوی خێزانەکانی گەڕەکی سابونکەران کە نەوەیان تاوەکو ئێستا لە گەڕەکەکە ماونەتەوە.

(*) ناودارترینیان (میر لیوا مستەفا پاشا یامولکی) یە، (مستەفا شەوقی کوڕی عەزیز یامولکی کوڕی مەلا مستەفای کوڕی مەلاعەزیزی کوڕی مەلا حەیدەرە) سەر بە هۆزی بلباسە، لە ساڵی (١٨٦٦ز) دا هاتۆتە دنیاوە، بە مەبەستی خوێندن چووە بۆ بەغداد و پاشان خوێندنی سەربازی لە شاری ئەستانەی تورکیا بە پلەی سەربازی روکن تەواو دەکات، بۆیە بە فەرماندەیەکی سەربازیی و دیپلۆماتکاری عوسمانی ناوبانگی دەرکردووە، ساڵی (١٨٩٣) کراوە بە قونسوڵی دەوڵەتی عوسمانی، لە جەنگی تورکیا و ئیتاڵیا، ساڵی (١٩١١) کراوە بە فیرقەی (٥) ئەرکی گرتنی گەرووی (دەردەنیل) پێسپێردراوە، لەو سەردەمەدا (ئەنوەر پاشا) وەزیری حەربیە بووە و مستەفا پاشا ملی بۆ داواکانی نەداوە لەبەرئەوە لە ساڵی (١٩١٤) خانەنشینی دەکات. ساڵی (١٩١٨) لە لایەن (سەدری ئەعزەم فەرید پاشا) ئەکرێت بە ئەندامی مەحکەمەی عورفی و دواتر ئەرکی سەرۆکایەتی مەجلسێکی سەربازی پێئەسپێردرێت بۆ دادگاییکردنی (مستەفا کمال پاشا - ئەتاتورك) و هاوڕێکانی و پاشان لە (٢٠ی مانگی ئایاری ١٩٢٠) دا حوکمی لە سێدارەدانیان بە غیاب بۆ دەردەکەن. ڕۆژی (٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٦) لە بەغدا کۆچی دوای دەکات و لە سلێمانی بە خاك دەسپێردرێت.[٣]

- پۆترێت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٦٢٨٢، ٢٠١٤، ل١٧

(١) عبدالخالد صابر، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨٨

## ٣. پەیوەندی خزمایەتی و جۆرەکانی هاوسەرگیری لە نێوان خێزانە کۆن و نوێیەکانی گەڕەکی سابونکەران

سەبارەت بە پەیوەندی خزمایەتی، سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ هاوسەرگیری و خێزان بکەین، لەبەرئەوەی پەیوەندی خزمایەتی لە ئەنجامی هاوسەرگیریەوە دروست دەبێت لە نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازی (نێر و مێ) مرۆڤدا، پاش ئەوەی لە کۆمەڵگەدا ئاشکرا دەکرێت و خێزان دروست دەکەن.

### یەکەم: هاوسەرگیری Marriage

هاوسەرگیری بریتییە لە یەکگرتنی ژنێك و پیاوێك، بەشێوەیەك ئەو منداڵانەی لێیان ئەکەوێتەوە لەڕووی یاسایەوە ئیی ژن و پیاوەکەبن.(1) یان هاوسەرگیری گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی دانپێدانراوی یاسایی نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازی مرۆڤن، بە شێوەیەکی نەریتی لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی سێکسی دامەزراوە و ئاماژە بۆ هەمیشەیی یەکگرتنی دوو کەسەکە دەکات.(2) هاوسەرگیری ناوەڕۆکەکەی یەك شت دەگەیەنێت لە هەموو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا ئەو هاوسەرگیریە ڕووئەدات لە نێوان پیاو و ژندا بەشێوەکی ئاشکرا و ناساندنی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینی و یاساییەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی ترلە ڕووی ڕواڵەتەوە جیاوازە، نەك لە ڕووی سروشت و ناوەڕۆکەوە.(3)

### جۆرەکانی هاوسەرگیری: Types of Marriage

جۆرەکانی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر دەگۆڕێت، بە پێی (ئایین، نەریت، یاسا، شوێنی مانەوە، کات و سەردەم، ڕێگاکان، ژمارە)، جۆرەکانی هاوسەرگیری بە پێی قۆناغەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چەند جۆرێکی هەیە وەك (هاوسەرگیری ناوخۆی، هاوسەرگیری دەرەکی، هاوسەرگیری فرەژنی، تاك هاوسەرگیری واتە هاوسەگیری پیاوێك لەگەڵ ژنێك).

### ١. هاوسەرگیری ناوخۆیی Endogamy

ئەم جۆرە لە هاوسەرگیری لە ناو گروپ ئەنجام ئەدرێت، لەم جۆرە هاوسەرگیریەدا ئەندامەکانی گروپەکە پێویستە لە نێوان خۆیاندا هاوسەرگیری ئەنجام بدەن و بەدەر لە گروپەکەی خۆیان ڕێگە پێدراو نییە. لەبەرئەوە ئەم جۆرە هاوسەرگیریە لەوانەیە لە سنوری (خێزانێك،

---

(1) Alan Barnard & Jonathan Spenser, Encyclopedia of Social and Culture Anthropology, Ibid, p 528

(2) William & Ron McGivern and the others, Introduction of Sociology, International License, Canadian, 2013, p440

(٣) عزت فتاح حمە صاڵح، ژیانی کۆمەڵایەتی هەورامان (توێژینەوەیەکی سۆسیۆئەنثرۆپۆلۆجیە)، نامەی ماستەر، بڵاوکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠٠٥، ل٤١

خێڵ، تیره) تێنەپەڕێت و یان سەربە یەك چینی کۆمەڵایەتی بن، ئەم جۆره هاوسەرگیریە پەیوەستە بە داب و نەریت و بەها باوەکانی کۆمەڵگەوە.[١]

هاوسەرگیری لە ڕابردووی شاری سلێمانی، بە شێوەك بووە بەلایانەوە گرنگ بووە کچ بدەن بە (ئامۆزا، پورزا، خالۆزا)، بە ڵام مەسیحییەکان بە پێچەوانەوە ڕێگر بوون لەم جۆره هاوسەرگیرییە، کە ئێستاش لە ڕووی زانستیەوە دەرکەوتووە زیانی هەیە، هەروەها بڕوایان بە خوێندنی کچ نەبووە، بۆیە هەر زوو هاوسەرگیریان پێکردون، کەم بوون ئەو خێزانانەی بڕوایان بە خوێندنی کچان هەبووە، ئەوانیش کەسانی دیار و ڕۆشنبیر و شاعیر بوون. هاوسەرگیری پێشوەختە دیاردەیەکی بەربڵاوبووە، کچ تاوەکو ئەگەیشتە تەمەنی بیست ساڵان دەبوو کۆشێك منداڵی هەبووایە. مامانیش لە و کاتەدا چل شەو لەو ماڵە دەمایەوە و سەرپەرشتی زەیستان و کۆرپەکەی ئەکرد، تاوەکو لە حەوت حەمام و شەوچەرە و چلە لێدەرکردنی دایك و کۆرپەکەی بە جامی (چل کلیلە) لە گەرماودا، هەموو ئەو ئیشانەی کە مامانەکە ئەیکرد بە رامبەر کەمێك پارەبوو کە پێیان ئەوت (ناوك بڕانە).[٢]

مەسیحییەکانی سابونکەران تەواوکاری کۆمەڵگەی شاری سلێمانی بوون و خزمەتی باشیان پێشکەشکردووە لە بوارەکانی ژیان، وەکو ئەوەی توانیویانە خزمەتگوزاری تەندروستی باش پێشکەش بکەن بە تێکڕای خەڵکی شار، ئەم پیشە و زانستە پەیوەستە بە مرۆڤایەتی و هۆکارێکە بۆ ژیان و هەوڵدانە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی لە ئێش و ئازار و مردن، بۆیە دەبینین لە بواری پیشەیی تەندروستی مەسیحییەکان هاوکاریەکی باشی خەڵکی شاریان کردووە لە کاتی پێویستدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گیانی پێکەوە ژیانەی لە نێوان موسوڵمان و مە سیحییەکان هەبووە.[٣] مەسیحییەکانی لە کۆنەوە ڕۆڵێکی باڵایان هەبووە لە دروستکردنی شاری سلێمانی، مامانی میللیان هەبووە، ئەم مامانە کۆنانە نەك تەنها ئیشی مامانیان کردووە بە ڵکو چارەسەری نە خۆشی وەکو (قوڕگ ئێشە، سکچوون، کەڵەشاخ) یان کردووە، لە دیارترین ناوی ئەو مامانانەی کە لە گاوران نیشەجێبوون بریتیبوون لە (حەنیفە خێزانی موسا، جەمیلە ژنی مەتی ئەڵڵا وێردی، مەریەم نەنکی پەترۆس ئەسکەندەر).[٤]

لە خێزانە کۆنەکانی گەڕەکی سابونکەران هاوسەرگیری ناوخۆی ئەنجامدراوە لەگەڵ (ئامۆزا و خالۆزا و پورزا)، جگەلەوەی هاوسەرگیری دراوسێیەتی هەبووە، کوڕانی گەڕەك لەگەڵ کچانی

(1) Conrad Phillip Kottak, Cultural Anthropology (Appreciating Cultural Diversity), Fourteenth Edition, McGraw-Hill, The United States, 2011, p263

(٢) زەکیە ڕەشید، شارێك لە دڵی ژنێکدا (یاداشت و یادەوەری)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤-٢٥

(٣) شاهۆ عوسمان سەید قادر، سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٠

(٤) م.لەتیف پۆلس استیفان سەراج، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٦

گەڕەك هاوسەرگیریان کردووە، هەروەها هەندێك جار کچان و کورانی سابونکەران لەگەڵ گەڕەکانی تر هاوسەرگیریان کردووە.[١]

هاوسەرگیری لای مەسیحییەکان مەرج نییە هاوسەرگیری ناوخۆی بێت واتە (ئامۆزا، پورزا، خاڵۆزا)، هەر کچ و کوڕێك لەگەڵ یەك بگونجێن، بە ڕەزامەندی کچ و کوڕەکە و خانەوادەکانیان، بڕیار ئەدەن کە هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، ئەچنە کە نیسە و لەوێ قەشە بە ڕەسمی هاوسەرگیریان بۆ ئەکات، دوو شاهدیش ئیمزای ئەکەن، ئەوانە هاوسەرگیری کردووە، لەم بەروارە بە شاهیدی ئەم کەسانە، قەشە نزایان بۆ ئەکات ئەڵێت: إنشاءالله هاوسەرگیری کۆتایی ئەبێت و جیابوونەوە (*)شی تیا نابێت.[٢]

بە پێی ئایینی ئیسلام کوڕی موسوڵمان ئەتوانێت کچی (مە سیحی و جولەکە) بهێنێت، بەڵام کچی موسوڵمان ناتوانێت شووبکات بە کوڕی (مەسیحی و جولەکە)، هاوسەرگیری نێوان مەسیحی و موسوڵمان زۆر کەم بووە، کچی موسوڵمان ڕێگەی پێنەدراوە هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕی مەسیحی بکات.[٣] تەنها هاوسەرگیریەك لە نێوان موسوڵمان و مە سیحییەکان هەبوو بێت، هاوسەرگیری (شێخ قادرە شەلە) بووە لەگەڵ خاتوو (حەلاو کچی ئەڵلاوێردی) مەسیحی بووە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ پێکەوە ژیانی برا مەسیحی و موسوڵمانەکان لەم گەڕەکەدا.[٤]

### ٢. هاوسەرگیری دەرەکی Exogamy

ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە لە دەرەوەی گروپ و خزمان، پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەهای گونجاوی هەیە لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ بەیەکەوە دەبەستێتەوە بۆ ناو تۆڕێکی کۆمەڵایەتی فراوانتر کە پەروەردەیان دەکات و یارمەتیان دەدات، لە کاتی پێویستیشدا دەیانپارێزێت.[٥]

لە ئێستای گەڕەکی سابونکەراندا لە ناو خێزانە نوێیەکان هاوسەرگیری دەرەکی پەیڕەودەکرێت، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە گەڕەکی سابونکەران لە ئێستادا بە بەراورد بە ڕابردوو پەیوەندی خزمایەتی و کەسایەتی لاواز بووە و بە جۆرێك دانیشتوانە کۆنەکەی لە

---

(١) د.ئەختەر النجم الدین، چاوپێکەوتن، دکتۆرا لە فیزیای پزیشکی، خانەنشین، سەرۆکی ڕێکخراوی کوردستان بۆ توشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە، سلێمانی، ٢٠٢٢ /٢/٢٢ ، هەروەها د.ڕەئووف عثمان معروف، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٩

(*) جیابوونەوە: لە ئایینی مەسیحی جیابوونەوە (تەڵاق) بەڕەسمی نییە، ئەبێت چەند هۆکارێك هەبێت وەك:

١. ئەگەر هاتوو ئەو ژنە خیانەتت لێ بکات بە ڕەسمی، ئەویش بە شاهید و ئیسپات، ئەتوانێت تەڵاقی بدات.

٢. ئەگەر هاتوو ئەو ژنە باری دەروونی تەواو نەبوو، دکتۆر بە ڕەسمی بڵێت و بڕیاربدات، کە ئەم ژنە لە ڕووی دەروونیەوە باش نییە. - م.لەتیف پۆلس استیفان سەراج، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٦

(٢) م.لەتیف پۆلس استیفان سەراج، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٦

(٣) پ.د.جەزا تۆفیق طالب، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/١

(٤) قادر علی ڕەشید، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/١

(5) Conrad Phillip Kottak, Cultural Anthropology (Appreciating Cultural Diversity), Ibid, p267

گەڕەکەکەدا کۆچیانکردوە. لە هەمانکاتدا هاوسەرگیری لەگەڵ خزمان بە تایبەت (ئامۆزا و پـورزا) چەندین کێشەی تەندروستی بۆ منداڵەکان دروستکردوە، لە کاتێك ژن و مێردەکە خوێنیان بۆ یەکتری نەگونجاوە، لە ڕابردوودا هاوسەرگیری ئەنجامدراوە بە بێ پشکنینی پزیشکی بووە، بەڵام لە ئێستادا بە هـۆی پیشـکەوتنە پزیشـکیەکان ژن و مێـرد لە کـاتی سـەرەتای پرۆسـەی هاوسـەرگیریەکەدا ئەم پشکنینانە ئەنجام ئەدەن و ئەگەر هەر کێشەیەکیان هەبێت لە و ڕوەوە، ئەوا پێشوەختە ئەیزانن. جگە لەوەی چـونە دەرەوەی کـچ و کـوڕ بـۆ (زانکـۆ، پەیمانگـا) هۆکـارێکی تـرە بـۆ ئەوەی کـچ و کـوڕ هاوسەرگیری دەرەکی بکەن.

**٣. تاك هاوسەری Monogamy**

بریتییە لە هاوسەرگیری یەك پیـاو و یەك ژن، جـۆرێکی بـاو و گشـتیە، بە هـۆی ئەو پێشـکەوتنە ئـابووری و کۆمەڵایەتیـانەی کە ڕوویانـداوە لە جیهانـدا لە هەمـوو کۆمەڵگەکـان ئەنجـام ئەدرێـت، هەروەها هاوسەرگیریەکی یاسایی و قبوڵکراوە.[١]

لە ئێسـتای گەڕەکـی سـابونکەران تـاك هاوسـەرگیری پەیڕەودەکرێـت، واتە بڵاوتـرین جـۆری هاوسـەرگیرییە، سـەرەڕای کەم بـوونەوەی ڕێـژەی هاوسـەرگیری بە شـێوەیەکی گشـتی لە لای گەنجان، بەهۆی خراپی باری ئابووری و نەبوونی کار.

**٤. فرە هاوسەری Polygamy**

ئەم شـێوەیە لە هاوسـەرگیری بەسـەر دوو جـۆردا دابەشـئەکرێت، جـۆری یەکەم بـریتییە لە هاوسـەرگیری پیاوێـك لە گەڵ زیـاتر لە ژنێـك بە فرەژنـی (**Polygymy**) ناودەبرێـت، هەروەهـا جۆرەکەی تر هاوسەرگیری ژنێك زیاتر لەگەڵ پیاوێك لە خـۆ دەگرێـت و ناودەبرێـت بە فرەمێـردی (**Polyandry**)، بە گشتی فرەژنـی زیـاتر بـووە لە کۆمەڵگەکـان ڕێـگەی پێدراوە، بەڵام فرەمێـردی زیاتر لە وکۆمەڵگەیانەدا جێبەجێکراوە کە ژمارەی مێینەیان کەمتر بووە لە ژمارەی نێرینە.[٢]

لە ئێسـتای گەڕەکـی سـابونکەران فرەژنـی زیـادیکردووە لە لای دانیشـتوانە نـوێیەی گەڕەکـی سابونکەران، بۆیە ئەو پیاوانەی کە بـاری ئابووریـان باشـە هاوسـەرگیری دووەم و سێهەم ئەنجـام ئەدەن، بەڵام لای دانیشتوانی ڕەسەنی گەڕەکی سابونکەران فرەژنی پەیڕەوناکرێت.

لە گەڕەکی سابونکەراندا، لە ڕووی سروشت و ناوەڕۆکەوە، جیاوازی نەبووە لە هاوسەرگیریدا، بەڵام لە لایەنی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریەوە جیاوازی هەبووە تایبەتمەندییەکی پێوە دیاربووە وەك:

گەڕەکـی سـابونکەران لە ئەنجـامی فـراوان بـوونی شـاری سـلێمانی دروسـت بـووە، شـوێنی

---

(١) عبد علی سلمان، الانثروبولوجيا الاجتماعية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمـي، جامعـة صـلاح الـدين، بـدون السنة الطبع، ص ٥٨

(٢) د.عاطف وصفي، الانثروبولوجيا الاجتماعية، ط٣، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨١، ص١٢٦

نیشەجێبوونی بنەماڵەی (میرەکان، دەوڵەمەندەکان، بازرگان، پیشەوەران، ڕۆشنبیران، شاعیران و خوێندەواران) بووە. ئەمەش هۆکارێك بووە کەمتر نەریتی (خێڵ وعەشیرەت) ی پێوە دیاربێت، ئەگەر هەندێك داب و نەریتی کۆنی تێدا بوو بێت ئەوا دوور بووە لە نەریتی خێڵەوە، هەروەها لە گەڕەکی سابونکەران دوو جۆر ئاینی تێدا بووە (ئیسلام و مەسیحی)، کە هەریەك لە و دوو ئایینە دابونەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ هاوسەرگیری.

**دووەم: ڕێگاکانی هاوسەرگیری، بریتیین لەمانەی خوارەوە:**

**١. هاوسەرگیری ئاڵوگۆڕ (ژن بەژن) Reprocity**

بریتییە لە هاوسەرگیریەی لە نێوان هەندێك لایەندا ئەنجام دەدەرێت، هەر لایەنێك ژنێك لە ئەوی تر بە دەست دەهێنێت، واتە پیاوەکان خوشکەکانیان یان کچەکانیان لەگەڵ یەکتری ئاڵوگۆڕ پێدەکەن، بە مەبەستی هاوسەرگیری.(١)

لە ڕابردووی شاری سلێمانی جگەلەوەی لە ناو عەشایەر و خەڵکی لادێکاندا و لە ناوشاریشادا هەبووە، زیاتر لە ناو ئەو کەسانەدا باوبووە کە هەژاربوون، ئەم ڕێگە هاوسەرگیریە ئەبێتە هۆی کەمی تێچون، لەبەرئەوەی سەرف کردنەکە ئەبوو بە دوو بەشەوە، بەشێکی ماڵی زاوا هەڵیان ئەگرت و بەشێکی ماڵی بووك، کە کچیان ئە گۆڕیەوە بە کچی خێزانێکی تر هەر کەسە و خۆی جل و خشڵ و هەموو شتێکی بۆ کچی خۆی ئەکرد و ئەبوایە وەکو یەك شتیان بۆ بکردایە و هەردوو گواستنەوەکە لە یەك ڕۆژ ئەبوو. ئەگەر ئەم هاوسەرگیرییە یەکێکیان سەرکەوتوو نە بوایە و جیابونایەوە ئەوی تر هەرچەندە منداڵی هەبوایە لە مێردەکەی جیائەکرایەوە بە زۆر، هەرچەندە بەختیار و یەکگرتوو بونایە و خزمایەتیەکە هەڵئەوەشایەوە.(٢)

هەروەها (**گەورە بە بچووك**) هەبووە، ئەمەش جۆرێکی تری ژن بە ژن بووە، کچێکی گەنج و هەرزەکار لە بارمتەی کچێکی منداڵ یان دوو منداڵ گۆڕاوەتەوە، کچە منداڵەکە بۆ کوڕێکی منداڵ و کچە گەورەکەش بۆ کوڕێکی گەورە، ئەم جۆرە ژنخواستنە بە ئاشکرا مۆرکی دواکەوتیووی کۆمەڵگەی تێدا دەرکەوتووە.(٣)

کاتێك کوڕێك ئەیەوێت ژن بهێنێت و خوشکی هەیە، خوشکەکەی منداڵە، ئەو کچەی کوڕەکە دەستنیشانیکردووە گەورەترە لە خوشکەکەی، کوڕەکە ئەیەوێت ئەم کچە بهێنێت، کوڕەکە

---

(١) د.قیس النوري، طبیعة المجتمع البشري (في ضوء الانثروبولوجیا الاجتماعیة)، ج١، رؤیة للنشر و التوزیع، القاهیرة، ٢٠١٩، ص٢٠٣-٢٠٤

(٢) پاکیزە حمە ئەمین عەتار، وەرد ( بیرەوەریم لەسەر شاری سلێمانی و داب ونەریتی دانیشتوانی و دەوروبەری بە شعر و پەخشان)، ب١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٥١٢-٥١٣

(٣) د.حسین اسماعیل خان دەلۆ، ژیانی کۆمەلایەتی لیوای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩

هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم کچە ئەنجام ئەدات، ئەوانیش خوشکی خۆیان ئەدەن بە کوڕێکی منداڵی ئەوان، بەم شێوەیە ڕێگەی هاوسەرگیری گەورە بە بچوکیان بە کەمی پەیڕەوکردووە لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەران.[1]

**٢. هاوسەرگیری شیربایی Marriage by Purchase**

لە شار و گوندەکاندا پابەندی ئەم نەریتە کۆمەڵایەتییە بوون، چەردەیەك (پارە، پارچەیەك زەویەك، باخ، کێڵگەیەك، تفەنگ، فەرش ... هتد)، بە ناوی شیربابییەوە لە بەهای ئافرەتەکە وەرگیراوە. لە پاڵ ئەوەشدا بە زۆر بە شوودان و بە پارە فرۆشتن و خستنە داوی پیاوێکی بێ خۆشەویستی و بە تەمەن بووە، دایك و باوکی لەبەر دەست کورتی و نەداری کچەکەیان فرۆشتووە.[2]

**٣. هاوسەرگیری ناووك بڕ (سەربێشکە)**

کاتێ کچە ساوەکە لە دایك بووە هەر لەسەر پشتی بێشکە سەری گەورەی خێزان ئەیوت ئەم کچەم ناوك بڕی بۆ ئەو کوڕەمان بێت. ئیتر هەموو خێزان پەسەندیان ئەکرد و لە قسەی دەرنەئەچوون، تاوەکو کچ دەبوو بە دوانزە یان سیانزە و چواردە ساڵ، لەسەر ئەوپەیمانە دەست ئەکرا بە داواکردن و ڕێك خستنی کارە خێرەکە، ئەگەر داواکای کچ هەبوویایە ئەیان وت ناووك بڕی فڵان کوڕمانە، ئامۆزا و خاڵۆزا و پورزا و خزمی نزیك ..هتد، بەم شێوەیە داواکار قسەی نەئەکرد و دەڵێت: یاخوا خێری پێوەبێت و لێیان پیرۆز بێت.[3]

لە ئێستای گەڕەکی سابونکەران لای دانیشتوانە نوێیەکە و خەڵکی ڕەسەنی گەڕەکی سابونکەران هاوسەرگیری (ئاڵوگۆڕ، گەورە بە بچووك، شیربایی و سەربێشکە) پەیڕەوناکرێت.

لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەراندا هاوسەرگیری (ژن بە ژن، گەورە بە بچووك، شیربایی) بە کەمی پەیڕەوکراوە، لەبەرئەوەی گەڕەکی سابونکەران گەڕەکێك بووە ڕۆشنبیری زۆر تیابووە و ئەو ڕۆشنبیریە وایکردووە کە خەڵکەکە وشیار بووە، کە دانیشتوانەکەی خوێندەواربوون ئەچوونە (قوتابخانە، زانکۆ) شت فێر ئەبوو، ئەمانە وایکردوە کاریگەری هەبووە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری گەڕەکی سابونکەران،[4] کەواتە هۆکارێکی تری لاوازی و نەبوونی دیاردەی (ژن بەژن، شیربایی، گەورە بە بچووك) لە شاری سلێمانی و گەڕەکی سابونکەران بە تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شاری سلێمانی سەرەتایەکی نیشانەی شارستانی پێوە دیار بووە، بۆیە بە لاوازی پەیڕەوی

---

(١) د.ڕەئووف عثمان معروف، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٩

(٢) د.حسین اسماعیل خان دەلۆ، ژیانی کۆمەڵایەتی لیوای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠

(٣) پاکیزە حمە ئەمین عەتار، وەرد ( بیرەوەریم لەسەر شاری سلێمانی و داب ونەریتی دانیشتوانی و دەوروبەری بە شعر و پەخشان)، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١١-٥١٢

(٤) د.ڕەئووف عثمان معروف، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٩

ئەم جۆرە هاوسەرگیریەیان کردووە.[١]

**٤. هاوسەرگیری دووەم Secondary Marriage**

ئەم جۆرە هاوسەرگیریە بە کۆتایی هاتنی گرێبەستی هاوسەرگیری یەکەم ئەنجام ئەدرێت بە یەکێك لە هۆکارەکان، لەوانە (مردن، جیابوونەوە)ی نێوان هاوسەران.[٢]

لە ئێستای گەڕەکی سابونکەران بەهۆی مردن یان جیابوونەوەی هاوسەر بێت، هاوسەرگیری دووەم پەیڕەوئەکرێت.

لە ئایینی مە سیحی، بەڕەسمی تەڵاق نییە، بەڵام جیابوونەوە هەیە، کە ئەم دوانە ڕێك ناکەون، بڕیاری دادگای گەورە هەیە کە دادگای کە نیسەی پێئەڵێن، ئەو دادگایە بڕیار ئەدات بۆ جیابوونەوە بۆ ماوەی ساڵێك و دوو ساڵ بەڵکو لە دوایی بگەڕێنەوە لای یەکتر، بەڵام کە جیابوونەوە پیاو و ژن بۆیان نییە هاوسەرگیری ئەنجام بدەنەوە بە ڕەسمی.[٣] بەڵام لە ئایینی ئیسلام ژن و پیاو لە کاتی جیابوونەوە یاخود کاتێك ژنەکە پیاوەکەی ئەمرێت ئەتوانێت هاوسەرگیری بکاتەوە، بۆ پیاویش بە هەمان شێوەیە.

کەواتە ئەوەی گەڕەکی سابونکەران جیادەکاتەوە ئەوەیە، گەڕەکی سابونکەران دروست کراوە لە سەر بنەمای شار دروست کراوە، واتە هەر کەسێك لەو گەڕەکە نیشتەجێبووە تاڕادەیەك بووە بە شاری، نیشانەی شارستانیان پێوە دیار بووە ئەمەش وایکردووە بە کەمی پەیڕەوی هاوسەرگیری (ژن بە ژن، شیربایی، گەورە بە بچووك) بکەن، هەروەها خەڵکەکەی خوێندەوار تربوون و ئاستی ڕۆشنبیریان بەرزتر بووە، زیاتر پەیڕەوی هاوسەرگیری ناوخۆی و دراوسێتیان کردووە.

---

(١) پ.د.جەزا تۆفیق طالب، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو،٢٠٢٢/٢/١

(٢) عبد علی سلمان، الانثروبولوجیا الاجتماعیة، المصدر السابق، ص ٦٠

(٣) م.لەتیف پۆلس استیفان سەراج، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٦

## سێهەم: مەراسمی هاوسەرگیری Marriage Ceremony

ڕێوڕەسمەکانی مارەی و زەماوەند لە زۆر کۆنەوە هەیە و بەردەوامن، چونکە نەوە لە دوای نەوە ئەم داب و نەریتە دەگوازرێتەوە. ئەم ڕێوڕەسمانە کۆمەڵێك ڕێکار و وردەکاریی سەرنجراکێشی تێدایە کە بنەما و بنچینەکانی لە کۆمەڵێك کلتوور و کۆمەڵەی ئێتنی دەدۆزرێنەوە، نەریتەکانی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری پێکهاتووە لە ئەنجامدانی ئامادەکاریی بۆ مەراسیمەکان لە لایەن خانەوادەکانی باوکی هەر دوو هاوسەری ئایندە، یاوەریکردنی بووك و پێشوازیی لێکردن لە لایەن خانەوادەی باوکی کوڕ و سازکردنی ئاهەنگ و شایی فۆلکلۆری.[١]

لە سەرەتادا کاتێك کوڕ تەمەنی ئەگەیشتە (٢٢،٢٠،١٩) ساڵی، دایکی کوڕ ئەگەڕا بە دوای کچێکدا لە گەڕەکەکەی خۆیان لەبەرئەوە بەشێکی زۆری لە گەڕەکدا کچیان ئەدۆزیەوە، هەندێکی تریش ئەچوون بۆ گەڕەکەکانی تر، یاخود لە کاتی شاییدا، کاتێك کچ و کوڕێك بەیەك ئەگەیشتن، ئاهەنگیان بۆ ئەکردن، خزمی هەردوو بنەماڵەکە بانگئەکران، لە شاییەکەدا هەڵئەپەڕین ئافرەتەکان خۆیان ئەگۆڕی و ئیتر کوڕەکە ئەچوو کچی ئەبینی، جگە لەوانەی کە دڵیان بەیەکەوە بوو ئەوە جیا بوو بە تایبەتی ئەهاتن بۆ سەیری یەکتری، جگەلەوەی لە حەمام کچیان ئەبینی، لە حەمامدا چاودێری هەڵسوکەوتی کچەکەیان ئەکرد و سەیریان کردووە بزانن هیچ ناتەوایەکی نییە لە ڕووی جەستەیەوە، پاشان ژنێکیان ئەنارد بۆ ئەوەی ڕای خێزانەکەیان بزانێت، ژنەکە ئەچوو بە هەر هۆیەك بێت ئەیووت: حەزدەکەم دەستم بشۆم، کچەکە و دایکەکەشی ئەبینی و ئەیووت نیازی شتێکی ئاوامان هەیە، ئەگەر دایکەکە ڕازی بوویایە، ئەیووت با پرس بە مێردەکەم بکەم ئنجا وەڵامی ئەدانەوە، واتە پرۆسەکە زیاتر ژنان بەشداریان تێدا کردووە، کاتێك باوکی کچ ڕازی بویایە، ئەوا ئنجا پیاو ئەچوون و بۆ خوازبێنی و دەست ماچکردن، پاشان ژنان ئەچوون بۆ بابەتی جل و بەرگ و ئاڵتون.[٢]

گرنگی زۆر ئەدرا بە شایی بۆ هاوسەرگیری، لەوانە شەکراو خواردنەوە کە پێیان ئەووت دەست ماچکردن، ئیتر کە بڕیار ئەدرا ژنان هاتووچۆیان ئەکرد، هەتاوەکو ئەیانزانی ڕێکەوتوون بۆ ئاشکراکردنی پرۆسەکە پێیان ئەووت (دەست ماچ کردن) لە سەرەتادا (کەلەشەکر) دابەشئەکرا، دواتر بووە بە (نوقڵ)، پاشان گۆڕا بۆ (حەڵوا)، دواتر مەراسیمی ژنان دەستی پێدەکرد، زۆر جار کوتاڵ فرۆشیان ئەهێنایە ماڵەوە و ژنان کۆدەکرانەوە و جل بۆ بووك هەڵدەگیرا، کچی گەڕەك هەموو هاوکارییەکیان ئەکرد، شتیان بۆ ئەچنی جیهازیان بۆ ئامادە ئەکرد و شەکراو یان بۆ

---

(١) د.حبیب مصطفی ابراهیم، ڕۆڵی ڕێساکانی داب و نەریت لە ژیانی بارزانییەکان (توێژینەوەیەکی ئەنثرپۆلۆژیای یاسایی و مێژووی یاسایە)، چ٢، زانکۆی سۆران، سۆران، ٢٠١٩، ل١٧٠

(٢) قادر عبدول صالح محمد، چاوپێکەوتن، کاسب، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٨

ئەپێچایەوە چونکە لە دوایی کە شەکراوی پیاوان ئەخواریەوە، شەکراوی ژنان ئەخرایە زەرفەوە و دەسرێکی تێئەخراو وئەیان بەخشیەوە بە ماڵاندا، ڕۆژێك پێش شاییەکە بووك ئەبرا بۆ حەمامی دەرەوە و خەڵکی نزیکیشیان بانگێشت ئەکرد بۆ حەمام، شەوەکەشی شەوی (خەنەبەندان) (*) بوو لە ماڵی بووکێ، دواتر ڕۆژی شایی بوو ڕۆژی گواستنەوەی بووك بووە، دوای نان خواردنی نیوەڕۆ شایی ئەکرا، بەردەوام بووکەکە بە ئوتومبێلێك ئەگێڕا بە ناو شاردا، کە ئەگەیشە شەقامی سابونکەران سەیارەکە لە خوارەوە یان لەسەرەوەی شەقامەکەوە بهاتایە لە کۆتاییەکەیدا چایخانەیەك هەبووە، کورسیان ئەخستە سەر شەقامەکە و شەقامەکەیان دائەخست، ڕیگەیان ئەگرت لە ئوتومبێلی بووکێ، ئوتومبێلی بووکێ بەردەوام کەسێکی نزیکی بە زاوا بوو لە ئوتومبێلی زاوادا پێیان ئەووت (برازاوا)، کورسیەکانیان لا نەئەبرد هەتاوەکو بە خششیان ئەدانێ، ئیتر پارەیان ئەدانێ و کورسیەکانیان لا ئەبران و ئوتومبێلەکان ئەڕۆیشتن. پاشان بووك ئەبرا بۆ ماڵی بووکێ و لەوێ هەڵپەڕین دەستی پێدەکرد.[1] بووك ژنێکی بەتەمەنی لەگەڵ چووە بۆ ماڵی زاوا پێیان ووتوە بەربووك، بەربووك لە ماڵی زاوا ماوەتەوە و چاوەڕێی وەڵامی کردووە.[2] کاتێك بووك ئەگەیشتە بەردەمی ماڵی زاوا، بووك لە سەیارەکە دائەبەزی، خوشکی کوڕ یان دایکی کوڕەکە دەستیان ئەگرت و ئەیان بردە ژوورەوە، کوڕێکی گەنج لە پشتەوە ئاوێنەیەکی ئەگرت، ئاوێنەکە بەمانایی ئەوە بەکاردەهات کە ڕووناکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، کە ئەگەیشتە بەردەمی ماڵی زاوا، زاوا بە دوو سێ چڵ قامیش بەیەکەوە بەستراو ئەیکێشا بە سەری بووکدا، ئەمەش وەکو هێمایەك بۆ دەسەڵاتی پیاو.[3]

ڕۆژی یەکەم و دووەمی دوایی شاییەکە، ماڵی بووکێ (کەس و کاری ماڵی بووك) سینی خواردنیان ئەنارد بۆ ماڵی زاوا، کە کچەکەیان لە وێیە، دووەم کۆتاجار بوو ئەبوایە زاوا پارەیەکی

---

(*) خەنەبەندان: شەوی خەنەبەندان ئەو شەوەیە کە ڕاستەوخۆ پێش ڕۆژی هاوسەرگیرییە. شەوێکی چارەنووسسازە بۆ هەموو بووکێك، چونکە دوا شەوە کە لە ماڵی باوکی بەسەری دەبات، بۆیە خێزانی بووك ئاهەنگی بۆ دەگێڕن و، دەیکەن بە شەوی ماڵئاوایی. ژنان و کچان و هاوڕێکانی بووك و خزم و دراوسێکان بانگهێشت دەکرێن بۆ ئەوەی پشکی خۆیان لە خەنە وەربگرن. ڕۆژێك یان زیاتر پێش زەماوەندەکە، زاوا یان یەکێك لە خزمەکانی ژمارەیەك کیسە خەنە بە بڕە پارەیەك (بەپێی توانای دارایی خۆی) دەنێرێت بۆ ماڵی بووك. لەو شەوەدا پێش زەماوەندەکەی، ژنان و کچان لە ماڵی باوکی کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی هاوبەشی بکەن و ئاهەنگی ماڵئاوایی بگێڕن، لەوێ یەکێك لە ژنەکان خەنە دەکوڵێنێت و تێکەڵی دەکات - یان دایکی یان ئەو ژنەی کە یاوەری بووك دەکات بۆ ماڵی زاوا - و لەو نێوەندەدا ژنەکان دەست دەکەن بە گۆرانی و سەماکردن، کچان بەبێ بەشداری پیاوان، هاوڕێکانی بووك کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی خەنە بخەنە سەر دەست و قاچی. ئەم ئاهەنگە تا درەنگانی شەو بەردەوام دەبێت.

- نوري ياسين هرزاني، مقدمة في الفلكلور الكردي دراسة انثرويولوجية اجتماعية، چاپخانەی شەهید هەورامی، کەرکوك، ٢٠٠٦، ص٣٢-٣٣

(١) د.ئەختەر النجم الدين، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٢٢

(٢) پەری مام عەلی گۆپاڵی نەوت فرۆش، چاوپێکەوتن، فەرمانبەر، سلێمانی، ٢٠٢٢/٩/١٢

(٣) صەبیحە صاڵح محمد، چاوپێکەوتن، ژنی ماڵەوە، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١

باش بخاتە سەر سینییەکە بۆ ئەو حەماڵانەی کە ئەیان برد، ئنجا لە شاییەکەوە ئەبووە ڕۆژی چوارەم مەبەست لە یەکەم ڕۆژی شاییەکەوە، پاشتێلانەیان پێ ئەووت، هەموو کەس و کاری بووك خەڵك ئەچوون دیاریان بۆ ئەبردن، دواتر پاش حەفتەیەك ماڵی بووك ئەچوون و کەس و کاری کچەکەیان ئەبردەوە ماڵی خۆیان و شەو لە ماڵی خۆیان ئەبوو، ڕۆژی دواتر ماڵی زاوا بانگێشت ئەکران، لە ماڵی بووکێ و هەموویان ئەچوون، بووکەکەش لە ماڵی باوکیەتی لە ڕۆژی پێشوەوە، ئێوارە بووکەکەیان لەگەڵ خۆیان ئەهێنایەوە ماڵی خۆیان. پاشان ماڵی زاوا بانگێشتی ماڵی بووکیان ئەکردەوە بۆ ماڵی زاوا، ماڵی زاوا و کەس و کاری زاوا و خوشکی زاوا و ئەگەر ماڵی جیابوویایە ، ماڵی کەس و کاری بووکێ، بەڵام یەکەم شت بە ماڵی زاوا خۆیی دەستی پێدەکرد، واتە ماڵی خەزووری بووکێ بانگێشت ئەکران.(١)

بە شێوەیەکی گشتی لە پرۆسەی هاوسەرگیری لە کۆن و ئێستادا ژنەکان بە پرۆسەکە هەڵساون، زۆربەی ڕۆڵەکان ژن ئەنجامیداوە، تەنها ڕەسمیاتەکە بۆ پیاوانە. لە ڕابردووی شاری سلێمانی و گەڕەکی سابونکەراندا، کچان زۆر بە کەمی هاتوونەتە دەرەوە، بۆیە کاتێك خێزانێك یان بنەماڵەیەك ویستوویانە ژن بۆ کوڕەکەیان بهێنن هەوڵیانداوە کچەکە ببینن لە دوای ئەوەی کچەکەیان دەستنیشان کردوە بۆ کوڕەکەیان، بۆ ئەم مەبەستەش حەمام بەکارهاتووە لەبەرئەوەی لە کۆندا شێوازی تەلاسازی خانووەکان بەشێوەیەك بووە حەمامی تێدا نەبووە، بۆیە کچان و ژنان چوونەتە حەمامی دەرەوە بۆ مەبەستی خۆشۆردن، لەم ڕێگەیەوە کەس و کاری کوڕەکە تێبینی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کچەکەیان کردووە و هەروەها سەرنجی جەستەی کچەکەیان داوە تاوەکو بزانن هیچ ناتەواویەك و نەخۆشی جەستەی نییە، بەم شێوازە کوڕ و کچەکە یەکتریان نەبینیوە هەتاوەکو ڕۆژی گواستنەوە. کاتێك کوڕ ژنی هێناوە حەوت ڕۆژ و حەوت شەو لەماڵی زاوا هەڵپەڕکێ بووە. بەڵام لەدوای ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر شێوازی ژیان و تەلارسازی خانووەکانی شاری سلێمانی و گەڕەکی سابونکەران هاتووە حەمام لەناو ماڵەکان دروست کراوە، بۆیە حەمامەکان ئەو ڕۆڵەیان لە دەستداوە. ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە بووك لە کۆندا تەنها سپیاوی قەڵایان بۆ بەکارهێناون بۆ مەبەستی جوانکاری لە ڕۆژی ئاهەنگی گواستنەوە.

هەروەها بەربووك ئاماژەیە بۆ ئەو ژنە بە تەمەنەی شارەزایی لە پرۆسەی هاوسەرگیری و قۆناغی ڕێنمایی سێکس هەیە بۆ بووك و زاوا، پێش ئەوەی بووك بچێتە ناو شەوی بووکێنیەوە، ئەو بەربووکە لە کاتی شایی و ئاهەنگەکە لەگەڵ بووك دەڕوات تا شەو لەگەڵ ئەو بووکە دەچێتە ژوورەوە و قوماشێکی سپی لەسەر شوێنی خەوتنەکە بۆ ڕادەخات و پێی دەڵێت هەر کاتێك ڕوو

---

(١) د.ئەختەر النجم الدین، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٢٢

سـوور بـووی، ئەو پەڕۆیە لەگەڵ خـۆم دەبەم و دەبێـتە نیشـانەی سـەربەرزی و ڕوو سـوری خێزانەکەت، بەربووکەکە پارچە قوماشەکە دەبات بۆ بنەمـاڵەی زاوا، ئنجا ئەو بەربـووکە خەڵاتێك یاخود پارەی خۆی وەردەگرت، بەڵام لە ئێستادا بەربووك ئەو ڕۆڵەی نەماوە بە هـۆی بەکارهێنـانی تەکنەلۆجیا و کردنەوەی سەنتەری هۆشیاری هاوسەران.

لە ئێستای شاری سلێمانی و گەڕەکی سابونکەراندا هۆکارەکانی ناسین و یەکتر بینی کـچ و کـوڕ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەهۆی ڕۆیشتنە دەرەوەی کچان بـۆ خوێنـدن و تـێکەڵاوی کـوڕ و کـچ لە قۆنـاغە جیاوازەکـانی خوێندنـدا، یـان بەهـۆی پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیـا و بەکارهێنـانی ئینتەنیـت و تۆڕەکۆمەڵایەتییە جیاوازەکـان، ئەمـانەش پـێکەوە کـاریگەری هەبـووە لەسـەر لایەنـی کـۆمەڵایەتی خێزانەکان لە پرۆسەی هاوسەرگیری، لە کۆندا کچ و کوڕەکە یەکتریان نەبینیوە و هەتاوەکو ڕۆژی گواستنەوە و جگەلەوەی خێزان یان بنەماڵەی کوڕ، کچیان بۆ کوڕەکە دەست نیشـان کـردووە. بەڵام لە ئێسـتادا کـچ و کـوڕ خۆیـان بە ڕەزامەنـی هەردووکیـان هاوسـەرگیری ئەکەن، لە چوارچێـوەی خێزانی کچ و کوڕەکە.

سـەبارەت بە مەراسیمی هاوسـەرگیری، لە دوای ڕەزامەنـدی خێزانـی کـوڕ و کـچەکە و دەسـت مـاچکردن، دانپێـدانانی پرۆسـەی هاوسـەرگیریەکە لە ڕووی ئـایینی و یاسـاییەوە، بـۆ ئەوەی هاوسـەرگیریەکە ئاشـکرا بکرێت لە هـۆڵ شـەکراو خـواردنەوە بـۆ پیـاوان ئەنجـام ئەدرێـت بەپێـی بارودۆخی ئابووری بنەماڵەی کوڕەکە جۆری هۆڵەکە و شەکراوەکە جیاوازە، مەبەست لە شـەکراو خواردنەوە ئاشکراکردنی پرۆسەی هاوسەرگیریەکەیە بۆ بنەمـاڵەی کـچ و کـوڕەکە، دروسـتکردنی پەیوەنـدی خزمـایەتی و ناسـین و تێکەڵاویـیە. دواتـر قۆنـاغی دەسـتگیرانداری دەسـت پێـدەکات، قۆناغێکی درێژ نییە، کـچ و کـوڕ لەم قۆنـاغەدا ئەتـوانن بەیەکەوە بـڕۆنە دەرەوە و یەکتـری ببیـنن، پاشان ڕۆژێك پـێش گواسـتنەوە لە (مـاڵی بـووك یـان هـۆڵ) خەنەبەنـدان ئەنجـام ئەدرێـت، گـۆرانی کوردی یـان عەرەبـی تـایبەت بە خەنەبەنـدان بە (DJ) لێـدەدرێت، کچـان بە دەوری بووکـدا دەسـت دەکەن بە سـەما کـردن. لە ڕۆژی گواسـتنەوە بـووك بەمەبەسـتی خۆڕازانـدنەوە ئەچێـتە سـاڵۆن و عەزیەی سپی لەبەردەکات، زاواش قات دەپۆشێت، ئاهەنگی گواستنەوە لە (هـۆڵ یـان بـاخ) ئەنجـام ئەردێت، گۆرانی (کوردی، عەرەبی، تورکی، بیانی) لێدەدرێت، بەشێوەی تۆمارکراو یـان زینـدوو، کە تێیدا ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ و سەماکردن ئەنجامئەدرێت. لە کۆتایی ئاهەنگی گواستنەوە ناسـیاو و خزمانی بووك و زاوا دیاری پێشکەشی بووك و زاوا ئەکەن، وێنەی یادگاری ئەگرن.

وێنەی ژمارە (٢٠)

مەراسیمی هاوسەرگیری لە ڕابردووی شاری سلێمانی نیشان دەدات [١]



(١) وێنەکان لە کاروان چاومار وەرگیراوە.

**دووەم: خێزان Family**

خێزان بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتییە، بەرپرسیارە لە دروستکرن و پەروەردەکردنی منداڵ، بە هاوکاری ئابووری و شوێنی نیشەجێبوونی هاوبەش دەناسرێتەوە. پەیوەندی سێکسی لە نێوانیان ئەنجام ئەدرێت (هەردوو ڕەگەزەکە نێر و مێ)، بە مەرجێك لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دانپێدانرابێت. ئەندامانی خێزان (دایك و باوك و منداڵ) ماف و ئەرکیان بەرامبەر یەکتر هەیە.[١]

خێزان بنچینەی خزمایەتیە، بەشێوەیەکی سەرەکی هاوسەرگیری پیاوێك لەگەڵ ژنێك لەڕێگەی پەیمانێکی شەرعی و ڕەسمی دروست دەبێت، بنەمای ئەم هاوسەرگیریە پەیوەندی بە ڕەچەڵەکی (پیاو) لەگەڵ خێزانی ژنەکە و کەس و کاری ژنەکە دادەمەزرێت، لە هەمانکاتدا پەیوەندی ڕەچەڵەکی (ژن) لەگەڵ خێزان و کەس و کاری پیاوەکە دادەمەزرێنێت.[٢]

خێزان چەند ئەرکێکی هەیە گرنگتین ئەرکەکانی خێزان، بریتیین لە:

**١. ڕێکخستنی چالاکی سێکسی: Regular sexual behavior**

چالاکی سێکسی کۆنترۆڵنەکراو، سەرچاوەیەکی گونجاوە بۆ ململانێ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. لەبەرئەوە بە سنووردارکردنی چالاکی سێکسی بۆ هاوژینی هاوسەری، پلەی ململانێ نزم کراوەتەوە.[٣]

**٢. نەوە خستنەوە: Reproduction**

هەموو کۆمەڵگایەك پێویستی بە بەرهەمهێنانەوەی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت خێزان ئەو یەکە کۆمەڵایەتییە کە لە ڕووی کلتووریەوە پەسەندکراوە و منداڵی تێدا دروست دەکرێت، ئەگەر خێزانەکە سەقامگیر بێت، ئەوا منداڵەکان بەردەوامی ژیانێکی سەلامەت و پارێزراون. بۆیە خێزان دڵنیای دەدات بە بەردەوامی کۆمەڵگە لە ڕێگەی نەوە خستنەوە.[٤]

**٣. ئەرکی ئاینی: Religious**

فێرکردنی نەوەکانی کۆمەڵگەیە سەبارەت بە ئەو باوەڕانەی کە کۆمەڵگە پەیڕەوی دەکات.

**٤. ئەرکی خۆشگوزەرانی: Welfare**

پرکردنەوەی پێداویستییەکان و بەسەربردنی کاتی بەتاڵی و پشوەکان.[٥]

---

(1) Gray Ferraro & Susan Andrea, Culture Anthropology (An Applied Perspective), Eight Edition, Wadsworth, The United States of America, 2010, p207

(٢) د.معن خلیل عمر، کۆمەڵناسی خێزان، و: ئارام ئەمین جلال، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٥٦

(3) Stephen Moore, Sociology, Na GCSE, New York, 1995, p16

(4) Ibid, p16

(٥) د.قيس النوري، المدخل الى علم الانسان، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، ١٩٨٢، ص٢١٩-٢٢٠

**٥. پێگەیاندی کۆمەڵایەتی و نەوەکان و چاندنی کلتووری.**

**٦. دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ ئەندامەکانی.**

**٧. بەرهەمهێنان و دابینکردنی پێداویستییە مادد‌ییەکان.**[١]

**٨. پەروەردەکردن.**

**ئەرکی ژن:**

١. لە سالآنی سەدەی ڕابردوودا بە تایبەت پێش سالآنی (١٩٤٠)، ژیانی ئاسایی ماڵێکی دانیشتووی شار بە شێوەیەك بووە کە (ژنان و کچان) لە ماڵدا، هەموو کارێکی ماڵیان ڕائەپەڕاندا، هەموو کار و چالاکی ناوماڵ و پێویستی هەموو ماڵیان بە دروستی ئەبوو ڕاپەڕێنن و بەڕێوەیبەرن، ژنان و کچان لە ناوماڵدا توونـدکرابوون، بە دەگمەن لە دەرەوە کارێکیان پێسپێدرابوو، تاڕادەیەك بتوانن بژێوی ژیانیان و ماڵ و منداڵیان پێدەستەبەربکەن، کەمتر هەبووە کارێکی بژێوی هەبێت، لە دەرەوەی ماڵ تەنها مامۆستا هەبووە کە بە تایبەت لە قوتابخانەی کچاندا وانەیان ئەوتەوە، کە بژێوی ژیانیان هەبووە.

٢. ژنان بە گشتی لە ناوماڵدا، لە بەیانی زووەوە خەریکی کاری ناوماڵ بوون، ئاو پەیدا بکەن، لە گۆزە و شەربە و کوپە و سەتڵ و تەنەکەدا، هەڵیبگرن بۆ کاری ڕۆژانە و پێویستی خواردنەوە و پاکردنەوە و لێنان دابینێنن، کەی ویستیان بەکاری بهێنن.

٣. ژن کە زوو هەڵدەستا، نانی بەیانی ئامادە ئەکرد، ئەبوایە کەیبانووی ماڵ بەرچای و نان و چا ئامادە بکات، بەپێی توانا و دەرامەت و دەستکەوتی ئەو خێزانە، ئەوەی لەبەر دەست بویایە و توانای بەسەردا بشکایە، بۆ ژەمی بەیانی ئامادەیان ئەکرد کە زۆر جار پێهکاتبوو لە (شیری کوڵا، ماست، قەیماغ، دۆشاوی ترێ، خورما یان هەنگووین)، لە هەندێك ماڵ کەشکی سواوەی نەرم ئامادە کرابوو لە ئێوارەوە کرابووە ئاوەوە، نەرم و خۆساو بووە، یان پەنیری پێستە لە بازاڕ ئەکڕرا، یان پەنیری ناوکۆپەی شین، لە ماڵان هەڵئەگیرا، دوای ئەوەی لە ناو خوێ و ئاودا هەڵگیرابوو، پارێزراو بوو، بەیانیان بەشی خواردنیان ئەهێنا، بۆ ماوەیەك ئەخرایە ناو ئاوی گەرم یان شلەتێنەوە، بەوشێوەیە سوێری نەئەما و وەك پێخۆر بەیانیان بە نان و چا وە ئەخورا هەندێکجار هەبووە هێلکەی کوڵاو یان هێلکە و ڕۆن ئامادە بووە، کاتێك کە هەموو ئامادە ئەبوون، کۆئەبوونەوە بۆ نانی بەیانی و بەرچای. جگەلەوەی جار هەبووە کولێرەی پەنجە کێشی و بەڕۆن و، ناوساجی لەگەڵ بەرچایدا ئەخوران. زۆر لە ماڵان ڕاهاتبوون وەك نەریتێکی کۆنی ئەو کاتە، بۆ بەیانیان نیسکێنە، نۆکاو، گۆشتاو، لەپەساوەر، سەروپێ و شوربای برنجیان ئامادە ئەکرد بۆ خواردنی بەیانی.[٢]

(١) د.محمد شوانی، بنچینەکانی ئەنثرۆپۆلۆجیا گشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٠

(٢) م.محمد باقی سعید، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/١٨

٤. له دوای نانی بەیانی ژنان جلیان ئەشۆرد، وەکو ئێستا سابون نەبووە، ئنجا بۆ جل شتن ماددەیەك هەبوو پێیان ئەووت (ئەسپۆن)، هەر ماڵێك پارچەیەك بەردی دانابوو ساف بووە، کراسەکە بە گەڵا کوتەك، تەختەیەك بووە سەرەکەی بەدەستەوە ئەگیرا و دەمەکەی تۆزێك پان بووە جلیان پێئەشت.

٥. پاشان کە لە جلشتن ئەبوویەوە گرنگی ئەدا بە پاك و خاوێنی ماڵ و نوێن هەڵگرتنی ماڵ.

٦. ژنان لە کاتی چێشەنگاو ئەبوایە خەمی ماڵی بخواردایە، بۆ نیوەڕۆ خواردنێك ئامادە بکات وەکو (نان و ماست، هێلکە و ڕۆن، یان سی و جگەریان ئەکڕی و سوور) یان ئەکردەوە.

٧. دواتر عەسران ژنان ماڵیان پاکئەکردەوە و ئاوڕشێن ئەکرا خۆیان حازر ئەکرد بۆ چێشتی ئێوارە وەکو ئێستا نەبووە هەموو ڕۆژێك چێشتان هەبێت، (نۆکاو، نیسکێنەی هاڕاو، نۆك لەگەڵ نیسکدا) ئامادە ئەکرد، پێنج شەممانی ئێواران بۆ هەینیی چێشتیان ئامادە ئەکرد، جار هەبووە دوو چێشتیان لێئەنا، وەك برنج و شلە.[١]

لە ژێر ڕۆشنای ئەوەی سەرەوە باسکرا، ئەرکی خێزان لە شاری سلێمانی و گەڕەکی سابونکەران گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە گشتی لە ئێستادا خێزان سەنتەرە لە ڕێکخستنی چالاکی سێکسی و ئەرکی ئابووری بۆ ئەندامانی خێزان و، بەردەوامی کۆمەڵگە لە ڕێگەی نەوەخستنەوە، لە ڕابردوودا خێزان سەرچاوەی سەرەکی بووە بۆ ئاراستەکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بەها و بیروباوەڕە و بیرکردنەوەی تاکەکان، بەڵام لە ئێستا تەنها خێزان ئەم ئەرکەی بەتەنها لە ئەستۆدا نییە بەڵکو دامەزراوەی تر بەشداری تێدا دەکەن وەك (قوتابخانە، زانکۆ)، جگە لەوەی بە هۆی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیانەی لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە بەسەر شاری سلێمانی و گەڕەکی سابونکەراندا هاتووە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆبایل و ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە ئاراستەکردنی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی تاکەکان.

لە ئێستای شاری سلێمانی و گەڕەکی سابونکەران بە بەراورد بە ڕابردوو ئەرکی ژن گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ژنان جگە لە بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵ بەخێوکردن، بەشدارن لە بەڕێوەبردنی ئەرکی ئابووری خێزانەکەدا لەگەڵ هاوسەرەکەی. جگە لەوەی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و بەکارهێنای ئامێری تەکنەلۆجیا لە ناوماڵ کاریگەری هەبووە لەسەر شێوازی ژیانی ژنان کەمکردنەوەی ئەرکی ژن لە ماڵدا.

---

(١) محمد باقی سعید، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/١٨

## جۆرەکانی خێزان Type Family

### ١. خێزانی گەورە (فراوان) Extended Family

خێزانی فراوان لە دوو خێزانی بچووك یان زیاتر پێکدێت، کە لە ڕێگەی پەیوەندی خوێنیەوە بەیەکەوە بەستراون، ئەم جۆرە خێزانە پێك دێت لە (ژن و مێرد و منداڵەکانیان) یان زیاتر، لە ژێر دەسەڵاتی یەك سەرۆك خێزاندا، ئەم جۆرە خێزانە کە لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی دایك و باوك و منداڵ دامەزراون، دەکرێت لە هێڵی باوکایەتی بێت وەك (پیاوێك و ژن و منداڵی کوڕەکانیان)، یان لە هێڵی دایکەوە بێت وەك (ژن و کچ و منداڵی کچەکان)ی بێت.[1]

**خێزانی گەورە، لە چەند جۆرێك پێکدێت:**

**أ. خێزانی درێژکراوە (الممتدة):**

جۆرێکی خێزانی ئاڵۆزە، پێکدێت لە (باوك و دایك و کوڕ و کچ و نەوەکانیان) و زیاتر لە سێ نەوە لە خۆ دەگرێت، ئەم جۆرە خێزانە لە ئەنجامی بەردەوامی نیشەجێبوونی (کوڕ و کچ) لەگەڵ دایك و باوك دوای پرۆسەی هاوسەرگیری دامەزراوە، واتە کاتێك (دایك و باوك)ە کە بوون بە (نەنك و باپیر) کچەکانیان کە شوویانکردووە و کوڕەکانیان کە ژنیانهێناوە ماڵی باوکیان جێنەهێشتووە و بەردەوام بوون لەگەڵ خێزانەکەیان،[2] ئەم جۆرە خێزانە جگە لەوەی لە نەنك و باپیر (**Grandparents**) باوك و دایك و خوشك و برا لە خۆدەگرێت، ڕەنگە مام و خاڵ و خاڵۆزا و ئامۆزاش لە خۆبگرێت.[3]

لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەراندا، باوترین جۆری خێزان خێزانی درێژکراوە بووە، کە لە (نەنك و باپیر)، کوڕەکانیان کە ژنیان هێناوە ژیاون لە خانووەکەدا پێکەوە و نان و ئاویان یەك بووە،[4] لە کۆندا خێزانەکان خانوویەکی گەورە و حەوشەیەکی گەورەی هەبووە، خانووەکان بە گشتی دوو نهۆمی بوون و، لە ژێر خان و سەرخان پێکهاتبوو، کاتێك کوڕ ژنی هێناوە لە ماڵی باوکی ژیاوە بە ژن و منداڵەوە، هەندێك جاریش کە کچ شووی دەکرد لەگەڵ ماڵی باوکی ئەبوو، ئەگەر لە سەرەتاوە لە گەڵیان نەبوویایە دواتر ئەهاتەوە ماڵی باوکی، واتە چەند خێزانێك لە هەمان خانوودا ئەژیان، بەڵام ئەم جۆرە خێزانە زۆر کەم بۆتەوە بە هۆی سەرهەڵدانی تاك خوازی و خێزانی ئێستا لە دایك و باوك و منداڵەکانیان پێکدێت.[5]

---

(1) Gray Ferraro & Susan Andrea, Culture Anthropology (An Applied Perspective), Ibid, p228

(٢) د.قیس النوري، المدخل الی علم الانسان، المصدر السابق، ص٢٢١

(3) William A. Haviland, Culture Anthropology, Nine Edition, Harcourt Brace College Publishers, The United States of America, 1999, p272

(٤) قادر علی ڕەشید، چاوپێکەوتن، بەرگدوور، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١

(٥) د.ئەختەر النجم الدین، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٢٢

## هێڵکاری ژماره (١)

خێزانی درێژکراوه نیشان دەدات [١]




ئەم هێڵکاریە ئەوەمان نیشان دەدات، کاتێك باوك و دایك بوو نەتە نەنك و باپیر، کچ و کوڕیان هەیە و سەڵتن واتە هاوسەرگیریان نەکردووە، لەگەڵ کوڕ و کچەکانیان کە هاوسەرگیریان کردووە و منداڵیان هەیە، هەموویان پێکەوە لە یەك ماڵدا پێکەوە ئەژین، لە هەمانکاتدا هۆکاری پەسەند بوونی ئەم جۆرە خێزانە لە قۆناغێکی مێژووی گەرەکی سابونکەران دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، وەك دەستەبەرکردنی خۆراك و شوێنی حەوانەوە، هاوکاری و یارمەیدانی یەکتری لە ئیش و کاردا بەهۆی زۆری ئەندامانی خێزان لە ماڵەکەدا. لەم خێزانەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزبوون لە نێوان (نەنك و باپیرو کوڕ و کچ و نەوەکانیان و بوك و زاوا)، واتە توندوتۆڵی پەیوەندی هاوسەری لە نێوان (نەنك و باپیر)، (کوڕ و بوك)، (کچ و زاوا)، پەیوەندی خوێنی نێوان (نەنك و باپیر و کوڕ وکچ و نەوەکانیان) و، پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان نەوەکانیان کە دەبن بە (ئامۆزا و خاڵۆزا و پورزا ... هتد)، جگە لەوەی شوێنی نیشەجێبوونیان هاوبەشە و پێکەوە بەشداری دەکەن لە پەروەردە و ڕاپەڕاندنی کارەکان، دەسەڵات لەم جۆرە خێزانەدا بە دەست کەسی یەکەمەوە یە کە باپیرە.

**ب. خێزانی یەکگرتوو (العائلة المتحده):**

مەبەست لەم جۆرە خێزانە ئەوەیە کە دوای مردنی (نەنك و باپیر) منداڵەکانیان میرات دابەش ناکەن، پێکەوە لە هەمان ماڵ و کێڵگە و ئیش و کاردا بەردەوام دەبن، دەسەڵات دەگۆڕێت بە دیموکراتی و پرس و ڕاوێژ کردن بەیەکتر ... هتد.

لە کۆن و ئێستای گەرەکی سابونکەران ئەم جۆرە خێزانە پەیڕەو نەکراوە، لەبەرئەوەی لە دوای مردنی نەنك و باپیر میرات دابەشکراوە.

---

(١) کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

-William A.Haviland, Culture Anthropology, Ibid, pp 273-275

تێبینی: هێما بەکارهاتووەکان

∆ نێری زیندوو، ○ مێی زیندوو، = هاوسەرگیری

▲ نێری مردوو، ● مێی مردوو،خوشك و برا



**ج. خێزانی پێکهاتوو (المركبة):**

ئەم جۆرە خێزانە فرەژنی یان فرەپیاوەی پێدەوترێت، کە بـاوك و دایـك و منـداڵەکانی دەگـرێتەوە، ئەم خێزانە لە ژمارەیەك خێزانـی سـادە پێکهـاتووە بەیەکەوە گرێـدراون و بـۆ بونیاتنـانی یەکەیەکـی خزمایەتی لە ئەنجامی بوونی ئەندامێکی هاوبەش کە هەموویان بەیەکەوە دەبەستێتەوە واتە (مێـرد)، منداڵەکان لە دایك و باوکەوە هاتوون، باوکیان هاوبەشە و هەموو منداڵەکان لەیەك باوکەوە هاتوون، بەڵام لە دایکی جیاوازەوە هاتوون، هەروەهـا مـێ چەنـد شـوویەك بکـات و لەگەڵ خـۆی منـداڵەکان ببات، ئەو دەبێتە ئەندامی هاوبەش.(١)

لە گەڕەکی سابونکەراندا (فرەژنی) هەبووە بەڵام کەم بووە، نەبۆتە دیاردە، ئەوەی جێگەی ئامـاژە بۆکردنە (یەك بـۆ دوو خێـزان) هەبـوون کە پیـاوەکە ژنـی دووەمـی هەبـووە، بەڵام هەموویـان واتە (مێرد و ژنەکانی و کوڕ و کچەکان)ی لە یەك خانوودا ژیاون.(٢)

هێڵکاری ژمارە (٢) خێزانی پێکهاتوو- فرەژنی نیشان دەدات (٣)



**٢. خێزانی بچوك (ناوەکی، سادە): Nuclear – Simple Family**

باوترین و بڵاوترین جۆری خێزانە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، لە (پیاوێك و ژنێك و منداڵەکانیان) پێکدێت لە ڕووی کـۆمەڵایەتیەوە ناسـێنراوە، ئەم جـۆرە خێـزانە بنەمـایەکە بـۆ بونیاتنـانی سیسـتمی خزمایەتی، بە شێوەیەك بنەڕەتی دروستبوونی خێزانی فراوانە، واتە دەبێتە بنەمـایەك بـۆ بنیاتنـان و گەشـەکردنی خێزانـی فـراوان، ئەم جـۆرە خێـزانە چەنـد سـیفاتێك و ئەرکێکـی هەیە، لەوانە ئەرکـی (سێکسی، ئابووری، نەوەخستنەوە، پەروەردە...هتـد)، هەروەهـا پەیوەنـدییەکانیان سـادەن کە خـۆی دەبینێتەوە لە پەیوەندی (مێـرد - ژن، دایـك - کـوڕ، دایـك - کـچ، بـاوك - کـچ، بـاوك- کـوڕ، بـرا - خوشك، خوشك - خوشك، برا- برا).(٤)

---

(١) عزت فتاح حمه صالح، ابلاخ (دراسة انثروبولوجية)، رسالة دكتورا، غير منشورة، كلية علوم الانسانية، جامعـة السليمانية، ٢٠١٢، ص١٢٤

(٢) جلال علی فایز عەرەبانچی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١٣

(٣) کاری توێژەر بە پشت بە ستن بە:

- د.شاكر مصطفى سليم، الجبايش (دراسـة الانثروبولوجيـة لقريـة فـي أهـوار العـراق)، ط٢، مطبعـة العـاني، بغـداد، ١٩٧٠، ص٧٠

(4) David L. Sills, International Encyclopedia of the Social Sciences, Volume:5, The Macmillan Company & The Free press, The United States of America, 1968, p.p303-307

هەموو کەسێك کاتێك هاوسەرگیری دەکات ئەیەوێت خانووی خۆی هەبێت، بۆیە لە خێزانی باوکی هاتۆتە دەرەوە، ئەیەوێت خۆی گەورەی خێزانەکەی خۆی بێت و هەدووکیان (ژن و مێرد)ەکە پێکەوە ماڵەکە بەڕێوەببەن و منداڵ پەروەردە بکەن، کەس دەست نەخاتە ژیانیانەوە، ئەگەر دایك و باوکی کچەکە بێت یان دایك و باوکی کوڕەکە بێت، ڕەنگە لە ڕابرووددا ژن و مێرد ویستبێتیان کە خانوویان جیا بێت، بەڵام کەم بوون کە هەردووکیان ئیش بکەن و بەشداری بکەن لە دروستکردنی ماڵ و بەڕێوەبردنی ئابووری خێزانەکە، بەڵام کاتێك کە ژن و مێرد هەردووکیان ئیشیان کردووە، ئەوە یارمەتیدەر بووە کە ماڵی باوکی بەجێبهێڵێت و ماڵ بۆ خۆیان دروست بکەن، کەواتە کارکردنی ژن پاڵنەر بووە لەبەرئەوەی لە جیاتی تەنها پیاوەکە فەرمانبەر بێت، ژنەکەش بۆتە فەرمانبەر پێکەوە بەشداریان کردووە لە بەڕێوەبردنی ئابووری خێزانەکە و هەردووکیان بەرهەم و دەستکەوتیان هەبوو توانیان پارە پەیدا بکەن، لەبەرئەوە توانیان زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن.[١]

هێڵکاری ژمارە (٣)

خێزانی سادە نیشان دەدات [٢]




لە ئێستای گەرەکی سابونکەران پەیرەوی خێزانی ناوکی دەکرێت، هۆکاری بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی ئەم جۆرە خێزانە دەگەڕێتەوە بۆ گەشەکردنی ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لاواز بوونی پەیوەندییە خزمایەتییەکان، قورسبوونی ژیان و زیاد بوونی پێداویستییەکان و چوونە دەرەوەی ژنان بۆ کارکردن، ئەمانە هۆکاربوون بۆ سەرهەڵدان و جێگیربوونی خێزانی ناوکی لە (باوك و دایك و منداڵەکانیان) لە ماڵێکدا پێکدێت، خێزانەکە بەرپرسیارە لە پەروەردەکردن و فێرکردن و ئاڕاستەکردنی ڕەفتار و بەها و ئایین و ژیانی ئابووری ئەندامانی خێزان، بەبێ ئەوەی کەس لە کەس وکاری ژنەکە یان پیاوەکە دەست بخاتە ژیانی ئەم خێزانەوە.

(١) د.ئەختەر النجم الدین، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٢٢

(٢) کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

- Eriberto P. Lozanda Jr, Introduction to Sociocultural Anthropology, 2004, hppts:// www.docsity.com/1/10/2022

**سێهەم: خزمایەتی Kinship**

خزمایەتی بریتییە لە سیستمێك کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە بە یەکتریەوە دەبەستێتەوە، لە ڕێگەی ئەو پەیوەندیانەوە ئەو یەکگرتنانە پەیدا ئەبێت نەك لە خودی سیستمەکە،[1] جگەلەوەی خزمایەتی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە بەهۆی پەیوەندی خوێن (پشت) و ڕەچەڵەکی نێوان باوك و دایك و نەوەکانیان، هەروەها نێوان خوشك و برا وەستاوە.[2] کەواتە خزمایەتی پەیوەستە بە پەیوەندی خوێنی و هاوسەرگیریەوە.

**جۆرەکانی خزمایەتی:**

سەبارەت بە جۆرەکانی خزمایەتی چەند جۆرێکی هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، بە گشتی خزمایەتی چەند جۆرێکە کە بریتیین لە:

**١. خزمایەتی بایلۆجی (خوێن) Biological Kinship**

ئەم جۆرە لە خزمایەتی لەسەر پەیوەندی خوێنی وەستاوە، دایك بە کچ و کوڕەکەی، باوك بە کوڕ و کچەکەی دەبەستێتەوە، هەروەها خوشك و براکانیش دەگرێتەوە، ئەبێت بە چەند جۆرێکەوە:

**أ. خزمایەتی هێڵی دایك Matrilineal Descent**

ئەم جۆرە لە خزمایەتی لە ڕێگەی هێڵی دایکەوە دەبێت، واتە پەیوەندییە خزمایەتییەکان تەنها بەهۆی ڕەگەزی مێینەوە ئەبێت کە (دایکە). شوێنپێهەڵگرتنی ڕەچەڵەکی مێینە و پەسەند کردنی شوێنی نیشەجێبوونی هاوسەرگیری لەگەڵ خێزانی بووك لە نزیکەوە، دابینکردنی موڵك و ماڵی لە ڕێگەی هێڵی مێینەوە بە میرات بگیرێت.[3] پورزا و خاڵۆزا دەگرێتەوە.

**ب. خزمایەتی هێڵی باوك Patrilineal Descent**

ئەم جۆرە پەیوەندی بە ڕەچەڵەکی (**Descent**) باوکەوە هەیە، واتە خزمایەتی و پەیوەندییەکان لەڕێگەی هیڵی باوکەوە دەبێت. ژن و مێردەکە دەچنە ماڵی باوکی پیاوەکە، منداڵاکانیان مافیان لە موڵك ماڵی باپیریاندا هەیە.[4] ئامۆزا دەگرێتەوە.

**ج. خزمایەتی هێڵی دایك و باوك Bilateral Descent**

پەیوەندیە خزمایەتیەکان لە هێڵی هاوبەشەوە واتا دایك و باوکەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم ڕێگەیەوە تاکەکەس دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی دایکی و باوکی.[5] کە دایك و باوك خزمی یەکترین وەکو ئامۆزا و خاڵۆزا و پورزای یەکترین.

---

(١) د. شاكر مسطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، مصدر السابق، ص٥٣١
(٢) د.أحمد بوزيد، البناء الاجتماعي (مدخل لدراسة المجتمع)، المصدر السابق، ص٣١٣
(3) Barbara Miller, Cultural Anthropology, Eighth Edition, Pearson Education, The United States of America, 2017, p181
(4) Conrad Phillip Kottak, Cultural Anthropology (Appreciating Cultural Diversity), Ibid, p249
(٥) د.قيس نورى، ما الانثروبولوجيا؟، دائرة الشؤون والنشر، بغداد، ١٩٨٦، ص٦٣

### ٢. خزمایەتی ژنخوازی Affinal Kinship

ئەم جۆرە خزمایەتیە، لە ئەنجامی کرداری هاوسەرگیریەوە دروست دەبێت، کە پیاو بە خزم و کەس وکاری ژن، ژن بە کەس و کاری پیاو دەبەستێتەوە وەك خوشکی ژن، برای ژن، خوشکی پیاو، برای پیاو، خەسوو، خەزوور.[١]

### ٣. خزمایەتی کۆمەڵایەتی (شوێن، جێگا) (القرابە المکانیة) Social Kinship

ئەنثرۆپۆلۆجستی ئەمەریکی دەیڤد شنایدەر (David Murray Schneider, 1918-1955) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (A Critique of the Study of Kinship) دەربارەی خزمایەتی کۆمەڵایەتی دەڵێت: خزمایەتی تەنها لە ڕێگەی خوێنەوە یان هاوسەرگیەوە دروست نابێت، بەڵکو خزمایەتی کۆمەڵایەتیش هەیە کە تاکەکان بە لە دایکبوون و هاوسەرگیریەوە پەیوەست نین، کاتێك دوو کەس لە کۆمەڵگەیەدا دەژین، دەتوانن لە ڕێگەی پەیوەندییەکی ئایینی، گروپێکی کۆمەڵایەتی یان خێزانەوە پەیوەندی خزمایەتی دروست بکەن.[٢] وەکو کوڕی (گەڕەك، کوڕی شار، کورد، ناسیاو).

ئەگەر تێبینی دروستکردنی شاری سلێمانی بکەین، تایبەتمەندی دروستبوونی شاری سلێمانی زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی سلێمانی کە دروست بووە لەسەر بنەمای (خێڵ وعەشیرەت)[*] دروست نەبووە بۆیە خەڵکێکی سلێمانی نادۆزیتەوە کە هەڵگری لە قەبی خێڵ و عەشیرەتی پێوە بێت، چونکە بنەڕەتی شاری سلێمانی دروست کراوە بۆ شار دروست کراوە، ئەو خەڵکەی لە قەڵاچوالان و بابانەوە دێن کەمینەن، بۆیە ئیبراهیم پاشا داوا دەکات پیشەوەری بۆ بنێرن، داوای خەڵکی پیشەوەر ئەکات و دوکان دائەنێت، (سۆن) لەم بارەیەوە دەڵێت: کاتێك ڕۆێشتوومەتە سلێمانی (١٥٠) دوکانی چەخمەسازی لێبووە، ئەوەی کە ئیشی چەك دروستکردن و چەك چاکردن ئەکەن، تفەنگ و دەمانچەیان دروست ئەکرد، لەبەرئەوە کە خەڵك ڕووی کردە شاری سلێمانی لە (بانە، سنە، کرماشان، کۆیە، هەولێر، شارەزوور، هەورامان)، هاتوونەتە سلێمانی پیشەوەربوون،

---

(١) فاتن محمد شریف، الاسرة والقرابة (دراسات في الانثروبولوجيا الاجتماعية)، المصدر السابق، ص٢٧

(2) David M. Schneider, A Critique of the Study of Kinship, The University of Michigan Press, The United States of America, 1984, p95-110-115

(*خێڵ و عەشیرەت):

خێڵ (**Trip**): بریتییە لە یەکگرتنی چەند بنەماڵەیەك لە ڕێگەی هێڵی مێیوە یان نێرەوە دەبێت، لە سنورێکی دیاریکراودا دەژین، مەرج نییە تاکەکانی هەمووی یەکتری بناسن، تاوەکو دواین کەس پشتی خۆی بزانێت.

عەشیرەت (**Clan**): لەسەر بنەمای ڕەچەڵەك لەڕێگەی هێڵی نێر یان مێوە شونپێهەڵدەگرێت، ڕەنگە ڕەچەڵەکیان بگۆڕدرێن بۆ ئەوەی ئەندامی نوێ لە خۆ بگرن کە پەیوەندیان لەگەڵ عەشیرەت نییە، ڕەنگە ئەندامێتی سودی هەبێت، بۆ پشتیوانی و بەرگریکردن لە یەکتر و ناکۆکییەکان لەسەر مافی خاوەندارێتی شێوازی نیشەجێبوون، یەکێتیەکی هاوبەش لە نێوان ئەندامانیدا هەیە.

- Mark A. Stevens & White Franklin and the others, Concise Encyclopedia Britannica, Under International And Universal, Peru, 2006, p1936-412

ئیبـراهیم پاشـا وتـوویەتی ئەگەر پیشـە ئەکەن دوکـان هەیە و ئەگەر کشـتوکاڵ ئەکەن زەوی هەیە، ئەوانەی کە هاتونەتە ئێرە سەرکەش بوون لە سـەدەی (١٨) خـزم و کەس خێـزانەکەت بەجێبهێڵێـت، چـونکە ئەوکـاتە پەیوەنـدی خێڵایەتـی بەهێـز بـووە، کە تـۆ شـوێنەکەی خـۆت بەجێـدەهێڵی ئەبێـت سەرکەش بیت و بە دوای ژیانێکی نوێدا بگەڕێت، کەواتە ئەوەی هاتۆتە سلێمانی پیشەوەر بوون یان شتێکیان لە پیشەکە زانیوە.[1] کەواتە شاری سلێمانی مـۆرکی عەشـایەری و نـاوچەگەرێتی نەبـووە، خەڵکی سلێمانی یەك سیفاتیان هەیە زۆر خۆیان بەشاری ئەزانن، ئەڵێت من خەڵکـی شـارم، وشـەی شار لە سلێمانیدا زۆرە، لەبەرئەوەی ئەم شارە بە شار دروسـتکراوە زۆر بەکەمـی ئەبینـی بڵـێ مـن سەر بە هۆز و عەشیرەت و گوندم ئەوەمان نییە، بۆیە خەڵکەکەی ئەڵێت خەڵکـی سلێمانیم سـەر بە گەڕەکی یەکێك لە گەڕەکەکانی شارەکەم، بـۆیە شـارەکە و گەڕەکەکە بـۆتە شـانازی بـۆی، سـلێمانی زیاتر شانازی بە ناوچەی خۆیەوە کردووە، ئەمەش هۆکار بووە کە خەڵکەکەی گونـد و عەشـیرەتی نییە، لە سـەرەتای دروسـتبوونی شـاری سـلێمانی خێـڵ و عەشـیرەت نەمـاوە و نەیـان هێشـتووە لە سەرەتای دروستبوونیدا.[2]

خزمایەتی لە گەڕەکی سابونکەران تایبەتمەندی خۆی هەبووە:

لەبەرئەوەی گەڕەکی سابونکەران لەسـەر بنەمـای (خێـڵ و عەشـیرەت) دروسـت نەبـووە، بەڵکـو لەسـەر بنەمـای (خێـزان و بنەمـاڵە) پێکهـاتووە، بەشـێوەیەك هەر یەکێك لەم بنەمـاڵانە لە شـوێنێکی جیاوازەوە هاتوون و لە گەڕەکەکەدا نیشتەجێبوون، پەیوەندییەکی توونـد و تـۆڵ و پتە و هەبـووە لە نێوان تاکەکان ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر پێکەوە ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاینییەکان و ئابووریەکان و ڕۆشنبیریەکان. گەڕەکی سابونکەران بەدەر نییە لە جۆرەکـانی خزمـایەتی، بەڵام بەهۆی پێگەی دروستبوونی گەڕەکی سابونکەران کە لەسەر بنەمای (شوێن و شار) دروسـتکراوە، شێوەیەك لە شارنشینبوونی پێوە دیاربووە، بۆیە خزمایەتی شوێن ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیان، چـونکە شـوێنەکە بـۆتە هـۆی کۆبـوونەوەی خەڵکـی جیـاواز لە ئـایین و نەتەوە، واتە کاتێك کوڕێك ژنـی هێناوە لە گەڕەکەکەدا یان کچێکـی گەڕەك شـویکردووە بە کـوڕێکی گەڕەك، بەم شـێوە نەوەی دووەم و سـێهەم لە نێـوان خۆیانـدا هاوسـەرگیریان کـردووە، کەواتە پەیوەنـدییەکی خزمایەتی دروستبووە لەسەر بنەمای پەیوەندی شوێنی، بەڵام لە ئێستادا ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتیە لاواز بووە بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەوەی نوێی سابونچی و سـابونکەرانییەکان و مردنـی نەوەکۆنەکە.

(١) پ.ی.د.ئاکۆ عبدالکریم شوانی، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٣
(٢) پ.ی.د.زریان سالار، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٥

به گشتی خزمایەتی ئێستای شاری سلێمانی و گەڕەکی سابونکەران لە هێڵی دایك و باوکەوەیە، منداڵ بە ناسنامە بە ناوی باوکیەوەیەتی، منداڵ پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ خزمانی دایك و باوکدا هەیە.

**چوارەم: زاراوەکانی خزمایەتی Kinship Terminology**

لە سیستمی خزمایەتیدا ئەبێت ژمارەیەکی دیاریکراوی زاراوە هەبێت بۆ قسەکردن لەگەڵ خزمەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەکارهێنانی ئەو زاراوانە لە کاتی قسەکردن لەگەڵیان ڕووبەڕوو بێت، یان ئاماژەکردنیان لە غیابی ئەواندا. ئەم زاراوانە بەگشتی بە زاراوەی خزمایەتی ناسراون، یەکێکن لە گرنگترین و یەکەم پرسەکان کە ئەنثرپۆلۆجستە کۆمەڵایەتییەکان تویژینەوەی لە بارەوە دەکەن. بە مەبەستی دەستنیشانکردنی شێوازی بەکارهێنانیان لە ژیانی ڕۆژانەدا لە لایەکەوە، پاشان بۆ دیاریکردنی گرنگی کۆمەڵایەتی ئەم زاراوانە و پەیوەندی نێوانیان، هەروەها پەیوەندی نێوان ئەو زاراوە جیاوازانەی خزمایەتی کە بۆ خزم و کەسە جیاوازەکان بەکاری دەهێنێت و شێوازی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەرامبەریان.[(١)]

زاراوەکانی خزمایەتی گشتگیرن، هیچ کۆمەڵگەیەك نییە کە کۆمەڵێك زاراوەی ئاماژەیی نەبێت کە بۆ دەربڕینی پەیوەندییە خزمایەتییەکان بەکاریدەهێنێت. زاراوەی خزمایەتی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە نەك تەنها بەهۆی جیاوازی زمانەوە، بەڵکو ئەوەی گرنگترە، بەهۆی جیاوازییە کولتوورییەکانە سەبارەت بە (مانا، ناوەڕۆك، بونیاد (**Structure**) و ڕێکخستنی پەیوەندییە خزمایەتییەکان)، لە ڕووی زمانەوانییەوە لە ڕێگەی زاراوەی خزمایەتییەوە دەربڕدراون و زاراوەیەکی خزمایەتی پێکدەهێنن.[(٢)]

بە بۆچوونی **لویس مۆرگان** (**Lewis Henry Morgan, 1818-1881**) تویژینەوەکردنی زاراوە خزمایەتییەکان باشترین ڕێگایە بۆ تێگەیشتن لە خزمایەتی، لای مۆرگان شیکردنەوەی زاراوەکانی خزمایەتی مەرجێکە بۆ تێگەیشتن لە خودی خزمایەتی.

**زراوە خزمایەتییەکان بۆ چەند جۆرێك دابەش دەکرێن:**

**١. زاراوە وەسفییەکان Decretive Term**

زاراوەی خزمایەتی تایبەتن هاوتای پلەی خزمایەتین، بۆ بانگکردنی کەسانی تایبەت بەکاردێت، وەك (باوك، دایك، خوشك، برا، مام، پور، خاڵ).[(٣)] هەروەها بانگکردنی کەسانێك بە ناوی (

(١) د.أحمد بوزيد، البناء الاجتماعي (مدخل لدراسة المجتمع)، المصدر السابق، ص٣٨٠

(2) James D, International Encyclopedia of the Social and Behavioral Sciences, 2nd Edition, V: 14, Elsevier LTD, Oxford, 2015, p61

(٣) فاتن محمد شريف، الاسرة و القرابة (دراسات في الانثروبولوجيا الاجتماعية)، المصدر السابق، ص٢٨

مـام، بـرا، ئـامۆزا، دایـکە) لەگەڵ ئەوەشـدا کە خزمــی ئـێمە نـین واتە ئەو دەســەواژانەی بۆیـان بەکاردێنین تەنها پەیوەستە بە تەمەن و جۆرێکە لە ڕێزگرتن.(١)

**٢. زاراوە پۆلێنکارییەکان Classificatory Term**

بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت بە پەیوەندی خزمایەتی لە هەمان ڕەچەڵەکن (واتە بنەچە و لقەکـانی بـۆ کەسێك) پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، وەک چۆن پێی دەڵێین کەسوکاری مامی دایکی، زیاتر بڵاوە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا.(٢)

خشتەی ژمارە (٤)

زاراوەکانی خزمایەتی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات (٣)

| ژ | خزمەکان | زاراوەی وەسفی (*) | زاراوەی بانگکردن (**) |
|---|---|---|---|
| ١ | باوك | باوکم | بابە |
| ٢ | دایك | دایکم | دایە- باجە |
| ٣ | برا | برامە | ناوی خۆی- کاکە |
| ٤ | خوشك | خوشکمە | ناوی خۆی – دادە |
| ٥ | کوڕ | کوڕمە | کوڕم |
| ٦ | کچ | کچمە | کچم |
| ٧ | باپیر | باپیرمە | باپیرە- بابە گەورە |
| ٨ | مامی باوك | مامی باوکمە | مامە |
| ٩ | پوری باوك | پوری باوکمە | پورمە |
| ١٠ | کوڕی مامی باوك | ئامۆزای باوکمە | ناوی خۆی |
| ١١ | کچی مامی باوك | ئامۆزای باوکمە | ناوی خۆی |
| ١٢ | کوڕی پوری باوك | پورزای دایکمە | ناوی خۆی |
| ١٣ | کچی پوری باوك | پورزای باوکمە | ناوی خۆی |
| ١٤ | دایکی باوك | داپیرمە | نەنە، دایە گەورە |
| ١٥ | خاڵی باوك | خاڵی باوکمە | خاڵە + ناوی خۆی |
| ١٦ | کوڕی خاڵی باوك | کوڕی خاڵی باوکمە | ناوی خۆی |

(١) ئالان صلاح سعدی، گۆڕانکارییە بونیادییە کۆمەڵایەتیەکانی شاری کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠

(٢) فاتن محمد شریف، الاسرة والقرابة (دراسات في الانثروبولوجيا الاجتماعية)، المصدر السابق، ص٢٨

(٣) کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

- عبدالله خورشيد عبدالله ، البناء الاجتماعي للقرية الكردية، دراسة انثروپولوجية اجتماعية لقرية (بحركـة)، المصدر السابق، ص٦٨-٦٩-٧٠

(*) قسەکەر چۆن وەسفی خزمەکانی دەکات

(**) قسەکەر چۆن بانگی خزمەکانی دەکات

| ژ | خزمەکان | زاراوەی وەسفی (*) | زاراوەی بانگکردن (**) |
|---|---|---|---|
| ١٧ | کچی خاڵی باوک | کچی خاڵی باوکمە | ناوی خۆی |
| ١٨ | پوری باوک | پوری باوکمە | ناوی خۆی |
| ١٩ | کوڕی پوری باوک | کوڕی پوری باوکمە | ناوی خۆی |
| ٢٠ | کچی پوری باوک | کچی پوری باوکمە | ناوی خۆی |
| ٢١ | مام | ماممە | مامە + ناوی خۆی |
| ٢٢ | پور | پورمە | پورێ+ ناوی خۆی |
| ٢٣ | ژنی باوک (زڕ دایک) | ----- | ------ |
| ٢٤ | کوڕی مام | ئامۆزامە | ئامۆزا+ ناوی خۆی |
| ٢٥ | کچی مام | ئامۆزامە | ناوی خۆی |
| ٢٦ | ژنی مام | ئامۆژنمە | ئامۆژن + ناوی خۆی |
| ٢٧ | کوڕی پور | کوڕی پورمە | ناوی خۆی |
| ٢٨ | کچی پور | کچی پورمە | ناوی خۆی |
| ٢٩ | مێردی پور | مێردی پورمە | ناوی خۆی |
| ٣٠ | باوکی دایک | باپیرمە | باپیرە، بابە گەورە |
| ٣١ | دایکی دایک | داپیرمە | نەنە، دایە گەورە |
| ٣٢ | خاڵ | خاڵمە | خاڵە |
| ٣٣ | کوڕی خاڵ | کوڕی خاڵمە | ناوی خۆی |
| ٣٤ | کچی خاڵ | کچی خاڵمە | ناوی خۆی |
| ٣٥ | ژنی خاڵ | ژنی خاڵمە | خاڵۆژن |
| ٣٦ | کوڕی پور | کوڕی پورمە | ناوی خۆی |
| ٣٧ | کچی پور | کچی پورمە | ناوی خۆی |
| ٣٨ | مێردی پور | مێردی پورمە | ناوی خۆی |
| ٣٩ | مێردی دایک (زڕباوک) | ----- | ----- |
| ٤٠ | ژنی برا | براژنمە | براژن + ناوی خۆی |
| ٤١ | کوڕی برا | برازامە | ناوی خۆی |
| ٤٢ | کچی برا | برازامە | ناوی خۆی |
| ٤٣ | مێردی خوشك | زاوامە | ناوی خۆی |
| ٤٤ | کوڕی خوشك | خوشکەزامە | ناوی خۆی |
| ٤٥ | کچی خوشك | خوشکەزامە | ناوی خۆی |
| ٤٦ | ژنی کوڕم | بووکمە | ناوی خۆی |
| ٤٧ | کوڕی کوڕم | کوڕەزامە | ناوی خۆی |

| ژ | خزمەکان | زاراوەی وەسفی (*) | زاراوەی بانگکردن (**) |
|---|---|---|---|
| ٤٨ | کچی کوڕم | کچەزامە | ناوی خۆی |
| ٤٩ | مێردی کچ | زاوامە | ناوی خۆی |
| ٥٠ | کوڕی کچم | کچەزامە | ناوی خۆی |
| ٥١ | کچی کچم | کچەزامە | ناوی خۆی |
| ٥٢ | ژن | خێزانمە، هاوسەرمە | ناوی خۆی |
| ٥٣ | باوکی ژن | خەزوورمە | ناوی خۆی |
| ٥٤ | دایکی ژن | خەسوومە | ناوی خۆی |
| ٥٥ | برای ژن | برای خێزانمە | ناوی خۆی |
| ٥٦ | خوشکی ژن | خوشکی خێزانمە | ناوی خۆی |
| ٥٧ | کوڕی ژنەکەم | ----- | ----- |
| ٥٨ | کچی ژنەکەم | ------ | ----- |
| ٥٩ | مێردی ژن | مێردمە – هاوسەرمە | ناوی خۆی |
| ٦٠ | باوکی مێرد | خەزوورمە | ناوی خۆی |
| ٦١ | دایکی مێرد | خەسوومە | ناوی خۆی |
| ٦٢ | برای مێرد | برای هاوسەرمە، مێردمە | ناوی خۆی |
| ٦٣ | خوشکی مێرد | دشمە | ناوی خۆی |
| ٦٤ | کچی مێرد | ------ | ------ |
| ٦٥ | کوڕی مێرد | ------- | ------- |

**٤. جۆری بۆنە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی تایبەت بە دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران**

بە پێی ئاینیی ئیسلام دوو جەژنی سەرەکی هەیە، ئەوانیش جەژنی (ڕەمەزان و قوربان)ە.
لە ئاینی مەسیحییدا دوو جەژنی گەورەیان هەیە:

١. جەژنی لە دایك بوونی حەزرەتی مەسیح (ر.خ) کە دەکاتە بەرواری (٢٥ و ١/١).

٢. جەژنی قیامە عید، ئەو جەژنەیە حەزرەتی مەسیح بە دەست جولەکەکانەوە لە خاچدرا و ناشتیان. دوایی سێ ڕۆژ هەستایەوە.[١]

لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەران لە بۆنەی جەژنی (ڕەمەزان و قوربان)، هەموو ماڵێك بۆ بەیانی چێشتی جەژنی لێناوە، ببوو بە کلتوورێك، پیاوان بەیانی ڕۆیشتوونەتە مزگەوت، ئەبوایە هەموو ماڵێك سینی خواردنی خۆی ببردایە بۆ مزگەوت پێکهاتبوو لە ( شلەی قەیسی و بامێ و گۆشت و برنجیان) لێناوە، هەرماڵەی سینی خۆی بردووە بۆ مزگەوت، دوای ئەنجامدانی نوێژی بەیانی پیاوان لەوێ نانیان خواردووە، هاتوونەتەوە بۆ ماڵەوە، بەجۆرێك هەموو جەژنێکیان بەم شێوەیە بەڕێکردووە.[٢]

ئەم نەریتە لە کۆتایی پەنجاکان هەڵگیرا بەڵام دواتر خەڵك ئەگەڕا بە ماڵاندا بۆ جەژنە پیرۆزە و سەردانی یەکتریان ئەکرد، ئەگەر کەسێك پرسەی هەبوویایە یەکەم ماڵ ئەچوونە ماڵی ئەو کەسە بۆ دڵ نەوای، ئنجا ئەچوون بۆ ماڵەکانی تر، منداڵ ئەچوون بۆ (چەلەق و فەلەق، سینەما)، سینەما لە سەعات ١٠:٣٠ دەقە دەستپێدەکرد.[٣]

ئەگەر پرسەیەك هەبوو بێت لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەران، یەکەم شت ئەو ماڵەی کە پرسەیان هەبووە ئاگری تێدا نەکراوەتەوە واتە چێشتی تێدا لێنەنراوە و ماڵە دراوسێکان چێشتیان بۆ دروستکردوون تۆ جەژنەیان بۆ کردوون، لە پرسەدا (٣) ڕۆژ دائەنیشتن و نیوەڕۆ لە مزگەوت نوێژکراوە، نان لە دراوسێکانەوە چووە بۆ مزگەوت، پیاوەکان لە مزگەوت نانیان خواردووە بۆ ئەوماڵەی کە پرسەیان هەبووە ژنان لێی دائەنیشتن بە سینی خواردنیان بۆ چووە.[٤]

لە هەمانکاتدا کاتێك حاجی لە حەج ئەهاتەوە، کوڕی گەڕەك ئەوانەی کە تەمەنیان لە ١٥ ساڵی بە رەوژوور بوو بانگئەکران بچن بۆ مزگەوتی گەورە بە پیر حاجیەوە، حاجی کە ئەهاتەوە بۆ شاری سلێمانی یەکەم شت ئەچووە مزگەوتی گەورە، دواتر ئەچووە ماڵی خۆی، هەرچی کەس و کاری حاجیە ژن و کچ و خوشکی، چەفتەیەکی خۆی یان شتێکی خۆی پارچەیەك قوماش کە زۆر

---

(١) م.لەتیف پەترۆس استیفان، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٦

(٢) ئەندازیار عالیە توفیق طاهر، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٣/١٥

(٣) م.بێستون علی کەریم، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٣

(٤) م.ئەکرەم حەمە لاو، چاوپێکەوتن، مامۆستای خانەنشین، سلێمانی، ٢٠٢٢/٤/١

لای خۆشەویست بووە ئەیان کرد به بەیاغ، بەقەد چەفتەی سەرشان کۆڵوان، ئەیان کرد به بەیاغ و ئەیان دایە دەست یەکێك لە کوڕەکان کە ئەچوون، لە بەردەم ماڵی حاجی کۆئەبوونەوە یەکێك دەفی لێدەدا، ئیتر دەفلێدانەکە ئێمەی ڕادەکێشا و ئەچووین، لەسەربانەوە سەیرمان ئەکرد، ئنجا هەموویان ئەچوون بۆ بەر مزگەوتی گەورە کە نزیکی گەیشتنی حاجی بوو، کە ئەڕۆیشتن لەوێ مەڕی لەبەر پێدا سەرئەبڕا، ئنجا ئەگەڕانەوە بە تەپڵ و دەف بۆ ماڵی حاجی و یەکی (٥٠ فلسیان) ئەدانێ، ئەو قوماشەیان ئەبردەوە بۆ دایکیان کە بە بەیاغەکەوەیە، ئەمە خۆشیەك بۆ منداڵان و مێرد منداڵان بووە، پاشان لە ماڵی حاجی نان ئەکرا هەتاوەکو (٣) ڕۆژ، بانگێشتی هەموو کەس و کار و هاوڕێکانی ئەکرد.[١]

کەواتە ئەوەی سابونکەران جیادەکاتەوە لە گەڕەکەکانی تر لەڕووی بۆنەکانەوە ئەوەیە کە دوو جۆر ئاینی ئاسمانی تێدا پەیڕەوکراوە، بۆیە لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەران موسوڵمانەکان و مەسیحییەکان بە توندی بە دینەکەیانەوە بەستراونەتەوە، پەیڕەوی ئایینییان کردووە، لە جەژنی ڕەمەزان و قوربان و بەرات و پرسە و هاوسەرگیری و شایدا، مەسیحییەکان بەشداری بۆنە ئایینییەکان و کۆمەڵایەتییەکانی موسوڵمانەکانیان کردووە، موسوڵمانەکانیش بە هەمانشێوە بەشداری بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی مەسیحییەکانیان کردووە، کەواتە پێکەوە ژیانێکی کۆمەڵایەتی هەبووە، ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر بەهێزی پەیوەندی و بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی گەڕەکی سابونکەران.

لە ئێستای گەڕەکی سابونکەران، بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان لاواز بوون، بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شێوازی ژیانی تاکەکان لە شاردا هاتووە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە. لە لایەنی کۆمەڵایەتیەوە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا وایکردووە بەکەمی خەڵك لە کاتی جەژنەکاندا سەردان و هاتووچۆ یەکتری بکەن، لە ڕێگەی مۆبایل یان بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە بە نامەیەکی ئەلیکترۆنی پیرۆزبایی جەژن لە خزم و ناسیاوەکانی دەکات، کەواتە تەکنەلۆجیا کاریگەری هەیە لەسەر کەمکردنەوەی کارلێك و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خزمایەتییەکان. جگە لەوەی خەڵك کەمتر پەیڕەوی ئایین دەکات بۆیە بەشداریکردنی خەڵك بۆ جەژنەکان لە ڕووی سەردانکردنەوە کەمیکردووە، بڵاوبوونەوەی نە خۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٩) خەڵکی بەتەواوەتی لە یەکتری دوورخستتەوە، تێکەڵاوی و هاتووچۆ کەمکردەوە.

(١) د.ئەختەر النجم الدین، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٢٢

لە ڕووی ئـابووریەوە شـێوازی ژیـانی ئێسـتای گەڕەکـی سـابونکەران وایکـردووە خەڵـك زیـاتر سەرقاڵی چالاکی ئابووری بێت بەهـۆی زۆر بـوونی پێداویسـتییەکان، پێویسـتی بە کـاتێکی زۆر و هەوڵـدان هەیە بـۆ پڕکـردنەوەی پێداویسـتییەکان، بەجۆرێـك ژیـانی نـوێی شـار بەرە و مـادییەت دەڕوات، لایەنە ئـابووریەکە کـاریگەری دەبێـت لەسـەر بـۆنە کۆمەڵایەتییەکـان و ئایینییەکـان. ئەم هۆکارانە تاوەکو ڕادەیەك بۆ مەراسیمی پرسەش ڕاستە. بەهۆی ئەو بڕیارانەی سـەبارەت بە پرسـە هەیە، هەوڵدراوە ڕێڕەسمی پرسە ڕێکبخریتەوە، لە (٣) ڕۆژە کـراوە بە (١) ڕۆژ، لە ئێسـتادا یەك ڕۆژ پرسەدائەنرت لە مزگەوت بۆ پیاوان لەکاتژمێر (٢-٤) نیوەڕۆیە، بەڵام پرسەی ژنان ماوەکەی زیاترە بەهۆی ئەوەی پرسەی ژنان لە مـاڵ یـان لەژێـر چـادر ئەبێـت لە نزیـك مـاڵی مـردووەکە، لە هەمانکاتدا هۆڵی تایبەت بە پرسەی ژنان هەیە. هەروەها خواردنی پرسە یان لە ماڵی مردوو ئامـادە دەکرێت یان خواردن لە چێشخانەکان ئەهێنرێت بۆ پرسە.

# بەشی سێیەم

# نەسەقی کلتووری

**پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی**

**١. جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان دانیشتوانی ئەم گەڕەکەکە و ڕۆڵی لە کۆنترۆڵ و ڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکان**

**٢. داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان**

**٣. یاسا**

**٤. ئایین**

## بەشی سێهەم: نەسەقی کلتووری

کۆمەڵگەکان جێگرن، لە ڕێگەی کلتوورە وە پەیوەندییەکان دەردەبڕن، هەر کۆمەڵگەیەك بە ئامانجی تایبەت یان شێوازی ژیان جیادەکرێتەوە، واتە کلتوور گروپێك لە خەڵك دروستی دەکەن و لە ناوچەیەکی دیاریکرودا دەژین، هەمان داب و نەریت و کلتووری هاوبەشیان هەیە.

کلتوور لە وشەی لاتینی (**Cultura**) وەرگیراوە، بە مانای چاودێریکردن یان چاندن دێت،[1] سەبارەت بە چەمکی کلتوور چەمکێکی ئاڵۆزە پێناسەیەکی زۆری بۆ پێشنیارکراوە، کە نزیکەی (٣٠٠) پێناسە ئەبێت، بۆ یەکەم جار کە بە زانستی پێناسەی بۆ کلتوور کراوە، پێناسەی زانای ئەنثرۆپۆلۆجستی ئینگلیزی ئێدوارد تایلۆرە (**Edward Burnett Tylor, 1832-1917**) لە کتێبەکەیدا (**کلتووری سەرەتایی، Primitive Culture**) دەڵێت: کلتوور بە مانا ئەثنۆگرافییەکەی بریتییە لە گشتێکی ئاڵۆز کە مەعریفە و باوەڕ و هونەر و یاسا و ڕەوشت و داب و نەریت و هەموو ئەوشتانەی تر، کە مرۆڤ وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوا بەدەستی هێناون دەگرێتەوە.[2]

ئەنثرۆپۆلۆجستی ئەمەریکی کلاید کلوکهون (**Clyde Kluckhohn, 1905-1960**) دەڵێت: مەبەست لە کلتوور هەموو ئەو نەخشە داڕێژراوە مێژووییانەن کە ڕێڕەوەی ژیان دیاریدەکەن، وەکو نەخشەی دیار و ئاشکرا و نادیار و شاراوە، عەقڵی و ناعەقڵی ڕەفتار لەگەڵ شتە مادییەکان، ئەوانیش لە کاتێکی دیارکراودا بوونیان هەیە، وەك ئەوەی خاوەن تواناکاریەکی بەهێزن بۆ ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری خەڵك و ڕێنمایکردنیان.[3]

ئەنثروپۆلۆجستی ئەمەریکی کروبەر (**Alfred Louis Kroeber, 1876-1960**) دەڵێت: کلتوور بەرهەمی تایبەت بە مرۆڤە، جیاوازی مرۆڤەکان دەردەخات لە شێوازی ژیانیان، کاریگەری لەسەر تاکەکان هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە.[4]

ئەنثرۆپۆلۆجستی بەریتانی ڕادکلیف براون (**Alfred Radcliffe Brown, 1881-1955**) دەڵێت: کلتوور پرۆسەیەکە لە ڕێگەیەوە بیرکردنەوە و هەست و شێوازی ڕەفتار لە ناو گروپێکی کۆمەڵایەتیدا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە.[5]

---

(1) A. L. Kroeber & Clyde Kluckhohn, Culture A Critical Review of Concept and Definition, Random House, New York, 1952, p62

(2) Edward. B. Tylor, Primitive Culture: Researches into the Development of Mythology, Philosophy, Religion, Language, Art, and Custom, Vol: 1, Third Edition, Oxford University, London, 1891. p7

(٣) د.عبدالحميد الطفي، الانثروبولوجيا الاجتماعية، ط٢، دار المعارف، مصر، ١٩٧١، ص٦٣

(4) A. L. Kroeber & Clyde Kluckhohn, Culture A Critical Review of Concept and Definition, Ibid, p84

(٥) د.يحي مرسي عيد بدر، أصول علم الانسان (الأنثروبولوجيا)، ج١، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٠، ص٣٥١

ئەنثرۆپۆلۆجستی بەریتانی برانسلاو مالینۆفسکی (**Bronislaw Malinowski, 1884-1942**) دەڵێت: کلتوور پێکدێت لە دەستکردی شوێنەواری، کاڵا، پرۆسە ئەلکترۆنییەکان، بیرۆکەکان، خووەکان و بەهاکان، ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییەتیش (**Social Organization**) دەگرێتەوە.(١)

توێژەران لە توێژینەوەی ئەنثرۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی وکلتووری پشتیان بە سێ چەمکی بنەڕەتی بەستووە، ئەوانیش:

١. پێشوەختەیی کلتووری: ئەمانە ئەو بەها و بیروباوەڕانە دەگرێتەوە کە خەڵك هاوبەشن تیایدا.

٢. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان: ئەمانە بریتیین لە پەیوەندییە کەسییەکان کە مرۆڤەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

٣. ئەو شێوازە ژیانانەی کە بەرهەمی کۆی پێشوەختەی کلتووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن.(٢)

سەبارەت بە توخمەکانی کلتوور (**The Elements of Culture**)، لە دوو جۆری سەرەکی پێکدێت کە بریتیین لە:

**١. توخمە مادییەکان: Material Culture**

وەك (خۆراك، پەناگە، جل وبەرگ، کەل و پەل، ئامێرەکانی گواستنەوە، مۆسیقا، چەك و خشڵ ... هتد) دەگرێتەوە.

**٢. توخمە مەعنەوییەکان: Nonmaterial Culture**

وەك (زمان، بەها، ئایین، دابونەریت، هونەر، ئەدەب و زانست) لە خۆدەگرێت.(٣)

کەواتە کلتوور هەموو ئەو بەرهەمانەی مرۆڤ دەگرێتەوە کە توخمی ماددی و مەعنەوین لە بەر پێداویستی پەیدابوون و پێویستییەك لە پێویستییەکان پڕدەکاتەوە، لە ژێر ڕۆشنای ئەمەی سەرەوە دوو تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ کلتوور هەندێك سەیری کلتوور دەکەن وەك شێوازی ژیان کە هەر کۆمەڵگەیە و کلتووری تایبەت بە خۆی هەیە، هەندێکیتر سەیری کلتوور دەکەن وەك ئەوەی فۆرمێکە لە بیروباوەڕەکان، بەهاکان، سیمبولەکان، پێوەرەکان و بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە.

کلتوور چاودێری ژیانی ڕۆژانەمان دەکات و بەهۆیەوە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی گرنگ جێبەجێدەکات کە ئەویش ئەرکی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتییە. بۆیە لە گرنگترین ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، بریتیین لە داب و نەریت و ئایین و یاسا و ڕای گشتی کە هەر یەك لەوانە دامەزراوەی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ جێبەجێکردنیان وەکو (خێزان، دامەزراوە یاساییەکان،

---

(1) Raymond Firth, Man and Culture (An Evaluation of the Work of Bronislaw Malinowski), Harper & Row Publishers, New York & Evanston, 1964, p16

(٢) د.عیسی الشماس، مدخل إلی علم الانسان (الانثروبولوجیا)، المصدر السابق، ص٧٦

(٣) پ.د.ڕەشاد میران، مرۆڤناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢١، ل ٢٧

مزگەوت و کەنیسەکان، پەروەردە و فێرکردن و دەزگاکانی تری پەیوەندیدار) کە بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا.[١] ئەم دامەزراوانە کاریگەریان لەسەر هەڵسوکەت و ڕەفتاری تاکەکان دەگۆڕێت بەپێی ئەو قۆناغە مێژووییەی کە کۆمەڵگە پێییدا تێپەڕ دەبێت.

**ئاماژە بە ژمارەیەك توخمی کلتووری گەڕەکی سابونکەران دەکەین، کە بریتیین لە:**

### ١. جلو بەرگ: Dress, Cloth

توخمێکی کلتوورە، لە ئەنثرۆپۆلۆجیادا جل و بەرگ بەشێکە لە شێوە پێدانێکی گەورەتری هەڵسوکەوتی خەڵکانێك لە کات و شوێنی دیاریکراودا. گرنگی دەدات بە شیکردنەوەی کلتووری جلوبەرگ. لەگەڵ جیاوازی کلتووری جلوبەرگ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر. جلو بەرگ وەك سیستەمێکی پەیوەندی کاریگەر سەبارەت بە ناسنامەی کەسی و کلتوورێکی کۆمەڵایەتی (**Socioculture**) سەیردەکات.[٢]

لە سەرەتای مێژووەوە بیرکردنەوە لە جەستە لە کارتێکەرە سروشتییە سەختەکان مرۆڤی ناچارکردووە لەهەر قۆناغێکی مێژوویدا بەپێی توانا ماددییەکانی بەردەستی و بیروباوەڕ و تێگەیشتنی بۆ دونیا، بیر لە دابینکردنی جێگە و خواردن و جلوبەرگ بکاتەوە، لە ڕوانگەی کلتوورەوە خانوو و پۆشاك بە یەکێك لە سیماکانی شارستانیەت دادەنرێن، کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە لە هەر قۆناغێکی مێژووی جیا بکرێتەوە. چونکە گوزارشتە لەوەی کۆمەڵگەیەك خەریکی خۆگونجاندنە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە سەرەکییەکانی. لە کۆمەڵگەی تەقلیدیدا، کە مرۆڤ نەیتوانیوە بەسەر سروشتدا زاڵ بێت، هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ دۆخی سروشتدا بگونجێنێت، جۆر و شێوازی ئەو خۆگونجاندنە بریتیی بووە لە کلتوور. ڕۆڵی توخمە کلتوورییەکانیش لەم قۆناغەدا بە پلەی یەکەم بریتیی بووە لە وەڵامدانەوەی سروشت و خۆگونجاندن لە گەڵیدا. ئەم یاسایەش بۆ جلوبەرگیش وەك توخمێکی کلتووری ڕاستە، لە قۆناغێکی مێژوویی مرۆڤ پۆشاکی داهێنا، وەك وەڵامێك بۆ پێویستییە ئەرکگەراییەکانی کە پاراستنی جەستە بووە، لە دواتریشدا وەك پێویستییەکی جوانکاری و بەمەبەستی ڕازاندنەوە و نیشاندانی جەستەی بەشێوەیەکی جوان و هاوشێوە لەگەڵ ئەوانی تردا.[٣]

---

(١) ئالان صلاح سعدی، ناحیەی تەق تەق (توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجییە)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٢٢، ل١٧٤-١٧٥

(2) Joanne Eicher, The dress of Anthropology, Vlo: 27, The Jornal of the Costume Society of America, 2000, p: 65-67, hppts://www.researchgate.net, 20/10/2022

(٣) هێمن باقر عبدول، وێنەی جەستە لەئایینی ئێزدی و کاکەییدا (توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٥٩

سەبارەت بە جلوبەرگی کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە جیایدەکاتەوە لە نەتەوەکانی تر، بەپێی قۆناغە مێژووییەکان جلوبەرگیش وەك توخمێکی کلتووری گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.
بە گشتی جلوبەرگی پیاوان لە شاری سلێمانی و گەڕەکی سابونکەران دوو جۆر بووە:

لە کۆندا ئەو پیاوانەی کە کار و پیشەی قورسیان نەکردووە (کەوا و سەڵتە) یان لەبەرکردووە، پاشان کەواکە یان بە فەقیانەی سپی ئەبەستەوە، کەواکە ئەکرایەوە کراسێکی سپی لەبەردابوو، ئنجا لە خوارەوە وەکو شەڕواڵ لەبەریاندا بووە، لەگەڵ پێڵاوی کەوشی بەچەرم دروستکراو کە پێشەکەی بەرز ببوویەوە، یان کڵاشی دۆمیان لە گەڵیدا لە پێدەکرد. بەشێکی تری پیاوان ئەوانەی کە دانیشتووی گوند بوون، (ڕانك و چۆخە) یان لەبەردا بووە، بەهۆی ئەوەی ئەوان خەریکی کاری کشتوکاڵ بوون کەوا و کراس گونجاو نەبووە لەگەڵ پیشەکەیاندا. ئامێری جوڵای زۆر بووە لە هەورامان و لە پشدەر جۆڵایان کردووە، دواتر بەرگدوورەکانی سلێمانی کردویانە بە (ڕانك و چۆخە)، زیاتر ئەوانەی شاڵیان ئەدووری وەستای بانەیی بوون. پاشان قوماشی فاسۆن هاتوە لە لەندەنەوە ئەیان کرد بە ستار خانی و مراد خانی، ستار خانی ئەوە بووە کە بە قۆپچە داخراوە، هەتاوەکو خوارەوە بە قۆپچە ئەکرایەوە، مراد خانی یەکسەری بووە قۆپچەی پێوە نەبووە، بە قایشێك توونیان کردووە لەگەڵ شەڕواڵەکەدا لەبەریان کردوە.
دوو بۆچوون هەیە سەبارەت بە شێوازی (ستار خانی و مراد خانی):
١. شێوازی دوورینی مراد خانی بە ناوی مرادی سوڵتانی چوارەمی عوسمانیەوە ناونراوە، ستارخانی بە ناوی ئوستراخان کە شارێکە لە ڕووسیا ناونراوە.
٢. کەریم خانی زەند پیاوێکی گەورەی ئێران بووە کورد بووە و داپەروەر بووە، دەڵێن کوڕەکانی حەز لە جلوبەرگ دەکەن بۆیان بدورێت بۆ جەژن، ئەڵێن دوو کەس هەیە مراد و ستار بانگیان ئەکات بە ناوی ئەوانەوە ئەم شێوازە ناونراوە.

منداڵیش بە شێوەی گەورەکان جلیان لەبەردا بووە سەڵتە و کەوایان بۆ کراوە، هەروەها بۆ جەژن کەوای تاقەیان بۆ ئەکردن ئەمە زیاتر بۆ منداڵە دەوڵەمەندەکان بووە، بەڵام منداڵە هەژارەکان شەڕواڵ و مرادخانیان بۆ کراوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە کاکۆڵ هەبووە بۆ منداڵ، واتە منداڵ کڵاوێکی لەسەر دەکرد، بەدەوری کڵاوەکەدا قژی لوول دەبوو بە ئەو تۆزە مویان دەگوت کاکۆڵ، ئنجا هەندێك لە ژنان بە ئاواتەوە بوون کە کوڕێکی کاکۆڵیان هەبێت کە پێیان وتوە کاکۆڵ زێڕین.

سەبارەت بە جلوبەرگی ژنان قوماش زۆر بووە لە جۆری سەتەن و شاڵ و جورجی...هتد، ژنان و کچان بۆماڵەوەش جلوبەرگی کوردیان لەبەرکردووە، کە لە (کراس، کەوا، هێلەك، سەڵتە)، پێکهاتبوو. بەڵام کەواکە یان بەپێی وەرزی هاوین و زستان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە هاوینان کەوایان بەسادەی دروست کردوە، هیچ بەتانە و شتی پێوە نەبووە، بەڵام بۆ وەرزی زستان،

ناو کەواکەیان پڕ کردوە لە لۆکە بۆ ئەوەی گەرم بێت بۆ کاتی سەرما. کچان و ژنان لە ڕابردوودا کاتێك ڕۆیشتوونەتە دەرەوە ئەبوایە عابا و پەچەی بپۆشیایە، سفورکەم بووە ئەو کاتە، ئەمە بەردەوام بووە هەتاوەکو لە شەستەکاندا کەمتر کچێکت بینیوە لەچك بکات، بەڵام بە زۆری ژنەکان سەرپۆشی سپی یان عەبایان بەکارهێناوە. یەکێك لە شاعرەکان دەربارەی پەچە دەڵێت:

**لاییەن تووخوا فڕێی بدەن بیخەنە تەنوورەوە**

**حەیفە ڕۆژی ڕوون ئەنێتە ناو شەوی دەیجورەوە**

دواتر مەلا محمدی کۆی دەربارەی سفور دەڵێت:

**ئەگەر ژن خۆیی خوی چاك بوو سفور سندوقی پۆڵایە**

**ئەگەر مەیلی خراپەی بوو عەبا دەسماڵی جۆڵایە**

لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە ژیانی ئافرەتان بەو جۆرە بووە، لە شاردا وابـاو بـووە ڕۆژانـی چوار شەممە بۆ ئافرەتان بووە چوون بـۆ (بـاخی گشـتی)، ئیتر بە کـۆمەڵ هـاتون و جلـی جوانیـان لەبەردەکرد و گەنجان بە دەوری شەقامەکەدا وەستان و سەیریان کردون یان بە دەوری باخی گشتیدا ئەهاتن سفوری تەواو بوون، بە جلوبەرگی کورتی جوانەوە دڵیان بەیەك ئەکرایەوە.(١)

جلـوبەگی کـوردی هەڵگـری مـۆرکێکی نەتەوەیـیە، هەروەهـا بەشـێوەیەکی گشـتی ئەوەی دەردەکەوێت گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی جلوبەگی کوردی نەریتدا هاتووە، لە لایەن بەکارهێنانیەوە وەك جۆرێك لە پابەندبوونی کۆمەڵایەتی بەکاردێت لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا، بە تایبەت لە سـروتێکی (*) نەتەوەی وەك جەژنی نەورۆزدا، هەموو ئاستەکانی تەمەن لە ئەو ڕۆژەدا بەشێوەیەکی بەرچـاو ئەو جلـوبەرگە دەپۆشـن، وەك هێمـایەك بـۆ سـەری سـاڵی نەتەوەی کـورد، بەڵام ئەوەی جـێگەی تێبینیکـردنە ئەوەیە کە پۆشـینی ئەم جلـوبەرگە لە ژێـر کـاریگەری مـۆدە جیهانیەکانـدایە و زیـاتر ئامــاژەیە بـۆ ئـارەزوویەکی تاکەکەســی واتە تـاکگەرایی بەسـەردا زاڵە هەتــاوەکو کــاریگەری دابوونەریـت. کەواتە دەتـوانین بڵـێین جلـوبەرگ وەك تـوخمێکی کلتـووری گۆڕانکـاری بەسـەردا

---

(١) م.محمد باقی سعید، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/١٨

(*) سـرووت (**Ritual**): بـریتییە لە (کـردار، جـوڵە، هەڵسـوکەوت، ووشـە و چەمکـی تـایبەت)، ئەم کـردار و هەڵسوکەوتانە بە شێوەیەکی سرووتی (ڕۆژانە، هەفتانە، مانگانە، وەرزی و ساڵانە) ئەنجام ئەدرێت، یەکێك لە هەرە خەسڵەتە دیارەکانی سرووت بەردەوام بووونە، واتە ئەبێت ئەو جوڵە و کردارانە بەردەوامیان هەبێت، سرووت چەند جـۆرێکی هەیە لەوانە سـرووتی (کـۆمەڵایەتی، ئـایینی، ڕۆحـی و نەتەوەیـین). لێـرەدا مەرج نیـیە ئەو سـرووتە هەڵسووکەوت بێت، بەڵکو تێپەڕدەکات بۆ جۆری خواردن و جۆری جل وبەرگ، هەروەهـا هەنـدێك لە و سـرووتانە کە لە لایەن خواوەندەوە فەرزکراون و شوێنکەوتووانی پەیڕەوی لێدەکەن وەکـو (نـوێژ، ڕۆژوو، حەجکـردن)، بەڵام لە هەمانکاتدا مەرج نییە لە لایەن خواوەندوە فەرزکرابێت، بەڵکو مرۆڤ ئەو سرووتانە بۆ هۆشیاربوونەوەی ڕۆحی خۆیی پەیڕەو دەکات وەك یۆگا یان ئەو سرووتانەی بۆ ئارامی دەروون بەکاردێن.

هاتووە، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر. بەگشتی جلوبەرگ دەکەوێتە ژێر کاریگەری لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ژینگەی، ڕۆڵەکەی دەگۆڕێت، لە ئێستادا بەهۆی کرانەوەی شاری سلێمانی و گەڕەکی سابونکەران بە جیهانی دەرەوە و کاریگەری کلتووری ولاتانی دراوسێ لەسەری، پۆشاکی جۆراوجۆر هەیە و بە پێی ساڵ شێوازەکەی دەگۆڕێت. جۆری ئەو پۆشاکەی پیاوان ئێستا دەیپۆشن بریتیین لە (کراس، چاکەت، کابۆ، پانتۆڵ، قات)، ژنان و کچان بۆ ماڵەوە پۆشاکی وەك (ماکسی، تراکسوود) بەکاردەهێنن، بۆ دەرەوە پۆشاکی (پانتۆڵ، کراس، کابۆ، عەزیە، مانتۆ، سەرپۆش، پەچە) بەکاردەهێنن. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بە پێی پیشەکان پۆشاکی جۆراوجۆر دەبینرێت وەك (پزیشك، ئەندازیار، مامۆستای ئایینی، خوێندکار، پۆلیس، پێشمەرگە).

**٢. یاری: Toy**

لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەران، منداڵان چەند جۆرێك یاریان ئەنجامداوە وەك یاری (هەلوکێن، دامە، سێرسکێن و نۆرسکێن، تیپی فوتبۆڵێن کە تۆپیان لە پەرۆ دروستکردووە تۆپێنیان پێکردووە، دواتر وردە وردە تۆپێکی بچووك هات پێیا ئەوت هەوری)، ئنجا لە گەڕەکدا دوکانێکیان بەکرێ گرتوە بۆ یاری تێنس کە برە پارەیەکیان دا ئەنا و یاریان دەکرد.[1]

لە شەقامی سابونکەران دووکانێك هەبووە بە ناوی (سمە بولبول)، یاری منداڵانی لە قوڕ دروستکردوە لە شێوازی بولبول وەك (کەڵەشیر و چەند جورێکی تری باڵندەکان و ئاژەڵان)، منداڵان کڕیویانە و یاریان پێدەکرد.[2]

منداڵانیش کاریگەری تەکنەلۆجیایان لەسەرە، لەبەرئەوەی لە ئێستای گەڕەکی سابونکەران منداڵان یاریە ئەلکترۆنییەکان بەکاردەهێنن لەڕێگەی مۆبایل یان تابلێت و پلەی ستیشن. ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و جەستەیی و مێشکی منداڵەکان. ئەبێتە هۆی لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەروبەری و زیادبوونی کێشی جەستەی منداڵ و لاوازبوونی توانا عەقڵیەکان.

(١) د.ڕەئووف عثمان معروف، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٩
(٢) بهاءالدین ڕەحیم شەریف، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٢٨

وێنەی ژمارە (٢١)

سمە بولبول لە ناو دوکانەکی لە ڕابردوو و ئێستای دوکانەکە لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات (١)




### ٣.هونەر: Art

هەمــوو هونەرەکــان بەهــۆی پێویســتییەکانی مــرۆڤەوە ســەریان هەڵــداوە. لە هەمانکاتــدا بەســتراونەتەوە بە ســوود وەرگــرتن لە هــونەر و پێــدانی چێــژ بە تاکەکــان، پراکتیزەکردنــی داهێنــانە لە نەبــوونی بەرهەمهێنــانی کــار یــان دەســتکردە کۆنەکــان. هــونەر ئامــاژەیە بــۆ ڕێوشــوێنێك لە ڕەهەنــدە فەلســەفییەکان، هەمــوو دروســتکەر و وەرگــر بەدوایــدا دەگەڕێــت، بــۆ تێڕامــان و خوێنــدنەوەیان، تــاوەکو لە ڕێــگەی هــونەرەوە ڕوونکــردنەوە یــان لێکــدانەوەی ئەو دیاردانە بکات کە لۆژیکی عەقڵ تێدەپەڕێنن.(٢)

بەرهەمە هونەریەکــان هێمــا (*) و دەربڕینــی ئەو ڕووداوانەن لە کــۆمەڵگەدا ڕوویانــداوە، وەك پەیــکەر و نەخشــاندن لەســەر دیــوار و دیکــۆرات. لێــرەوە بۆمــان ڕوون دەبێــتەوە کە

---

(١) https://facebook.com/ وێنەی یەکەم لە پەیجی سابونکەران لە بەرواری ٢٠٢٣/١/١١ وەرگیراوە، وێنەی دووەم لە بەرواری ٢٠٢٣/٢/٥ لە لایەن توێژەوە گیراوە.

(٢) الزهرة ابراهيم، الانثروبولوجيا و الانثروبولوجيا الثقافية (وجوه الجسد)، دار النايا للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق- سورية، ٢٠٠٩، ص٢٠٣

(*) هێمـا (**Symbol**): کلتـوور هێمـای جیـاواز لە خـۆ دەگرێـت، وەك (زمـان، هـونەر، ئـایین، سیاسـەت و ئابووری...هتد)، واتە هێما ئەوە دەگەیەنێت شتێکە بۆ شتێکی تر دەوەستێت. هێماکان بە درێژای کات دەگۆڕێن لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر.

-Kenneth J. Gues , Culture Anthropology (A Toolkit for A Global A ge), Ibid , p39-40

چی لە ناو ناخی مرۆڤێکدا هەیە، قۆناغەکانی هونەر یان گواستنەوەی کاری هونەری لە سەرەتاوە بۆ ئێستا. هونەر هەمیشە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتووری دیاریکراودا دەردەکەوێت، ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی و کلتووری تایبەتی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی لەم ناوەڕۆکە تێبگەین، نابێت تەنها توێژینەوە لە بەها و هەست و ویژدانی گشتی بکرێت، بەڵکو ئەبێت لە ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و کلتوورییە تایبەتانەش توێژینەوە بکەین کە داهێنانەکەی تیادا نیشان ئەدا. شێوەی هونەر لە کۆمەڵگە تایبەتە، لەم بارودۆخەدا ئەنثرۆپۆلۆجست جۆری بەهاکان لەبەرچاو دەگرێت کە ئەم کارە هونەریانە دەریدەبڕن. هونەر ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەگێڕێت لە باشترکردنی خووەکانی خەڵکدا، هەروەها یەکێکە لەو ئامرازانەی کە مرۆڤ تێڕوانین بۆ دیدگای خۆی و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەوروبەرەکەی بە دەست دەهێنێت.[(١)] بەگشتی هونەر دابەش دەبێت بۆ هونەرە جوانەکان و هونەرە پیشەییەکان، هونەرە جوانەکان ئاماژەن بۆ مۆسیقا و سینەما و سەما و شانۆ ...هتد، بەڵام هونەرە پیشەییەکان ئاماژەن بۆ چالاکی بازرگانی و بەرهەمهێنان و پیشە.[(٢)] هونەرە پیشەییەکان لە بەشی پێنجەمدا باسی ئەکەین.

گەڕەکی سابونکەران لە ڕابردوودا شوێنی نیشەجێبوونی هونەرمەندان و موسیقارەکان و شاعیرەکان و خوێندەواران بووە، لە دیارترین هێما هونەرییە دیارەکانی گەڕەکی سابونکەران کە لە بواری مۆسیقا و شانۆدا ڕۆڵیان هەبووە بریتیین لە: (ولیام یوحەنا، فرانسیس داود، عمر دڵپاك، عەبدولی حمە جوان). بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە ولیام یوحەنا کۆچی دوایی کردوە، بەڵام هەریەکە لە فرانسیس داود و عمر دڵپاك و عەبدولی حمە جوان لە گەڕەکی سابونکەران کۆچیان کردووە، ئێستا لە گەڕەکە نوێکانی شاری سلێمانی دەژین.

---

(١) عبير قريطم، الانثروبولوجيا الفنون التشكيلية الشعبية، دار الكتب والوثائق القومية، القاهرة، ٢٠١٠، ص٢١
(٢) ناتالي اينيك، سوسيولوجيا الفن، ت: حسين جواد قبيسي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠١١، ص٢٣-٢٤

## یەکەم: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی(*)

### ١. جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان دانیشتوانی ئەم گەڕەکە و ڕۆڵی لە کۆنترۆڵ و ڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکان

ڕیچ ئاماژە بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی خەڵکی سلێمانی دەکات دەڵێت: وەك من بزانم کورد تاقە نەتەوەیەکە لە ڕۆژ هەڵاتدا شەوان تا درەنگانێکی شەو دەمێنەوە و ناخەون بەیانیش درەنگ لە خەو هەڵدەستن و ژمارەیەکی کەمی خانەدانەکانی سلێمانی، تاوەکو سەعات (٢) یان (٣) دوا نیوە شەو دەخەون، بەیانیانیش تاوەکو سەعات (نۆ) بۆ (١٠) دەچنە دەرەوە و سەردان و میوانداریشیان هەر لە شەودا ئەبێت، کە تاریك داهات لە ماڵ دێنە دەرەوە و سەردانی یەکتری دەکەن و شەو بە قسەی خۆش و سەبیل کێشان و مۆزیك ژەنیین بەسەر دەبەن، جاری واش هەیە لە شەوێکدا فریای چەند سەردانێك دەکەون، ئێوارانیش سەعاتێك پێش خۆرئاوابوون، کۆڕێکی گەورەی لە شێوەی یانەدا لە بەردەمی ماڵەکەی (مەحمود مەسرەف)دا دەبەستن، کە شوێنێکی پان و خۆشە پێی دەڵێن (مەیدان)، لەوێ دەستەی هاوڕێکان کۆدەبنەوە دەکەونە باسی هەمەجۆر، یان نیشاندانی ئەسپ و چەك ...هتد، پێم وایە کورد خەڵکێکی زۆر ڕوو خۆش و تاڕادەیەکی زۆریش کۆمەڵایەتین.(١)

ئەو وێنەی کە ڕیچ بۆمان دەگێڕێتەوە نموونەیەکی زۆر چالاك و زیندووی خەڵکی سلێمانی پیشان ئەدات کە تا چەند چالاك بوون و پەیوەندیان بەهێزبووە و کۆڕ و کۆبوونەوەی شەوانە و ڕۆژانەیان هەبووە و کاتەکانیان بە قسەی خۆش و مۆزیك ژەنین و وەرزش بەسەر بردووە.(٢)

لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەراندا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزبووە، لەبەرئەوەی نەخشەی خانووەکان و تایبەتمەندی کۆڵانەکان بەجۆرێك بووە کە سەربانی ماڵەکان بەیەکەوە نووساون و کۆڵانەکانیان تاڕادەیەك تەسك بووە، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەهێزبێت، لە خانوویەکدا دوو بۆ سێ خێزانی تێدا ژیاوە،

---

(*) کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی (**Social Control**): ئەو ڕێگایانەیە کە کۆمەڵگە تاکاکانی پابەند دەکات یان هانیان دەدات بۆ خوگونجاندن لە گەڵیان، مامەڵە لەگەڵ هەر جۆرە لادانێك دەکات، کە پێشێلی بەها و نورمە پەسەند کراوەکان دەکات. گریمانەی سەرەکی ئەم بیرۆکەیە ئەوە بوو ڕەفتاری مرۆڤ بریتییە لە بێدەنگی و ڕۆتینی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی تاکەکان نەك تەنها لە لایەن دەوڵەت، دەسەڵاتی دادوەری، سیستمی یاسایی وهێزەکانی پۆلیس .. هتد، بەڵکو ڕای گشتی، ئایین، بیروباوڕەباوەکان، خێزان، پەروەردە لە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتییدا کۆ دەبێتەوە. لە دەوری هەموو ئەو هەوڵانەی کە دانیشتوان هاندەدەن بۆ ئەوەی بە شێوازێك هەڵسوکەوت بکەن کە بەها باوەکانی کۆمەڵگە لە بەرچاو بگیرێت بە شێوەیەکی دروست و گونجاو.

- Austin Harrington & Barbara I. Marshal and the others, Encyclopedia of Social Theory, Routledge, London & New York , 2006, p55

(١) کلۆد جەیمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦

(٢) د.ئاراس محەمەد ساڵح، هۆیەکانی گەشەکردنی بزافی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا (١٧٨٤-١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥

هەمـــووی وەك كەس و كـــاری یەك بـــوون، یەك حەوشـــە و نـــافورەی تیـــابووە، لەبەرئەوە پەیوەندییەكانیان بەهێزبوون، زۆرجار خزم و ناسیاو هەموویان لە یەك شوێندا كۆبوونەتەوە، كاتێك كوڕ ژنی هێناوە، لەگەڵ ماڵی باوكی ماوەتەوە یـان لە گەڕەكەكە خـانووی بـۆ گرتـووە، كاتێك كـچ شـویكردووە هەر لە چـواردەور خانوویـان بـۆ گرتـووە، بەهێـزی ئەم پەیوەنـدییە كۆمەڵایەتیـانە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی تەلارسازی خانووەكان و سروشـتی كۆڵانەكـان وایكردووە كە چڕی زۆر بێت، ئەم چڕیەش وایكردووە كە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بەهێزبن.[1] هۆكـارێكی تـری پـتەوی پەیوەنـدییە كۆمەڵایەتییەكـان دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەردانیكردنی یەكتـری، چـونكە سـەردان هەبـووە، هاتووچۆی نێوان ژنەكان هەبووە، هەموو بنەما (رەكیـزە) ئاینییەكـان جێبەجێكـراوە، لە بەراتـدا لە كەنیسە و ماڵە مەسیحییەكان هێلكەیان زەرد و سوور كردووە، ووتوویانە كە ئێمەش وەك مەسـیحی لە گەڵتاندا یادی شەوی بەرات ئەكەین، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە پەیوەندییەكی بەهێـز هەبـووە لە نێوان مەسیحی و موسوڵمانەكاندا.[2]

یەكێـك لە تایبەتمەنـدییەكانی شـاری سـلێمانی ئەوەیە كە بەناوبـانگە لە كـۆنەوە بە میواندۆسـتی، هەمیشە لەم شارەدا خان هەبووە، ڕاستە كە شارێكی بازرگانی بووە، خەڵك هـاتوون بـۆ ئەم شـوێنە بەڵام عەیبە بووە كە خەڵكانێك بچنە ناو مزگەوتەوە لە دوای نـوێژ كە وتـوویەتی شـوێنم نیـیە، ئیتـر براوەتەوە بۆ ماڵەوە خزمەتكراوە، عەیبە بووە كە نەیبەیتە مـاڵەوە و خزمەتـی نەكەیـت و خـواردنی نەدەیتێ، ئەوەی جێگەی سەرنجە ماڵەكان بە حوكمی گەورەی ماڵەكان شوێنی تایبەتیان هەبـووە بـۆ میوان، خەڵكی دەرەوە سەردانیكردوون بۆ ناو شار، یەكێك لەو ژوورانەش هەبووە (دیوەخـانە)، بە تایبەت لە گەڕەكی سابونكەران زیاتر ئەمە هەبووە لەبەر ئاستی بژێوی دانیشتوانەكەی، بەڵگەشمان ئەوەیە كاتێك (مستەفا بارزانی) لەلایەن حكومەتی عێراقەوە نەفیكراوە بەهـۆی كێشـەكانی بـارزان لەگەڵ حكومەتی عێراق، بارزانییەكان شۆڕشیان كردووە لە ناوچەی بارزاندا بەرامبەر ئاغاكـان و ئەو دەسـەڵاتانەی كە هەبـووە، بـۆیە نەفـی ئەكرێـت بـۆ سـلێمانی و مـاوەیەكی زۆر لە قاوەخـانەی سەرچیمەن لە گەڕەكی سابونكەران نیشەجێ ئەبێت.[3]

پەیوەنـدی دراوسـێیەتی زۆر بەهێـز بـووە لە نـاو تاكەكـانی گەڕەكـی سـابونكەران، لە خۆشـی و ناخۆشیدا هاوكاری یەكتری بوون.[4] لە هەمانكاتـدا میوانـداری هەبـووە كە ئەجـوایەكی بـاش بـووە میوانەكـان عەسـر هـاتوون، چـا لێنـراوە و بە گـوێرەی توانـای مـاڵەكە (میوە و چەرەس) هەبـووە،

(١) پ.د.جەزا تۆفیق طالب، بەشێك لە چاوپێكەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/١
(٢) پ.ی.د.زریان سالار، بەشێك لە چاوپێكەتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٥
(٣) هەمان سەرچاوە، ٢٠٢٢/٤/٥
(٤) د.ئەختەر النجم الدین، بەشێك لە چاوپێكەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٢٢

پەیوەندییەکان زیاتر پەیوەندییەکی گیانی بوون لە نێوان میوانەکاندا، دڵیان پاك بووە لەگەڵ یەکتر، ئەوکاتە کارەبا نەبووە، شەوان کە چوون بۆ میوانداری فانۆسێکیان گرتوە بە دەستەوە، هەتاوەکو (١٢) شەو دانیشتون، مێووژ و گوێزیان خواردوە و چایان خواردۆتەوە، جگە لەوەی کە میوانیان هاتووە خزم بوون لە دەرەوە، شەو لەماڵی خزمەکەیان ماونەتەوە و پێشوازیان لێکراوە.[١]

میوانداری زیاتر لە وەرزی هاویندا ڕوویئەدا لەبەرئەوەی زسان ڕۆژ کورت بووە، منداڵ چوون بۆ قوتابخانە و دایکەکانیش سەرقاڵی چێشتلێنان بوون، منداڵەکانیش کە ئەهاتونەتەوە خەریکی خوێندن بوون، لەبەرئەوە هاوینان میوانداری یەکتری کراوە، لە وەرزی بەهاردا ژنانی گەڕەك و منداڵان بەیەکەوە چوون بۆ سەیران بۆ (گردی مامەیارە، سەدەکە کە ئێستا شەقامی ئیبراهیم پاشایە، کانی با کە ئێستا هەمووی شاری پزیشکی قرگەیە ، ئەگەر شوێنەکە دوور بوویایە پاسێك گیراوە هەموویان بەیەکەوە ئەچوون بۆ سەیران بۆ لای (قلیاسان، سەرچنار و تاڵسوجە) بەیەکەوە سەیرانیان کردوە و دانیشتون.[٢]

هەروەها کاسە دراوسێتی هەبووە وەك ڕاهاتنێکی کۆمەڵایەتی کە زۆرترینی ماڵەکان پەیڕەویان کردوە، هەر چێشتێکیان بۆ ئێوارە لێبنایە یان لەکاتی تردا، بەشێکیان ئەبرد بۆ ماڵە دراوسێ، بەشێوەیەك هەرلایەکیان لە ئێواراندا و لە کاتی تردا ئامادە بوویایە، بۆ یەکتریان ناردوە، بەو شێوەیە بەهۆی کاسە هاوسێیەتیەوە کۆ بونەتەوە.[٣]

ئەوە جێگەی ئامـاژە بۆکردنە کلتوورێکی ئایینی و پێکەوە ژیان هەبووە لە مێژووی گەڕەکی سابونکەران، دوو ئاینی ئاسمانی تێدا بووە (ئیسلام و مەسیحی)، واتە سابونکەران یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی و جیاوازییەکەی ئەوەیە کە بەشێکی مەسیحییەکانی تیادا ژیاوە،[٤] مەسیحییەکان کە لە گەڕەکی سابونکەران نیشەجێبوون بانگەشەکار(مبشیر) نەبوون بۆ ئایینەکەیان، لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان بە کورد زانیوە و وەکو بیربـاوەڕ مەسیحی بوون،[٥] مەسیحییەکان لە کۆنەوە ئارەزووی شەڕ و ئاژەوەیان نەبووە، بۆیە دراوسێ موسوڵمانەکان ڕێزیان گرتوون، ئەو ڕێزە لە نێوان هەردوولادا بۆتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکانیان بەهێز بێت لە نێوان هەردوو لادا و متمانە هەبێت، لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوکاری یەکتریان کردووە.[٦]

---

(١) د.ڕەئـووف عثمـان معـروف، بەشـێك لە چـاوپێکەوتنی پێشـوو، ٢٠٢٢/٢/٩، هەروەهـا پـاکیزە محمـد امـین عبدالرحمن، چاوپێکەوتن، ژنی ماڵەوە، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١٠

(٢) د.ئەختەر النجم الدین، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٢٢

(٣) م.محمد باقی سعید، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/١٨

(٤) پ.د.جەزا تۆفیق طالب، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/١

(٥) پ.ی.د.زریان سالار، بەشێك لە چاوپێکەتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٥

(٦) م.لەتیف پۆلس استیفان سەراج، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٦

لە کاتی پرسەدا موسوڵمانەکان بەشداری پرسەی مەسیحییەکانیان کردووە و سەرەخۆشی خۆیان پیشکەش کردوون و تەنها دەستیان بەرزکردۆتەوە و ووتویانە خوا عەفووی بکات و فاتیحەیان نەخوێندووە بۆ مردووەکە، مەسیحییەکانیش بە هەمانشێوە بە شداری پرسەی مسوڵمانەکانیان کردووە وو تویانە خوا لە مردووەکە خۆش بێت، جەژنەکانیش بەردەوام مەسیحییەکان چوون پیرۆزبای خۆیان پێشکەشی موسوڵمانەکان کردووە، لەبەرئەوە پێکەوە ژیانێکی کۆمەڵایەتی بەهێز هەبووە.[1] یەکێك لە مزگەوتەکانی سابونکەران کە نزیك بووە لە مەسیحییەکانەوە (مزگەوتی شێخ بابا عەلی)ە، لە سەردەمی شێخ بابا عەلیدا، ئەوەی کە بەناوبانگ بووە لە شارەکەدا کەریمی ئەلەکە بووە، کەسێکی خێرخواز بووە و هاوکاری زۆری هەژارەکانی سلێمانی کردووە بە ڕێبوار و دانیشتوانەوە، کاتێك هاتۆتە لای شێخ باباعەلی، کەریمی ئەلەکە داوای لێکردووە، یا شێخ چ خێرێك شك ئەبەن کە ئێمە نەیزانین وجەنابتان زیاتر ئاشنابن، هەتاوەکو سودی هەبێت بۆ کۆمەڵگە و هەژارەکان، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی پەیوەندییەکەیان لە نێوان مەسیحی و موسوڵمانەکان.[2]

ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە شێوازی ژیانی ڕابردووی دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداریکردنیان لە خۆشی و ناخۆشی یەکتریدا، هاوکاریکردنی یەکتری لە کاتی ئەنجامدانی ئیشدا، ئەگەر لە گەڕەکەکەدا پرسەیەك هەبوو بێت، هەمووی بە مردووی خۆی زانیوە و بەشداریکردووە بۆیە کەمتر ئەرك ئەکەوتە سەر ماڵی مردووەکە، لە کاتی هاوسەرگیریدا کەمترین ئەرك کەوتۆتە سەر بووك و زاوا لەبەرئەوەی هەموو کچان و ژنان و پیاوانی گەڕەك بەشداریان کردووە، هەروەها کاتێك خواردنێك دروست کراوە لە گەڕەکدا حەوت ماڵی کردووە. کورانی گەڕەك هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کچانی گەڕەك بەشێوەیەك بووە، وەك خوشك و برابوون، واتە پاراستنی کچانی (دراوسێ، مام، خاڵ)، بە ئەرکی سەرشانی خۆیان زانیوە، لەبەرئەوە یەکێك لە هۆکاری شەڕە گەڕەکی گەنجەکان لەو کاتەدا، کاتێك بووە کە گەنجی گەڕەکێکی تر هاتووە بۆ گەڕەکی سابونکەران پێیان قبوڵنەکراوە کە لە گەڕەکەکە هاتوچۆ بکات، لەبەرئەوە هەندێك کات هۆکاری دروسبوونی شەڕ بووە لە گەڵ گەڕەکەکانی دراوسێ.

ئەم جۆرە لە شێوازی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵاییەتیان و کارلێکی نێوان تاکەکان کاریگەری هەبووە لە ئاراستە کردنی ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی هەڵسووکەوتی تاکەکانی گەڕەکی سابونکەران ئەمەش پێی دەوترێت پێکەوە ژیان.

---

(١) قادر علی ڕەشید، چاوپێکەوتن، بەرگدوور، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١

(٢) م.گۆران کمال نوری باباعلی، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/٢٨

لە ئێستادا بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شێوازی ژیانی شاردا هاتووە، بە تایبەت تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی بەرفراوان سوودی لێوەردەگیرێت و بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. ئەمەش پێکەوە کاریگەریان هەیە لەسەر گەڕەکی سابونکەران، گۆڕانکاری زۆری دروستکردووە، لە ڕووی کەمکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خزمایەتییەکان، کارلێکی نێوان تاکەکان و سەردانیکردنی یەکتری، جگەلەوەی سەرقاڵبوونی زۆر بە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن و مۆبایلەوە توانای تاك کەمدەکاتەوە بۆ کۆبوونەوەی خزمان و دانیشتنی شەوانە. هەروەها بەهۆی چوونە دەرەوەی ژنان بۆ کارکردن وایکردووە کاتی زۆری نەماوە کە بتوانێت بەردەوام لە ماڵەوە بێت و پێشوازی لە میوان بکات.

**٢. داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان**

**بەها: Value**

بەهاکان بەرهەمی کلتوورن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ڕەفتاری کەسەکانەوە هەیە. مرۆڤ لە ڕێگەی بەها تایبەتەکانی خۆیەوە وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەچێتە ناو کۆمەڵگە و لەگەڵ تاکەکانی تردا هەڵسوکەوت دەکات، بۆیە بەهاکان ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیانەن کە بۆ چاکی و خراپیی هەڵوێستەکانی تاك کاری پێدەکرێت.[١] بۆیە بەهاکان ئامرازێکی کلتووری بەهێزن بۆ ڕوونکردنەوەی ئامانجە کلتووریەکان و هانی خەڵك دەدات بۆ چالاکیەکانیان. کاتێك بەهاکان لە یاسادا جێگیرکراوە، بەهاکان دەبن بە ئامرازێکی ئابووری و سیاسی بەهێز لە کۆمەڵگەدا.[٢]

**نەریت: Norm**

نەریتەکان یاسا و پێوەرە، یان شێوازی ڕەفتارە. بە شێوەیەك نەریتە کۆمەڵایەتییەکان یاسای ڕەفتارن، بە واتایەکی تر پێوەرەکان سیمایەکی یاساییان هەیە و بەپێی ئەو پێوەرانە هەڵسوکەوت پەسەند کراوە لە ڕووی کۆمەڵاییەتیەوە، ئەو ڕەفتارەی قبوڵنەکراوە سزای لەسەرە.[٣]

**داب: Costom**

ڕەفتارێکی دووبارە بوەوەی کۆمەڵایەتییە، فێربوونی یان پەیرەوکردنی کۆمەڵایەتییە، یان میراتێکی کلتوورییە.[٤]

---

(١) نادیە عمر کاکەسوور، بنەما کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کەسایەتی کوردی (توێژینەویەکی ئەنثرۆپۆلۆجیە لە هەرێمی کوردستان عێراق)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٢، ل٣٤

(2) Kenneth J. Gues , Culture Anthropology (A Toolkit for A Global A ge), 2 Edition, W.W.Norton & Company, New York, 2017, p39

(٣) محمد احمد بیومی، الانثروبولوجیا الثقافیة، الدار الجامعیة، بیروت، ١٩٨٣، ص٢٢١

(٤) د.فوزیة دیاب، القیم و العادات الاجتماعیة (مع بحث میدانی لبعض العادات الاجتماعیة)، دار النهضة العربیة، بیروت، ١٩٨٠، ص١٠٤-١٠٥

## تقالید: Tradition

کۆمەڵێك یاسای ڕەفتارین لە ڕەزامەندی و ڕێکەوتنی کۆمەڵەوە سەرهەڵدەدەن، هێزی خۆیان لە کۆمەڵگەوە وەردەگرن، نەوە لە دوای نەوە دەگوازرێتەوە.(١)

**کەواتە داب ونەریت:** کۆمەڵێك کرداره کە سروشتێکی یاساییان هەیە و خاوەنی هێزی ملکەچکردنن، لە ناو هەر گروپێکی کۆمەڵایەتیدا، لە دەرئەنجامی دووبارەکردنەوەیان لە لایەن گشت ئەندامانەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە تا ڕادەیەك دوور و درێژە، ئەم سروشتە سەپاوەیان بۆ دروست دەبێت.(٢)

دابوونەریتەکانی گەڕەکی سابونکەران هەڵگری چەند تایبەتمەندیەکی خۆیانن، لە دیارترین دابوونەریەتەکان بریتیبوون لە (جیاوازی ئایینی، پێکەوە ژیانی موسوڵمان و مەسیحییەکان، ئاشتەوایی، یەکتر قبوڵکردن، لێبوردەی، متمانە، باوەڕ، ڕێزگرتن، هاوکاریکردنی یەکتری، دراوسێتی، سەردانکردن، میواندۆستی، مەولود نامە، مەراسیمی هاتنەوەی حاجی لە حەج، ژن و ژن خوازی، خزمایەتی، پرسە و مردوو ناشتن)، جۆرواجۆری داب و نەریتەکان و جێبەجێکردنیان ئاماژەن بۆ شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری و، کاریگەری داب و نەریت لە ئاڕاستەکردنی هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی تاکەکان دەردەخات.

سەبارەت بە بۆنەی نەتەوەی و کلتوورییەکان، جەژنی نەورۆز بە سەرەتای ساڵی کوردی و وەرزی بەهار هەژمار دەکرێت، هەموو ساڵێك یادی ئەم جەژنە نەتەوەیە دەکرێتەوە لە هەرێمی کوردستان لە بەرواری (٢١/ ئازار)، لە ئێوارەی ڕۆژی (٢٠/ ئازار) ئاگر دەکرێتەوە، خەڵك بە جلوبەرگی کوردیەوە ئەم بۆنەیە پیرۆز دەکەن، دەست دەکەن بە گۆرانی وتن و هەڵپەڕین بە دەوری ئاگرەکەدا دڵخۆشی خۆیان دەردەبرن. بڕوانە وێنەی ژمارە (٢٢).

ڕۆژانێك لە گەڕەکی سابونکەران، ئێوارانی هەموو ساڵێکی نەورۆز لەگەڵ کۆمەڵێك منداڵانی گەڕەك هەریەکە و چڵێك داریان بەدەستەوە بوو، بەرە و ماڵی پیرەمێرد ئەچوون، بە شانازیەوە ئەو چڵە دارەیان، ئەخستە سەر دارەکانی ئامادەکراو بۆ کردنەوەی ئاگری نەورۆز، چەندە شانازی بوو ئەو ڕۆژە پیرۆزە کە ئێوارەی جەژنی نەورۆزە، بە خۆشیەوە بە دەوری ئاگرەکەدا ئەهاتن و ئەچوون و هەڵئەپەڕین و گۆرانی و سروودیان ئەوتەوە، پیرەمێردیش بە قسە خۆشەکانی بە خوێندنەوەی شعر و باسی نەورۆز و کاوەی ئاسنگەرەوە خەریك بوو.(٣)

(١) اسعد فايزه، العادات الاجتماعية و التقاليد في الوسط الحضري بين التقليد و الحداثة (مقاربة سوسيو - انثروبولوجية لعادات الزواج والختان مدينتي وهران و ندرومة نموزجا)، اطروحة دكوراة، بدون نشر، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة وهران، ٢٠١١، ص١٢١

(٢) د.حبيب مصطفى ابراهيم، ڕۆڵی ڕێساکانی داب و نەریت لە ژیانی بارزانییەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤-٤٥

(٣) م.محمد باقی سعید بەرزنجی، نەورۆز و کاوەی ئاسنگەر، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٦-٧

دواتر پۆل پۆل پیاوانی گەڕەك و ناوشـار ئەهـاتن و لە دەوری كۆئەبـوونەوە پیرۆزبـایی جەژنـی نەورۆزیان لەیەكتر ئەكرد. لە حـوجرەكەی مامۆسـتا مەلا مەحمـووددا لە تەكیە ڕووتە، لە و ڕۆژەدا هەریەكە و قاپێكی شوشەمان ئەهێنا تاوەكو مامۆستا و فەقێكان بە مەرەكەب و ئوچ، نەورۆز نامەی لەسـەر بنووسـن كە بە شـعر نـاو قاپەكەیـان ئەڕازانـدەوە، چەنـد دڵمـان خـۆش بـوو بەرە و مـاڵ ئەچووینەوە لە ڕێـگە پیشـانی خەڵكمـان ئەدا. زۆر جـاریش خەڵكـی ئاویـان تێئەكـرد و ئاوەكەیـان ئەخـواردەوە، ئەیـان ووت موبـارەكە. بەم جـۆرە لە یەكەم ڕۆژی نەورۆزدا، هەر خێـزانە و بەپێـی توانای خۆی یاپراخی گەلامێوو پێویسـتی سـەیرانیان ئامـادە ئەكـرد بە جلـی كـوردی ئـالا و والاوە، بەرەو كارێزی (وەستا شەریف، یان بەشێك بەرە و توی مەلیك، دەشتی وەیس و قۆریە شكاو، كـانی با، شێخ محمدی هنـدی) ئەچوون، دوای پیرۆزبـای جەژنـی نەورۆز، دەسـتیان ئەكـرد بە ئاهەنـگ گێران و هەڵپەڕكێ و بە نواندنی شانۆ گەریەكی سادە، یەكێك خۆی ئەكرد بە كاوە و یەكێكـی تـر بە ئەژدەهاك بەو شێوەیە كاتیان بەسەر ئەبرد.(١)

لە ساڵی (١٩٤٨) دا پیرەمێرد پارچە شعرە بە ناوبانگەكەی بڵاوكردەوە كە تاوەكو ئەمڕۆ بـووەتە سـروودی سـەر زاری كـوردان. یەكەم ئێـوارەش پـێش هـاتنی یەكەم ڕۆژی نەورۆز لە هەمـوو لایەكەوە ئەو شعرە بە ئاوازە تایبەتەكەیەوە ئەوترایەوە:

**ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە**

**جەژنێكی كۆنی كوردە بە خۆشی و بەهاتەوە**

**چەند ساڵ گوڵێ هیوای ئێمە پێپەست بوو تاكو پار**

**هەر خوێنی لاوەكان بوو گوڵی ئاڵی ئەو بەهار(٢)**

---

(١) م.محمد باقی سعید بەرزنجی، نەورۆز و كاوەی ئاسنگەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦-٧

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٧

وێنەی ژمارە (٢٢)
یادکردنەوەی نەورۆز لە گردی مامەیارەی شاری سلێمانی نیشان دەدات [١]



لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەران ئەگەر کێشەیەك هەبووبێت ئەوا پیاو ماقوڵان و ناسراوەکان و بەناوبانگەکانی گەڕەکەکە کۆبوونەتەوە و کێشەکەیان چارەسەر کردووە، لە هەمانکاتدا کێشەی کۆمەڵایەتی [*] زۆر کەم بووە، وەکو ئێستا نەبووە چونکە دانیشتوانەکەی کەم بوون و ژیان و خەڵکەکەی سادە بوون، ئینتەرنێت نەبووە لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە کێشە دروست ئەبێت، هەتاوەکو لە گەڕەکێکدا لە (١٠) ماڵدا ماڵێك تەلەفۆنی هەبووە، ئەگەر پێویست بوو یایە ئەهات تەلەفۆنی ئەکرد. [٢]

ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەران، کێشەی کۆمەڵایەتی تارادەك کەم بووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری تاکەکان و ئارەزوویان بۆ ئاشتەوای و پێکەوە ژیان.

---

(١) وێنەکە لە لایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٣/٢٠ گیراوە
(*) کێشە کۆمەڵایەتییەکان (**Social Problem**): ئاماژەن بۆ لادان لە ڕەفتار و باردۆخی کۆمەڵایەتی، وەك سەرپێچیەك لە نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگە سەیردەکرێت، بەم شێوەیە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و پێویستە چارەسەر بکرێت.
- د. دلال ملحس استيتية و د.عمر موسى سرحان، المشكيلات الاجتماعية، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١١، ص١٧-٢٤
(٢) م.ئەکرەم حەمە لاو، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/١، هەروەها ئەندازیار عالیە تۆفیق تاهیر، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٣/١٥، هەروەها د.ڕەئووف عثمان معروف، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٩

### ٣. یاسا: Law

یاسا توخمێکی مەعنەوی کلتوورە، بریتییە لە کۆمەڵە بنەمایەك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا بەسەر تاکەکاندا جێبەجێ دەکرێت و ناچاریان دەکات ڕێزیان لێبگرن و چاودێریان بکەن لە ڕەفتارەکانیاندا بۆ ئەوەی کۆمەڵگە ڕێك بخەن.[١] یاسا پێویستییەکی سروشتیە بۆ کۆمەڵگە، ئەم پێویستییە بە بوونی یاسا و بەندەکانیەوەیە کە ئامانجی بنەڕەتی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە. یاساکان ڕۆڵێکی بنەڕەتیان هەیە لە پاراستنی یەکگرتووی کۆمەڵگە و پاراستنی سەقامگیری، لە ڕێگەی دابینکردنی دادپەروەری و ئاسایش و ئازادی پابەندبوون بە سیستەم و ڕێسایانەی کە دەسەڵاتی باڵا فەرمانی پێکردووە. ئاشکرایە یاسا لە ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی تاکەکان و پەیوەندییەکانیان لە کۆمەڵگەدا بە ڕوونکردنەوەی ماف و ئەرکەکانیان ئەو کارە دەکات، چونکە یاسا و ماف و ئەرك هەمووی لە تاکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە لایەن یاسا وە وەك یاسایەکی کۆمەڵایەتی نوێنەرایەتی دەکرێت بە دامەزراندنی کۆنترۆڵ لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، بۆ گەیشتن بە بیرۆکەی دادپەروەری کە بنچینەی سەقامگیری و ئاسایشە لە کۆمەڵگەدا.[٢] هەروەها یاسا دەستکەوتێکی کلتووری مرۆڤە، بنەمای یاساکان بە شێوەیەکی گشتی پەیوەستن بە سزاکان، مەبەست لێی ڕێگریکردنە یان زاڵبوونە بەسەر ململانێی کۆمەڵایەتی. هەندێك لە کلتوورە یاساییەکان ڕێساکانیان لەسەر نەریتە نەنووسراوەکان و یاسای باو -**Unwritten Traditions**) (**Common Law** دامەزراوە، بەڵام لە سیستەمی یاسای هاوچەرخدا بنچینەی بڕیارە یاساییەکان لە لایەن دەسەڵاتی یاساداناوە دابین دەکرێت. بە زاراوەی دادوەری مۆدێرن دەتوانرێت کۆی نەریتەکانی (**Norms**) یاسایی وەك سیستەمێکی یاسایی یەکگرتوو پێکبهێنێت.[٣]

مونتسکیو (**Montesquieu, 1689-1755**) بە یەکێك لە فەیلەسوفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری دادەنرێت، مونتسکیو (تەورات، ئینجیل و قورئان)ی هێنا، هەمووی تاوتوێکرد، لە دوو توێی کتێبێکدا بە ناوی (گیانی یاساکان)، کە زانی ئایین داڕێژراوە و ڕەگی داکوتیوە لەناو کۆمەڵگە، یاساش لە بنەڕەتدا بەشێکی لە ئایینەوە وەرگیراوە، بەڵام بە ڕەچاونەکردنی (تەشریع) پێدانی ئایین. لە ئێستای گەڕەکی سابونکەران دا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنا ئەبرێتە بەر یاسا.[٤]

---

(١) د.محمد سامر عاشور، مدخل على علم القانون، منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠١٨، ص٣

(٢) د.محسين عبدالقادر صالح محمد، الثقافة القانونية ودورها في المجتمع، مجلة جامعة تكريت للحقوق، العدد:٢، ٢٠١٦، ص٥٣٧

(3) H. James Birx, 21 Century Anthropology (A Reference Handbook), SAGE Publication, London, 2010, p305

(٤) هەڵاڵە شێخ بابا ڕەسوڵ سەید نوری سەید ئەحمەدی باباڕەسوڵ، چاوپێکەوتن، سلێمانی، سابونکەران، ٢٠٢٢/٣/١٨

هەموو سنورێك و گەڕەكێك بنكەی پۆلیسی خۆی هەیە لە شاری سلێمانی، گەڕەكی سابونكەران سەربە بنكەی پۆلیسی سەرایە، بنكەی پۆلیسی سەرا بەرپرسیارێتی سنورەكەی هەڵگرتووە لە كاتی ڕوودانی كێشە و كەموكوڕیەكانی، ڕووبەڕووی بنكەكە دەكرێتەوە.(١)

**٤. ئایین: Religion**

ئـایین یەكـێكە لە ئـامرازە گرنگەكـانی كـۆنترۆڵكردنی كـۆمەڵایەتی هەڵسـوكەوتی ئەنـدامانی كۆمەڵگە، كاریگەری زۆری هەیە لەسەر ژیانی كۆمەڵایەتی گشتی لە هەمـوو كۆمەڵگەكانـدا هەیە، ئنجا كۆمەڵگە نەریتییەكان بن یان پێشكەوتووەكان.(٢)

لە بەشی چوارەمی توێژینەوەكەدا ئاماژە بە ڕۆڵی ئایین دەكەین لە گەڕەكی سابونكەران.

**كاریگەری نەسەقی كلتووری لەسەر ژیانی كۆمەڵایەتی**

نەسەقی كلتووری كـاریگەری هەبـووە لەسـەر ژیـانی كـۆمەڵایەتی و پێكەوە ژیـانی مەسـیحی و موسوڵمانەكان لە گەڕەكـی سـابونكەران، گەڕەكـی سـابونكەران بە شـەقامی بیرمەنـدان ناسـرابوو، چونكە زۆربەی شـاعیران و نووسـەران لەسـەر ئەو شـەقامە تۆمـاركرابوون، وەك (شـێخ محمـدی خاڵ، پیرەمێرد، عمر مارف، گۆران، نەجمەدین مەلا، ئەمین زەكی بەگ)، لەهەمانكاتدا بە شەقامی مۆسكۆ ئەناسرا لەبەرئەوەی زۆربەیان سەر بە بیـری مـاركس بـوون. ئەمەش كـاریگەری هەبـووە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر شێوازی ژیانی كۆمەڵایەتی دانیشتوانەكەی لە ڕووی هاوسەرگیری و خێزان و پەیوەندییە خزمایەتییەكانەوە، پێكەوە ژیان و بوونی بیروبـاوەر و بۆچوونی جیاواز لە گەڕەكی سابونكەران.

هەروەهـا گەڕەكـی سـابونكەران تـاڕادەیەك مـۆدێرن بـووە لە شـاری سـلێمانیدا، بـۆیە مـاڵی میرەكانیشـی تێـدا بـووە، دوای ڕۆشـنبیری تێـدا دەركەوت، كاتێـك سـەیری سـابونكەران ئەكەیـت كەسـایەتی ڕۆشـنبیر و كەسـایەتی نـاودار ئەبینـین، وەكـو كەسـایەتی (پیرەمێـرد)، لەم شـوێنە دەركەوتـووە و توانیـویەتی چاپخـانە دابنێـت لە مـاڵی خۆیـدا. هۆكـاری سـەرەكی دەركەوتنـی خەڵكـی ڕۆشـنبیر، زیـرەك، بەتوانـا و هونەرمەنـد، ئەمەش گرنگـی دانیشـتوان و تایبەتمەنـدی سـابونكەران دەردەخـات، دانیشـتوانی ئەم گەڕەكە دانیشـتوانێكی (فرەڕەهەنـدی و فـرە بیركـردنەوە) بـوون، شـار لەم شـوێنەدا ئەچەسـپێ چـونكە ئەم بیركـردنەوە جیـاوازانەی تێدایە.(٣)

---

(١) جلال أحمد فقی أحمد، بەشێك لە چاوپێكەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/١٦

(٢) د.نوری یاسین الهرزاني، الكاكەیية (دراسة أنثروبولوجية للحيـاة الأجتماعيـة)، مطبعـة ئـاراس، أربيـل، ٢٠٠٧، ص١٧٢

(٣) پ.ی.د.زریان سالار، بەشێك لە چاوپێكەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٥

# بەشی چوارەم
# نەسەقی ئایینی

١. ئایین و بیروباوەڕی دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران
٢. مزگەوت
٣. کەنیسە
٤. ڕۆڵی زانایانی ئایینی

## بەشی چوارەم: نەسەقی ئایینی

نەسەقی ئایینی نەسەقێکە لە باوەڕ و پراکتیکی ڕاستەوخۆ کە ئاڕاستەی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە دەکات، لەسەر بنەمای پەیوەندی ڕۆحی و سۆزداری نێوان مرۆڤ و هێزەکانی باڵادەستی سروشت و، ئەو ڕێوڕەسمانەی پراکتیزە دەکرێن دادەمەزرێن، کە یارمەتی دەدەن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵیاندا.[١] کەواتە ئایین وەك دەردەکەوێت کۆمەڵێك باوەڕ و پەرستنی پەیوەستە بە جیهانی پیرۆزەوە، هەڵسوکەوتی تاك بەرامبەر ئەم دونیایە ڕێکدەخەن بۆ ئەوەی ئەم گروپە یەکەیەکی ئایینی پێکبهێنێت ژیانی ئەو کەسانە ڕێکبخات کە باوەڕیان پێی هەیە. ئەگەر چەمکەکانی ئایین و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی شی بکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت ئەم دوو چەمکە لە ڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکاندا هاوڕان، لە ڕووی دوورخستنەوەی تاك لە لادان و پاراستنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا، لێرەوە پەیوەندی نێوان ئایین و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت.[٢]

بۆیە نەسەقی ئایینی یەکێکە لە نەسەقە چالاکەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە و ئامرازە کۆنترۆڵە گرنگانەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ ئاڕاستە دەکات و پاڵی پێوە دەنێت بۆ گونجان لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییە باوەکانی ناو کۆمەڵگە، بە جۆرێك هاوچەشن بێت لەگەڵ ڕەوشت و سیستمی ئەخلاقی کە تیایدا هەیە، لەهەمانکاتدا ئایین یەکێکە لە ڕاستی و پابەندبوونە کۆمەڵایەتییەکان پەرستارەکان پابەندن پێوەی لە پەرستگاکان و ڕێزگرتن لە نەریت و سرووتەکان. هەروەها ئایین هۆکارێکی گرنگە لە نێو ئەوهۆکارانەی کە دەبێتە هۆی یەکگرتوویی تاکەکان و پتەوبوونی پەیوەندی نێوانیان، لە نەسەقە پێشکەوتووەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتییە.[٣]

مرۆڤ ئایین پەیڕەو دەکات چونکە ئایین پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە ترسی مرۆڤ لە مردن و، چۆنیەتی گەشەکردن و گەورەبوون و پیربوونی بوونەوەران. ئایین زمان و وێنەی تایبەت بە خۆیی هەیە، سەبارەت بە زمانی ئایین کە جۆرێك لە سەبووری و دڵدانەوە و ئارامی ڕۆحی دەبەخشێ بە دڵ و دەروونی تاك لە کاتی هەر مەترسیەکی دەستکرد یان سروشتی، وێنەی ئایینیش خۆی دەبینێتەوە لە ئەو وێنە و هێمایانەی کە مژدەی بەهەشت و ژیان و تەمەنێکی دیکە بە مرۆڤ دەبەخشێت.

---

(١) د.فلاح جابر جاسم الغرابي، الضبط الاجتماعي (دراسة التحليلية في دور الدين في الضبط و البناء الاجتماعي)، مجلة اوروك، دراسة تحليلية، العدد: ٢، ٢٠١٧، ص ٤١٨

(٢) د.مهدى محمد القصاص، علم الاجتماع الديني، جامعة المنصورة، المصرية، ٢٠٠٨، ص٢٩

(٣) د.فلاح جابر جاسم الغرابي، الضبط الاجتماعي، المصدر السابق، ص٤٣٣

سەبارەت بە چەمکی ئایین بۆ چوونی جیاواز هەیە، ئەمیل دۆرکایم (**David Emile Durkheim, 1858-1917**) دەربارەی چەمکی ئایین دەڵێت: ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە سەر هەڵدەدات لە کۆمەڵگە سادەکان، تویژینەوەکەی لە سەر بنەمای تویژینەوەی (توتم) لە کۆمەڵگەی ناوچەکانی ئوستورالیا ئەنجامداوە، توتم شتێکی پیرۆزە و بە ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکان دەورە دراوە.[1]

دورکهایم کاتێك ئاماژە بۆ چەمکی ئایین دەکات، ئایینی ئاسمانی و زەمینی جیانەکردۆتەوە لە یەکتر، ئایینی ئاسمانی دیاردەی کۆمەڵایەتی نییە و لە کۆمەڵگەوە سەرچاوەی نەگرتوە، ئەو لەسەر ئەو بنەمایەی تویژینەوەی لەسەر گروپێکی بچوك ئەنجامداوە و چەمکی ئایینی دارشتوە، کە ناکرێت گشتاندنی بۆ بکرێت و بکرێتە بنەمای تێگەیشتن لە ئایین، تەوتەم هێمایە بۆ بەردێك، دارێك، شوێنێك ..هتد، کە خەسڵەتی پیرۆزی وەردەگرن، وەرگرتنی ئەو خەسڵەتەش لە دیدی ئەو کەسانەوەیە کە خەسڵەتی پیرۆزی ئەبەخشن بە ئەو شتە.

لەبەرئەوە چەمکی ئایین بە پێی تێپەربوونی سەدەکان و قۆناغەکان جۆراوجۆربووە، لەسەردەمی ڕێنیسانسدا جێگیر بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ **نیکۆلا دی کو (Niclas de cues, 1401-1464)** کە جەختی لە سەر بە جیهانیبوونی باری ئایینی و جیاوازی ئەنثرۆپۆلۆجی ئایینەکان بەپێی کلتوورەکان کردەوە، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (**سلام الإيمان**) تیشك دەخاتە سەر لایەنی ڕۆحی و، کاتێك ناکۆکی لە نێوان ئاینی ئاسمانی و ئایینی زەمینیدا زەقببوویەوە، ئەو ئایینەی کە بە پەرستنی ناوازەی ئیمان، نەمری ڕۆح، هیواو و ڕزگاری دەناسرێتەوە.[2]

دەکرێت ئایین وەك شێوازێکی ژیان هەژمار بکرێت کە هەموو گروپێك پەیرەوی لێدەکات یان لە لایەن هەموو کۆمەڵگەیەك قبوڵکراوە، بە ئەو پاساوەی پەیوەندییەکی نزیك لە نێوان سروشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سروشتدا هەیە لە چەمکی بیروباوەڕی زیندوویی یان دەرکەوتنی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە چەمکی باوەڕەوە، واتە سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆن و مۆدێرن لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، لە بنەڕەتدا لەسەر چەمکی بیروباوەڕی هەر کۆمەڵگەیەك دامەزراون، پاشان لەسەر ئەم بنەمایە دەگەڕێتەوە بۆ خەیاڵکردنی ئەو واتایەی کە دەتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی لە ژیاندا.[3]

(1) E. E. Evans Pritchard, Theories of Primitive Religion, Oxford University Press, London, 1960, p55-56-61

(٢) كلود ريفيير، الانثروبولوجيا-الاجتماعية للأديان، ت: أسامة نبيل، المركز القومي الترجمة، القاهرة، ٢٠١٥، ص ٣٢

(٣) د.عبدالله الخريجي، علم الاجتماع الديني، ط٢، المملكة العربية السعودية، رامتان- جدة، ١٩٩٠، ص٣٥-٣٦

ئایین پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە و ڕێکخراوەکانی دیاری دەکات و لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا هەموو چالاکیەکی مرۆڤ دیاری دەکرێت، بە هەست و ئەخلاق و پەرستن و ڕێوڕەسم و نەریتی تاکەکانەوە. ئەگەر شێوازی ژیان بۆ ئەم گروپە یان ئەو گروپە لە لایەن خوداوە دروستکراوە، واتە لە باوەڕێکی ئیلاهییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم گرووپە لە ئایینی خودادایە. ئەگەر ئەو شێوازی ژیانە بێت کە ژیانی گروپێك بەڕێوەدەبات، ئەوە بەرهەمی (پاشا، شازادە، هۆز، فەیلەسوف یان گەل) بێت، واتە لە (بیروباوەڕێك، چەمکێك، یان فەلسەفەیەکی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتوە. ئەم گروپە لە ئایینی (پاشا، میر، هۆز و گەلدایە) بۆیە لە ئایینی خودادا نییە، چونکە ئەو شێوازەی خودا پەیڕەو ناکات کە لێیەوە سەریهەڵداوە.[١]

ئایینی ئاسمانی و زەمینی جیاوازن لە یەکتر، هەندێك ئایین وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-مێژوویی سەیری ئایین دەکەن وەکو بەشێك لە کلتوور و کە دەستکردی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام بۆچوونێکی تر هەیە کە ئایینی ئاسمانی و زەمینی لە یەك جیادەکاتەوە وەك شێوازێك بۆ ژیان سەیری دەکات، سێ ئایینی ئاسمانیمان هەیە ئەوانیش ئایینی (یەهودی، مەسیحی و ئیسلام)ە، لە خواداوەیە و لە باوەڕێکی ئیلاهیەوە سەرچاوەی گرتووە، خاوەنی کتێبی ئاسمانین، لە هەمانکاتدا ئایینی زەمینی هەیە کە دەستکردی مرۆڤ خۆیەتی دەکرێت هەر شتێك بێت کە مرۆڤ خۆی خەسڵەتی پیرۆزی پێدەبەخشێت.

---

(١) د.عبدالله الخريجى، علم الاجتماع الديني، المصدر السابق، ص٣٧

**١. ئایین و بیروباوەڕی دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران**

لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەراندا، دوو جۆر ئایینی تێدا پەیڕەوکراوە، ئەوانیش ئایینی ئیسلام و مەسیحی بوون. ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە پێکەوە ژیانی موسوڵمانەکان و مەسیحییەکان بووە، ئاشتەوایەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی لە نێوانیان هەبووە، دانیشتوانەکەی جیاوازیان نە کردووە و ڕێزگرتن و خۆشەویستیەکی زۆر هەبووە، هەستیان نەکردوە مەسیحییەکان لە ئایینێکی ترن.

مزگەوتی شێخ باباعەلی و کەنیسەی مەسیحییەکان نزیك بوون لە یەکتریەوە موسوڵمان ڕۆیشتووە بۆ مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژەکانی و مەسیحییەکانیش ڕۆیشتووە بۆ کەنیسەکە بۆ نوێژی خۆی، مەسیحییەکان لە دابوونەریتەوە زۆر نزیك بوون لە دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران، بە زەحمەت جیاکراونەتەوە ئەمە مەسیحییە تەنها لە ڕووی باوەڕە وە لەگەڵ موسوڵمانەکاندا جیاوازیان هەبووە و خۆیان بە کورد زانیوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پێکەوە ژیانی موسوڵمانەکان و مەسیحییەکان لە گەڕەکەکەدا.

بە شێوەیەك هەریەکە و پەیوەست بووە بە ئایینەکەی خۆیەوە و لەسەر باوەڕی خۆی ڕۆیشتووە، هەریەکەش بە ئایینی خۆی، پێکەوە ژیان و ئاشتەوای هەبووە و جەژنەکان بەبێ هیچ کێشەیەك سەردانی یەکتریان کردووە، خاڵێك زۆر گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە ئیمان هەبووە، هەرشتێك ڕووی ئەدا ئەمان وت ئەمە قەدەری خوایە، ئەوە زۆر گرنگ بوو مێشکت ئیسراحەتی ئەکرد، بۆ نموونە کاتێك خوانە خواستە کەسێك منداڵێکی ئەمرد، ئەیوت ئەمە تەمەنی هەر ئەوەندە بووە خوا ئیی خۆیەتی ئەشی باتەوە.(١)

شێوازی ژیانی ئێستای گەڕەکی سابونکەران گۆڕاوە، ئێستا موسڵمانەکان لە گەڕەکەکە نیشتەجێن. نەوەی نوێی سابونچی و سابونکەرانیەکان بەشێکی زۆری لە گەڕەکەدا نەماون و بڵاوبوونەتەوە و کۆچیانکردوە، بەشێکی ڕۆیشتوون بۆ دەرەوەی وڵات یان لە گەڕەکە تازەکان نیشەجێبوون، لە هەمانکاتدا زۆرینەی مەسیحییەکان لە گەڕەکەکە کۆچیانکردووە.

**٢. مزگەوت**

لە کۆندا مزگەوتەکان تەنها شوێنی نوێژ و ڕێوڕەسم و نەریتە ئایینیەکان نەبووە، بەڵکو شوێنێك بوون بۆ فێربوونی خوێندن و خوێندەواری، دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران منداڵەکانیان ناردوە بۆ حوجرەی مزگەوتەکان و فێری قورئان خوێندن و نووسین بوون. هەروەها لە مزگەوتەکاندا فەقێ هەبووە لە حوجرە خوێندوویەتی پاشان مۆڵەتی مامۆستایی وەرگرتووە. حوجرەی مزگەوتەکانی گەڕەکی سابونکەران بریتیبوون

(١) م.لەتیف پۆلس استیفان سەراج، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٦

لە حوجرەی (شێخ محمدی خاڵ، سەید حەسەن، همزە ئاغا، شێخ بابا عەلی، تەکیەی تاڵەبانی، شێخ محمد بەرزنجی، مزگەوتی حاجی عەزیزی خەیات) بوون، چەندین کەسایەتی دیار لە حوجرەی مزگەوتەکانی سابونکەراندا مۆڵەتی مەلایەتیان پێدراوە.

جگەلەوەی  ماڵی شێخ بابا ڕەسوڵ سەید نوری سەید ئەحمەدی بابا ڕەسوڵ، ئێستا نیشەجێی گەڕەکی سابونکەرانن، ماڵی شێخ بابا ڕەسوڵ لە ساڵی (١٧٨٤) دروستکراوە، خانووەکە سەرخان و ژێر خانی هەبووە، ماڵ و حوجرەش بووە، سەید حەسەن وانەی تێدا وتۆتەوە.[1]

وێنەی ژمارە (٢٣)

ماڵی شێخ بابا ڕەسوڵ سەید نوری سەید ئەحمەدی بابا ڕەسوڵ لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [2]



لە هەمانکاتدا مزگەتەکان شوێنی کۆبوونەوە و گفتوگۆی پیاوان بووە. لە ڕۆژی (٢١ی تەمووزی ١٩٢٢)، پاش نوێژی هەینی مستەفا پاشای یامولکی لە مزگەوتی سەید حەسەن کۆبۆتەوە بۆ دامەزراندی کۆمەڵەیەك، دواتر ئەم کۆمەڵەیە ناونرا (جەمیعیەتی کوردستان) لە دوای دەنگدان بە مستەفا پاشا دەنگ بە ڕەفیق حیلمی دراوە، زیاتر لەوەش مستەفا پاشا مۆڵەتی دەرهێنانی ڕۆژنامەی وەرگرتووە، ڕۆژنامەیەك دەربکەن بە سێ زمان بێت (کوردی، فارسی، تورکی)، بە ناوی بانگی کوردستان، ئەوە بوو یەکەم ژمارەی لە (٢٢ ئۆگێستی ١٩٢٢) دەرچووە.[3]

(١) هەلاڵە شێخ بابا ڕەسوڵ سەید نوری سەید ئەحمەدی بابارەسوڵ، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٣/١٨
(٢) وێنەکە لە لایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٣/١٨ گیراوە
(٣) ناهیدە رەفیق حلمی، بەسەرهاتی رەفیق حلمی، ب١، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٧٢-١٧٣

بۆیە مزگەتەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پەروەردە و فێرکردن و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیریدا وەکو دامەزراوەیەکی خوێندی نافەرمی، بەڵام لە ئێستای گەڕەکی سابونکەراندا مزگەوتەکان ئەم ڕۆڵەیان نەماوە بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شێوازی ژیانی شاردا هاتووە، بەهۆی بوونی دامەزراوەی فەرمی وەکو قوتابخانە کە ڕۆڵیان هەیە لە پەروەردە کردن و فێرکردن، قوتابخانەکانیش بریتیین لە: قوتابخانەی (مەحوی بنەڕەتی، ڕۆژهەڵاتی کوڕان، ئامادەی کەریمی ئەلەکەی ئێواران، ئامادەی بازرگانی).

**٣. کەنیسە**

سەبارەت بە کەنیسەی مەریەمی عەزرا لە گەڕەکی سابونکەران، بە یەکێك لە کۆنترین کەنیسەی شاری سلێمانی دادەنێرێت، کە شوێنی مەسیحییەکان بووە و جەنگی دووەمی جیهانی بینیوە، کەنیسەکە نوژەنکراوەتەوە لەسەر شێوازە کۆنەکەی، ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە کەنیسەکە کاتێك دروستکراوە لە بەردی مەڵکەندی و خشت دروستکراوە، لە بری شێلمان دار بەکارهاتووە بۆ ڕاگیرکردنی دەرگا و پەنجەرەکانی کەنیسەکە. مەسیحییە کۆنەکان دێن بۆ سەردانکردنی کەنیسەکە شوێنی خۆیانە، هەندێك جار ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری تێدا ئەنجام ئەدرێت.

کەنیسەی مەسیحییەکان لە سابونکەران کڵێسەیە و خودا پەرستی تێدا دەکرێت لە لایەن مەسیحییەکانەوە، بەڵام لە کەنیسەکە پێکەوە ژیان دروستبووە، پێکەوە ژیانەکەش لە ڕووی ئەوەیە کە ببەخشیت نەوەکو خەڵك کە دێتە ئێرە بانگەشەی ئایینی مە سیحی بکەیت و تێبگات لە ئایینی مەسیحی، چونکە کەنیسەکە شوێنی هەموو ئایینەکانە وەکو ئایینی (زەردەشتی، مەسیحی و موسوڵمان)، ئەوانەی کە سەردانیان ئەکەن (٨٠٪ و ٩٠٪) موسوڵمانن. لە هەمانکاتدا لە کەنیسەکە ڕێکخراوی (واحەی ئەلخەلیل) هەیە، لەساڵی (١٩٨٢) دامەزراوە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە پێکەوە ژیانە، کەنیسەکەش زۆر گونجاوە، ژمارەیەکی جیاواز لە پەیڕەوانی ئایینەکان کۆدەکاتەوە لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوەوە.[١]

زۆربەی ئەوانەی لە کار و چالاکیەکانیاندا بەشداری ئەکەن موسولمانەکانن، قەشەی کە نیسەکە کە پێی دەڵێن باوکمان (ئەبونە)، بەڕێوەبەری ئەم ڕێکخراوەیە کە لە ناو کەنیسەکەدایە، بەناوی قەشە فەزەلیانس. لە دیارترین کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوی واحەی ئەلخەلیل لە کڵێسەی مەریەمی عەزرای گەڕەکی سابونکەران ئەنجامی ئەدات بریتیین لە:

(١) کازیا طاهر شێخ سدیق، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٩/٤

١. کردنەوەی خولی عەرەبی و ئینگلیزیە و، لە ئێستادا گرنگی خۆی هەیە، بە هۆی ئەوەی بۆ بابەتی زانستی و توێژینەوە ئەگەڕێنەوە بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی. خولی زمانی عەرەبی لە کەنیسەکە زمانی سەرشەقامە و مامۆستایەکی سوری وانە ئەڵێتەوە (٢١) وانەیە، پرۆگرامەکە ئیی خۆیەتی. بۆ خولی زمانی کوردی کاتێك عەرەبەکان دێن بۆ شاری سلێمانی دەرفەتی کاریان لای کوردەکان هەیە بەڵام زمان نازانن، لە خولەکە فێری زمانی کوردی ئەکرێن.

٢. خولی ئینگلیزیەکە سەربە پرۆژەی (JEL) و زانکۆی کامبریجە، کە پشتگری ئەم ئیشە دەکات، خۆی پرۆگرام ئەنێرێت و بڕوانامە ئەدات، کەنیسەکە تەنها مامۆستا و شوێنی بۆ دابین دەکات، کە ئەمەش دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ ئەو گەنجانەی ئەیانەوێت لە پرۆژەیەکی ئاوا گەورەدا بەشداری بکەن، ئەم خولە چوار مانگ ئەخایەنێت و ماوەی چوار ڕۆژە لە هەفتەکەدا، کاتی خولەکە بە خواستی خوێندکارەکە ئەبێت.

٣. کاتێك کەسێك دەرفەتی خوێندنی ڕۆیشتووە و، پۆلی دوانزەی ئامادەی بڕیوە، بەڵام دەرفەتی خوێندنی نەبووە ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە (هۆکاری ماددی بێت نەیتوانیوە بچێتە زانکۆی ئەهلی، هۆکاری ئەوە بێت کە ئیش و کار و کاسبیەکەی وایکردووە، یان قورساییەکی ژیانی کەوتۆتە سەر)، ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ زانکۆی (JWL) (*) ی ئەڵمانی ئەم پرۆژەیەیان هەیە بە بێ بەرامبەرە بە شێوازی ئۆنلاین، حەفتەی دوو جار بەشداربووە کە دێتە لای مامۆستاکەی خۆمان، بەڵام ڕۆژەکانی تر لەگەڵ زانکۆکانی تردا ئەخوێنیت ئەم بەشداربووە، بڕوانامەیەکی نیودەڵەتی وەردەگرێت ئەم بڕوانامەیە لە (٢١) دەوڵەتدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەم بڕوانامەیە لە کوردستاندا کاری پێناکرێت، ئەگەر کەسێك زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە بڵێت بڕوانامەی (JWL) هەیە ئەوا بڕوانامەی زانکۆی سلێمانی ئەخوات، کاتێك لە شاری ئەڵمانیا کەسێك پێشکەشی ئیش دەکات بە ئەم بڕوانامەیە، لە بڕوانامەکە نووسراوە چەند سەعات لە زانکۆی ئەوان بەشداربووە، ئەمەش دەرفەتێکی باشە کە ئیشی دەست بکەوێت یان بۆ خوێندن کە وەربگرێت. بەڵام ئەبێت زمانی ئینگلیزی لە (B2) بەرە و سەرەوە بێت لەبەرئەوەی (٢٥) سەعات خۆی لەگەڵ ئەوروپییەکان قسەدەکات، پاشان تاقیکردنەوە دەکات قۆناغ بە قۆناغ، قۆناغی یەکەمی زمانە و قۆناغی دواتری بەشەکانە، هەموو بەشەکانی تێدایە بۆ ئاوارەکان و بۆ ئەو کەسانەی کە دەرفەتی خوێندنیان نەبووە.

٤. پاشان پرۆژەی (JWL) بۆ ئەوانەیە کە بەکالۆریۆسیان هەیە بەڵام ئەیانەوێت دەرفەتێك دروستبێت و پسپۆڕی وەربگرن لە بەشێکدا، لە ئێستادا چەند بەشێکیان هەیە وەکو بەشی

(*)(JWL): Jesuit Worldwide Learning (Higher Education at the Margins)

(گەشتیاری، نووسەری سەرکەوتوو، گرافیك دیزاین، بەرهەمهێنانی ئاشتی)، کەسەکان لەم بەشانەدا پسپۆڕی وەردەگرن، ئەمە کەسەکان و ڕێکخراوەکان ئەیانەوێت کە ئیشەکەیان بەرە و پێشەوە بەرن لەسەر ئاشتی، لە کەنیسە ئەم کۆرسە وەردەگرن لە چوارچێوەی ڕێکخراوی ئەلخەلیلدا. ئەم خولە بە (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار بۆ شەش مانگە، بڕی (١٠٠$) وەکو دڵنیای دائەنێت دوای تەواو بوونی کۆرسەکە پارەکە وەردەگرێتەوە.[١]

ئەوەی جێگەی تێبینکردنە، ڕێکخراوی واحەی ئەلخەلیل لە ناو کەنیسەکەی مەریەمی عەزرای گەڕەکی سابونکەران کار وچالاکیەیاکنی ئەنجام ئەدات، بەگشتی خولەکان بە پارەیەکی زۆر کەمە، ئەم خولانە خزمەت بە گەنجانی شاری سلێمانی و ئاوارە عەرەبەکان دەکات بە مەسیحی و موسوڵمانەکانەوە، کە لە ئەنجامی شەڕی داعش لە ساڵی (٢٠١٤) دا ژمارەیەکی زۆر لە عەرەب لە شارەکانی (سووریا، موسڵ، بەغداد)، هاتوونەتە شاری سلێمانی بە هۆی ناجێگیری بارودۆخی سیاسیەوە لە شاری سلێمانی نیشەجێبوون، ژمارەیەك ماڵی مەسیحی لە گەڕەکی سابونکەران نیشەجێین ئاوارەی مەسیحیین و ژمارەیان (١٠) ماڵە لە ناو کەرەڤانەکاندا دەژین، جگەلەوەی ئاوارەی عەرەبی لێیە لە گەڕەکەکە نیشەجێبوون، لە کاتی شەڕی داعشدا کەنیسەی مەریەمی عەزرا لە گەڕەکی سابونکەران دەرگای کردۆتەوە بۆ ئاوارەکان و لە کەنیسەکە دا ژیاون. ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە ژمارەیەك لە مامۆستاکان موسوڵمان بوون، لە کەنیسەکەدا وانەیان ئەوتەوە بە بەشداربووان.

---

(١) کازیا طاهر شێخ سدیق، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٩/٤

وێنەی ژمارە (٢٤)

قەشە فەزەلیانس لەگەڵ ژمارەیەك لە منداڵی ئاوارە عەرەبەکان لە کەنیسەی مەریەم عەزرا لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [١]



ڕێکخـراوی واحەی ئەلخەلیـل پـڕۆژەی تـری هەیە بـۆ فێربـوونی زمـان و پـڕۆژەی کتێـب خوێنـدنەوە، پـڕۆژەکە کتێـب و تـوێژینەوەیە، تـوێژینەوە لەسـەر زانکۆکـان ئەکەن لەم پـڕۆژەیەدا هەمـوو کەسـێك ئەتوانێـت بەشـداری بکـات، لەوەی تـوێژینەوەیەکی هەیە لە ڕێـگەی ئەم بەشـەی ڕێکخراوەکەوە ئەتوانیت بیکەیت بە ڕاپرسی و بچێت لە زانکۆکان بیکەیت. زیـاتر لەوەش گروپـی کتێب خوێندنەوە هەیە، لە ناو کڵێسەدا باسی کتێبەکە ئەکەیت، بە هەمان شێوە بەشداربووان گفتوگۆی کتێبە کە ئەکەن و زۆربەی بەشداربووان موسوڵمان، کتێبەکـان دوور لە لایەنـی ئـایینی و سیاسـیە، باسـی بـابەتی مـۆدێرن و کـۆمەڵایەتی و سـەردەمیە، هەروەهـا فۆڕمێـك دابەش دەکریـت بـۆ بەشداربووان بۆ جاری داهاتوو، حەز ئەکەن چ کتێبێك گفتوگۆی لەسەر بکەن، بەشداربوو کتێبەکە دیاریدەکات، دواتر لە لایەن سەرپەرشتاری ئیشـەکە (م.نجـاح امـام) سـەیری فـۆڕمەکە و کتێبەکـان ئەکات بزانێت ئەگونجێت، پاشان ڕایئەگەیەنێت ئەگونجێت، لە ڕێگەی مۆبـایلەوە گروپـی ڤـایبەرەوە دێتە ناو گروپی کتێب خوێندنەوە، لە ڕێگەی ڤایبەرەوە کتێبەکەی بۆ ئەچێت، پێ ئەڵـێن بابەتەکەمـان لەسـەر ئەم کتێبەیە، لە کۆتایـدا کۆڕبەنـدێك ئەکەن و ئێـوارە کـۆڕێکە، هەمـوو چین و توێژەکـانی تێدایە، بەشداربوو هەیە ئەیەوێت بەشـداری گفتووگـۆی کتێبەکە بکـات. بەڵام کـارە پیشـەیەکانیان لە ڕێکخراوی دەنگەکان کۆکردۆتەوە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بـۆ ئەوەی ڕێکخـراوی دەنگەکـان

(١) وێنەکە لە لایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٩/٤ لە کەنیسەی مەریەم عەزرا گیراوە

خەڵـك زیـاتر ئەیناسـێت، لە دیـارترین خـولە پیشـەیەکان وەکـو (دارتاشـی، سـاڵۆن، نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری)، ئەم خـولە پیشـەیانە بـۆ ئـاوارە عەرەبەکـان و مەسـیحییە ئاوارەکـانە، بە تـایبەت ئافرەتەکان دێن و لێرە سوود وەردەگرن. جگەلەوەی لەهاویندا خولی منـداڵانیان هەیە بە پـارەیەکی زۆر کەم بـۆ وانەکـانی (هـونەر، بیرکـاری، کۆمپیـوتەر) ئەخـوێنن، ئەمە بـۆ منـداڵی ئـاوارە و عەرەبەکـانە، ئەگەر کورسـی مـایەوە بـۆ منـداڵە کوردەکـانە، بەڵام ئەفـزەڵیەت بـۆ عەرەب و ئاوارەکانە.(١)

لە کڵێسەی مەریەم عەزرای گەڕەکی سابونکەران، دەرفەتی ئیش و پێکەوە ژیان دروستبووە بۆ هەموو چین و توێژەکان، ئەم پێکەوە ژیانە لە ژێر چەتری ئاییندایە، بۆیە پێوەریان بۆ بەشداربووان ئەوەیە کە هەڵسوکەت و جلوبەرگیان بەشێوەیەك نەبێت کە دژی عادات و تقالیدی شاری سلێمانی و ئایینی موسەڵمانەکان بێت، بۆیە مەسیحییەکان زۆر گرنگی بە لایەنی ڕەوشت ئەدەن لە کەنیسە ئنجا لە ڕووی جلوبەرگەوە یان ڕێزگرتنی بەرامبەر بێت، چونکە کەنیسەکە خـزمەت ئەکـات نایانەوێـت خەڵك لە دەرەوە بزانێت لە کەنیسەکە هەموو شتێك ئاساییە، بەڵکو مەسیحییەکان ئەیانەوێـت پـێکەوە ژیـان و عـادات و تقالیـد بپارێزێـت، نایانەوێـت شـتێك بـکەن کە دژی کلتـووری شـاری سلێمانی و گەڕەکی سابونکەران بێت.

کەواتە کەنیسـە ڕۆڵەکەی گـۆڕاوە لە کۆنـدا شـوێنی نەریـتە ئایینییەکـانی مەسـیحییەکان بـووە لە گەڕەکی سـابونکەران، گەڕەکـی سـابونکەران بە هـۆی بەرزی ئاسـتی ڕۆشـنبیری دانیشـتوانەکەی هۆکارێك بووە بۆ پێکەوە ژیانی موسوڵمان و مەسیحییەکان، بەڵام ئێستا لە گەڕەکەکە موسوڵمانەکان نیشتەجێن، کەنیسەکە بۆتە شوێنێکی ڕۆشنبیری و پێکەوە ژیانی ئـایینی و کلتـوورە جیاوازەکـان. لە کەنیسەی مەریەم عەزرای گەڕەکی سابونکەران کتێبخـانەی تێـدایە بـۆ خـوێنەران، ئەوەی جـێگەی تێبینیکـردنە لەم کتێبخـانەیەدا کتێبـی تـایبەت بە مەسـیحییەکان و موسـوڵمانەکانی تێـدایە، ئەمـانەش بەڵگەن بۆ بەردەوامی پێکەوە ژیانی موسڵمان و مەسیحییەکان.

---

(١) کازیا طاهر شێخ سدیق، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٩/٤

وێنەی ژمارە (٢٥)

کتێبخانەی کەنیسەی مەریەم عەزرا لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [١]



**وێنەی (١)**
**تایبەت بە کتێبی مەسیحییەکان**

**وێنەی (٢)**
**تایبەت بە کتێبی موسوڵمانەکان**

### ٤. ڕۆڵی زانایانی ئایینی

کاتێك سەرنجی ڕابردوو و مێژووی گەلی کورد دەدەین، دنیایەکی فراوان لە گەورەی و شکۆمەندی زانایانی ئایینی بە دیدەکەین، زانایان لە ڕابردوودا ڕۆڵی باشیان هەبووە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە پێناو خزمەتکردن بە ئایینی ئیسلام و خەباتکردن لە پێناو بە دەستهێنانی مافی ڕەوای گەلی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. وەکو ئاشکرایە خوێندن و خوێندەواری لە مزگەوت و لەسەر دەستی زانایانی ئایینی سەری هەڵداوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆیە زانایانی ئایینی لە ڕێگەی مزگەوتەکانەوە بە ئەم ڕۆڵە گرنگە هەستاون.

بۆیە زانایانی ئایینی هەمیشە وەکو لایەنێکی بەهێزبوون لە دروستکردنی چاکسازی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها یارمەتیدەربوون بۆ دابینکردنی ئاسایشی وڵات و وشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی ئەو زانیاریە ئایینیانەی کە هەیانە کە پشت دەبەستن بە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکان، لە هەمانکاتدا زانایانی ئایینی ڕۆڵی کۆمەڵاییەتیان هەبووە لە ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان، یەکێك لە دیارترین ڕۆڵەکانیان ئاراستەکردنی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاکەکانە بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ بەها و دابونەریتەکانی کۆمەڵگە.

(١) وێنەکە لە لایەن توێژەرەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٩/٤ گیراوە

لە خوارەوە ئاماژە بە ڕۆڵی زانایانی ئایینی دەکەین لە ڕابردوو و ئێستای گەڕەکی سابونکەران.

هەروەکو ئاشکرایە لە کۆن و ئێستادا، زانایانی ئایینی بەردەوام بەدەم کێشەکانی خەڵکەوەن، بۆیە کێشەکانی خەڵك ئەچێتە مزگەوت، لە کۆندا کێشەکان زیاتر پرسیارە شەرعیەکان بوون، کاتێك کەسێك کێشەیەکی هەبووە لەسەر (میرات، زەوی و ئاو، ئیش و کار، شەراکەت یان کێشەی هەبووە لە ماڵی خۆیدا لەگەڵ خێزانیدا)، ڕووبەڕووی مامۆستایانی ئایینی کراوەتەوە لە مزگەوتدا، بە تایبەتی مزگەوتی شێخ بابا عەلی لە کۆندا، زۆربەی فتوا و پرسیارە شەرعییەکان کە وەڵامیان پێویست بووە و فتوایەکیان پێویست بووە هاتوون بۆ ئەم مزگەوتە، لە کۆنەوە شوێنی زانای ئایینی و کوردپەروەر بووە، بۆیە هاتوون و پرسیارە شەرعییەکانیان لەم مزگەوتە کردوە و، وەڵامیان دراوەتەوە کە چارەسەرێك بووە بۆ کێشەکان، وەڵامێکی شافی بووە بۆ پرسیارەکان، ئەو پرسیارانەی سەرچاوەکانیان کێشە کۆمەڵایەتییەکانە.(١)

لە هەمانکاتدا مەسیحییەکان لە کۆندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنایان بردۆتە بەر قەشە، لە کاتی بوونی کێشەی خێزانی نێوان ژن و مێرد کە ڕێك نەکەوتون یان برا و برا کێشەیەکیان هەبووە، چوونەتە لای قەشە و کێشەکەیان تێگەیاندووە، هەوڵیداوە ڕێکیان بخات و لە قسەی قەشە دەرنەچوون.(٢)

ئایین پتە و داڕێژراوە بووە، خەڵك لە هەموو شتێك وەرعی کردوە، بۆ نموونە شتێك هەبوویایە ئەیان وت ئەوە ئیی مزگەوتە و وەقفی مزگەوتە، ئیتر کەس بەلایدا نە ئەچوو ئایین ئەوەندە پارێزراو بووە، کەس نەیتوانیوە خۆی بدات لە دارەتی، کاتێك کارێزێك هەبووە وەقفی مزگەوت بووە کەس نەیتوانیوە گۆڕانکاری تێدا بکات، هەروەها ئەگەر کێشەیەکیش هەبوو بێت لە ڕێگەی ئایینەوە چارەسەرکراوە و وانە ڕەوشتی بۆ خوێنراوەتەوە.(٣)

بەڵام سەردەمی ئێستا گۆڕاوە، خەڵك هۆکارەکانی ڕاگەیاندن زۆر بەکاردەهێنێت، هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی پەرتەوازە هەر کەسێك دوو وشە ئەزانێت ئەبێت بە موفتی، بۆ نموونە جاری واهەیە لە بەرنامەیەك هەیە لە تەلەفزیۆن یان ڕادیۆ دوو سەعات مامۆستایەکی ئایینی وەڵامی (٥٠-٦٠) کەس ئەداتەوە بە لایەنی کەمەوە کە ئەمە لە شەرع و یاسادا جائیز نییە، مرۆڤ مێشکی ئەوەنە گەورە نییە بۆ ئەو هەموو زانیارییە و وەڵامە، خەڵکەکەش گوێبیستی ئەمانە ئەبێت، وەکو چۆن هەواڵێك بڵاو ئەبێتەوە، هەر کەسە و بە جۆرێك ئەیبیستێت، هەریەکە و لایەنێکی بابەتەکە ئەبینێت و هیچ تێنەگەیشتووە، لە بنەڕەتدا ئەوەشی کە وەڵام ئەداتەوە هیچ تێناگات، چونکە

---

(١) م.گۆران کمال نوری باباعلی، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/٢٨

(٢) م.لەتیف پۆلس استیفان سەراج، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٦

(٣) هەلالە شێخ بابا ڕەسوڵ سەید نوری سەید ئەحمەدی بابارەسوڵ، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٣/١٨

زانایانی کۆن (ڕەزا و ڕەحمەتی خودایان لێبێت) هەرچیەکیان نووسیووە لە کۆتایدا وتویانە (والله أعلم). ئێستا هەزار پرسیارت بۆ وەڵام ئەداتەوە هەمووی لە خۆیەوە سەرچاوە ئەگرێت، بەڕاستی وەڵام دانەوەی پرسیار زانیاری و وورد بینی و دانایی ئەوێت، هەندێك پرسیار هەیە کەسێك بیکات وەڵامێکی هەیە، کەسێکی تر بیکات وەڵامێکی تری هەیە، عەلائەدینی سوجادی کە مۆڵەتی مەلایەتی لە خزمەتی شێخ بابا عەلی وەرگرتووە، نووسیویەتی لە ڕشتەی مرواریيەکەیدا، وەڵامی چەندەها کەسی داوەتەوە بۆ بابەتی تەڵاق، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، لە عاقڵێکەوە بۆ کەم عەقڵێك، لە کەسێکەوە کە دەروونی تەواو نەبێت بۆ کەسێك کە دەروونی باشە، وەڵامەکانی جیاوازی هەبووە بۆ خەڵکەکان و کەسەکان، لەبەرئەوەی کەسێك کە دەروونی تەواو نەبێت بە جۆرێك پرسیارەکە و تەڵاقی لێوەردەگیرێت، بەڵام کەسێك کە دەروونی تەواوە ئەوا تەڵاقێك بخوات پرسیارەکەی جیاواز ئەبێت.[١]

سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکان ئێستا کەمتر پرس بە مامۆستای ئاینی دەکرێت، کێشەکانی ئێستا گەنجن لە نێوان تەمەنی (٢٠ بۆ ٣٠)ساڵیدایە،[٢] پرسیاری سەرەکی کێشەی خێزانە ئنجا کێشەی مامەڵەکردن، لە ناو کێشە خێزانییەکاندا کێشەی نێوان ژن و مێرد سەرەکیترینە، کێشەی کەسە بەتەمەنەکان و منداڵ زۆر کەمە، کێشەکانی ژن و مێرد وەکو جیابوونەوە و خیانەتی هاوسەرگیری و تێنەگەیشتن لە یەکتری و توڕەبوونیان لەسەر هیچ، بۆیە مامۆستایانی ئاینی هەوڵ ئەدەن چاکیان بکەنەوە و هەوڵی چاکسازی ئەدەن،[٣] بۆ ئەوەی کێشەکان قوربانی لێنەکەوێتەوە و منداڵ قوربانی نەبێت لە نێوان ئەم دوو هاوسەرەدا، لە هەمانکاتدا چارەسەرکردنی کێشەی نێوان دوو کەس یان کوشتن لە نێوانیان ڕووی دابێت، ئەوا خەڵك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنا ئەباتەبەر مزگەوت و مامۆستایانی ئاینی، هەندێکجار مامۆستایانی ئاینی بە ئەو هەموو زانستەی کە هەیانە نەیانتوانیوە کێشەکە چارەسەر بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کێشەیەکی زۆر هەبووە توانیویانە چارەسەری بکەن کۆتایی بە ناڕەحەتی و ناخۆشی بهێنن، یان کێشە لە نێوان دوو هاوسەردا هەبووە چارەسەریان کردوە.[٤]

---

(١) م.گۆران کمال نوری باباعلی، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/٢٨
(٢) م.مستەفا صابر محمود، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/٢٧
(٣) م.دانا محمد عبدالله، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/٢٧
(٤) م.ئیبراهیم عارف محمود، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/٢٨

ئەگەر لە گەڕەكـی سـابونكەران تەڵاق هەبـوو بێـت هەوڵیانـداوە ژن و مێـردەكە جیـانەبنەوە، بـۆ ئەوەی بەیەكەوە ئاشتیان بكەینەوە و هەوڵـی چاكسـازیان داوە، چـوون بـۆ پرسـەی خەڵك، یـان بـۆ هەژاری و نەخۆشی خەڵك هەوڵیانداوە لە ناو مزگەوتدا بۆ ئەوەی نە خۆشەكان بنێرین بـۆ دەرەوەی وڵات، هاوكاری هەژارەكانیش بكەن لە پێدانی پارە یان خواردنیان بۆ پەیدا كردون، كەسی غەریب هاتۆتە ناو گەڕەكەكە هەوڵیانداوە كۆمەڵێك كەلو پەلی بۆ بكڕن.[(١)]

هۆكـاری كەم بـوونی كێشـەكان لە ڕابـردووی گەڕەكـی سـابونكەران دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوەی دانیشتوانی ئەم گەڕەكە بە گشتی دانیشتوانەكەی پەیوەندییەكی باشیان بەیەكەوە هەبووە و هاوكـاری یەكتریـان كـردووە لە كـاتی خۆشـی و ناخۆشـیدا و بۆنەكانـدا چ بـۆنە ئایینییەكـان یـان بـۆنە كۆمەڵایەتییەكان، لە هەمانكاتدا ڕۆڵی پیاوانی ئایینی و بەتەمەنەكان زۆر بـووە لەسـەر دانیشـتوانی ئەم گەڕەكە كە بۆتە هۆكارێكی كۆنترۆڵكردنی كۆمەڵایەتی لەسەر خێزان و تاكەكـانی دانیشـتوانی سابونكەران بۆیە كێشەكان لە ڕابردوودا بە بەراورد لەگەڵ ئێستا زۆر كەمتربوون، جگەلەوەی ژن و مێـرد بە گفتوگـۆ كێشـەكانیان چارەسـەركردوە. لە ئێسـتای گەڕەكـی سـابونكەراندا بەكارهێنـای تەكنەلۆجیا وایكردووە كێشەكان زۆرتـربن بەتـایبەت كێشـەی خێزانـی وەكـو خیـانەتی نێـوان ژن و مێـرد یـان پشـتگوێ خسـتنی هاوسـەر بێـت، تەكنەلۆجیـا بە شـێوازێكی خێـرا بڵاوبـوتەوە و كـاری پێكردوە، ئەمەش كـاریگەری هەیە لەسـەر ژیـانی كـۆمەڵایەتی و، وایكـردوە كێشـە و جیـابونەوەی نێوان هاوسەران زیادبێت.

مامۆسـتایانی ئـایینی لە ڕابـردوودا ڕێزیكـی زۆریـان لێـدەگیرا، گەڕەكەكە مامۆسـتایانی ئـایینی بەخێودەكرد، موچەیان لە مزگەوتەوە نەبووە، مجێوری مزگەوت مـاڵ بە مـاڵ ئەگەڕا ئەبـوایە نـانی فەقێت دابنـایە، شـتێك هەبـووە پێـان ئەووت چێشـتی مجێـور هەرچییەكیـان هەبـوایە بۆیـان ئەكـردە تاسەیەكەوە و تێكەڵ ئەبوو، پێیان ئەووت (تەقنەی فەقێ).[(٢)]

چوار لە زانایی ئایینی گەڕەكی سابونكەران دەڵێن:" لە ڕابردوودا ڕێزی تاكەكان بۆ مزگەوت و زانایانی ئایینی باشتر بووە، ئێستا (٥٠٪) یە، ئەمەش بە هۆی كاریگەری تەكنەلۆجیا لەسەر ژیـانی تاكەكان و بەكارهێنانی، بە حوكمی ئەوەی ئێستا نامیلكەیەك ئەخوێنێتەوە ئەبێت بە موفتی یان گـوێ لە زانایەكی ئایینی ئەگرێت ئەڵێت ئەمە دروستە ئەمە دروست نییە. هەروەها لە ڕابـروودا زانایـانی ئـــایینی ئەركیـــان لەســـەر دانیشـــتوانی گەڕەكەكە بـــووە، بـــۆیە كاتێـــك لە نـــوێژ تەواو بـــوون یەكسەرنەئەڕۆیشتەنەوە بۆ ماڵەوە، بەڵكو جاری وا هەبووە ماونەتەوە هەتاوەكو ئەنجامدانی نـوێژی

(١) م.مستەفا صابر محمود، بەشێك لە چاوپێكەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٦/٢٧

(٢) حیكمەتی عەبە پاشا، چاوپێكەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/٢٨

فەرزی تر، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی ئەوەی زانایانی ئایینی ئەرکی بژێویان لەسەر خۆیانە گەڕەك بە خێویان ناکات، بۆیە لە دوای نویژە فەرزەکانەوە مزگەوت چۆڵدەکەن بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن".

**کاریگەری نەسەقی ئایینی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی**

گەڕەکی سابونکەران تایبەتمەندی خۆی هەبووە لە ڕووی ئایینیەوە لەبەرئەوەی دوو ئایینی تێدا پەیڕەوکراوە، موسوڵمانەکان لە مزگەوت و مە سیحییەکان لە کەنیسە نوێژەکانیان کردووە، بۆیە نەسەقی ئایینی کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی گەڕەکی سابونکەران لە بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و برایەتی و لێبووردەی نێوان ئەندامەکان و بەشداریکردنیان لە بۆنەکانی یەکتریدا.

لە ئێستای گەڕەکی سابونکەران زانایانی ئایینی بەشداریدەکەن لە ژیانی کۆمەڵایەتی گەڕەکەکە لە ڕووی (ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری، هاوکاریکردنی کەسانی نەخۆش و هەژار، کێشەکانی خێزان و جیابوونەوە، پرسە).

# بەشی پێنجەم
# نەسەقی ئابووری

**ڕەوشی ئابووری و پیشەیی دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران**

**١. سیستمی خاوەندارێتی**

**٢. پیشەسازی**

**٣. تایبەتمەندی گەڕەکی سابونکەران لەگەڵ گەڕەکەکانی تری شاری سلێمانی**

**أ. جۆری ئەو پیشانەی لە گەڕەکی سابونکەران ماونەتەوە**

**ب. جۆری خواردنە فۆلکلۆرییەکانی تایبەت بە گەڕەکی سابونکەران**

## بەشی پێنجەم: نەسەقی ئابووری(*)

ئەنثروپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی وەکو بەشێك لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە باس لە نەسەقی ئابووری دەکات، بە شێوەیەك کۆمەڵگە یەکەیەکی بونیادی کۆمەڵایەتی هەیە لە چەند نەسەقێك پێکهاتووە بریتیین لە نەسەقی (ئیکۆلۆجی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کلتووری و ئایینی)، نەسەقی ئابووری لەگەڵ نەسەقەکانی تردا پەیوەندیان بەیەکتریەوە، بەشێوەیەك هەر گۆڕانکاریەك ڕوویدات لە بەشێکی ئەم نەسەقانەدا ئەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە نەسەقەکانی تردا.

هەر شارستانیەتێك ئامرازی هونەری خۆی هەیە، کە ئامانج لێی سوود وەرگرتنە لە ژینگە بە مەبەستی تێرکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، تویژینەوەی ئەنثرۆپۆلۆجی هەر کۆمەڵگەیەکی ناوخۆیی پەیوەستە بەو نەسەقە ئابوورییەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایە لەسەریەتی، وابەستە و کاریگەری لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی هەیە.(١)

نەسەقی ئابووری تویژینەوەیەکی فراوانی ئەو چالاکی و کردە مرۆییانەیە کە پەیوەستن بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی سامانی سروشتی و دیاریکردنی و بەکارهێنانی، لە هەمانکاتدا پەیوەستن بە ڕێکخستن و دابینکردنی پێویستییە بایەلۆجی و کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە نەسەقی ئابووری ئەرکی گونجاندن دێنێتەدی بە هۆی چالاکیەکانی (بەرهەمهێنان، دابەشکردن، ئاڵوگۆڕ و بەکاربردن)ی کاڵاوە ئەنجام ئەدرێت، لەگەڵ ژینگە و ڕێکخستنەوەیدا یارمەتی کۆمەڵگە دەدات.(٢)

لە ڕێگەی ئەم چالاکیانەوە (بەرهەمهێنان، دابەشکردن، ئاڵوگۆڕ و بەکاربردن) تاکەکان پێویستییەکانیان پڕدەکەنەوە، ئەم چالاکیانەش هەموو کارەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە بۆ ڕاپەراندنی کار و پێداویستییەکانی مرۆڤ ڕێکدەخرێت، هەروەها پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت لە نێوان ئەم چالاکیانە لە ڕێگەی مرۆڤەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان، زیاترلەوەش پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تاکەکان بە پێی چالاکیە ئابوورییەکان لە ناو کۆمەڵگەدا دیاریدەکرێت.

ژیانی ئابووری، شێوەی گوزەران و ڕێگاکانی بەرهەم هێنان دەگرێتەوە کە کۆمەڵگەی مرۆڤ پشتی پێبەستووە و بژێوی خۆی پێ دەستە بەرکردووە، ئەو شێوە ژیانە لە سەرەتاوە سادە و ساکار بووە و وردە وردە گران و ئاڵۆز بووە بە مەبەستی ڕێکخستنی پێویستییەکانی ژیان، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، کە بریتیین لە قۆناغەکانی (کۆکردنەوە، ڕاو و شکار، ئاژەڵداری،

---

(*) ئابووری (**Economic**): لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانیە، بۆ یەکەم جار یۆنانیەکان چەمکی ئابووری (Economic) یان بەکار هێناوە، لە وشەی (Oikonomi) هاتووە بەواتای بەڕێوەبردنی ماڵ دێت.

- Chris Hann & Keith Hart, Economic Anthropology (History, Ethnography, Critique), Policy Press, Cambridge, United Kingdom, 2011, p3-4

(١) د.نوري یاسین الهرزاني، الکاکەیية (دراسة أنثروبولوجية للحياة الاجتماعية)، المصدر السابق، ص١٣٧

(٢) ئالان صلاح سعدی، گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی لە شاری کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢

کشتوکاڵ و پیشەسازی) یە.[١]

ژیانی ئابووری هەر کۆمەڵگەیەك جیاوازە لە کۆمەڵگەیەکی تر، بەپێی ئەو قۆناغەی کە کۆمەڵگە پێیدا تێپەڕیوە، گەڕەکی سابونکەران تایبەتمەندی خۆی هەبووە لە ڕووی ژیانی ئابووریەوە، ژینگە سروشتیەکەی کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی ئابووری گەڕەکەکە. لەم بەشەدا باس لە خاوەندارێتی زەوی و جۆری پیشەکانی گەڕەکی سابونکەران دەکەین، کە کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی ژیانی ئابووری و بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە.

## ڕەوشی ئابووری و پیشەیی دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران

### ١. سیستمی خاوەندارێتی Ownership System

سیستەمی خاوەندارێتی گرنگیەکەی سەرەکی هەیە لە توێژینەوە ئەنثرۆپۆلۆجیەکان، کە تێییدا توێژینەوەی نەسەقی ئابووری کۆمەڵگەی سەرەتایی و نەریتییەکان دەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگییە زۆرەی سیستمی خاوەندارێتی هەیەتی لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا، لەبەرئەوە توێژینەوە لە سیستمی خاوەندارێتی گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، کاردەکاتە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە. هەروەکو ئەنثروپۆلۆجستی ئەمەریکی ڕۆبەرت لۆی ( **Robert Harry Lowie, 1883-1957**) دەڵێت: خاوەندارێتی هەموو ڕواڵەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.[٢]

واتە ژیانی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە بوونی خاوەنی کاڵایەك یان شمەکێك کە پێویستییەك لە پێویستییەکان پڕبکاتەوە. کەواتە مەبەست لە سیستمی خاوەندارێتی ئەوەیە خاوەندارێتی پەیدا ئەبێت، پەیوەندی دروست ئەبێت لە نێوان تاکەکان و دەوڵەت و کەرت و کۆمپانیا و لایەنەکان، ئەو کاڵایانەی پێویستن بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەك لە پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. هەروەها خاوەندارێتی ئەوە ناگەیەنێت تەنها بوون بە خاوەنی کاڵایەك کۆتایی هاتبێت واتایەکی ئابووری بە دەستەوە بدات، بەڵکو ئەو بوون بە خاوەنداریتیە لەسەر لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی ئەبێت. بۆ نموونە هاوسەرگیری لە نێوان ژن و پیاودا تەنها تێرکردنی ئارەزوو ناگەیەنێت بەڵکو کاریگەری ئەبێت لەسەر لایەنەکانی تری ژیان وەکو (وەچە خستنەوە، بوون بە خاوەنی شوێنی نیشتەجێبوون، هەوڵدان بۆ کارکردن لە یەکێك لە بوارەکانی ژیان، هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی، کۆچنەکردن)، ئەمانە پێکەوە کاریگەری هەیە بۆ سەر کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان، لە هەمانکاتدا کاردەکاتە سەر دروستبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەناو

(١) عزت فتاح حمە صاڵح، ژیانی کۆمەڵایەتی هەورامان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦

(٢) احمد ابوزید، البناء الاجتماعي، مدخل لدراسة المجتمع، الانساق، المصدر السابق، ص ١٢٩

کــۆمەڵگەدا و ئەمەش ڕۆڵێکـــی کــۆمەڵایەتی پێدەبەخشـــێت لە ڕێـــگەی ڕۆڵەکەیەوە بەشـــدار ئەبێت لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا.

سەبارەت بە خاوەندارێتی زەوی ڕەوشـی یاسـایی لەبـارەی میراتگری ناوهێنـای زەوی و زار لە یاسایی زەوی و زاری عوسمانی ساڵی (١٨٥٨)، هەندێ دەستووری لاوەکی ئیمپراتۆریەتی کۆنی عوسـمانی دیـاریکراوە، ئەمە پێـنج جـۆر زەویـداریی دەستنیشـانکردووە (موڵـك، میـری، وەقـف، مەترووکە، مەوات)، ئەم زاراوانە لە هەل و مەرجی ئەمڕۆی عێراقدا بە ووردی بەکارنایەن. دوای گۆڕانکارییەکـانی یاسـایی چاکسـازی کشـتوکاڵ لە سـاڵی (١٩٥٨) دەرچـوو، گۆڕانکـاری تەواو لە خاوەندارێتی زەوی ڕوویدا. بە شێوەیەکی گشتی جۆرەکانی زەوی ئێستا بریتیین لە:

١. موڵك: موڵکایەتییەکە بەردەوامە شەریعەتی قورئانی پیرۆز مـاف و میراتـی خاوەنەکـانی دیـاری کردووە.

٢. تاپۆ: زەوی دەوڵەتە، میراتی ئەم زەوییە بۆ نەوە ڕاستەوخۆکانی خاوەنی ڕاسـتەقینەی خـۆیەتی، هەرچەندە خاوەنێتی ڕاستەقینەی هەر بۆ دەوڵەت دەمێنێتەوە.

٣. میـری: زەوی دەوڵەتە، خاوەنـدارێتی یاسـایی تەواوی بـۆ دەوڵەتە، واتـا هەمـوو زەوی و زاری وڵات دەگرێتەوە کە بە زەویداری و موڵك و تاپۆ ناکەون.[١]

ئەگەر تێبینی ژیانی ئابووری دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران بکەین ئەوەمان بـۆ دەردەکەوێـت، نەسـەقی ئـابووری گەڕەکەکە دوو جـۆر موڵکـایەتی تێـدا بەدیـدەکرێت، بەشـێك لە زەوی و زاری گەڕەکی سابونکەران موڵکداری گشتییە وەکو (شوێنە ئایینییەکان، قوتابخـانە، شـەقام و ڕێگاوبـان)، ئەم جۆرە لە خاوەندارێتی زەوی لە لایەن دەوڵەتەوە مامەڵەی پێوە کراوە بەپێی یاسـا، لە هەمانکاتـدا بەشێکی زۆری لە زەوی زاری گەڕەکـی سـابونکەران لە موڵکـداری تـایبەتە وەکـو (زەوی، کەل و پەل، بینای بازرگانی و دوکان).

**٢. پیشەسازی**

پیشەسـازی یەکـێکە لە چـالاکییە ئابوورییەکـان کـاریگەری لەسـەر ژیـانی ئـابووری تاکەکـانی کۆمەڵگە هەیە،[٢] پیشەسازی وەك کۆمەڵێك سیستەمی بەرهەمهێنان سـەیر دەکرێـت کە پەیوەنـدییان بە دروسـتکردنی کـاڵاوە هەیە، پێویسـتە هەنـدێك تایبەتمەنـدی هەبێـت و توانـای تێرکردنـی پێداویستییەکانی بەکاربەرانی هەبێت.[٣]

(١) ئالان صلاح سعدی، گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی لە شاری کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣
(2) James G. Carrier, A Handbook of Economic Anthropology, Edward Elgar Publishing, USA, 2005, p141
(٣) احسان محمد الحسن، علم الاجتماع الصناعي، دار وائل للنشر و التوزيع، الاردن - عمان، ٢٠٠٥، ص١٠٦

بڵاوبوونەوەی پیشەسازی لە ئەنجامی ڕوودانی شۆڕشی پیشەسازیەوە بووە، لە هەردوو سەدەی هەژدە و نۆزدەهەمدا لە بەریتانیا سەریهەڵداوە، دواتر بۆ زۆرێك لە وڵاتانی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڵاوبووەوە، سروشتی پیشەسازی بووە هۆی گۆڕینی زۆرێك لە ڕواڵەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، لە ئەنجامی دەرکەوتنی کارگە وەك دامەزراوەیەکی نوێ، بەشێوەیەك کە لە ژیانی ئابووریدا ئەرکەکەی بە تەواوەتی جیاوازبوو لە دامەزراوەکانی بەرهەمهێنان لە سەردەمی ناوەڕاستدا، کە ژمارەیەکی زۆر وەرشەی پیشەی بچووك هەبوون دواتر قەبارەیان گەورەتر بوو، پاشان گەورەتر بوون بە شێوەی کارگە دەرکەوتن و، بووە هۆی گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان لە ناو ژیانی کۆمەڵگەی هاوچەرخدا.[1] هەروەها پرۆسەی پیشەسازی چەند گۆڕانکاریەکی هێنایە ئاراوە، لە ناوەوەی کارگە یان لە دەرەوەی کارگە بێت، ئەویش گۆڕانکاری بوو لە پەیوەندییە خێزانییەکان بە تایبەتی دوای گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی کلاسیکی، کە لەسەر بنەمای پەیوەندییە خزمایەتییەکان و بوونی خێزانی درێژکراوە (**Extended Families**) پێکهاتبوو، خێزانی بچووك (**Nuclear Families**) لە ئەنجامی جۆراوجۆری چالاکی ئابووری و سەربەخۆی منداڵان و کەسانی خێزانە گەورەکانەوە پێکهات، کە هەوڵیان ئەدا لە کارگەکاندا کاربکەن و کە لە شارە پیشەسازییەکاندا دامەزرابوون، هەروەها پەیوەندی خێزانی نێوان ژن و مێرد گۆڕانی بەسەردا هات، لە ئەنجامی چوونە دەرەوەی ژنان بۆ کار و بەشداریکردن لە ژیانی ئابووری یان داهاتی خێزاندا، ئەمەش بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە پێگە و ڕۆڵەکانی ناو خێزاندا، بووە هۆی سەرهەڵدانی شێوازی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان ژن و مێرد و منداڵەکانیان.[2]

سەبارەت بە کاری پیشەسازی لە شاری سلێمانی ئیشی دەستی بووە و بەشی ناوخۆی شاری کردووە، زیادەکەیان بۆ ناوچەکانی تر ناردووە، پیشەسازی ئەو سەردەمە بریتیبووە لە: (سەراجی و کەوش و پێڵاودورین، ئاسنگەری، مزگەری، خومچێتی، دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ، چەخمەسازی وەك دروستکردنی شیر، خەنجەر، ڕم، تفەنگی مارتینی- گولە، پێویستییەکانی کشتوکاڵکردن و دروستکردنی خواردەمەنی جیاواز. هەروەها جولایی و پێستە خوشکردن و زەڕەنگەری و زیوگەری و موتابچی و سابونکردن) بووە.[3]

(١) عبدالله محمد عبدالرحمن، علم الاجتماع الصناعي، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٩، ص٢٨
(٢) النفس المصدر، ص٣٠
(٣) شاهۆ عوسمان سەید قادر، شاری سلێمانی بەشی ٦/ ناوی سلێمانی، گۆڤاری بانە ڕۆژ، ژ ٩٧، کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك دەریدەکات، بەبێ چاپخانە، کەرکوك، ٢٠١٤، ل١٠

چەند جۆرێك پیشە لە گەڕەكی سابونكەران هەبووە، دانیشتوانی گەڕەكی سابونكەران لە ماڵەكانیاندا ئەم پیشانەیان ئەنجامداوە لە لایەن كەسانی شارەزا و خاوەن ئەزموونەوە، لە دیارترین جۆری پیشەكانی گەڕەكەكە بریتیبوون لە:

١. **سابونچی:** ژمارەیەك لە دانیشتوانی گەڕەكی سابونكەران بە پیشەی سابون دروستكردنەوە خەریك بوون، لە ماڵەكانی خۆیاندا ئەم پیشەیان ئەنجامداوە.

بەشێوەیەك دانیشتوانی ئەم گەڕەكە ناوبانگێكی باشیان لە سابون دروستكردندا هەبووە و گەڕەكێكی تایبەت بە خۆیان هەبووە كە تاوەكو ئەمڕۆ بە سابونكەران بەناوبانگە بە شێوەیەك بەرهەمی سابون لە شاری سلێمانی دەگەیشتە (٥٠٠) تەن لە ساڵێكدا.[١]

٢. **قەزازی:** یەكێك لە پیشەكانی تری دانیشتوانی گەڕەكی سابونكەران كاری قەزازی بووە، واتە دەست ڕەنگین بوون لە ئیشی دەستدا و چەندین كاری جوانكاریان ئەنجامداوە بۆ چەفتەی ژنان و مشكی پیاوان.

٣. **حەڵواچی:** زۆربەی دوكان و ماڵەكان بە پیشەی حەڵواچیتیەوە خەریك بوون، وەكو (ماجومی، حەڵوای گەزۆ، مەسكەت، لەبزینە)، كە هەموو دوكان و دەستگێڕەكان دەیانفرۆشت،[٢] (گەزۆی من سماء) دروست ئەكرا لە گەڕەكی سابونكەران لە عێراقەوە ئەهاتن و ئەم گەزۆیەیان ئەكڕی، هەر لە شەقامی سابونكەران (حەمە مرادی حەڵواچی) بە (عەبەكە) بە ناوبانگە ئێستا باوكی (یوسفی عەبەكە) یە، بازرگانیان پێوە ئەكرد بۆ بەغداد، ئەخرایە قتووەوە و پاشان ئەخرایە قەفەزەوە بە سەیارە ئەیان برد بۆ بەغداد.[٣]

٤. **موتابچی:** كارەكەی جۆلاییە لە (موی بزن و گڵۆڵەبەن، گوریس، خەرار و جەواڵ، ڕەشكە و ڕەشماڵ) یان دروستكردووە.[٤] بەشێك لە دانیشوانی گەڕەكی سابونكەران پیشەی موتابچێتیان لە ماڵەكانی خۆیان ئەنجامداوە.

٥. **بازرگان:** بەشێك لە دانیشتوانی گەڕەكی سابونكەران بە پیشەی بازرگانیەوە خەریكبوون بە قافڵە چوون بۆ (سوریا، توركیا، ئێران و بەغداد)، هەرچی شتی گرنگ بوو ئەیان هێنا و لە ناو شاری سلێمانیدا بازرگانیان پێوەئەكرد وەكو (قوماشی جوان و شتی ژنانە).[٥]

---

(١) ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی، شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧
(٢) زەكیە ڕەشید، بەشێك لە چاوپێكەوتنی پێشوو، ٢٠٢١/١٠/٢٦
(٣) جلال علی فایز عەرەبانچی، بەشێك لە چاوپێكەوتنی پێشوو،٢٠٢٢/٢/١٣
(٤) شاهۆ عوسمان سەید قادر، شاری سلێمانی بەشی ٦/ ناوی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١
(٥) وشیار كامیل محمد عبدالرحمن سابونچی، چاوپێكەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٥، هەروەها جمال جلال عبدالصمد، بەشێك لە چاوپێكەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٣/١٦

**٦. فەرمـانبەری حکـومەت:** بەشێك لە دانیشـتوانی گەڕەکـی سـابونکەران فەرمـانبەری حکـومەت بوون، ئەو کەسانەی کە فەرمانبەر بوون ژیانیان باشتر بووە، چونکە ئەو کـاتە پـارە گرنـگ بـووە، پارە کەم بووە دژی هەڵاوسانە پارە بەهای کەم دەبێتەوە شـتومەك بەهـای بەرز دەبێـتەوە، بەڵام ئەو کـاتە پـێچەوانەی هەڵاوسـان بـوو، پـارە بەهـای خـۆی هەبـوو، لەبەرئەوە ئەوانەی فەرمـانبەری حکومەت بوون ژیانیان باشتر بوو لە خەڵکی ئاسایی.[١]

**٧. کارگەچی:** کە ئیشیان دروستکردنی (لباد و خوری و کلوباڵ) بووە.

ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە یەکێك لە ژنە دیارەکـانی گەڕەکـی سـابونکەران بە پیشـەی گـوڵاو دروسـتکردنەوە خەریـك بـووە، ئەویـش (حـاجی سـەبری گـوڵاو)ە، گوڵەکەیـان لە ( قەرەداغ وموغاغەوە) بـۆ هـاتووە، گوڵەکەیـان نەشـتۆتەوە بەڵکو هەڵیـان خسـتووە بـۆ ئەوەی گـڕ نەگرێـت، سەرەتا مەنجەڵێکی زۆر گەورەیان هێناوە دواتر گوڵەکەیان تێکردووە هەتاوەکو سـەرئاو کەوتـووە، کاتێك گوڵەکە ئەخرێتە ناو ئاوەکەوە ئەبێت دەست بخەیتە سەری ئنجا سـەری ئەخەیتەسـەر، کونێـك هەیە ئەو کونە وەکو قامیشێکی حەوتی ئەچێتەوە بۆ یەکێکیتر ئەوکاتە پێیان ووتووە (گوم گومە)، لە وێشەوە لە گوم گومەکەوە ئەچێتە ناو بەرمیلێکەوە، بـۆ ئەوەی کە کـوڵا بـوو بە هەڵـم و ئەچێـتە نـاو قامیشێکەوە لە ئەوێوە ئەچێتە نـاو بەرمیلـێکەوە ئەو بەرمـیلە ئـاوی سـاردی تیـایە، بەرمـیلەکە گەرم ئەبێت و، گوم گومەکە گەرم ئەبێت و ئاوی ساردی بەسەردا ئەکرێت بۆ ئەوەی ئەو قەترەیە دووبارە بێتەوە هەتاوەکو پڕئەبێت، هەروەها چواردەوری مەنجەڵەکەش وەکو مەنجەڵـی ئاسـایی نییە ئەبێـت پان بێت بۆ ئەوەی چواردەورەکەی بە هەویر بگیرێت، بۆ ئەوەی کە کوڵا هەڵمەکەی نەیـاتە دەرەوە و، بـۆ ئەوەی بە هەڵـمەکەوە لە و گـوم گـومەکەوە بێـتە دەرەوە و ببێـت بە گـوڵاو. پاشـان گـوڵاوەکە ئەخرێتە مەنجەڵەوە و تۆزێك ڕۆنی لەسەر بووە، چەور بوو و دەپاڵێوراو بە سەرپۆش ئنجا ئەخرایە ناو بتڵەوە و ئەفرۆشرا، خەڵك داوای ئەکرد بۆ (پرسە، مەولـود، محلەبـی، کـولیچە، کێـك و حەڵـوا) بەکارئەهـات، ئەیـان بـرد بـۆ بەغـدا و بـۆ دەرەوە خەڵـکەکە خـۆی داوای ئەکـرد، هەتـاوەکو سـاڵی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) بەردەوام بـــووە ئەم پیشـــەیە. زیـــاتر لەوەش دوای ئەوەی کە گوڵاوەکەیـــان دروستکردووە، گوڵەکەیان فڕێنەداوە، بەڵکو کە گوڵەکە ڕەش بووە ماڵێکی مەسحی هاتوون و گـوڵە ڕەشەکە لەگەڵ ئاوەکەدا بردوویانە و ئەیانگوشی، بـۆ دروسـتکردنی دەرمـانی سـووتاوی بەکاریـان ئەهێنا.[٢]

(١) د.ڕەئووف عثمان معروف، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/٩
(٢) ئاشنا علی ڕشید کچی حاجی کەریمی شمقار، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/١١

هەروەها کاتێك خەڵك لە دێهاتەکانەوە بە بارەوە بۆ ناو شاری سلێمانی هاتوون، لە دوای فرۆشتنی بارەکانیان وڵاخەکانیان بردووە بۆ خانەکان، بۆئەوەی پشوو بدەن و ئالیك بدەن بە وڵاخەکانیان، دواتر خۆیان دەچوون بۆ کەل و پەل کڕن لە بازاڕدا، ئەگەر فریانەکەوتنایە ئەو ڕۆژە بگەڕانایەوە بۆ دێهاتەکانیان ئەوا ئەو شەوە لە خانەکە دەمانەوە و بەیانی زوو بە تاریك و ڕوون هەڵدەستان و دەگەڕانەوە بۆ دێهاتەکان.(١) لە گەڕەکی سابونکەران چەند خانێکی لێبووە، ئەم خانانە لە دوو نهۆم پێکهاتوون، نهۆمی یەکەم بۆ وڵاخەکان بووە و ئالیکیان داوە بە وڵاخەکان، نهۆمی دووەم وەکو ئوتێل وابووە کە تێییدا ئەو خەڵکانەی هاتوون لە دێهاتەکانەوە بۆ پشوودانی خۆیان ڕوویان لە خانەکان کردووە.

لە دیارترین خانەکانی گەڕەکی سابونکەران بریتیین لە:

١. خانی ئەحمەدی ڕەسوول ئاغا.

٢. خانی عەلی قز، سەری سابونکەران.

٣. خانی لە علە خان.

٤. خانی وەستا حەبیب، لای ئاشی ئەلەتریکەکە.(٢)

لە هەمانکاتدا لەبەرئەوەی گەڕەکی سابونکەران دەکەوێتە ناوەندی شاری سلێمانی و نزیك بازاڕ بووە، بۆیە شەقامی سابونکەران کاروان سەرابووە، ئەو خەڵکانەی کە لە دێهاتەکانەوە هاتوون و بەربوومەکانی هاوینە و زستانەکانیان لەم شەقامە ساغکردۆتەوە. ئەم هۆکارەش وایکردووە کە شەقامی سابونکەران قولغەی لێبێت، ئەو خەڵکانەی کە لە دێهاتەکانەوە هاتوون و شتیان هێناوە بە شەقامی سابونکەراندا تێپەڕیوون، بە پێی بارەکەیان پارەیان وەرگرتووە،(٣) بۆیە لە ڕێگەیەکی کاروانچییەوە لە قەراخ شاردا لە ژێر قوڵغێکدا دوو کەس لێی دادەنیشتن، یەکێکیان پێیان دەووت قۆڵچی (چاودێریکەر) کە سەر بە مالیە بوو پسووڵەی دەدا بە کاروانچی بۆ ئەوەی بچێت بۆ دائیرەی ئیستیلاك پێش فرۆشتنی بارەکەی. قوڵچی لەوێ نرخی بۆ دادەنا کە (١٠٪) باجی بارەکە یان لێ دەسەندەوە کە دەگەڕایەوە دەبوایە ئەو پسووڵەیەی بە مۆر کراوی بدایە بە قوڵچیەکە. دووەم کەس پێیان ئەووت باجگر باجی وڵاخی ئەسەند. ناوی باجگرەکەی گەڕەکی سابونکەران (عەلی حمە سوور) بووە.(٤)

کەواتە هەریەکە لە خانەکان و بوونی تایبەتمەنی شەقامی سابونکەران وەکو کاروان سەرا، بەشداریان کردووە لە ژیانی ئابووری دانیشتوانی کۆنی گەڕەکی سابونکەران.

---

(١) ئەکرەمی مەحمودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی (٢٠٠ ساڵ)، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٠

(٢) محمد نوری کریم احمد، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/١٧

(٣) ئەکرەمی مەحمودی ساڵی ڕەشە، شاری سلێمانی (٢٠٠ ساڵ)، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٠

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٤٠٢-٤٠٣

زیاتر لەوەش گەڕەکی سابونکەران، شەقامی پیشەوەران بووە لە دوکانەکانی شەقامی سابونکەران چەندین جۆر دوکانی جیاوازی تێدابووە لەوانە (قەسابچی، چایچی، کەبابچی، جگەرچی، بەقاڵی، چێشتخانە، حەمامچی، نانەواخانەی کریکۆری ئەرمەنی، کارگەی دروستکردنی ساردی، کتێبخانە، قاوەخانە، بەرگدووری، سەعاتچی، مەیفرۆشی، شەربەتچی، سەرتاشخانە).

ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە پیشەکان و دوکانە کۆنەکانی گەڕەکی سابونکەران پێویستییەکانی گەڕەکەکەیان پڕکردۆتەوە، هەروەها بوونی پیشەیەکی زۆر لە گەڕەکەکە ئاماژەن بۆ بەرزی ئاستی بژێوی دانیشتوانەکەی. لە ئێستای گەڕەکی سابونکەران دوکانە کۆنەکان تایبەتکراون بە پیشەی کڵاشفرۆشتن و بەرهەمی خۆراکی ناوچەی هەورامان کە زیاتر لە (٢٥) دوکانی کڵاشفرۆشی تێدایە، بەڵام پێویستی و بژێوی ژیان وایکردوە هەورامییەکان پیشەکەیان لە گەڕەکی سابونکەران بێت. لە هەمانکاتدا دوکانە بازرگانی و پیشەسازییەکان بەشداریان کردوە لە ژیانی ئابووری دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران.

خشەتی ژمارە (٥)

جۆر و ژمارەی دوکانەکانی گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات [١]

| جۆری دوکان | ژمارەی دوکان |
|---|---|
| بازرگانی | ٢٦٣ |
| پیشەسازی | ٢٧ |
| چێشتخانە | ٣٧ |
| کۆی گشتی | ٣٢٧ |

## ٣. تایبەتمەندی گەڕەکی سابونکەران لەگەڵ گەڕەکەکانی تری شاری سلێمانی

### أ. جۆری ئەو پیشانەی لە گەڕەکی سابونکەران ماونەتەوە

گەڕەکی سابونکەران لە ڕووی پیشەسازیەوە تایبەتمەندی خۆی هەبووە، لەبەرئەوەی پیشەسازییە دەستییەکان (سەرەتاییەکان) لە گەڕەکەکە هەبووە، بە شێوەیەك بۆ هەر پیشەسازیەك لەو پیشەسازیانە لە ناو ماڵەکانی خۆیاندا کاری پیشەسازیان کردوە بە خێزانەکانیانەوە کاریان تێدا کردوە، لەگەڵ بوونی کرێکار کە یارمەتیدەریان بوون لە ئەنجامدانی ئیشەکەدا، ئەوانەی

(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی شیکاری زانیارییەکان، زانیاری بڵاونەکراوە

ئەو جۆرە پیشەیان ئەنجامداوە بە پیشەکانیانەوە ناسراون وەکو (سابونچییەکان، قەزازەکان، موتابچیەکان، حەڵواچیەکان، کارگەچییەکان،)، کە هەتاوەکو ئێستاش تاك و خێزان و بنەماڵەکان هەڵگری ناوی ئەم پیشانەن، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە لە ئێستای گەڕەکی سابونکەران ئەم پیشانە نەماونەتەوە تەنها ناوەکانیان ماونەتەوە وەکو هێمایەك بۆ ئەو جۆرە پیشانەی کە لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەران ئەنجامدراون. ئەم جۆرە پیشانە وەکو سابون دروستکردن و دەستڕەنگینی و دوکانداری و کارگەچێتی و موتابچێتی، کە سەرچاوەی سەرەکی بژێوی ژیانیان بووە پێوەی سەرقاڵبوون، لە هەمانکاتدا ئیشی دوکانداریان کردووە. جگە لەوەی لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەران خوێندەواری زۆری تێدا بووە بۆیە فەرمانبەری حکومەتی تێدا بووە. هۆکاری نەمانی ئەم جۆرە پیشانە دەگەڕێتەوە بۆ هێنانی بەرهەمی جۆراوجۆر لە لایەن بازرگانەکانەوە و فرۆشتنیان بە نرخێکی هەرزانتر بە دانیشتوان.

لە ئێستای گەڕەکی سابونکەران پیشەی فەرمانبەری یەکێکە لە سەرچاوەکانی بژێوی دانیشتوانەکەی. جگەلەوەی پیشەی (بیناکردن، عەرەبانچێتی دەستگێری، بۆیاخچێتی) سەرچاوەیەکی ترن بۆ بژێوی ژیانیان.

**ب. جۆری خواردنە فۆلکلۆرییەکانی تایبەت بە گەڕەکی سابونکەران**

خواردن پێویستییەکی بنەڕەتی ژیانی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتییە، بۆیە مرۆڤەکان بەپێی ڕۆژ و وەرزەکان و ساڵەکان ڕۆژانە نان دەخۆن، هاوبەشیکردنی خواردن پێکەوە لە دڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندایە، پەیوەندی خێزانی و هاوڕێیەتی دروست دەبێت بە هاوبەشیکردنی جۆرەکانی خۆراك و تام و سفرەی خوانەکان، ڕێگایەکی زۆر باشە بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. خۆراك وەکو توخمێکی کلتووری لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێت بە هۆی کاریگەری لایەنی ژینگەی و کلتووری و گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان و جیهانگیری و داهێنەکان لە کۆمەڵگەدا.

سەبارەت بە خواردنە کوردەوارییەکانی گەڕەکی سابونکەران چەند جۆر خورادنێك ئامادە کراوە کە بریتیین لە: (کفتە، شفتە، ترخێنە، گەنمەکوتراو، پەردەپڵاو، قاورمە، شلەی قەیسی، شلەی بامێ)، بەڵام لە دیارترین خواردنە فۆلکلۆرییەکانی تایبەت بە گەڕەکی سابونکەران بریتییە لە (کفتەی سابونکەران).

لە سابونکەران (نەنە عەواشی) تێدا بووە، کە بەناوبانگ بووە بە لێنایی سەروپێ، سەروپێکەی عەواشی لە گەڕەکی سابونکەران بووە، لە حەوشەکەیدا جاری واهەبووە (١٠٠) سەروپێی لێناوە، خەڵك بەیانیان زوو سەرەیان بۆ گرتووە بە سەتڵێکی فافۆن و ئاسنەوە، بە سەتڵ سەروپێیان بردووە و خواردوویانە. لە هەمانکاتدا لە گەڕەکی سابونکەران کەباچی زۆری لێبووە، کە پیرەمێرد بەوە

بەناوبانـگ بـووە زۆر حەزی لە کەبـاب بـووە، ئەڵـێن لایەکـی پـاڵتۆکەی هەمیشـە چەوور بـووە، لەبەرئەوە بەردەوام لەفەیەك کەباب لە گیرفانیدا بووە.[1]

یەکێك لە خواردنە کوردەواریەکان کە لە گەڕەکی سابونکەران ئامادە کراوە خواردنی (سەمەنی) بـووە، کە ئەمەش بـۆنەیەکی وەرزی بـووە لە مـانگی نەورۆزدا زۆرتـر لە گەڕەکـدا چەنـد ماڵێـك شـارەزابوون لە دروسـتکردنی، ژنـان و پیـاوانی گەڕەك کـۆ دەبـوونەوە تـاوەکو دەرەنگـانێکی شـەو بەهەڵپەرکێ و خۆشی دەربڕین بەسەریان دەبرد، کاتێك خواردنی سەمەنی ئامادە ئەکرێـت، سـەرەتا پێویستە دوو شەو و دوو ڕۆژ گەنمەکە بخرێتە ئاوەوە، دواتر دەری ئەهێنن و ئەیخەنە ناو تورەکەوە بـۆ مـاوەی حەوت ڕۆژ ئنجـا چەکەرە ئەکـات و ئنجـا لەسـەر نانەشـانەیەك پـانی ئەکەنەوە، ئەبێـت چەکەرەیەی سـپی یـان سـەوز بێـت، دەسـکە و سـندۆڵی پێویسـتە، گەنـمەکە و چەکەرەکە بە یەکەوە ئەکوترێت دەکرێتە مەنجەڵەوە، تێکئەدرێت لە بەیانیەوە تـاوەکو ئێـوارە بـۆ ئەوەی بـن نەگرێـت، کە ئێوارە تووند ئەبوویەوە بۆ بەیانی ئاڵئەبوویەوە لە شێوەی نیشاستە و محەلەبـی بە تـامی جیـاوازە وە پاشان دابەشئەکرا، پیرۆزی خـۆی هەبـووە لەبەرئەوە جێپەنجەی حەزرەتـی عایشـە و فـاتمەی تێـدا دەرئەچوویەوە، کاتی خۆی حەزرەتـی عایشـە منـداڵەکانی زۆر برسـی بـوون (حسـن و حسـین) ئەم خواردنەی بۆ ئامادە کردوون.[2]

یەکێکـی تـرلە خواردنەکـان، شـفتەی نـاودارە، سـەرەتا قیمەکەیـان ئامـادە ئەکـرد، پاشـان پیـاز و سەوزەیان تێئەکرد دواتر جوان ئەیان شێلا، پاشان زیرە و کشمیش و بایەمیان تێدەکرد ئەیپێچێتەوە و سووری دەکەنەوە،هەروەها برنجیشیان لەگەڵ لێئەنا، یەکێك لە خـواردنە خۆشـەکانە ئێسـتاش ئەگەر بکرێت لە موناسەبەکاندا شتێکی دیارە. لە خواردەمەنیدا کفتەی سـابونکەران زۆر بەناوبانـگ بـوو، کاتێك ئاژەڵی بازاڕ سەربڕدراوە، هەرچی چەوری هەیە هەمووی هاتۆتە گەڕەکی سابونکەران، بە هۆی ئەوەی دانیشـتوانی سـابونکەران ئارەزوویـان بـۆ خـواردن زۆر بـووە، ئەو دووگەیـان کە بـۆ هاتووە، یەك سەبەتە کلێچکەیان دەرهێناوە بۆ نێوەڕۆ بۆ نموونە مەنجەڵێك بامێیان بۆ لێناوە و نانیان تێگوشیوە، گۆشتێکی زۆریان لە بەردەست بووە، کەواتە یەکێك لە ئەو خواردنە شـازانەی کە ئیشـی دەستی سابونچییەکان بووە، کفتەی سابونکەرانە.[3]

لە ئەنجامی گەشەکردن و فراوانبوونی سابونکەراندا بەشێکی زۆری کەرەستەی خاوی سابون کە بریتیبووە لە (پێستە، پیو و ڕیخۆڵەی ئاژەڵ) هێنراوەتە گەڕەکەکەوە. بەشێکی زۆرتر لە ئەو ڕەشـە

---

(١) پ.ی.د.زریان سالار، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٤/٥
(٢) بهاءالدین رەحیم شـەریف، بەشـێك لە چـاوپێکەوتنی پێشـوو، ٢٠٢٢/٢/٢٨، هەروەهـا صـەبیحە صـاڵح محمـد، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٢/١
(٣) ئەندازیار عالیە تۆفیق تاهیر، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢ /٣/١٥

گۆشتە کۆکراوەتەوە کە لە کـاتی کەوڵکردنـی ئاژەڵەکانـدا بە پێسـتەکەوە بە جێمـاوە ئەم وردە ڕەشـە گۆشتە، نە ئەوە بووە بفرۆشێت، نەئەوەش بـووە کە سـابونچییەکان بەردەوام بیخـۆن، بـۆیە بیـرلـەوە کراوەتەوە کە برەو بە پیشەیەکی تر بدرێت لە گەڕەکەکەدا کە ئەو قیمەیەی تێدا بەکاربهێنرێت. ئەوە بووە داهێنانیان لە دروسـتکردنی خـواردنی فۆلکلـۆریی کفـتەدا کـرد و بەشـێکی زۆری دانیشـتوانی گەڕەکەکە پێوەی خەریك بوون و کردیانە ناسنامەی دووەمی کلتووریی خۆیان و گەڕەکەیان.[1]

**کفتەی سابونـکەران ئـەم تایبەتمەندییانـەی هەبووە:**

١. کفتەی سابونکەران قەبارەی گەورە ترە و کێشی هەر دانەیەکی نزیکەی نیو کیلۆگرام ئەبێت.

٢. هەویری بەرگی کفتە تەنکترە.

٣. قیمەی ناوەوەی کفتەکە پڕتر و زۆرترە.

٤. کفتەکە لە تورەکەیەك هەڵدەکێشرێت و وەك گیپە بە مەبەستی هەڵنەوەشاندنەوەی دەدورێتەوە ئنجا بۆ کوڵاندن دەکرێتە ناوی کفتەکەوە.

٥. هێلکەیەکی کوڵاو یان زۆرتر دەکرێتە ناو ناوەکەیەوە.[2]

هەروەها هێلکەکە یان خستوتە ناو کفتەکەوە و مێخەکیان بە هێلکەکەوە کردووە بۆ ئەوەی هێلکەکە بۆن ساردی لێنەیەت، کاتێك لە مەجلسێکدا دانیشوون، ووتوویانە ئەو کفـتەی کە هـێلکەی تێـدایە بـۆ کێ دەرئەچێت بۆ خۆشی مەجلسەکە بووە، هێلکەکە کوڵێنراوە و خراوەتە ناو کفتەکەوە چـونکە یەك کەس و دوو کەس لە مەجلسـێکدا نەبـوون وەکـو بیتـاقە بـۆ یەکێـك دەرچـووە، یـان مریشـکیان بـۆ کوڵاندووە ئەگەر ڕان یان سنگی مریشك بێت خستوویانەتە ناو کفتەکەوە[3]

(١) ڕێبوار حمە توفیـق، کفـتەی سـابوونکەران، گۆڤـاری کلتـووری کـورد، ژ٤، چاپخـانەی کلتـووریی لە پزیـرین، کۆیە، ٢٠١٨، ل٨١

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٨١

(٣) ئەندازیار عالیە تۆفیق تاهیر، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو، ٢٠٢٢/٣/١٥ و هەروەها رحمە عبدالقادر حـاجی خـدر، چـاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٢ و هەروەهـا واحیـدە حمـدی ڕەشـید، بەشـێك لە چـاوپێکەوتنی پێشـوو، ٢٠٢٢/٣/٣٠

وێنەی ژمارە (٢٦)

کفتەی سابونکەران نیشان دەدات [1]



ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە لە ڕابردوودا کفتەی سابونکەران میوانداری پێوەکراوە، واتە کاتێك بنەماڵەیەك یان خێزانێکی دەوڵەمەند میوانی هاتووە، داوایان لەو کەسانەکردووە کە شارەزاییان هەبووە لە دروستکردنی کفتە، کفتەی سابونکەرانیان بۆ ئامادە بکەن.

لە ئێستای گەڕەکی سابونکەران لە ناو خێزان و بنەماڵەی سابونچی و سابونکەرانییەکان خواردنە کوردەوارییەکان و کفتەی سابونکەران ئامادە دەکرێت، بەڵام بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر شێوازی ژیانی شاردا هاتووە، خواردن گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەهۆی کاریگەری تەکنەلۆجیا و زۆربوونی کەرەستەکانی خواردن و چێشتخانە و خواردنە خێراکان.

(١) https://facebook.com/ وێنەکە لە پەیجی سابونکەران لە بەرواری ٢٠٢٣/١/١١ وەرگیراوە

**کاریگەری نەسەقی ئابووری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی:**

ژیانی ئابووری گەڕەکی سابونکەران کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و بونیادی کۆمەڵایەتی گەڕەکی سابونکەران، گەڕەکەکە پیشەی جیاوازی تێدا بووە لە ڕێگەی پیشەکانیانەوە ڕۆڵ و پێگەی تاکەکان دیاریکراوە، ئەم پیشە جیاوازانەی کە ئەنجامدروان پێوستی گەڕەکەی پڕکردۆتەوە و، ئەم پیشانە بە دەست ئەنجام دراون بۆیە پێویستی بە هیلاکی و ماندووبوونێکی زۆر بووە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هاوکاریکردن و یارمەتیدانی یەکتری لە کاتی ئەنجامدانی ئیشدا، هەموو یان هەستیان کردووە لە یەك خێزان و بنەماڵە بن، دەوڵەمەند و هەژار پێکەوە بەشداریان لە خۆشی و ناخۆشی یەکتری کردووە.

لە ئێستادا ژیانی ئابووری گەڕەکی سابونکەران گۆڕانکاری بەسەدا هاتووە، بە شێوەیەك بەشێکی زۆری پیشەکان نەماون، کە بوونەتە هێمایەك بۆ گەڕەکەکە کە دانیشتوانی ڕەسەنی سابونکەرانی پێ دەناسرێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هێنانی بەرهەمی جۆراو جۆر لە لایەن بازرگانەکانەوە، فرۆشتنیان بە دانیشتوان بە نرخێکی هەرزانتر.

# بەشی شەشەم

# دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاری توێژینەوەکە

١. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە **Conclusions**

٢. ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە **Recommendations**

٣. پێشنیاری توێژینەوەکە **Suggestions**

## ١. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە Conclusions

لەم تـوێژینەوەیەدا تـوێژەر گەیشـتە ئەم دەرئەنجامـانەی لای خـوارەوە سـەبارەت بە گەڕەکـی سابونکەران:

١. گەڕەکی سابونکەران دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی و ناوەندی شارە.

٢. دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران لە ڕابـردوودا ئـاوی بیـر و کارێزیـان بەکارهێنـاوە، لە ئێسـتادا ئاوی بەلۆعە و بیری سووری بەکاردەهێنن.

٣. لە ڕابردوودا شەقامی سـابونکەران، کـاروان سـەرا بـووە، واتە ئەو کەسـانەی کە لە دێهاتەکـانی شارباژێرە وە هاتوون باریان هێناوە بە شەقامی سابونکەراندا ڕۆیشتوون، یـان بەروو بوومەکانیـان لە دێهاتەوە هێناوە، لە شـەقامی سـابونکەران فرۆشـتوویانە، هەروەهـا شـەقامی سـابونکەران یەکەم ڕێگە بووە کە شاری سلێمانی بە ستۆتەوە بە ڕۆژهەڵاتەوە، بەڵام لە ئێسـتادا شـەقامی سـابونکەران ئەم گرنگییەی نەماوە بە هۆی دروستکردنی شەقامی نالی و کاوە و ئەسحابە سپیەوە.

٤. ئاووهەوای شاری سلێمانی سەر بە ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاستە، گەڕەکی سابونکەران وەکو یەکێك لە گەڕەکەکـانی شـاری سـلێمانی، لە ڕووی ئـاو و هەواوە وەکـو گەڕەکەکـانی تـری شـاری سلێمانییە. تەنها جیاوازییەك هەبێت ئەوەیە تۆبۆگرافیـای گەڕەکەکە جیـاوازی دروسـتکردووە، واتە گەڕەکی سابونکەران کە ناوەندی شاری سلێمانییە، یەك بۆ دوو پـلە جیـاوازی هەیە لە ڕووی پـلەی گەرمیەوە.

٥. لە شاری سلێمانی بایەکی خۆجێی هەڵدەکات کە پێـی دەوترێـت ڕەشـەبا، لە ڕابـردووی گەڕەکـی سابونکەران کاتێك کە دانیشتوان لە سـەربان لە وەرزی هـاوین چیغیـان هەڵـداوە، بەهـۆی بەهێـزی ڕەشەباکەوە چیغەکەیانی تێکداوە.

٦. لە ڕابـردوودا گەڕەکـی گـۆیژە لە (سـابونکەران، گـاوران (مەسـیحییەکان)، قەزازەکـان و قاوەخـانەی سـەرچیمەن) پێکهـاتبوو، بەڵام لە دوای ئەوەی ژمـارەیەك لە دانیشـتوانی شـەقامی سابونکەران بە پیشەی سابون دروستکردنەوە خەریك بوون، ناوی شەقامی سـابونکەرانی لێنـراوە، بۆیە ناوی گەڕەکی سابونکەران دەگەڕێتەوە بۆ پیشەی دانیشتوانەکەی کە سابون دروستکردن بووە، واتە لە بنەڕەتـدا گەڕەکـی سـابونکەران شـەقام بـووە، بەهـۆی ئەو گۆڕانکارییـانەی کە بەسـەر گەڕەکەکانی شاری سلێمانیدا هاتووە، ئێستا بووە بە گەڕەکـی سـابونکەران کە لە سێ بەش پێکدێت هەر یەکە لە (گاوران (مەسیحییەکان)، قەزازەکان و قاوەخانەی سەرچیمەن) دەگرێتەوە.

٧. سنووری ئێستای گەڕەکی سـابونکەران بەم شـێوەیەیە لە بەردەرکـی سـەرای شـاری سـلێمانیەوە دەست پێدەکات بۆ ئەسحابە سپی، پاشان بۆ فولکەی نالی و دواتر بە فولکەی گۆزەکان کۆتایی دێت.

٨. لەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی، لە ڕووی تەرزی بیناسازی و کەرەستەی بەکارهاتووەوە، بەپێی قۆنانەغەکان جیاوازی هەیە لە گەڕەکی سابونکەران، بەشێوەیەك لە ڕابردوودا نەخشەی خانووەکان ڕۆهەڵاتی بوون و کەرەستەی بەکارهاتووە لە (خشتی قوڕ و خشتی سوور و بەردی مەڵکەندی) دروستکراون بە گشتی خانووەکان دوو نهۆمیی بوون، بەڵام لە قۆناغی ئێستادا بە نەخشەی ڕۆژئاوایی و کەرەستەی (چیمەنتۆ، ئاسن، ئەلەمنیۆم، لم) بەکارهاتووە لە دروستکردنی خانووەکان.

٩. گەڕەکی سابونکەران گەڕەکێکی کۆنە، ژمارەیەك شوێنی ئایینی و مێژووی تێدایە دەوڵەمەندە بە شوێنەوار، بەڵام بەشێك لە شوێنە مێژووییەکان پارێزگاریان لێنەکراوە و ڕووخاون یەکێك لە دیارترین شوێنە مێژووییەکانی گەڕەکەکە چوخمی سابونکەرانە کە ڕووخێنراوە، هەروەها ڕووخاندنی کەشتی نوحی نەجمەدین مەلا لە ساڵی (٢٠٢٢) دا، ئەمەش لە ئەنجامی نە پاراستنی گەڕەکەکەیە بۆیە بەشێکی زۆر لە خانووە کۆنەکان ڕووخێنراون کە کراون بە (گەراج، بینای بازرگانی و پیشەسازی).

١٠. لە ڕابردوودا پەیوەندی گەڕەکی سابونکەران لەگەڵ گەڕەکەکانی دراوسێیان لەسەر بنەمای خزمایەتی و بەرژەوەندی بووە، ژن و ژن خوازی هەبووە لە نێوان گەڕەکەکان، بۆیە پەیوەندییە خزمایەتی و کۆمەڵایەتییەکان بەهێزبوون، بەڵام لە ئێستادا گەڕەکی سابونکەران پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتییەکان کەمیکردووە لەگەڵ گەڕەکەکانی دراوسێیان، بەهۆی فراوان بوونی شاری سلێمانییەوە.

١١. لە سەرەتای دروستبوونی گەڕەکی سابونکەران پێکهاتەی دانیشتوانی گەڕەکی سابونکەران لە خەڵکی (شاربازێر، سنە، بانە، بەرزنجە، خەراجیان، کۆیە، موسڵ) پێکهاتووە، بەشێکی زۆری لە دانیشتوانی کۆنی گەڕەکی سابونکەران کۆچیانکردووە لە گەڕەکەکە، ئێستا دانیشتوانی نیشەجێی سابونکەران بریتیین لە خەڵکی (پێنجوێن، هەورامییەکان، ئاوارەی عەرەب و خەڵکی قەزا و ناحییەکان).

١٢. لە ڕابردوودا جۆرەکانی هاوسەرگیری لە گەڕەکی سابونکەران، تایبەتمەنی خۆی هەبووە، لەبەرئەوەی دوو ئایینی ئاسمانی تێدا بووە، موسوڵمانەکان و مەسیحییەکان هەر یەکەیان بە پێی ئایینی تایبەت بە خۆیان پەیرەوەی هاوسەرگیریان کردووە. موسوڵمانەکان هاوسەرگیری ناوخۆییان ئەنجامداوە، بەڵام مەسیحییەکان هاوسەرگیری دەرەکیان پەیرەوکردووە، لە ئێستادا لەناو خێزانە نوێکانی گەڕەکی سابونکەران باوترین جۆری هاوسەرگیری، هاوسەرگیری دەرەکییە، لەبەرئەوەی دەرکەوتووە کە هاوسەرگیری خزمایەتی زیانی تەندروستی بۆ منداڵ هەیە.

١٣. لەگەڵ ئەوەی مەراسیمی هاوسەرگیری گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە گەڕەکی سابونکەران، بەڵام هەر گرنگی پێدەدرێت، مافی هەڵبژاردنی هاوسەر لە دەستی کوڕ و خێزانی کوڕدایە، جگەلەوەی ڕەزامەندی کچ و کوڕ زۆر ڕەچاودەکرێت، لە کاتێکدا لە ڕابردوودا مافی هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ کوڕ و کچ لە لایەن خێزانەکانیانەوە بووە.

١٤. گەڕەکی سابونکەران بە هۆی باردۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە لە ڕابردوودا خێزانی فراوان بڵاوبووە، بەڵام دواتر بە هۆی کارکردنی ژن و مێرد لە دەرەوە، سەربەخۆی ئابووریان ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ئارەزووی ژن و مێرد بۆ ئەوەی خانووی جیایان هەبێت، بۆیە لە ئێستادا پەیڕەوی خێزانی ناوکی دەکرێت.

١٥. بنەمای دروستبوونی گەڕەکی سابونکەران وایکردووە، هەموو جۆرەکانی خزمایەتی تێدا بێت، بەڵام خزمایەتی کۆمەڵایەتی پەسەندتر بووە، بەهۆی پێکەوە ژیانی خەڵکی جیاواز لە گەڕەکەکە لە ڕووی ئایین و بیرکردنەوەی جیاوازەوە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانیان، بەڵام لە ئێستادا خزمایەتی لە هێڵی دایك و باوکەوەیە، منداڵ پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ خزمانی دایك و باوك هەیە.

١٦. جلوبەرگ وەکو توخمێکی کلتووری گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەهۆی کاریگەری کلتووری وڵاتانی دراوسێ و جۆراوجۆر بوونی جلوبەرگ.

١٧. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزبوون لە نێوان دانیشوانی کۆنی گەڕەکی سابونکەران، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی دروستبوونی خانووەکان کە نزیك بوون لە یەکتریەوە، هەروەها سەردانکردن هەبووە واتە دانیشتوانی گەڕەك بە عەسران یان شەوان سەردانی یەکتریان کردووە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، جگەلەوەی کاسە دراوسیەتی هەبووە، ئەمانە هەمووی پێکەوە کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەڵاییەتیان، لە ئێستاشدا لە کاتی سەردانکردنی خێزانە نوێکانی سابونچی و سابونکەرانییەکان میوانداری بەهای خۆی هەیە و، ڕێزێکی زۆر لە میوان دەگرن.

١٨. لەڕابردووی گەڕەکی سابونکەران پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان و خزمایەتییەکان بەهێزبوون، بەڵام لە ئێستادا ئەم پەیوەندیانە زۆر کەمیکردووە بە هۆی مردنی نەوەی یەکەم و دووەمی سابونچی و سابونکەرانییەکان، بڵاوبوونەوەی نەوەی سێهەم و دووەمی سابونچی و سابونکەرانییەکان لە گەڕەکی سابونکەران.

١٩. پێکەوە ژیانی ئایینی مێژووی ئاشتیانەی نێوان موسوڵمان و مەسیحییەکان لە گەڕەکی سابونکەران، بەشێوەیەك بووە کە موسوڵمانەکان لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینی مەسیحییەکان بەشدار

بوون، لە هەمانکاتدا مەسیحییەکانیش بەشداری بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینی موسوڵمانەکانیان کردووە، هەتاوەکو ئێستاش ئەو پێکەوە ژیانە بەردەوامە.

٢٠. بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و ئینتەرنێت، کێشەکان زیادیکردووە، لە ئێستای گەڕەکی سابونکەران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنادەبەنەبەر یاسای مەدەنی، بەڵام لە ڕابردوودا لەڕێگەی پیاو ماقوڵان و پیاوانی ئایینیەوە کێشەکان چارەسەرکراون.

٢١. لە گەڕەکی سابونکەران دوو جۆر ئایینی ئاسمانی تێدا پەیڕەوکراوە، ئەوانیش ئایینی ئیسلام و مەسیحییەکان بوون، بەڵام لە ئێستادا موسوڵمانەکان لە گەڕەکەکە دەژین و، زۆرینەی مەسیحییەکان لە گەڕەکەکە کۆچیانکردووە.

٢٢. کەنیسەی مەریەم عەزرا لە گەڕەکی سابونکەران بووە بە ناوەندێکی کلتووری، چەندین چالاکی هونەری و ڕۆشنبری و پەروەدەی لە خۆی دەگرێت.

٢٣. مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵیان هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی گەڕەکی سابونکەران.

٢٤. ڕێزگرتنی مامۆستایانی ئایینی لە ڕابردوودا گەڕەکی سابونکەران زیاتر بووە، بەڵام لە ئێستادا تاڕادەیەکی زۆر کەمیکردووە بە هۆی کاریگەری تەکنەلۆجیا و ئینتەرنێت.

٢٣. لە ڕابردووی گەڕەکی سابونکەران چەند پیشەیەکی جیاوازی تێدا بووە، بەهۆی ئەم پیشانەوە پێویستی گەڕەکەکە پڕ کراوەتەوە، لە دیارترین پیشەکانی بریتیین لە (سابون دروستکردن، قەزازی، حەڵواچی، کارگەچی، موتابچی)، ئەم پیشانە لە ماڵەوە ئەنجامدروان، بەڵام لە ئێستادا ئەم پیشانە نەماون بەهۆی هێنانی ئەو بەرهەمانە لە دەرەوەی وڵات لە لایەن بازرگانەکانەوە بۆ هەرێمی کوردستان، فرۆشتنیان بە نرخێکی هەرزانتر، هەروەها لە شەقامی سابونکەران چەندین دوکانی جیاوازی لێبووە وەکو دوکانی (قەسابچی، چایچی، کەبابچی، جگەرچی، بەقاڵی، چێشتخانە، حەمامچی، نانەواخانەی کریکۆری ئەرمەنی، کارگەی دروستکردنی ساردی، کتێبخانە، قاوەخانە، بەرگدووری، سەعاتچی، مەیفرۆشی، شەربەتچی، سەرتاشخانە)، دوکانەکانیش کراون بە دوکانی بازرگانی و پیشەسازی.

٢٤. یەکێك لە خواردنە جیاوازەکان کە گەڕەکی سابونکەرانی پێ جیادەکریتەوە، ئەو خواردنەی کە دەستکردی سابونچییەکان بووە، کفتەی سابونکەرانە، لە پاڵ پیشەی سابون دروستکردن کفتەشیان دروستکردووە.

## ٢. ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە Recommendations

١. پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنە مێژووی و ئایینییەکانی گەڕەکی سابونکەران لە لایەن حکومەتەوە، کە بەشێکە لە شارستانیەت و مێژووی شاری سلێمانی، سامانێکی کلتووری و ئابووریە لە ڕووی گەشتوگوزاریەوە.

٢. پێدانی قەرز لە لایەن حکومەتەوە بە خەڵکانی ڕەسەنی گەڕەکی سابونکەران، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانن خانووە کۆنەکان نۆژەنبکەنەوە و لە گەڕەکەکە نیشتەجێبن و، کۆچنەکەن بۆ گەڕەکە نوێکانی شاری سلێمانی.

٣. نۆژەنکردنەوەی خانووەکان بەشێوەیەك بێت، کە پارێزگاری بکرێت لە نەخشەی کۆنی خانووەکان، بە جۆرێك ڕەنگدانەوەی بیناسازی سەردەمی کۆنی پێوە دیار بێت.

٤. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە بە مەبەستی پاراستن و پارێزگاریکردن لە شوێنە مێژووییەکان و خانووە کۆنەکان.

## ٣. پێشنیارەکانی توێژینەوەکە Suggestions

١. توێژینەوەی هاوشێوە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، بۆئەوەی توێژەران بتوانن لە ڕابردووی کۆمەڵگە تێبگەن و گۆڕانکارییەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی دەست نیشان بکەن.

٢. توێژەرانی بواری مێژوو توێژینەوەی زانستی لە بارەی مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری شاری سلێمانی و گەڕەکەکانی شاری سلێمانی ئەنجام بدەن.

٣. توێژەرانی بواری شوێنەوار توێژینەوە لە بارەی شوێنە مێژووی و ئایینییەکان و خانووەکانی گەڕەکی سابونکەران ئەنجام بدەن.

٤. توێژینەوەی هاوشێوە لە بارەی گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانی ئەنجام بدرێت.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

**کتێب**


١. ئـاکۆ عەبـدولکەریم شـوانی، شـاری سـلێمانی ( ١٩١٨-١٩٣٢) (لێکـۆڵینەوەیەکی مێـژووی - سیاسییە)، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢. - - - - - - - - - - - - - -، شـاری سـلێمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) (لێکـۆڵینەوەیەکی مێـژووی - سیاسییە)، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣. ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی مێژووی ژیان و بەرهەمەکانی، چاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

٤. ئەحـمەد بـاوەڕ، جولەکەکـانی کوردسـتان (بنەچەیـان - داب ونەریتیـان - هـۆی کۆچکردنیـان)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەبێ شوێن، ٢٠٠٠.

٥. ئەکرەمی مەحمـوودی سـاڵی ڕەشـە، شـاری سلێمانی (٢٠٠) سـاڵ، ب١، چ٢، مکتبـە الوطنیـة، بغداد، ١٩٨١.

٦. - - - - - - - - - - - - - - - - -، شاری سلێمانی (٢٠٠) ساڵ، ب١، چ٣، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١١.

٧. - - - - - - - - - - - - - - - - -، شـــاری ســـلێمانی (٢٠٠) ســـاڵ، ب٢، چ٢، دەزگـــای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەبێ شوێن، ١٩٨٩.

٨. د.ئاراس محمد سـالْح، هۆیەکـانی گەشـەکردنی بزاڤـی ڕۆشـنبیری لە شـاری سـلێمانیدا (١٧٨٤-١٩٥٨)، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥.

٩. - - - - - - - - - - - -، میراتی بابان و شـاری سـلێمانی لە شـعری شـاعیرانی (سـەدەی هەژدە و نۆزدە) دا، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢١.

١٠. کاك ئەحـمەدی شـێخ، مەکتووبـاتی کـاك ئەحـمەدی شـێخ، و: مەلا عەبـدولکەریمی مـودەریس، ب١، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

١١. پاکیزە حمە ئەمین عەتار، وەرد (بیرەوەریم لەسەر شاری سلێمانی و داب ونەریتی دانیشـتوانی و دەوروبەری بە شعر و پەخشان)، ب١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٢. توانا ڕەشید کەریم، سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥- ١٩٥٨) (لێکـۆڵینەوەیەك لە بـارودۆخی ڕامیاری و ڕۆشنبیری)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

١٣. جاسم محمد محمد علی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی پاریزگای سلێمانیدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٤. جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب١، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.
١٥.- - - - - - -، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.
١٦. - - - - - - -، شارە گەشاوەکەم، ب٤، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، بەبێ ساڵی چاپ، هەولێر.
١٧. جەمال نەبەز، بیرەوەریینامەی ئەو ڕۆژانەی جارەکی دیی ناگەڕێنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٧.
١٨. د.حبيب مصطفى ابراهيم، ڕۆڵی ڕێساکانی داب و نەریت لە ژیانی بارزانییەکان (توێژینەوەیەکی ئەنثرپۆلۆژیای یاسایی و مێژووی یاسایە)، چ٢، زانکۆی سۆران، سۆران، ٢٠١٩.
١٩. د.حسين اسماعيل خان دەلۆ، ژیانی کۆمەڵایەتی لیوای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٢١-١٩٥٨)، بەبێ چاپخانە، سلێمانی، ٢٠٢٢.
٢٠. دلێر علاءالدين سجادي، یادی سجادي، چاپخانەی ئیشبیلیە، بەغدا، ١٩٨٧.
٢١. پ.د.ڕەشاد میران، مرۆڤناسی، چاپخانەی ڕۆژ هەڵات، هەولێر، ٢٠٢١.
٢٢. زەکیە ڕەشید محەمەد ئەمین، بزوتنەوەی کچانی کورد لە سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی ، ٢٠١٢.
٢٣. - - - - - - - - - - - - - -، شارێك لە دڵی ژنێکدا (یاداشت و یادەوەری)، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٨.
٢٤. ژمارەیەك نووسەر و هونەرمەند، یادی دوو سەدساڵەی شاری سلێمانی، چ٢، سەرپەرشتی پرۆژەی چاپکردنی زنجیرە کتێبی شارەوانی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٢٥. شاكير خەسباك، ئاراستەی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی، و: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی ڕووناکبیری، سلێمانی، ١٩٩٩.
٢٦. شاهۆ عوسمان سەید قادر، سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەرین، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢١.
٢٧. شێرکۆ بێکەس، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش (ژیانامە و بیرەوەری)، چاپخانەی کارۆ، ب١، سلێمانی، ٢٠١٣.

٢٨. عبدالخالد صابر، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی (بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٧٨٤-١٩١٤)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢٩. - - - - - - - - -، شارەوانی سلێمانی و سەرۆك و وەکیلەکانی (١٨٩٠-٢٠١٠)، چ٢، بەبێ چاپخانە، سلێمانی، ٢٠١٠.
٣٠. عەباس مەلا ئیبراهیم حافظ (وەستا عەباس دارتاش)، سلێمانی لە بیرەوەریەکانمدا، بەبێ چاپخانە و شوێن، ١٩٩٩.
٣١. عەباسی مەلا ئیبراهیمی حافظ، سلێمانی لە بیرەوەریەکانمدا، ئا: ئومێد ئاشنا، بەبێ چاپخانە و شوێن، ١٩٩٦.
٣٢. فەهمی ئەمین عزیز، مێژووی گەڕەکی کارێزەی ئەحمەد زەنگەنە (شێخان) لە سلێمانی، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠٢١.
٣٣. د.کاوس قەفتان، چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی بابان .. سۆران .. بۆتان، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٥.
٣٤. د.محەمەد شوانی، بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆجیای گشتی، ب١، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، بەبێ چاپخانە و شوێن، ٢٠١٧.
٣٥. د.معن خلیل عمر، کۆمەڵناسی خێزان، و: ئارام ئەمین جلال، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.
٣٦. کلودیوس جەیمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حمە باقی، چ٤، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٢.
٣٧. کەریم زەند، تۆماری تەمەن -٦- پەیك، چاپخانەی ئەزمر، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٣٨. م.ر.هاوار، شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکی خوارووی کوردستان، ب١، بەبێ شوێنی چاپ، لەندەن، ١٩٩١.
٣٩. محمد رسول (هاوار)، دیوانی پیرەمێری نەمر، چاپخانەی شڤان، هەولێر، ٢٠٠٧.
٤٠. م.محمد باقی سعید بەرزنجی، نەورۆز و کاوەی ئاسنگەر، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧.
٤١. محەمەد ئەمین زەکی بەگ، تەئریخی سلیمانی وە ولاتی (لە دەوری زۆر قەدیمەوە تائەوەڵی ئیحتیلال ١٩١٨م)، ئا: رەفیق ساڵح، ب٣، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٤٢. محەمەد قزڵجەیی، ناساندنی مزگەوتەکانی سلێمانی و خوێندنگە ئاینییەکانی، و:د.ئاراس محەمەد ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٣.
٤٣. مستەفا تیلوین، دەروازەیەکی گشتی لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە (مرۆڤناسی)، و: نادیە وەلی جەبار، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٦.

٤٤. مەیجەر نوئێڵ، یاداشتەکانی مێجەر  نوئێل لە کوردستان، و: حسين احمد جاف و حسين عثمان نیرکسەجاڕی، مطبعة أوفسيتحسام، بغداد، ١٩٨٤.
٤٥. ناهیدە رەفیق حلمی، بەسەرهاتی رەفیق حلمی، ب١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٤٦. نەوشیراون مستەفا ئەمین، میراتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، چ٢، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٨.
٤٧. نەجمەدین مەلا، ڕشتە: سەرجەم بەرهەم  و بابەت و نوسینەکانی نەجمەدین مەلا، ئا: ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد، ب١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٨.
٤٨. هاوڕێ یاسین محمد امین، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١١.
٤٩. هەوراز جەوهەر مەجید، شاری سلێمانی (١٩٥٨-١٩٦٨) (لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسیی و ڕۆشنبیری)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

**توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرا**

١. ئالان صلاح سعدی، گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی لە شاری کۆیە (توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆژی کۆمەڵایەتییە)، نامەی ماستەر، بڵاوکراوە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ٢٠٠١.
٢. - - - - - - - - - - - -، ناحیەی تەق تەق (توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجییە)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٢٢.
٣. ئاوێستا خالید محەمەد، پەیوەندیی جیۆمۆرفۆلۆجیای شاری سلێمانی بە بە کارهێنانی زەوی نیشەجێبوونەوە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٩.
٤. بەختیار أحمد حسین، ناوچە سەوزاییەکانی ناو شاری سلێمانی (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار)، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠.
٥. پاکیزە عزیز سعید، کاریگەری ئاو و هەوا لەسەر نەخشەی تەلارسازی لە سلێمانی(توێژینەوەیەکە لە ئاو و هەوای پراکتیکی)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢١.
٦. ڕۆژان فەرەیدون عەبدولرەحمان، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ جیاوازی پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەی سلێمانیدا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨.

٧. شاد حمید محمد، ڕادەی گونجاندن لە نێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆڕی شەقامەکانی (لێکۆڵینەوەیە لە جوگرافیایی شار)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩.

٨. - - - - - - - - -، ڕێگاکانی ئوتومبێل لە پارێزگای سلێمانیدا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.

٩. شەماڵ لطیف ڕەشید، نوێگەری و گۆڕانی کلتووری، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦.

١٠. عزت فتاح حمە صالح، ژیانی کۆمەڵایەتی هەورامان (توێژینەوەیەکی سۆسیۆئەنثرۆپۆلۆجیە)، نامەی ماستەر، بڵاوکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠٠٥.

١١. کامەران محمد تۆفیق، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوان بوونی ڕووبەری شاری دەربەندیخان، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

١٢. مەسعود محمود حەسەن، شاری سلێمانی (١٩٨٨-٢٠٠٣) (توێژینەوەیەکی مێژووی سیاسیە)، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٨.

١٣. نادیە عمر کاکەسوور، بنەما کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کەسایەتی کوردی (توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجیە لە هەرێمی کوردستان عێراق)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٢.

١٤. نادیە وەلی جبار، تورکمانەکانی شاری هەولێر (توێژینەوەیەکی ئەنتروپولوژییە)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٢٢.

١٥. هێمن باقر عبدول، وێنەی جەستە لەئاینی ئێزدی و کاکەییدا (توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٦. هێمن سەلاحەدین زەینەدین، هێڵکاری و بیناسازی شاری سلێمانی لەسەردەمی عوسمانی (١٧٨١- ١٩٢٠ز) توێژینەوەیەکی شوێنەواری مەیدانییە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٢.

**چاپەمەنی و دامەزراوەی حکومی**

١. سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، کارنامەی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی شارەوانی سلێمانی، ٢٠١٢.

٢. سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، کارنامەی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی شارەوانی سلێمانی، ٢٠١٥.
٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگا و بان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی سلێمانی، هۆبەی ماستەر پلان، ئاماری بڵاونەکراوە.
٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومە لەرزەزانی سلێمانی، زانیاری کەشناسی بڵاونەکراوە.
٥. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەشی ڕێنمای کشتوکاڵ، زانیاری کەشناسی بڵاونەکراوە.
٦. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی (الحصرو الترقیم)، ٢٠١٠.
٧. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاری دەربارەی نوێکردنەوەی گەڕەك و گوندەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٠، زانیاری بڵاونەکراوە.
٨. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاری دەربارەی ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لەگەڵ پێشبینی ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی٢٠٢١، زانیاری بڵاونەکراوە.
٩. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانووبەرەی سلێمانی ٢، بەشی هونەری.
١٠. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی (GIS)، زانیاری بڵاونەکراوە.
١١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی (GIS)، زانیاری بڵاونەکراوە.
١٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی شیکاری زانیارییەکان، زانیاری بڵاونەکراوە.

**گۆڤار**

١. بەناز کوێستانی ڕیپۆرتاژ/ ئەندازیار: عوسمان حسین (تەلار سازی لە شاری سلێمانیدا)، گۆڤاری سلێمانی، ژ٨، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢. تالیب سەید عەلی، چۆنیەتی سابوون دروستکردن لە گەڕەکی سابوونکەران، گۆڤاری سلێمانی، ژ١٣٩، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٣.

٣. جمال بابان، السليمانية من نواحيها المختليفة (القسم الاول - تاريخ السليمانية منطقها)، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی كورد)، ب٨، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨١.
٤. - - - - - - -، نەخشەی شاری سلێمانی لەسەردەمی بابانەكان دا لەگەڵ ناوی حاكم و موتەسەڕیفەكان، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی كورد)، ب١٦و١٧، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٧.
٥. جیهان عومەر، قەزازەكان كێن؟ وە ڕەچەڵەكیان لە كوێوە هاتووە؟، گۆڤاری سلێمانی، ژ٨٤، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٦. ڕێبوار حمە توفیق، كفتەی سابوونكەران، گۆڤاری كلتووری كورد، ژ٤، چاپخانەی كلتووریی لە پزیرین، كۆیە، ٢٠١٨.
٧. شاهۆ عوسمان سەید قادر، شاری سلێمانی بەشی ٦/ ناوی سلێمانی، گۆڤاری بانە ڕۆژ، ژ٩٧، كۆمەڵەی ڕووناكبیری و كۆمەڵایەتی كەركوك دەریدەكات، بەبێ چاپخانە، كەركوك، ٢٠١٤.
٨. - - - - - - - - - - - - -، شاری سلێمانی/ بەشی كۆتایی، گۆڤاری بانە ڕۆژ، ژ٩٣، كۆمەڵەی ڕووناكبیری و كۆمەڵایەتی كەركوك دەریدەكات، بەبێ چاپخانە، كەركوك، ٢٠١٤.
٩. عبدالرقیب یوسف، حەمامی موفتی لە سلێمانی، گۆڤاری بابان، ژ٢٧، سەنتەری ڕۆشنبیری بابان دەریدەكات، چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبری مانگ، سلێمانی، ٢٠٢٠.
١٠. عومەر محمد محمود، شەڕە گەڕەكەكانی كۆنی ئەم شارە ، گۆڤاری سلێمانی، ژ٥٧، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١١. عەلی مەجید، چوخمەكانی شار بەشێكبوون لە نەخشەسازی بینای سەدەمانێكی سلێمانییە ناوبانگترینیان چوخمەكەی سابوونكەران بوو، گۆڤاری سلێمانی، ژ٦٧، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٢. - - - - - - -، سابوونكەران مەڵبەندی دروستكردنی سابوون و كفتەی بەناوبانگ، گۆڤاری سلێمانی، ژ ٦٦، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٣. غفور ڕەشید، دروست كردنی سابوون، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژ٣، ساڵی ٢، بەبێ چاپخانە، سلێمانی، ١٩٦١.
١٤. فؤاد حمە خورشید، شاری سلێمانی (لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای مێژووی)، گۆڤاری گەرمیان، ژ٢٨، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەغداد، ٢٠٠٩.

**ڕۆژنامە**

١. پۆترێت، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ ٦٢٨٢، ٢٠١٤.

٢. شاهۆ عوسمان سەید قادر، مێژووی دەسپێکی خوێندنی فەرمی (قوتابخانەکان) لە سلێمانی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٨٥٢٣، ٢٠٢١.
**ئینتەرنێت**
١. وێنەی عەبالەی حەڵواچی، دوکانی سمە بولبول و کفتەی سابونکەران، https://facebook.com/Sabonkaran، بەرواری سەردانکردن: ٢٠٢٢/١١/١٦-٢٠٢٣/١/١١.
٢. وێنەی کەشتی نوحی نەجمەدین مەلا، https://facebook.com/Photo_Rafiq، بەرواری سەردانکردن: ٢٠٢٢/٩/٥.
٣. وێنەی پیرەمێردی شاعیر، https://kurdipedia.org، بەرواری سەردانکردن: ٢٠٢٣/١/٢٨.
٤. وێنەی ماڵی سۆفی کەریمی سەراج، https://facebook.com/ وێنە کۆنەکانی سلێمانی، بەرواری سەردانکردن: ٢٠٢٢/٨/١١.
٥. کارزان عەزیز، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی کوردی وەك نموونە، https://www.sorannewss.blogspot.com، بەرواری سەردانکردن: ٢٠٢٢/٥/٨.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

**کتێب**
١. احسان محمد الحسن، علم الاجتماع الصناعي، دار وائل للنشر والتوزيع، الاردن - عمان، ٢٠٠٥.
٢. د.احمد ابوزيد، البناء الاجتماعي، مدخل لدراسة المجتمع (المفهومات)، ج١، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الاسكندرية، ١٩٨٠.
٣. - - - - - - - -، البناء الاجتماعي، مدخل لدراسة المجتمع، الانساق، ط٣، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الاسكندرية، ١٩٧٩.
٤. الزهرة ابراهيم، الانثروبولوجيا و الانثروبولوجيا الثقافية (وجوه الجسد)، دارالنايا للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق- سورية، ٢٠٠٩.
٥. د.دلال ملحس استيتية، التغيرالاجتماعي والثقافي، ط٣، دار وائل للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠١٤.
٦. د. - - - - - - - - - - - وعمر موسى سرحان، المشكيلات الاجتماعية، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١١.
٧. سي.جي.أدموندز، كورد وترك وعرب، ت: جرجيس فتح الله، دار أراس للطباعة والنشر و منشورات الجميل، أربيل، ٢٠١٢.

٨. د.شاكر خصباك، الأكراد (دراسة جغرافية اثنوغرافية)، الدار العربية للموسوعات، لبنان، ٢٠٠٥.
٩. - - - - - - - - - - ، العراق الشمالي، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣.
١٠. د.شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، جامعة الكويت، ١٩٨١.
١١. - - - - - - - - - - - - ، الجبايش (دراسة الانثروبولوجية لقرية في أهوار العراق)، ط٢، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٧٠.
١٢. د.عاطف وصفي، الانثروبولوجيا الاجتماعية، ط٣، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨١.
١٣. أ.د.عامر قنديلجي و د.إيمان السامرائي، البحث العلمي (الكمي والنوعي)، دار اليازوري، عمان-الاردن، ٢٠٠٩.
١٤. عبد علي سلمان، الانثروبولوجيا الاجتماعية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، بدوب السنة الطبع.
١٥. عبدالباسط محمد حسن، أصول البحث الاجتماعي، ط٣، مكتبة وهبة، القاهرة، ١٩٩٨.
١٦. د.عبدالحميد الطفي، الانثروبولوجيا الاجتماعية، ط٢، دار المعارف، مصر، ١٩٧١.
١٧. د.عبدالله الخريجي، علم الاجتماع الديني، ط٢، المملكة العربية السعودية، رامتان - جدة، ١٩٩٠.
١٨. د.عبدالله شعبان قطب محمد، مهارات كتابة خطة البحث (منهجيا - فنيا)، The writer operation، القاهرة، ٢٠٢١.
١٩. د.عبدالله محمد عبدالرحمن، علم الاجتماع الصناعي، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٩٩.
٢٠. عبير قريطم، الانثروبولوجيا الفنون التشكيلية الشعبية، دار الكتب والوثائق القومية، القاهرة، ٢٠١٠.
٢١. د.عيسى الشماس، مدخل إلى علم الانسان (الانثروبولوجيا)، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٤.
٢٢. فاتن محمد شريف، الاسرة والقرابة (دراسات في الانثروبولوجيا الاجتماعية)، دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٦.
٢٣. أ.د.فاروق أحمد مصطفى و أ.د.محمد عباس إبراهيم، المناهج الأنثروبولوجية و تطبيقتها الميدانية، دار المعريفة الجامعة، الاسكندرية، ٢٠١٠.
٢٤. د.فتيحة محمد إبراهيم و مصطفى حمدي الشنواني، مدخل إلى مناهج البحث في علم الانسان (الأنثروبولوجيا)، دار المريخ، السعودية، ١٩٨٨.

٢٥. د.فوزية دياب، القيم والعادات الاجتماعية (مع بحث ميدانى لبعض العادات الاجتماعية)، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٠.
٢٦. د.قيس النوري، المدخل الى علم الانسان، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، ١٩٨٢.
٢٧. - - - - - - - -، طبيعة المجتمع البشري (في ضوء الانثروبولوجيا الاجتماعية)، ج١، للنشر والتوزيع رؤية، القاهيرة، ٢٠١٩.
٢٨. - - - - - - - -، ما الانثروبولوجيا؟، دائرة الشؤون والنشر، بغداد، ١٩٨٦.
٢٩. كامران طاهر محمد، توسع مدينة السليمانية بتأثير الاسر الحضري، منشورات مركز كردستان للدرسات الاستراجية، السليمانية، ٢٠١٢.
٣٠. كلود ريفير، الانثروبولوجيا – الاجتماعية للأديان، ت: أسامة نبيل، المركز القومى الترجمة، القاهرة، ٢٠١٥.
٣١. محمد احمد بيومى، الانثروبولوجيا الثقافية، الدار الجامعية، بيروت، ١٩٨٣.
٣٢. محمد الخال، الشيخ المعروف النودهي البرزنجي، دار المطبعة التمدن، بغداد، بدون سنة الطبع.
٣٣. د.محمد سامر عاشور، مدخل على علم القانون، منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠١٨.
٣٤. أ.د.محمد سرحان علي المحمودي، مناهج البحث العلمي، ط٣، دار الكتب، الجمهورية اليمنية، ٢٠١٩.
٣٥. د.معن خليل عمر، البناء الاجتماعي - انساقه ونظمه، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٦.
٣٦. مهدى محمد القصاص، علم الاجتماع الديني، جامعة المنصورة، المصرية، ٢٠٠٨.
٣٧. د. محمد عبده محجوب، مقديمة لدراسة المجتمعات البدوية ()، ط٣، وكالة المطبوعات، الكويت، بدون السنة الطبع.
٣٨. ناتالي اينيك، سوسيولوجيا الفن، ت: حسين جواد قبيسي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠١١.
٣٩. د.نورى ياسين الهرزاني، الكاكەيية (دراسة أنثروبولوجية للحياة الأجتماعية)، مطبعة ئاراس، أربيل، ٢٠٠٧.
٤٠. - - - - - - - - - - - -، مقدمة في الفلكلور الكردي دراسة انثرويولوجية اجتماعية، چاپخانەی شەهید هەورامی، کەرکوك، ٢٠٠٦.
٤١. يحي مرسى عيد بدر، أصول علم الانسان (الأنثروبولوجيا)، ج١، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٠.

**توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرا**

١. اسعد فايزه، العادات الاجتماعية و التقاليد في الوسط الحضري بين التقليد و الحداثة (مقاربة سوسيو- انثروبولوجية لعادات الزواج والختان مدينتي وهران و ندرومة نموزجا)، اطروحة دكتوراة، بدون نشر، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة وهران، ٢٠١٢.

٢. شازاد جمال جلال فتح الله، تحليل إستعمالات الارض ضمن المخطط الاساس لتحديد اتجاهات النمو العمرانى لمدينة السليمانية، رسالة ماجستر، غير منشورة، كلية هندسة، جامعة بغداد، ٢٠٠٠.

٣. عبدالله خورشيد عبدالله، البناء الاجتماعي للقرية الكردية، دراسة انثروپولوجية اجتماعية لقرية (بحركة)، رسالة ماجستر، غير منشوره، كلية الاداب، جامعة الصلاح الدين، ٢٠٠٦.

٤. عزت فتاح حمه صالح، ابلاخ (دراسة انثروبولوجية)، رسالة دكتورا، غير منشورة، كلية علوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠١٢.

٥. لقمان صالح كريم، مظاهر التلوث البيئي على المجتمع المدينة (دراسة ميدانية في السليمانية)، أطروحة دكتورا، غير منشورة، العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠١٤.

٦. مهرەبان نەوشيروان فؤاد، محافظة السليمانية (دراسة في الجغرافية الاقليمية)، اطروحة دكتورا، غير منشورة، كلية علوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠١٤.

**گۆڤار**

١. د.فلاح جابر جاسم الغرابي، الضبط الاجتماعي (دراسة التحليلية في دور الدين في الضبط و البناء الاجتماعي)، مجلة اوروك، دراسة تحليلية، العدد: ٢، ٢٠١٧.

٢. د.محسين عبدالقادر صالح محمد، الثقافة القانونية و دورها في المجتمع، مجلة جامعة تكريت للحقوق، العدد: ٢، ٢٠١٦.

**دامەزراوەی حکومی**

١. وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية عام (١٩٥٧)، لواء السليمانية و كركوك، مطبعة العانى، بغداد، جدول رقم ٨.

٢. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجيهاز المركزي للاحصاء، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة السليمانية، ١٩٨٧، جدول رقم ١.

**ئینتەرنێت**

١. https://ontology.birzeit.edu، معنى القراية، تآريخ دخول الموقع: ٢٠٢٣/١/٢٧.

## سێهەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان

**کتێب**


1. Alan Barnard & Jonathan Spenser, Encyclopedia of Social and Culture Anthropology, Routledge, London & New York, 2002.

2. A. L. Kroeber & Clyde Kluckhohn, Culture A Critical Review of Concept and Definition, Random House, New York, 1952.

3. Austin Harrington & Barbara I. Marshal and the others, Encyclopedia of Social Theory, Routledge, London & New York , 2006.

4. Alan Bryman, Social Research Methods, 4th edition, Oxford University Press, The United Kingdom, 2012.

5. Buringh, Soils & Soil Condition In Iraq (Soil Survey and Classification Specialist), Baghdad, 1960.

6. Barbara Miller, Cultural Anthropology, Eighth Edition, Pearson Education, The United States of America, 2017.

7. Chris Hann & Keith Hart, Economic Anthropology (History, Ethnography, Critique), Policy Press, Cambridge, United Kingdom, 2011.

8. Conrad Phillip Kottak, Cultural Anthropology (Appreciating Cultural Diversity), Fourteenth Edition, McGraw-Hill, The United States, 2011.

9. David M. Schneider, A Critique of the Study of Kinship, The University of Michigan Press, The United States of America, 1984.

10. David L. Sills, International Encyclopedia of the Social Sciences, Vol: 5, The Macmillan Company & The Free press, The United States of America, 1968.

11. Elisabeth Croll & David Parkin, Bush base: Forest Farm (Culture, Environment and Development), 2Edition, Routledge, London and New York, 2002.

12. E. E. Evans - Prichard, Social Anthropology, Cohen & West LTD, London, 1951.

13. - - - - - - - - - - - - - - -, Theories of Primitive Religion, Oxford University Press, London, 1960.
14. Edward. B. Tylor, Primitive Culture: Researches into the Development of Mythology, Philosophy, Religion, Language, Art, and Custom, Vol: 1, Third Edition, Oxford University, London, 1891.
15. Gray Ferraro & Susan Andrea, Culture Anthropology (An Applied Perspective), Eight Edition, Wadsworth, The United States of America, 2010.
16. H. James Birx, Encyclopedia of Anthropology, Vol: 1, Sage Publication, London, 2006.
17.- - - - - - - - - - - -, 21 Century Anthropology (A Reference Handbook), SAGE Publication, London, 2010.
18. Helen Kopnina & Eleanor Shoreman-Ouimet, Routledge Handbook of Environmental Anthropology, Routledge, London & New York, 2017.
19. H. Russell Bernard, Research Methods in Anthropology, Qualitative and Quantitative Approaches, 4th Edition, Alramira Press, New York, 2006.
20. James G. Carrier, A Handbook of Economic Anthropology, Edward Elgar Publishing, USA, 2005.
21. James D, International Encyclopedia of the Social and Behavioral Sciences, 2nd Edition, V: 14, Elsevier LTD, Oxford, 2015.
22. Kenneth J. Gues , Culture Anthropology (A Toolkit for A Global A ge), 2 Edition,W.W.Norton & Company, New York, 2017.
23. Mark A. Stevens & White Franklin and the others, Concise Encyclopedia Britannica, Under International And Universal, Peru, 2006.
24. Raymond Firth, Man and Culture (An Evaluation of the Work of Bronislaw Malinowski), Harper & Row Publishers, New York & Evanston, 1964.
25. Stephen Moore, Sociology, Na GCSE, New York, 1995.

26. Victor Buchli, An Arochaeology of Socialism, Berg Publication, Oxford, 1999.
27. William & Ron McGivern and the others, Introduction of Sociology, International License, Canadian, 2013.
28. William A. Haviland, Culture Anthropology, Nine Edition, Harcourt Brace College Publishers, The United States of America, 1999.

**گۆڤار**

1. A. R. Radcliffe-Brown, On Social Structure, The Journal of Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland, Vol. 7, No. 1, 1940.

**توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرا**

1. Hanaw Mohammed Taqi Mohammed Amin, Morphology of the Old City of Sulaymaniyah (Northern Iraq) From Perceptive of the Ownership Patterns, Theis, Middle East Technical University, 2010.
2. Marwa Bakhtyar Rasul, The Role of the Unexamined Urban Intervention of the Traditional Urban Fabric Areas – Sulaimani/Sarshaqam Traditional Area as a Case Study, thesis, Planning Engineering, Sulaimani Polytechnic University, 2021.

**ئینتەرنێت**

1. Ecology Derived from Greek oikos = houses, loges, study, http:// csmbio.csm.jum.edu/date of enter: 17/5/2022.
2. Eriberto P. Lozanda Jr, Introduction to Sociocultural Anthropology, 2004, hppts://www.docsity.com, date of enter: 1/10/2022.
3. Joanne Eicher, The dress of Anthropology, Vol: 27, The Jornal of the Costume Society of America, 2000, hppts://www.researchgate.net, date of enter: 20/10/2022.
4. Serjiu Balan, Ethnographic Method in Anthropological Research, 2011 ,hppts://www.researchgate.net /publication/ 321161001, date of enter: 27/1/2023.

## چوارەم: چاوپێکەوتنەکان

١. پ.ی.ئاراس محمد صالح، چاوپێکەوتن، مامۆستای زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی شەریعە، سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/٣١.

٢. ئاشنا علی ڕشید کچی حاجی کەریمی شمقار، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/١١.

٣. پ.ی.ئاکۆ عبدالکریم شوانی، چاوپێکەوتن، مامۆستای زانکۆی سلێمانی، بەشی مێژوو، سلێمانی،٢٠٢٢/٤/٣.

٤. م. ئیبراهیم عارف محمود، چاوپێکەوتن، مامۆستای مزگەوتی حاجی عەزیزی خەیات، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٢٨.

٥. ئەحمەد حم کول، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/٢٨.

٦. د.ئەختەر النجم الدین، چاوپێکەوتن، دکتۆرا لە فیزیای پزیشکی، خانەنشین، سەرۆکی ڕێکخراوی کوردستان بۆ توشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٢٢

٧. م.ئەکرەم حەمە لاو، چاوپێکەوتن، مامۆستا، خانەنشین، سلێمانی، ٢٠٢٢/٤/١.

٨. بهاءالدین ڕەحیم شریف، بە شێخ بهاءالدینی کۆمەڵایەتی ناسراوە، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٢٨.

٩. م. بورهان محمد شەریف، چاوپێکەوتن، مامۆستای زانکۆی سلێمانی، بەشی سەرچاوەکانی ئاو، ماستەر لە ڕێگاوبان و گواستنەوە، کۆلێجی ئەندازیاری، سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/٢١.

١٠. م.بێستون علی کەریم، چاوپێکەوتن، مامۆستای زانکۆ، خانەنشین، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٣.

١١. پاکیزە محمد امین عبدالرحمن، چاوپێکەوتن، ژنی ماڵەوە، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١٠.

١٢. پەری مام عەلی گۆپاڵی نەوت فرۆش، چاوپێکەوتن، فەرمانبەر، سلێمانی، ٢٠٢٢/٩/١٢.

١٣. جلال أحمد فقی أحمد، چاوپێکەوتن، موختاری گەڕەکی سابونکەران، سابونکەران، ٢٠٢٢/٢/١٦.

١٤. جلال علی فایز عەرەبانچی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١٣ .

١٥. جمال جلال عبدالصمد، چاوپێکەوتن، بەرگدوور، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦

١٦. جمال ڕەشید کەریمی هەیەری قەساب، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/٢٨ - ٢٠٢٢/٨/٤.

١٧. پ.د.جەزا تۆفیق طالب، چاوپێکەوتن، مامۆستای زانکۆ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١.

١٨. حیکمەتی عەبە پاشا، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢ /٥/٢٨.

١٩. م.دانا محمد عبدالله، چاوپێکەوتن، مامۆستای مزگەوتی سەید حەسەن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٢٧.

٢٠. رحمە عبدالقادر حاجی خدر، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٢.

٢١. د. ڕەئووف عثمان معروف، چاوپێکەوتن، مامۆستای زانکۆ، خانەنشین، بەرپرسی ناوەندی ڕۆشنبیری د.عزالدین مصطفی ڕەسول، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٩.

٢٢. زانا محمد محمد آمین، چاوپێکەوتن، بەڕێوەبەری بەشی هونەری، بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانووبەرەی سلێمانی ٢، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/١١.

٢٣. پ.ی.د.زریان سالار، چاوپێکەوتن، مامۆستای زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی شوێنەوار، سلێمانی، ٢٠٢٢/٤/٥ .

٢٤. م.زەکیە ڕەشید، چاوپێکەوتن، نووسەر و مامۆستا، خانەنشین، سلێمانی، ٢٠٢١/١٠/٢٦.

٢٥. شاهۆ عوسمان سەید قادر، چاوپێکەوتن، نووسەر، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٢٠.

٢٦. صەبیحە صاڵح محمد، چاوپێکەوتن، ژنی ماڵەوە، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١.

٢٧. ئەندازیارعالیە تۆفیق تاهیر، چاوپێکەوتن، لە بنەماڵەی ماڵی مەلا تاهیری سابونچی و کچی تۆفیقی مەلا تاهیری سابونچی ناسراوە، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٥.

٢٨. قادر عەبدول صاڵح محمد، چاوپێکەوتن، کاسب، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٨.

٢٩. قادر علی ڕەشید، چاوپێکەوتن، بەرگدوور، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١.

٣٠. کازیا طاهر، چاوپێکەوتن، مامۆستای هونەر لە کە نیسەی مەریەم عەزرا، سابونکەران، ٢٠٢٢ /٩/٤.

٣١. م.گۆران کمال نوری باباعلی، چاوپێکەوتن، مامۆستای مزگەوتی شێخ بابا عەلی، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٢٨.

٣٢. م. لەتیف پۆلس استیفان سەراج، چاوپێکەوتن، مامۆستا، خانەنشین، سلێمانی، ٢٠٢٢/٤/٦.

٣٣. محمد حسین عبدالله، چاوپێکەوتن، پێش نوێژی مزگەوتی گەورە، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١٠.

٣٤. محمد نوری کریم احمد، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/١٧، ٢٠٢٢/٥/١٨.

٣٥. م.محمد باقی سعید، چاوپێکەوتن، مامۆستا، خانەنشین، ٢٠٢٢/٥/٣، ٢٠٢٢/٥/١٨، ٢٠٢٢/٥/٢١، ٢٠٢٢/٦/١٨.

٣٦. م.مستەفا صابر محمود، چاوپێکەوتن، ووتار بێژ و مامۆستای مزگەری شیخ محمدی بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٢٢/٦/٢٧.

٣٧. هەڵاڵە شێخ بابارەسوڵ سەید نوری سەید ئەحمەدی بابارەسوڵ، چاوپێکەوتن، سابونکەران، ٢٠٢٢/٣/١٨.

٣٨. واحیدە حمە ڕەشید، چاوپێکەوتن، سلێمانی، خیزانی کۆچکردوو (حسین عبدالله أحمدی سابونچی)، ٢٠٢٢/٣/٣٠.

٣٩. وشیار کامیل محمد عبدالرحمن سابونچی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٥.

# پاشکۆکان

# پاشکۆی (١)

ناو و ژمارەی گەڕەك و دانیشتوانی گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانی لە

ساڵی (١٩٤٧- ٢٠٠٩) نیشان دەدات [١]

| ژ | ناوی گەڕەك | ژمارە ی گەڕەك [*] | ژمارەی دانیشتوان | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مەڵکەندی | ٢٠٦ | ٦٩٠٨ | ٤٨٥١ |
| ٢ | گۆیژە (**) | ٢٠٨ | ٧٠١٢ | ٥٤٩٤ |
| ٣ | چوارباغ | ٤٠١ | ٣٩٠٩ | ٩٠٧٦ |
| ٤ | دەرگەزێن | ٢٠٢ | ٢٤٢٦ | ٦٦٦ |
| ٥ | سەرشەقام | ٣١٠ | ٤٨٧٧ | ٢٩٥٢ |
| ٦ | کانی ئاسکان | ٢٠٥ | ٦١٦٥ | ٣٢٠٦ |
| ٧ | جولەکان | ٣١٠ | ٢٢١٣ | ٧١٣٦ |
| کۆی گشتی | | | ٣٣٥١٠ | ٣٦٩٨١ |

(*) ژمارەی گەڕەك واتایی ئەو ژمارەیەیە کە لە شارەوانی دراوە پێ ی.

(١) سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

١.کامران طاهر محمد، توسع مدینة السلیمانیة بتأثیر الاسر الحضري، المصدر السابق، ص ١٠٤

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی (الحصرو الترقیم)، ٢٠١٠، ل١٩-٢٢

## پاشکۆی (٢)

گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانی نیشان دەدات لە ساڵی (١٩٢٧) [١]




(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانووبەرەی سلێمانی ٢، بەشی هونەری

# پاشکۆی (٣)

ناو و ژمارە و دانیشتوانی گەڕەکە نوێیەکان و گوندەکان کە ڕۆڵیان هەبووە لە فراوان بوونی شاری سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٩) نیشان دەدات [١]

| ژ | ناوی گەڕەك | ژمارەی گەڕەك | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ١ | کوێستان | ١٥٠ | ٤٣٣٩ |
| ٢ | نەغەدە | ١٥٢ | ٤٩٦٤ |
| ٣ | فەرمانبەران | ١٥٤ | ٤٥٨٧ |
| ٤ | بێکەس (سەروکوردسات) | ١٥٦ | ٣٨٠ |
| ٥ | کەڵەکن (مەیدانی دارەکە) | ١٥٨ | ١٢٨٣ |
| ٦ | باستان (سەرومەیدانی دارەکە) | ١٦٠ | ٩٥٨ |
| ٧ | پیرەمەگرون | ١٦٤ | ٣٢١٧ |
| ٨ | زیرەك | ١٦٨ | ٥٤٤٤ |
| ٩ | بەختەوەری | ١٧٠ | ٥٤٩٦ |
| ١٠ | چنارۆک | ١٧٢ | ٣٢٢٩ |
| ١١ | بازرگانی | ٢٠١ | ٨٣٤ |
| ١٢ | شێخان | ٢٠٣ | ١٠٤٣ |
| ١٣ | سابونکەران | ٢٠٤ | ٤٩٤٠ |
| ١٤ | سلێمانی تازە | ٢٠٩ | ٤٨٢٢ |
| ١٥ | دارۆغا | ٢١٠ | ٥٤٩١ |
| ١٦ | توی مەلیك | ٢١١ | ٦٦٤٤ |
| ١٧ | عەلی کمال | ٢١١ | ٦٦٥٧ |
| ١٨ | مەجید بەگ١ | ٢١٥ | ٧٣٦٠ |
| ١٩ | مجید بەگ٢ | ٢٠١٣ | ٩٠٢٤ |
| ٢٠ | شەهیدان | ٢١٤ | ٩٥٣٣ |
| ٢١ | ئازادی ١ | ٢١٦ | ٧٤٦٥ |
| ٢٢ | ئازادی٢ | ٢٢٢ | ١٥٤٣٠ |
| ٢٣ | هەوارە بەرزە | ٢١٧ | ١١٩٥٣ |
| ٢٤ | هەواری تازە | ٢١٩ | ٦٠٥٣ |
| ٢٥ | گوێژەی نوێ | ٢٢٠ | ٧٢٦٦ |
| ٢٦ | نالی (گوندی ئەڵمانی) | ٢٢١ | ١٤٤٩ |
| ٢٧ | ئەزمەڕ | ٢١٧ | ٧٤٨٦ |
| ٢٨ | چیای گویژە | ٢٢٣ | ٧٨ |
| ٢٩ | ئبراهیم احمد | ٢٢٤ | ١١٣٥٩ |
| ٣٠ | مەحوی | ٢٢٦ | ٥٨٣ |
| ٣١ | بەهەشتی شار١ | ٢٢٨ | - |
| ٣٢ | بەهەشتی شار٢ | ٢٣٠ | ٣٢٣ |
| ٣٣ | کازیوە | ٢٣٤ | ١٤٥٨ |
| ٣٤ | سەیوان | ٣٠١ | ٥٨١٨ |
| ٣٥ | شۆڕش | ١٠١ | ٣٤٧٩ |
| ٣٦ | ڕاپەرین | ١٠٢ | ٨١٢ |
| ٣٧ | عەلی ناجی | ١٠٣ | ٣٢٨٤ |
| ٣٨ | ئاشتی١ | ١٠٤ | ٥٥٣٩ |
| ٣٩ | ئاشتی٢ | ١٠٦ | ٦٥٢٤ |
| ٤٠ | ئەندازیاران | ١٠٥ | ٢٤٥١ |

| ژ | ناوی گەڕەك | ژمارەی گەڕەك | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ٤١ | بەرانان | ١٠٧ | ٥٠٢٣ |
| ٤٢ | باخان | ١٠٨ | ٣٩٦٥ |
| ٤٣ | هەندرێن | ١٠٩ | ٢٢٧٤ |
| ٤٤ | قازی محمد | ١١٠ | ٥٠٦٥ |
| ٤٥ | بەختیاری | ١١١ | ٣٨٨١ |
| ٤٦ | مامۆستایان | ١١٢ | ٥٢٦٠ |
| ٤٧ | هەكاری | ١١٣ | ٣٨٨١ |
| ٤٨ | كارێزە وشك١ | ١١٤ | ٩٧٧٩ |
| ٤٩ | كارێزەوشك٢ | ١١٨ | ٤٤٧٩ |
| ٥٠ | دەباشان | ١١٦ | ١١١٨٠ |
| ٥١ | بەختیاری تازە | ١١٧ | ٥٠٧٨ |
| ٥٢ | شیروانە | ١١٥ | ١٢١٢ |
| ٥٣ | سەرچنار١ | ١١٩ | ٦٥٣٦ |
| ٥٤ | سەرچنار٢ | ١٢١ | ٥٩٧٩ |
| ٥٥ | سورێن | ١٢٠ | ١٠٥١١ |
| ٥٦ | بێسارانی | ١٢٢ | ٩٣٧٨ |
| ٥٧ | هەروەزی (گردی سەرچنار) | ١٢٣ | ٦٤٩٥ |
| ٥٨ | بادینان | ١٢٤ | ٥٣٦٢ |
| ٥٩ | شەكرەكە | ١٢٥ | ٢٦٢٧ |
| ٦٠ | زەرگەتە | ١٢٦ | ١١١٨٠ |
| ٦١ | سەیرانگای سەرچنار | ١٢٦ | ٢٠٢ |
| ٦٢ | مەشخەڵان | ١٢٨ | ٦٩٤١ |
| ٦٣ | قلیاسان | ١٢٩ | ٤٧١١ |
| ٦٤ | كانی سپیكە | ١٣٠ | ٧٨٢٣ |
| ٦٥ | كوردسات ١ | ١٣٦ | ١٥٥٣ |
| ٦٦ | كوردسات ٢ | ١٣٨ | ٢٤٨٥ |
| ٦٧ | سارداو | ١٤٠ | ٤٨٤٥ |
| ٦٨ | سەروەری | ١٤٢ | ٤٢٢٧ |
| ٦٩ | زێرین (زەرگەتەی كۆن) | ١٤٤ | ٧٩١٦ |
| ٧٠ | هێمن | ١٤٦ | ٦٠٤٤ |
| ٧١ | نێرگز١ (كانی كوردە) | ١٤٨ | ٦٩٢٣ |
| ٧٢ | خەبات١ | ٣٠٤ | ٥٥٧٤ |
| ٧٣ | خەبات٢ | ٣٠٩ | ٥٠٩٠ |
| ٧٤ | زمناكۆ | ٣٠٨ | ٩٣٦٨ |
| ٧٥ | مامەیارە | ٣٠٧ | - |
| ٧٦ | ڕۆژهەڵات١ | ٣٠٥ | ٨٩٤١ |
| ٧٧ | ڕۆژهەڵات٢ | ٣٠٩ | ٦٩٢٣ |
| ٧٨ | هیوا | ٣١١ | ٢٢٣٤ |
| ٧٩ | سانا | ٣١٣ | ٣٨٣٤ |
| ٨٠ | تانجەرۆ | ٣١٤ | ١٢٢٣٤ |
| ٨١ | پەری | ٣١٥ | ٣٦٤٣ |
| ٨٢ | چیا | ٣١٦ | ٣٨٦٣ |
| ٨٣ | كانی شەكراو | ٣١٧ | ١٧٩٠ |
| ٨٤ | كانی با | ٣١٨ | ٢٨٦١ |
| ٨٥ | نەورۆز | ٣٢٠ | ٤٤٢٦ |
| ٨٦ | چراخان | ٣٢٢ | ٢٢٧٩ |

| ژ | ناوی گەڕەك | ژمارەی گەڕەك | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ٨٧ | ئاسایش | ٣٢٣ | ٤٧٦ |
| ٨٨ | باڵامبۆ (زێرینۆک) | ٣٢٤ | ٣٩٢٦ |
| ٨٩ | کوڕەکاژاو | ٣٢٥ | ١١٣٢ |
| ٩٠ | وڵوبە١ | ٣٢٦ | ٧٥٣٥ |
| ٩١ | بڵێسە (وڵوبە٢) | ٣٢٨ | ٣٥٣٨ |
| ٩٢ | ماردین | ٣٢٧ | ٢٧٠ |
| ٩٣ | قڕگە١ | ٣٢٩ | ٢٠٦٥ |
| ٩٤ | قڕگە٢ | ٣٣١ | ١٩٦١ |
| ٩٥ | شەرەفخان (شێخ عباس) | ٣٣٠ | ٥٤٢١ |
| ٩٦ | شوقەکانی یەکگرتوو | ٣٣٢ | ١٥٢٤ |
| ٩٧ | سروشت | ٣٣٣ | ١٣٧٣ |
| ٩٨ | خەستەخانەی شۆڕش | ٣٣٤ | ٧٥٧ |
| ٩٩ | گوڵەباخ | ٣٣٥ | ٩٠٢ |
| ١٠٠ | قەسابخانەی نوێ (ئەوین ستی) | ٣٣٨ | ٦٠ |
| ١٠١ | پیشەسازی دوو | ٣٤٠ | - |
| ١٠٢ | وەیس | ٤٠٢ | ١٧١٨ |
| ١٠٣ | گەرمیان | ٤٠٣ | ١٦١٩ |
| ١٠٤ | شێخ محێدین | ٤٠٤ | ١٠٠٩٤ |
| ١٠٥ | ئاوباریك | ٤٠٥ | ٨٤٩٠ |
| ١٠٦ | موشیراوە | ٤٠٦ | ٦٦٧٢ |
| ١٠٧ | ڕزگاری١ | ٤٠٨ | ٣٢١٤ |
| ١٠٨ | ڕزگاری٢ | ٤١٢ | ٨٩٢٢ |
| ١٠٩ | مەولانا | ٤٠٩ | ٢٠٤٥ |
| ١١٠ | ئابڵاخ١ | ٤١٠ | ٢٧٣٧ |
| ١١١ | ئابڵاخ٢ | ٤١٤ | - |
| ١١٢ | چوارچرای١ | ٤١١ | ١٥١ |
| ١١٣ | چوارچرای٢ | ٤١٣ | ٢٥٤٤ |
| ١١٤ | چوارچرا٣ | ٤١٥ | ٧٨٦ |
| ١١٥ | چوارچرا | ٤١٧ | - |
| ١١٦ | پیشەسازی | ٤١٦ | ١٤٢٧ |
| ١١٧ | ئاوبارەوئاشەسپی | ٤١٨ | ٣٤٨٤ |
| ١١٨ | پیشەسازی | ٤٢١ | - |
| ١١٩ | زانکۆی سلێمانی نوێ | ٥٠١ | ٣٢٦ |
| ١٢٠ | پارکی هەواری شار | ٥٠٧ | - |
| ١٢١ | هەواری شار | ٥٠٨ | ٤١٠ |
| ١٢٢ | قەیوان١ | ٥١٠ | ٩٤٨ |
| ١٢٣ | قەیوان٢ | ٥١٤ | ١٧٦١ |
| ١٢٤ | تافگە١ | ٥١٢ | ١٥٥٥ |
| ١٢٥ | تافگە٢ | ٥١٦ | ٦١٥ |
| ١٢٦ | قولەریسی | ٥١٣ | - |
| ١٢٧ | موکریان | ٧٠١ | - |
| ١٢٨ | پیشەسازی دوو | ٧٠٢ | - |
| ١٢٩ | ئاسۆ | ٧٠٣ | - |
| ١٣٠ | ژاڵەی سەروو | ٧٠٢ | - |
| ١٣١ | ژاڵەی خواروو | ٧٠٦ | - |
| ١٣٢ | کۆمپانیای بیابان | ٧٠٥ | ٥٤٩ |

| ژ | ناوی گەڕەك | ژمـارەی گەڕەك | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ١٣٣ | سەرشەقام (*) | ٣١٠ | - |
| ١٣٤ | شارەوانی | ٤٠٧ | ١٠٥٩٥ |
| ١٣٥ | نەخۆشخانەی چوارسەد قەرەوێڵەی | ١٣٢ | - |
| ١٣٦ | گردی جۆگە | ٢٠٧ | - |
| ١٣٧ | گوندی قەرەتۆخان | ٣٣٦ | - |
| ١٣٨ | گوندی هوانە/ پیشەسازی دوو | ٣٤٢ | - |
| ١٤٠ | گوندی هوانە | ٣٤٤ | - |
| ١٣١ | گوندی هوانە | ٣٤٦ | - |
| ١٤٢ | گوندی کەندەسورە | ٤٢٠ | - |
| ١٤٣ | گوندی کانی گۆمە | ٤٢٤ | - |
| ١٤٤ | گوندی خەلیفاوا | ٤٢٨ | - |
| ١٤٥ | گوندی قولەرەیسی خوارو | ٥٠٣ | - |
| ١٤٦ | گوندی قولەرەیسی سەروو | ٥٠٥ | - |
| ١٤٧ | گوندی خێوەتە | ٥٢٤ | - |
| ١٤٨ | گوندی کانی بەردینە | ٥٢٨ | - |
| ١٤٩ | گوندی فەیاڵ | ٥٣٠ | - |
| ١٥٠ | گوندی هوانە | ٧٠٨ | - |
| ١٥١ | ١٦٢ | ١٦٢ | |
| ١٥٢ | ١٣٤ | ١٣٤ | ٣ |
| ١٥٣ | ٤٣٢ | ٤٣٢ | - |
| ١٥٤ | ٤٣٤ | ٤٣٤ | - |
| ١٥٥ | ٥٠٢ | ٥٠٢ | - |
| ١٥٦ | ٥٠٧ | ٥٠٧ | - |
| ١٥٧ | ٥٠٩ | ٥٠٩ | - |
| ١٥٨ | ٥١١ | ٥١١ | - |
| ١٥٩ | ٥١٨ | ٥١٨ | - |
| ١٦٠ | ٥٢٠ | ٥٢٠ | - |
| ١٦١ | گرێ سپی | - | - |
| کۆی گشتی | | | ٥٧١٥٠٧ |

(*) گەڕەکی (جولەکان) لە ئێستادا نەماوە و، بووە بە شێك لە گەڕەکی سەرشەقام
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاری دەربارەی نوێکردنەوەی گەڕەك و گوندەکان، ٢٠٢٠،، زانیاری بڵاونەکراوە
(١) سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:
١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاری دەربارەی نوێکردنەوەی گەڕەك و گوندەکان، ٢٠٢٠، زانیاری بڵاونەکراوە
٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی (الحصرو الترقيم)، ٢٠١٠، ل١٩-٢٢

## پاشکۆی (٤)

نەخشەی گەڕەکە کۆنەکان، لەگەڵ گەڕەکە نوێیەکانی شاری سلێمانی

کە ڕۆڵیان هەبووە لە فراوان بوونی شاری سلێمانی نیشان دەدات [١]




(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی(GIS)

# پاشکۆی (٥)

## ناوی ئەو بنەماڵانەی کە نەوە (بنە) یان لە گەڕەکی سابونکەران ماوە

| ژ | ناوەکان |
|---|---|
| ١ | جمال ڕشید کریم هەیەر (قصاب) |
| ٢ | جلال ڕشید کریم هەیەر (قصاب) |
| ٣ | شۆڕش ڕشید کریم هەیەر (قصاب) |
| ٤ | جبار لطیف شریف (پاقلاوەچی) |
| ٥ | کمال لطیف شریف (پاقلاوەچی) |
| ٦ | کامران لطیف شریف (پاقلاوەچی) |
| ٧ | کامران جلال عبدالله (عەبەکە) |
| ٨ | صلاح حاجی تۆفیق (حەمامچی) |
| ٩ | محمد کریم محمود (ملا کریم بازرگان) |
| ١٠ | شوقی صدیقی (لیمۆ) |
| ١١ | ڕزگار حاجی محمد دارتاش (قاپقاپچی) |
| ١٢ | صالح حاجی محمد کەریم (دارتاش) |
| ١٣ | فریدون صالح (کارگەچی) |
| ١٤ | زەردەشت صالح (کارگەچی) |
| ١٥ | صلاح محمد چاومار (چاومار) |
| ١٦ | چۆمان صلاح محمد چاومار (چاومار) |
| ١٧ | جلال احمد محمد (دۆڵپەموو) |
| ١٨ | کمال احمد محمد (دۆڵپەموو) |
| ١٩ | جیهان غریب احمد (دۆڵپەموو) |
| ٢٠ | شاسوار علی احمد (دۆڵپەموو) |
| ٢٢ | حاجی علی حسێن (زبە) |
| ٢٣ | حمید علی حسێن (زبە) |
| ٢٤ | محمود صاڵح عبدالله (عەبەی عەدە) |
| ٢٥ | شوقی خان حاجی عبدالله (عەبەی عەدە) |
| ٢٦ | بهاءالدین ملا محمود (پێش نوێژی مزگەوت) |
| ٢٧ | أنور ملا محمود (پێش نوێژی مزگەوت) |
| ٢٨ | ظاهیر عبدالله اغا حاجی محمد (مزگەر) |
| ٢٩ | علی حاجی قادر |
| ٣٠ | غریب ملا ڕووف (قورئان خوێن) |
| ٣١ | عزت ملا ڕووف (قورئان خوێن) |
| ٣٢ | جلال شێخ احمد شێز قادر (جلالی ئاڤان) |
| ٣٣ | محمد حاجی جلال (برنج فرۆش) |

| | |
|---|---|
| ٣٤ | عبدالله حاجی جلال (برنج فرۆش) |
| ٣٥ | خسرەو حاجی جلال (برنج فرۆش) |
| ٣٦ | حاجی بکر سعید (زەلام) |
| ٣٧ | سردار عزەت (تۆپچی) |
| ٣٨ | ڕەحیم عزیز عبدالله (ڕەحیم و کەریم) |
| ٣٩ | ڕێبیین رەحیم عزیز (رەحیم و کەریم) |
| ٤٠ | ڕێژین رەیحم عزیز(ڕەحیم وکەریم) |
| ٤١ | سرچل رفیق (ساحێبقران) |
| ٤٢ | صالح رضا اسماعیل (صالح رضا) |
| ٤٣ | فرهاد صالح رضا (فەره سور) |
| ٤٤ | علی رشید (پارێزەر) باوکی د.شازاد |
| ٤٥ | د.نزار محمد (هەمەوەندی) |
| ٤٦ | حاجی عبدالله محمود (کۆلا) |
| ٤٧ | حمه شوان شێخ بابه رسول سید نوری |
| ٤٨ | محمد جمال حمه علی (برای شەهید نوری حمه علی) |
| ٤٩ | محرم محمد امین (شەهید محرم) |
| ٥٠ | یاسین سعید سلطان (سەعەی سوڵتان) |
| ٥١ | ئەمنه خان خێزانی سعید سلطان (سەعەی سوڵتان) |
| ٥٢ | م. عمر محمد حسن (حەمەی ڕۆن) |
| ٥٣ | شیرین خان کاکه جەزا (کاکه جەزا) |
| ٥٤ | ناسکه خانی کاکه (کاکه تەته) |
| ٥٥ | نصرەت خان میرزا لطیف (خێزانی عمر صباحی نانەوا) |
| ٥٦ | حاجی محمد حوایی (حەمه حەوایی) |
| ٥٧ | ابوبکر فقێ سعید (مضید) |

# پاشکۆی ژمارە (٦)

## وێنەکان



وێنەی (١) ماڵی مستەفا پاشای یامولکی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات



وێنەی (٢) ماڵی کەریمی ئەلەکە لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات



وێنەی (٣) سەرقەبرانی مەسیحییەکان لە  کەنیسەی مەریەم عەزرا لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات



وێنەی (٤)
ئەنجامدانی چالاکی ڕۆشنیری لە کەنیسەی مەریەم عەزرا لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات



وێنەی (٥) خانوویەکی کۆنی گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات
وێنەکە لە دلێر شازەمان وەرگیراوە



وێنەی (٦) خانوویەکی نوێ لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات




وێنەی (٧) قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتی کوڕان لە ساڵی (١٩٨٦) گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات
وێنەکە لە دلێر شازەمان وەرگیراوە




وێنەی (٨) قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتی کوڕان لە ئێستای گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات



وێنەی (٩) ئەنجامدانی نوێژی جەژن لە مزگەوتی شێخ باباعەلی لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات




وێنەی (١٠) قاوەخانەی سەرچیمەن وەکو بەشێك لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات



وێنەی (١١) کۆڵانێك لە قەزازەکان وەکو بەشێك لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات



وێنەی (١٢) خانوویەکی کۆنی گەڕەکی سابونکەران کە کارێزی تێدا ماوە نیشان دەدات



وێنەی (١٣) خێزانێك لە ڕابردووی گەڕەكی سابونكەران نیشان دەدات




وێنەی (١٤) هەمان وێنەی ژمارە (١٣) لە ئێستای گەڕەكی سابونكەران نیشان دەدات



وێنەی (١٥) خانوویەك لە ڕابردوودا خەستەخانەی بەڕیتانییەکان بووە لە ئێستادا بووە بە شوێنیکی کلتووری نیشان دەدات



وێنەی (١٦) پەنچەرەی کەنیسەی مەریەم عەزرا کە لەسەر شێوازە کۆنەکەی نۆژەنکراوەتەوە نیشان دەدات

وێنەی (١٧) دلێر شازەمان لە بەردەم خانوەکەیان کە لە ڕابردوودا خێزانەکەیان تێدا نیشەجێبووە لە
قەزازەکان لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات



وێنەی (١٧) دلێر شازەمان لە بەردەم خانوەکەیان کە لە ڕابردوودا خێزانەکەیان تێدا نیشەجێبووە لە
قەزازەکان لە گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات




وێنەی (١٨) م. محمد باقی سعید لە شەقامی سابونکەران نیشان دەدات



وێنەی (١٩) جمال جلال نیشان دەدات



وێنەی (٢٠) لە ڕاستەوە خوالێخۆشبوو وشیار کامیل و ئەندازیارعالیە خان نیشان دەدات



وێنەی (٢١) م. لەتیف سەراج نیشان دەدات




وێنەی (٢٢) یەکێك لە ماڵە مەسیحییەکان لە کاتی ئامادەکاری بۆ جەژنی گەورە نیشان دەدات



وێنەی (٢٣) ڕەحمە عبدالقادر نیشان دەدات



وێنەی (٢٤) م.ئەکرەمی حەملاوی دارتاش نیشان دەدات



وێنەی (٢٥) باوکی م. ئەکرەم کە ناسراوە بە حەمەلاوی نۆموسڵمان نیشان دەدات



وێنەی (٢٦) لە ڕاستەوە ئەحمەد حم كول و جمال ڕەشیدی هەیەری قەساب و  حیكمەتی عەبە پاشا نیشان دەدات



وێنەی (٢٧) جلالی عەلی فایزی عەرەبانچی نیشان دەدات



وێنەی (٢٨) شێخ بابا ڕەسوڵ سەید نوری سەید ئەحمەدی بابا ڕەسوڵ نیشان دەدات



وێنەی (٢٩) پاکیزە جەباری نیشان دەدات



وێنەی (٣٠) د. ئەختەر نەجم الدين نيشان دەدات



وێنەی (٣١) عبدالطيف حەمە سعيد حمە سووری خەيات نيشان دەدات



وێنەی (٣٢) د.ڕەئووف عوسمان نیشان دەدات



وێنەی (٣٣) م. محمد باقی سعید و حەمە ئاغا  نیشان دەدات



وێنەی (٣٤) شوێنی سینەمای گۆیژە کە سینەمایەکی وەرزی بووە لە ئێستای گەڕەکی سابونکەران نیشان دەدات



وێنەی (٣٥) یەکێك لە ژوورەکانی خانوویەکی گەڕەکی سابونکەران کە ژمارەیەکی زۆر تاقی تێدایە نیشان دەدات



وێنەی (٣٦) سەربانی چوخمەکەی سابونکەران نیشان دەدات



وێنەی (٣٧) پێڵاوی چەمچەم نیشان دەدات

حكومة إقليم كوردستان – العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة السليمانية
كلية العلوم الإنسانية
قسم الإجتماع

# محلة صابونكران

## دراسة انثروبولوجية

مقدمة الى مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعـة السليمانية، كجزء من مطلبات لنيل شهادة الماجستر في علم الاجتماع - علم الانسان

من قبل:

**بژوين عمر محمد سعيد**

باشراف:

**أ.م.د. نوری یاسین هەرزانی**

٢٧٢٣ ك        ١٤٤٤هـ        ٢٠٢٠ م

الملخص

أنّ الأنثروبولوجيا الاجتماعية يدرس على المجتمعات الإنسانية، حيث يغطي المجتمعات جميعها، كالمجتمع الحضاري، والبدائي، والتأريخي. ويدرس علم الإنسان الاجتماعي الإنسانَ عن طريق البناء الاجتماعي للمجتمع الذي يعيش فيه، والهدف من دراسة هذا البناء الاجتماعي للمجتمع ـ وينبغي أن يُدرس ـ ينحصر في فهم نوع التعامل والسلوك والتفاعل بين أفراد ذلك المجتمع، فضلا عن فهم العلاقات الاجتماعية والأدوار الاجتماعية والوظائف والنُّظُم والمؤسسات التي توجد في المجتمع قيد الدراسة. من جانب آخر فإن البناء الاجتماعي يتشكّل ويتكوّن من عدد من الأنساق، كـ"النسق الإيكولوجي، والاجتماعي، والاقتصادي، والثقافي، والديني، والسياسي، وغيرها"، مع وجود العلاقة بين هذه الأنساق، بصورة يكون أي تغيير في أي نسق مؤثرا في الأنساق الأخرى ذات الصلة، وهي ـ أي هذه الأنساق ـ تتكفل بالحفاظ على البناء الاجتماعي للمجتمع وبقائه وإدامته واستمراره، وحمايته.

إنّ الموضوع الرئيس لهذه الدراسة عبارة عن محلة (صابونْكَرَان)، محلة أثرية قديمة في مدينة السليمانية/ إقليم كوردستان العراق، وقد ابتغت الدراسة البحث عن البناء الاجتماعي لهذه المحلة عبر خمسة أنساق رئيسة، وهي النسق الإيكولوجي والنسق الاجتماعي والنسق الثقافي والنسق الديني والنسق الاقتصادي، الخاصة بهذه المحلة.

ومن أهم النتائج التي توصلت إليها الدراسة، أنها أولت اهتماما بتأريخ محلة (صابونْكَرَان) فعرضت هذا التأريخ العريق، فضلا عن التعريف بخصائص الحياة الاجتماعية والثقافية والدينية والاقتصادية في هذه المحلة.

وقد اتبعت الباحثة المنهج الإثنوغرافي و البناء الوظيفي في دراستها، بمعنى آخر استندت إلى هذا المنهج في وصف البناء الاجتماعي الخاص بهذه المحلة وتحليل ذلك البناء وتبيانه، لأن محلة عرفت بأن لها حياتها الاجتماعية والثقافية والدينية والاقتصادية الخاصة بأهلها، في هذه الدراسة مقابلات مع (٣٩) خبيراً منهم، وهي مكونة من أهالي محلة الأُصَلاء من أصحاب مهنة صنع الصابون (الصابونجي) وغيرهم، فضلا عن الأُصَلاء من الأساتذة والمعلمين، والمختصين في تأريخ مدينة السليمانية عموما ومحلة (صابونْكَرَان) خصوصا.

ومن النتائج ذات الأهمية للدراسة، أن محلة (صابونْكَرَان) عرفت قديما بمحلة (كويزة ـ Gouzha)، لكن وحينما امْتَهَنَ بعض ساكني المحلة صنع الصابون واشتهروا به سمي الشارع المؤدي إلى محلة (شارع صابونْكَرَان)، وأصبحت المحلة سميت بذلك الاسم فتحولت إلى (محلة صابونْكَرَان)، وتتكون محلة حاليا من ثلاثة أقسام، تضم قسم المسيحيين (أكثر قاطنيه من أتباع الديانة المسيحية)، و(قزازَكان) و(قاوَخانَيْ سَرجيمَن))، وأظهرت الدراسة أن مسيحيي (صابونْكَرَان) توافدوا من أماكن أخرى كالموصل وكويسنجق وكركوك وقرَدَاغ واستوطنوا الجانب الشرقي

للمحلة، لذلك ففيها أتباع الديانتين: الإسلامية والمسيحية، ما جعل من المحلة مكانا للتعايش الديني السلمي على مرّ تأريخها.

إنّ (صابونْكَرَان) ـ إضافة إلى مهنة صنع الصابون فيها ـ اشتهرت  بنوع خاص من الأطعمة والذي صنعه أهل المحلة بأيديهم وهو ما اشتهر بـ(الكفتة الصابونكَرانية)، فأصبحت اليوم رمزا لمحلة (صابونْكَرَان) وتشتهر بها.

ولما توجّهنا تلقاء هيكلية الدراسة، فإنها تتكوّن من ستة فصول، يشتمل الفصل الأول النسق الإيكولوجي، العلى مبحثين أولهما يتناول موقع محلات مدينة السليمانية عموما ومساحاتها والتوزيع الجغرافي لها، في حين يضم الثاني تأريخ تأسيس المدينة والتغييرات المتعلقة بالبناء الاجتماعي لها. أما الفصل الثاني النسق النسق الاجتماعي بدوره مكوّن من مبحثين فإنه يوضّح في الأول الموقع الجغرافي والتأسيسي لمحلة (صابونْكَرَان) وأسماء شوارعها وأزقتها ونوع المنازل والخرائط والمواد المستخدمة في بنائها والأماكن الدينية والتأريخية فيها، ويتناول المبحث الثاني منه الطبيعي ونوعية العلاقات الاجتماعية بين ساكني محلة الأصليين مع أهالي المحلات المجاورة لهم، فضلا عن دراسة الأصل التأريخي للعوائل المعروفة فيها وعلاقات المصاهرة والعلاقات الأسرية وصلة القرابة بينهم وبيان المناسبات الاجتماعية والدينية الخاصة بأهالي محلة. وخُصص الفصل الثالث لدراسة النسق الثقافي ونوع العلاقة الاجتماعية بين الأهالي، ودوره في تنظيم سلوكيات الأفراد والعادات والقيم الاجتماعية والقوانين والدين في محلة المذكورة. وتناولت الدراسة في فصلها الرابع النسق الديني، والدين عموما، ومعتقدات الأهالي والمساجد والكنائس ودور علماء الدين من أهلها. وغطى الفصل الخامس الجانب المخصص للنسق الاقتصادي وما يتعلق بالمُلكية والصناعة، فضلا عن تبيان ما يميّز محلة (صابونْكَرَان) عن المحلات الأخرى من حيث بقاؤهم وإبقاؤهم على نوع المِهَن التي زاولوها سابقا، فضلا عن نوع الأطعمة التقليدية القديمة الخاصة بالمحلة، وانتهت الدراسة بعرض لأهم النتائج والتوصيات والمقترحات التي توصلت إليها الباحثة.

## Abstract

Social anthropology studies human societies, including all societies, such as civilized, primitive, and historical societies. Social anthropology studies human beings through the social structure of society, to understand social behavior, interactive, social relationships, social roles, duties, systems, and foundations, the social structure of society should be studied, it consists of several systems (ecological, social, economic, cultural, religious and political, etc.). These systems are in constant relationship with each other, so that any change in one system will affect the other systems. These systems are also liable for the conservation, survival and sustainability of the social structure.

The major topic of this study is Sabunkaran neighborhood, in which the social structure of the Sabunkaran Neighborhood is set out in five systems, which include the ecological, social, cultural, religious and economic aspects of the Sabunkaran Neighborhood.

The most significant goals of this study are to make knowing the history of Sabunkaran Neighborhood in Sulaimaniyah city and recognizing the characteristics of social, cultural, religious and economic life of Sabunkaran Neighborhood.

In this study, the researcher has used ethnographic method and Functional Strcture Method, i.e. he worked ethnographically to describe and analyze the social structure of the Sabunkaran Neighborhood, which had its own social, cultural, religious and economic life. The research interviewed (39) experts, native people of Sabunkaran and Sabunkaran people, knowledgeable and

qualified people, teachers and skillful people concerning the history of Sulaimaniyah and Sabunkaran Neighborhood).

Several significant conclusions of the study: In the past, the Sabunkaran Neighborhood was previously called Goizha, but when a part of the residents of Sabunkaran Street were engaged in making soap, it was named Sabunkaran Street as well as the neighborhood has become the same. Currently, the Sabunkaran neighborhood consists of three parts: Christians (Gauran), Qazaz and Sarchiman Cafe. The Christians of Sabunkaran neighborhood have come from areas such as Mosul, Koya, Kirkuk and Qaradagh and dwelled in the eastern part of Sabunkaran neighborhood. Therefore, two kinds of divine religions were worshiped, Islam and Christianity, which created a peaceful religious coexistence in the neighborhood's past, as well as with the soap making craft, one of the special cook that was made by the soap makers, the Sabunkaran's meatballs "Kfta, which is a kind of Kurdish local food", has currently become a figure of the Sabunkaran's neighborhood.

This study consists of six chapters, the first chapter is an ecological system of two consists discussions, the first section refers to the position, area and geographical distribution of the neighborhoods of Sulaimaniyah. The second section sets out the history of building and fundamental social changes of Sulaimaniyah city. The second chapter is a social system consists of two discussions. The first section refers to the location of the construction, geographical location, names of streets, types of houses, maps, materials construction, religious and historical sites of the neighborhood in which they have set out. The second discussion refers to the nature and kind of social relationships between the native people of the area and with the people of

their neighbors. the roots of the history of well-known families, marriages, families, kinship, and social and religious events of the residents.

In the third chapter, it is going to be discussed regarding to the system of cultural and types of social relations between the residents of this neighborhood and its role in controlling and regulating the behavior of members, customs, social values, law and religion. The fourth chapter discusses the religious background, religion and beliefs of the residents, mosques and churches and the role of religious scholars in the neighborhood. The fifth chapter discusses the system of economic structure, ownership and industry, the differences between Sabunkaran neighborhood and other neighborhoods in terms of constancy of the kinds of occupations that remain the kinds of folk foods specific to the neighborhood. In the sixth chapter, the conclusions, recommendation and suggestions have been discussed.

Iraqi Kurdistan Region
Presidency of Minsters Council
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Sulaymaniyah University/College of Humanities
Graduate Studies/Department of Sociology

# Sabunkaran Neighborhood

## An Anthropological Research

Submitted to the College of Humanities at University of Sulaymaniyah In Partial fulfilment of the requirements for the Degree of Master of Sociology in Anthropology

By:

**Bzhwen Omer Mohammed**

Supervised by:

**Assist. Prof. Dr. Noori Yassin Harzani**

**2023 A.D** **1444 H** **2723 K**